# پێشەکی

خوێنـدەواری ئـازیز: ئێمـە لێـرەدا مەبەسـتمان ئـەوە نییـە باسـی کتێبـی شەرەفنامە بکەین‌و بڵێین: بایەخدارترین بەرهەمی مێژوویی‌یە سەبارەت بە سەدەی شازدەیەم‌و قۆنـاغی پێشتری مێژووی کوردو تائێستا بۆ چەندین زمـانی وەك تـورکی‌و عـەرەبی‌و ڕووسـی‌و ئەڵـەمانی‌و کـوردی وەرگێـڕدراوە، بـەڵکوو دەمانــەوێ لــەو تــابلۆ هونەریانــە بــدوێین کــە لــە نێــو دانەیــەکی دەستنووســی (شــەرەفنامە)ی دەســتخەتی شــەرەفخانی بدلیــسیی دانــەر خۆیـدان. ئامـانجی سـەرەکیمان لـە دەستخـستنی ئـەم دانەیـەدا، بـە تـابلۆ هونەریەکانیــەوە کــە دانــەی بنــەڕەتی بــە نمــرەی (٣/٢) لــە نامەخانــەی (بودلیـان)ی زانکـۆی ئۆکـسفۆردە، ئەوەیـە کـە لـە لایـەنی هونـەریی ئـەو تابلۆیانـە بکۆڵینـەوە، بەڵکـە سـەرەنجام هێنـدێ ڕوخـسارو تایبەتمەنـدیی هونـەرێکی کـوردیی ڕەسـەنیان تێـدا بدۆزینـەوەو بیکەینـە بـەردێکی بناغـەی نووسینەوەی مێژووی هونەری شێوەکاریی کوردی.

بابـەتی وێنـەکانی سـەدە ناوەنجیـەکان‌و پاش ئـەو سـەردەمەیش کـە لـە کوردستاندا لە نێو کتێبە دەستنووسەکاندا بە دەستی هونەرمەندی خـەڵکی کوردسـتان کێـشراون، مەسـەلەیەکە لـە سـەرەتاکانی سـاڵانی حـەفتاوە بـیرم لێکردووەتــەوە. تەنانــەت وێنــەی هەڵکۆڵــدراوی ســەر بــەردو دارو گــەچ‌و کـانزایش –بەلای منـەوە– بابـەتێکن پێویـستیی بـە لێتـوێژینـەوە هەیـە. ئـەم کارانـە سـەرجەم شـیاوی ئـەوەن بکـرێن بـە بناغـەی هونـەری شـێوەکاریی کوردی.

ئەم وێنانەی شەرەفنامە، بڕێك داب‌و نەریتی کۆنی کوردەوارییان تێدا بەرجەستە کراوە کە ئێستا لە کوردستان نەماون، ئەوانەم بە ڕابردوویەکی لە زەمانی شەرەفخان دوورترەوە گرێداوەو، هێندەی پێم کرابێ زۆر بەوردی لە لایەنی هونەری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و مێژوویی‌یانم کۆڵیوەتەوە. جا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو بردنەوەیە بۆ ڕابردووی کوردستان‌و کورد، چەندەها جار زانیاریی شوێنەوارناسانەو مێژووییم هێناوەتەوە تا لێکۆڵینەوەکە قووڵترو فراوانترو بەسوودتر بێ. هەروەها گەلێك جار ئەوانەم بە کەلەپووری شارستانێتیی کوردی پاش سەردەمی شەرەفخان خۆیەوە بەستوەتەوە کە دەتوانم بەبێ‌شانازی‌و زیادەڕۆیی بڵێم ئەوە بەری ڕەنجی شارەزایی پەیداکردن‌و گەڕانمە بە پارچەکانی کوردستاندا کە توانیومە تا ئێستا (١٢٠٠٠) دوازدە هەزار وێنەی فۆتۆگرافیی شوێنەوارو کەلەپووری کوردی لە پارچەکانی باشوورو باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرم. دیارە ئەو زانیاریە فراوانە کە سەرەنجام دەستگیرم بوو، کەسانێکی دیکە بە ئاسانی‌و بێ‌ماندوویی پەیدای ناکەن. ئەگەر لێکۆڵەرەوە تەنیا هونەرمەند بێ، ناتوانێ لەم جۆرە وێنانەی نێو کتێبە دەستنووسەکان بکۆڵێتەوە، بەڵکوو دەبێ شارەزاییەکی هەمەلایەنەی لە بوارەکانی شوێنەوارناسی‌و مێژووو کەلەپووردا هەبێ بۆ لێکدانەوەیان.

بێ‌گومان بۆ ڕاڤەکردنی ئەو تابلۆیانە کە سەبارەت بە ڕووداوی مێژووین، پوختەیەکی مێژوویی پێویستم هێناوەتەوە، وەك بۆ تابلۆی شەڕی چالدێران‌و ئابڵووقەدانی قەڵای بدلیس لەلایەن ئاق‌قۆینلوەکانەوەو هاتنی شا تەهماسب بۆ یاریدەدانی "شەرەفخان"ی باپیری "شەرەفخان"ی مێژوونووس کردوومە. هەروەها لە زۆر شوێندا بۆ لێکدانەوەی وێنەکان زانیاریی هونەری‌و مێژوویی‌و کۆمەڵایەتیی وڵات‌و نەتەوەکانی دەوروبەری

کوردستان یا هی ئەوانەم هێناوەتەوە کە پێوەندییان بەکوردستانەوە هەبوە، وەك عـەرەب (کـاتی عەباسـی و پاشـتریش)و فـارس و تـورك و سـەلجووقی و مەغۆلەکانیش. جگە لەوە ئاماژەم بۆ ( قوتابخانـە هونەریـە جۆراوجۆرەکـان) کردووە.

جا لەبەرئەوەی کە ئەمە هەم یەکەمین لێکۆڵینەوەی وێنە دەستکردەکانی هونەرمەندێکی خەڵکی کوردستانەو هەم یەکەمین لێکۆڵینەوەیە لـە مەیـدانی مێژووی هونەری شێوەکاری (تەشکیلی)ی کـوردیی سـەدەکانی ڕابـردوودا، بۆیە بە پێویستم زانی بـە فراوانـی و قـووڵی لـەو وێنانـە بکۆڵمـەوە. مـن خـۆم ئـەم جـۆرە فراوانـی و قووڵییـەم لـەو چـەندەها لێکۆڵینـەوانـەدا کـە پسپۆڕانی هونــەری ئیــسلامی و کەســانی ناپــسپۆڕ لەســەر وێنــەکانی (واســطي) کردوویانە، نـەدیوە. ڕەنگـە ئـەوەیان بـۆ کەلـەپووری عـەرەبی کـە بـە فراوانـی لێیکۆڵدراوەتەوە، بە پێویست نەزانیبێ.

سەختترین خاڵی ئەم لێکۆڵینەوەیە ساخکردنەوەو دۆزینەوەی ناوی ئـەو کەسە هونەرمەندە بـوو کـە وێنـەی ئـەم تابلۆیانـەی کێشاوە. سـەرەنجام بـۆم دەرکـەوت شـەرەفخانی بدلیـسی خۆیـەتی و لـە لێکۆڵینـەوەی دووەم جـاری تابلۆکاندا ئەو قەناعەتەم لەلا پەیدابوو. پێشترو تا ئەم لێکۆڵینەوەیـەیش لـە (سـوید) چـاپکرا هونەرمەنـدە وێنەکێـشەکەم بـۆ سـاخ نـەبووبوەوە. ئێـستا دەتوانم بڵێم ناوی شەرەفخانی مێژوونووس چووە ڕیـزی نـاوی هونەرمەنـدە گەورەکان، لە کاتێکدا پێشان هیچی لەم بارەوە نەزانرابوو. دیارە شەرەفخان وەکوو یەکێك لـە کـوڕە میرەکـانی شـا تەهماسـبی شـای سـەفەوی، بـواری بـۆ ڕەخـساوە بـچێتە قوتابخانـەی تایبـەتی شـاو لـەلای گـەورە مامۆسـتایانی هونەری دەوڵەتی سەفەوی دەرسی هونەری شێوەکاری (نەقاشی) بخـوێنێ و پاشـتر بـەردەوام بـێ تـا چـاك فێـری وێنەکێـشی ببـێ. بـەڵام لەبەرئـەوەی کـە شەرەفخان بۆ کاری هونەری و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە

الأستاذ الفاضل السيد كوركيس عواد المحترم

نهدي اليكم تحياتنا الخالصة متمنين لكم دوام الصحة والسعادة .

استاذي الفاضل اني أزودكم ولكم في اجابتها فرصة لجدالة
لنا استفسارات نرجو الاجابة عليها وشكرا :

١ – وجدت في مذكرة العلامة الموسوعي مار اغناطيوس ... انه توجد في مجموعة بودلي ( ... رقم ٢٩٢ ) ... بخط المؤلف . أين تقع مجموعة بودلي وما هو عنوانها ؟ ... بودليان ؟

٢ – هل وجدت نسخة لكتاب (مناقب الاطباء) لعبيد الله بن جبرائيل بن بختيشوع الذي ... القفطي وابن أبي اصيبعة ... الكتاب ... .

٣ – هل ... مخطوطة ... الرشيدي وأين توجد ؟

٤ – ... مطبوعة ... وكيف يمكن الحصول على نسخة منها ؟

٥ – هل وجدتم مخطوطة كتاب تاريخ كرخ سلوخ ... الذي ... باللغة السريانية ... العراقي ... ١٩٢٦ ... نسخة منه .
هل طبع كتاب ... الشهداء الشرقيين وما تعلم عنه ؟
ماذا تعلم عن كتاب (حياة ... بختيشوع ...) أين توجد نسخته ؟

ارجو ... في الجزيرة ... المخطوط ... او اكسفورد .

ان كتاب ... الحضارة ... وسمعة ... في البصرة ... ( ٩٩٢ ) ... ( ٥٠٠ ) ... على جميع ... العربية والكردية والفارسية ... والتركية ... والانكليزية ... الخ .
والسريانية ... ومخطوطات ... مكتبة ... في بريطانيا ومصر .

المخلص
عبد الرقيب يوسف
عضو ... العامة

١٩٧٧/٥/٩

الأستاذ الفاضل السيد شاكر خصباك المحترم

نهدي إليكم عاطر تحياتنا متمنين لكم الصحة والسعادة
وبعد:

هذه صورة رسوم شرفنامه البدليسي التي يحتفظ [illegible]
[illegible] السوفيتي لينينغراد في ١٧ آب ١٥٩٧
وهي نسخة [illegible] أرجو [illegible]
[illegible] الرسوم [illegible] و [illegible] التي [illegible]
[illegible] ٧ و [illegible] من الألفاظ [illegible]
[illegible] إلى [illegible]

في الدراسات التي أعدناها بصدد هذه الرسوم.
لقد [illegible] صفحات [illegible] الحصول على نسخة مصورة من
هذه المخطوطة [illegible]
[illegible] عارف
[illegible] أصدقاء
[illegible] على ما [illegible]
[illegible]

ودمتم سالمين

أخوكم

عبد الرقيب يوسف

سليمانية ١٩٨٦/١٢/١٠

سليمانية [illegible]

[illegible] المرفقة [illegible] الرسالة [illegible] بخصوص [illegible]
و [illegible] الأمير الأرقم
و [illegible] في [illegible]
[illegible] مع [illegible]

**لێبڕاو نەبوە، ئیشی عەسکەریو ئیداری کاری سەرەکیی بووەو بەوە ناسراوە، ئیتر بە هونەرمەند نەناسراوە، یا بڵێین وا ناوبانگی دەرنەکردووە. ساخکردنەوەی ئەم خاڵە، واتە دۆزینەوەی شەرەفخانێکی هونەرمەندو هونەرمەندێکی کوردی سەدەی شازدەیەم گرنگترین خاڵی نێو ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.**

**شەرەفخان، وەك خوێندەوار لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدیی دەکات، گەلێ ڕوخسارو شتی تایبەت بە کوردی تۆمار کردووە. پێویستە بڵێم: خوالێخۆشبوو دارای کاکەحەمەی ئەمین عەتار، بە داوای خۆم، جارێك چووە کتێبخانەی بودلیانو وێنەیەکی تابلۆی شەڕی ئەدرنەی لەوێوە بۆ گرتمەوەو بۆی ناردم. خاڵە "عەلی کەمال"ی هێژای بە دەوڵەمەندیو دەستودڵ فراوانی ناودەرکردووش، دانەیەکی وێنەگیراوی هەموو شەرەفنامەی (بودلیان)ی بۆ ڕەوانە کردم، خوا لێی خۆش بێو گیانی پاکی بە بەهەشتی بەرین شاد کات (*). وێنەکان بە ڕەشو سپی بوونو زۆر**

---

(*) بەپێویستی دەزانم لێرەدا ڕوونی بکەمەوە کە لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٢٢ی ڕۆژنامەی "هاوکاری"دا یەکێك بەناوی"طالب شێخ علی"یەوە گوتارێکی دژی من بلاوکردەوەو تێیدا نووسیویە کە ئەو هەوڵی داوە لەگەڵ خزمێکی خۆیدا تا داوا لە عەلی کەمال بکات شەرەفنامەم بۆ بنێریو بۆشی ناردم. بە ڕاستی ئەم قسەیەی درۆیە، نە ئەوو نە خزمێکی ئەو دەستیان لەم کارەدا نەبوە، بەڵکوو خۆم پێش ئەوەی ئەم کابرایە بناسم بە نامە داوام لە عەلی کەمال کردووە وێنەی دانەی شەرەفنامەی (بودلیان)م بۆ بگرێتەوەو بینێری. ئەو کەسەی کە یەکەمجار ئەم پێشنیارەی بۆ کردم بەڕێز کاك کامیل محەمەد عەزیز قەفتانی خاوەنی چاپخانەی (سەرکەوتن) بوو لە سلێمانی، پاش ئەوەی وەلامی نامەخانەکەم لە وەلامی داواکاریەکەمدا کە بە ئینگلیزی بوو دایە ئەوو ڕەحمەتی دکتۆر فازڵ قەفتانی برای کە دڵسۆزێکی کورد بوو.

پاشان برای بەڕێزو هونەرمەند کاك جەمال شادان باسی منی لەلای عەلی کەمالی خزمی کردبوو، بێ ئەوەی لەپێشدا بە منیش بڵێ، سوپاسی دەکەم. هەروەها ئەم کابرایە چەند

**ڕوون و ئاشکرا نەبوون، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەکەیان، وەك ئێستا بۆم دەرکەوتووە، کەم و کورتیی تێدا بوو. قۆناغی یەکەمی کارەکەم بریتی بوو لەو لێکۆڵینەوەیە کە زۆربەی لە ژمارە (١١٥)ی ساڵی ١٩٨٧و ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٨٨ی گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ"دا بڵاوبووەوە. پاشان برای هێژا کاك عەلی شێری خەڵکی ناوچەی (وان) کە خەباتی سیاسیی خۆی گواستووەتەوە بۆ سوید، هەموو لێکۆڵینەوەکەی لێ داواکردم و بۆم**

---

درۆیەکی دیکەشی نووسیوە، لەوانە نووسیویە منی لەگەڵ خۆیدا بردووەتە لای عەلی کەمال کە هاتووەتە سلێمانی و داوای لێ کردووە کامێرایەکی پێشکەوتووم بۆ بکڕێ و کڕیویشیە. بەڕاستی تەنیا یەك جار بەڕێز "عەلی کەمال"م لەژیانمدا دیوە، ئەویش لە (١٩٨٤/٩/٥)دا بوو لە بەغدا کە لە لەندەن هاتبوەوە. بە منی گوت چۆن شەرەفنامەت بەدەست نەگەیشتووە، ئەوە یەك ساڵە بەهۆی کاك عومەر شێخ مووسەوە بۆم ناردووی. ئەم کابرایەشم هەر لەم ساڵەدا ناسیوە و عەلی کەمال پاش ئەو مێژووە هەر نەهاتووەتە سلێمانی و ئەم کابرایەش هەر ناناسێ. ئەو گوتارە بە قەڵەم و بە ئینشای ئەویش نەنووسراوە، بەڵکوو دوو سێ جاسووس لە نووسەران، بەڵێ جاسووس، نووسیویانە دژی من و، قەناعەتیان پێ کردووە بەناوی ئەوەوە بێ " هێندێکیشی قسەکانی خۆیەتی، چونکە ساویلکە بوو، نەك هەر دەستی نووسینی نییە، بەڵکوو هەندێ لە خزمەکانی بە منیان گوت: (( نازانێ عەریزەیەکیش بنووسێ ))، وەك لە یاداشتەکەمدا بە درێژی نووسیومە. کابراش لەوە تووڕە ببوو کە لە نووسینێکی خۆمدا نووسیبووم یەکێك لە نەوەکانی ئەحمەد فائیز بەرزنجی بەڵگەنامەی بنەماڵەکەیانی لەنێو بردووە. چەند نامەیەك لەنێوان من و خاڵە "عەلی کەمال"دا هەیە. داوام لێ دەکرد هەندێ لە خانوە نەخشدارە کەلەپووریەکانی کوردستان بکڕێ و بیبەخشێ بە دائیرەی شوێنەواری سلێمانی و هەولێر تا لەناونەچن و، بەشداری بکات لە پاراستنی ئەم سامانە شارستانێتیەدا. بەڵام بەداخەوە هیچ خانوویەکی نەکڕی. یارمەتیی خاڵە عەلی بۆ من تەنیا دانەی شەرەفنامە بووە کە یارمەتیەکی زۆر گەورەو خزمەتێکی مەزن بوو، چونکە بە وێنەکانی شەرەفنامەدا دەرکەوت کە شەرەفخان هونەرمەندێکی گەورە بووەو، سەلماندم ئەو وێنانە دەستکردی ئەون.

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

عبدالرقيب يوسف

١٠/٨/١٩٨٨

[illegible]

([illegible])

تێبینی :

[illegible]

[illegible] April 198[illegible]

Dear Mr. Yusuf,

Your letter regarding the Bodleian manuscript of the Sharafnamah (MS. Elliot 332) has been passed to me and I must apologise for the delay in replying for I have been absent from the Library for several weeks.

On the question of the copyist of the manuscript, as you probably know the claim that it was copied by the author himself (as the colophon suggests) has been called into doubt in a Russian article by [illegible] (Palestinskii Sbornik, vol. 26, 1977, pp. [illegible]). The basis of his argument seems to be that the correct date for the completion of the work is the end of Muharram 1007, which information is provided by the [illegible]. The date at the end of the Bodleian manuscript, 'the end of Dhu al-Hijjah 1005', cannot be correct since this was the date of completion of the first part of the work only. This date does indeed appear at the end of the first part on folio 15[illegible] verso. According to [illegible], this 'error' invalidates the claim that the manuscript is really the author's autograph copy. He does however concede that even though it is not the autograph copy, it was very possibly executed during the author's lifetime and was perhaps even authorised by him. The result, [illegible] undecided as to where the truth lies.

Bodleian Library
Broad Street, Oxford [illegible]
Telephone [illegible]
Telex [illegible]

[illegible]

نارد. ئەوە بوو لە سۆرانیەوە کردیە کرمانجیی باکوورو دەزگای (ژینا نویّ) ساڵی ١٩٩١ بە پیتی لاتینی لە سوید چاپی کرد، بەڵام بە ویّنەی ڕەنگاوڕەنگی ڕوون و ئاشکراوە کە لە نامەخانەی (بودلیان)ی وەرگرتبوون. ئەمجا لە قۆناغی دووەمدا سەرلەنویّ لەم تابلۆیانەم کۆڵییەوەو گەلیّ شتی تازەم تێدا دۆزییەوەو ڕاست کردەوەو زانیارییەکی زۆرترم بۆ زیادکرد کە ئەمەی بەردەست بەرهەمو ئاکامی کارەکەمە.

شایانی باسە مێژوونووسە عەرەبەکانی هونەری ئیسلامی بەوجۆرە ویّنانەی نێو کتێبە دەستنووسەکان دەڵێن (منمنمات)، واتە ویّنە بچووکەکان. مێژوونووسە ڕۆژاواییەکانیش (مینیاتۆر)یان پیّدەڵێن. مێژوونووسە عەرەبەکانی هونەر وشەی (شکل)و (لوحة- لوح) بۆ هەر کۆمەڵە ویّنەیەکی تایبەت بەکاردێنن. منیش لەم لێکۆڵینەوەیەدا وشەی (تابلۆ)م لەبری ئەو جووتە وشە عەرەبیە بەکارهێناوە، لە کاتێکدا هەر تابلۆیەك کۆمەڵیّ ویّنەی تێدایە. هەروەها کە مێژوونووسانی هونەری ئیسلامی وشەی (ڕاست)و (چەپ) بۆ ئاماژەبۆکردن و ناساندنی ئەم یا ئەو ویّنەو ئەم یا ئەو خاڵی تابلۆکە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەکاردێنن، ئەوە بەپیّی دۆخی ڕاستەقینەی ویّنەو خاڵەکەیە، نەك سەیرکردنی خوێندەوارو تەماشاکەر، چونکە کە کۆمەڵێك ویّنەدەگرن و ویّنەکەیان چاپ دەکرێت، دۆخی بنەڕەتی ڕاوەستانیان دەگۆڕیّ، یانی ئەوەی کە لە دەستەڕاستدا بووە ویّنەکەی دەکەوێتە دەستەچەپ و بە پێچەوانەیشەوە. لەبەرئەمە منیش پیّبەپیّی مێژوونووسانی هونەر لەم دووەم قۆناغەی لێکۆڵینەوەکەمدا وشەی ڕاست و چەپم بەپیّی دۆخە ئەسڵییەکە بەکارهێناوە. ئەگەر وشە یان ڕستەیەك لەم کتێبەمدا کەوتە بەرچاوی خوێندەواری بەڕێزو بە گومانەوە باسی ویّنەکێشی تابلۆکانم تێدا کردبیّ، ئەوە هی کاتێك بووە کە ویّنەکێشی ڕاستەقینەم بۆ ساخ نەبووبووەوەو داوای لێبوردن دەکەم.

قـەوارەی تابلۆکـان بـە قـەدەر قـەوارەی لاپـەڕەکانی شـەرەفنامەن کـە (٢٩×١٦,٥سـم)ە، وەك نووسـەری بـەڕێز مامۆسـتا ئـەنوەری سـوڵتانی پێواویـەتیو پـاش تـەواوبوونی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەم لـە نامـەی ڕۆژی (١٥/١٠/١٩٩٦)یدا بۆی نووسیوم، زۆر سوپاسی دەکەم کە چووە بۆ بینینی شەرەفنامەو ماندوو بووە.

لە کۆتاییدا سوپاسو ڕێزی زۆرم بۆ برای بەڕێز کاك سدیق ساڵح کە ئەم لێکۆڵینەوەیەمی، لەپاڵ سێ کتێبو دەیان تۆێژینەوەو گوتاری دیکەمدا، وەك جاری پێشوو پاکنووس کردەوەو ڕەنجی لەگەڵدا کێشا، بەختەوەریو تەمەن درێژیی بۆ دەخوازم.

عبدالرقیب یوسف

# چەردەیەك
# لە مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستان

بیست و چوار ساڵێك لەمەوبەر بیرم لە پێویستیی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو وێنە دەستکردانە کە هونەرمەندانی خەڵکی کوردستان لە نێو کتێبە دەستنووسەکاندا کێشاویانن، کردەوە، بۆ دۆزینەوەی خەسڵەتەکانی هونەری شێوەکاریی ناوچەیی، تا لە ئەنجامدا هونەری سەدەکانی ناوەڕاست و پاشتریش دەستنیشان بکەین و کارەکانی ئەو هونەرمەندانە بکەینە بناغەی هونەری شێوەکاریی کوردی. ئەمە زیاتر بە یەکێك دەکرێت کە خاوەنی پسپۆڕی بێ و، لە هونەرە ئیسلامیەکان و، یا بڵێین لە هونەرەکانی خۆرەلاتی ناوەڕاستدا زاناو شارەزا بێ وەك بەڕێزان دکتۆر زکی محمد حسن و دکتۆر حسن الباشای جووتە زانای میسری. کورد ئێستاکە کەسانی وای تێدا نییە. من ئەگەرچی نە هونەرمەندم و نە خاوەنی بڕوانامەیەکی ئەکادیمیی ئەم مەیدانەم، بەلام زۆر هەوڵم داوە دانەی ئەو وێنەو قەڵەمکێشانە بە دەست بخەم وەك ئەم دانە وێنەکراوەی شەرەفنامە. بۆ ئەوە دەستم بە پێداچوونەوەی ئەو سەرچاوانە کرد کە سەبارەت بە هونەری ئیسلامی و دەوڵەتانی خۆرەلاتی ناوەڕاست بوون هەر لە کاتی ئیسلامەتییەوە تا سەردەمی سەفەوی و عوسمانیش، تا لەم بارەوە شارەزاییەکی باش پەیدابکەم.

من بۆ یەکەمجار لە مێژووی هونەری کوردیدا ئەم بیرەم لە کتێبەکەمدا (حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى- بەرگی دووەم) تۆمارکرد

کە ساڵی ١٩٧٥ سێ هەزار دانەم لێ چاپ کرد، بەڵام حکوومەتی بەعس نەیهێشت بڵاوببێتەوەو هەر لەنێو چاپخانەدا دەستی بەسەردا گرت و ناردیە کارگەی کاغەز دروستکردن لە (بەسرە)و هەمووی کردەوە بە هەویرو بە کاغەز. پاشان لە کتێبەکەمدا (بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد- لەپێناوی کۆکردنەوەو زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا) بە شێوەیەکی فراوانتر لە باسێکی تایبەتدا بە ناونیشانی (هونەری وێنەکێشی و داتاشینی کوردی، ل١٠٢- ١٢٢)یەوە لەم بابەتە شارستانییەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان دوواوم. لەو کتێبەی یەکەمیاندا ئاماژە بۆ ئەم هونەرمەندانە کراوە:

وێنەکانی هونەرمەند (میهران کوڕی مەنصووری کوڕی مهران)و هونەرمەندو زانای فیزیایی و ئەندازیاری میکانیکی (بدیع الزمان کوڕی ئیسماعیلی جزیری) کە بە (ابن الرزاز الجزیری) ناسراوە[١] . ئەو دوانە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا (سەدەی دوازدەی زاین) لە ناوچەی دیاربەکر هونەری خۆیانیان خستووەتە ڕوو. (ابن الرزاز نزیکەی دوو ساڵێك لە سەدەی حەوتەمیشدا ژیاوە). وێنەکانی نێو کتێبی ستێرناسیی (صورة الکواکب الثمانیة والاربعین)ی (ابو الحسن عبدالرحمن بن عمر الصوفي الرازي) کە لە شاری (ماردین) کێشراون و هاوینی ساڵی ١٩٧٧ لە نامەخانەی (سلیمانیە)ی ئەستەمبووڵ دیمن. وێنەکانی (انجیل طفولة یسوع) کە لە (فلۆرەنسە)یەو لە سەدەی سیازدەیەمدا پزیشکێکی خەڵکی ماردین کێشاونی. لەم کتێبەمدا بە هەڵە میری بدلیس (شمس الدین بن

[١] ناوی (ابن الرزاز) لە دانەی (توپ قاپی، نمرە ٣٤٧٢)ی لە ئیستەمبول کە دەستنووسی (محەمەدی کوڕی عوسمانی حەسەنکێفی)یە و ساڵی ٦٠٢ی کۆچی (١٢٠٥-١٢٠٦ی زاین) واتە ساڵی کۆچی دوایی کردنی (ابن الرزاز) -نووسیویە ئاوا هاتووە: "بدیع الزمان أبو العز بن اسماعیل بن الرزاز الجزری". بەڵام ناوەکەی لە دانەی (ئەیا سۆفیا، نمرەی ٣٦٠٢)دا کە ساڵی ٧٥٥ی کۆچی نووسراوە وایە: (بدیع الزمان أبو العزیز اسماعیل بن الرزاز الجزری). دانەیەکی وێنەگیراوی (ئەیا سۆفیا)مان لەلایە. ئەوەی حەسەنکێفی پتر پشتی پێ دەبەسترێ.

ضیاءالدین الروشکی)م به هونەرمەند داناوە. لە ڕاستیدا وێنەکانی کتێبی دەستنووسی (منافع الحیوان) (عبیدالله ابن بختیشوع)ی پزیشکی دەوڵەتی کوردیی دۆستکی دانەی نامەخانەی (مۆرگان) لە نیویۆرك (نمرە M٥٠٠) هی ئەو نین، بەڵکوو لەسەر کتێبەکە نووسراوە (برسم شمس الدین ضیاء الروشکي) چونکە لە سەدەی پازدەیەمدا کەوتوەتە نێو نامەخانەکەی و چەند هونەرمەندێك ئەو وێنەیان بۆ سوڵتان مەحموود غازانی نەوەی هۆلاکۆ کێشاوە لە شاری مەراغەی ئێران.

لە (ل١٠٢-١٠٣)ی کتێبی (بانگەوازێك...)دا باسی میهران و ابن الرزازمان کردووەو ئاماژەمان بۆ محەمەدی کوڕی یووسفی کوڕی عوسمانی حەسەنکێفی (حصکفی) کردووە کە وێنەکانی دانەی دەستنووسی (طوپ قاپی)ی نمرە (٣٤٧٢)ی کتێبی (الجامع بین العلم والعمل في صناعة الحیل)ی (ابن الرزاز الجزری)ی کێشاون. ئەمەیش وێنەیەکی ئەوە کە مێژوونووسانی هونەری ئیسلامی هەمان کات بە هونەری (ابن الرزاز)ی لە قەڵەم دەدەن، چونکە محەمەدی کوڕی یووسف لاسایی وێنەکانی ئەوی کردووەتەوە و قوتابیی ئەویشە، وەك لەم وێنەیەدا کە هی سێ مرۆڤی ئامێرکرد (الانسان الآلي)یەو هەندێك ئامێری میکانیکی دیارن و یەکێکە لە سنعەتە میکانیکیەکانی (ابن الرزاز)ی داهێنی میکانیکی[٢]. هەروەها ئاماژەمان بۆ (مظفر)ی کوڕی حسێن حەسەنکێفی کردووە کە مۆسیقاژەن و هونەرمەند بووە و تائێستاش نازانرێ وێنە دەستکردەکانی لەکوێن.

---

[٢] کتێبی (مقدمة لعلم المیکانیك في الحضارة العربیة)ی (ماجد عبدالله الشمس) بریتییە لە بەشێکی کتێبی دەستنووسی (ابن الرزاز) و لێکۆڵینەوەیشی و ساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا چاپ کراوە. جێی باسە کاتی خۆی چەند وێنەیەکی کتێبی (ابن الرزاز)ی دانەی نامەخانەی (ئەیا سۆفیا) کە بە نمرەی (٣٦٠٦)ە و بە هۆی (معهد المخطوطات)ی قاهیرەوە دەستم کەوتن، لەگەڵ چەند نووسینێکی خۆمدا دامن بە کاك ئاراس عەبدولقادری قوتابیی ئامۆژگاری هونەرە جوانەکان لە بەغدا بۆ ئەوەی بییاندات بە شاکر حەسەن مامۆستای هونەر. کەچی ئەم قوتابییە لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٤/١١/١٣ی ڕۆژنامەی (التآخي)دا بە ناوی خۆیەوە بڵاوی کردنەوە.

مێژوونووسانی هونەری ئیسلامی دەڵێن: لە باکووری مووسڵ–واتە کوردستان– لە سەدەکانی ناوەڕاستدا قوتابخانەیەکی هونەری هەبوە. وێنەکانی میهران و ابن الرزاز و هونەرمەندانی دیکەی ئەو ناوچەیەی کوردستان ڕوخسار و بنەمای هونەرێکی تایبەتیان تێدا دەدۆزرێنەوە و هەمان کات کاری هونەری هەلنستیی بێزەنتیان پێوە دیارە. دکتۆر حسن الباشا بە شێوازی دیاربەکر (اسلوب دیاربکر) ناودێری کردووە[3]. لە (بانگەوازێك...، ل١١٥)دا پەنجەمان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە زۆر ڕەگەزی هونەریی قوتابخانەی وێنەکێشیی دیاربەکر (مدرسة دیاربکر للتصویر) لەلایەن قوتابخانەی وێنەکێشیی بەغدا (مدرسة بغداد للتصویر)ەوە وەرگیراون. بگرە کارە هونەریەکانی میهران و (ابن الرزاز)یش کراونە بناغەی ئەم قوتابخانەیەی دواییان، لە کاتێکدا سەرلەبەر مۆرکی قوتابخانەیەکی هونەریی سەربەخۆ و تایبەت بە کوردیان هەیە و ڕەوا نییە چیدی لە نێو قوتابخانەی وێنەکێشیی بەغدادا بتوێنرێتەوە و شوێنەون بکرێ. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ناوچەی دیاربەکری ئەوسا جزیر و حەسەنکێف و ماردین و سێرت (سعرد) و چەند شوێنێکی دیکەشی دەگرتەوە. جا لەبەر ئەوە کە قوتابخانەی وێنەکێشیی بەغدا لەسەر بنچینەی هونەری هەرێمی (الجزیرة) دامەزراوە کە لە دیاربەکرەوە تا مووسڵ دەگرێتەوە و بە پلەی یەکەم هونەری میهران و ابن الرزازی کردووەتە بنەمای خۆی، هەندێك کەس بەم قوتابخانەیەیان گوتووە قوتابخانەی وێنەکێشیی جزیرە (مدرسة الجزیرة للتصویر) و بە ناوی بەغداوە ناویان نەناوە، وەك دکتۆر زەکی محەمەد حەسەن لە گۆڤاری (سۆمەر، بەرگی ١١ بەشی ١)دا گوتوویە. هەر بۆ ئەم مەبەستە نامەم بۆ خوالێخۆشبوو (دکتۆر خالد الجادر) و بەڕێز (شاکر حسن)ی مامۆستایانی هونەر نارد تا ڕای

[3] بڕوانە ئەم سەرچاوانە: گۆڤاری سۆمەر، بەرگی یازدەیەم، بەشی یەکەم، ل٢٨و، گوتاری د.زکی محمد حسن و دیمان، الفنون الاسلامیە، ل٤٤و، الدکتور حسن الباشا، التصویر الاسلامي في العصور الوسطی، ل١٢٩، ١٤١–١٤٥.

خۆیانم لەم بارەیەوە بۆ ساغ بکەنەوە. تەنیا وەڵامی دکتۆر خالیدم لە (١٩٧٦/١٠/٢٥)دا پێ گەیشت کە گوتوویە کاتێکی دیکە وەڵامت دەدەمەوە.

هەروەها وێنەکانی دانەی دەستنووسی (معرفتنامە)ی ئیبراهیم حەقی ئەرزرۆمی پێویستیی بە لێکۆڵینەوە هەیە و یەکێکە لە کتێبە دەستنووسە وێنەکراوەکانی کوردستان. دانەی جامیعی یەکر ئەفەندی لە مووسڵ بریتییە لە کۆمەڵە وێنەیەکی وەك وێنەی جیهانی لاهووت و عەرش و کورسی و جیهانی ئەرواح و بەهەشت و دۆزەخ و خۆرگیران و مانگ گیران و هی دیکە[٤] .

ئێمە ئەگەر بەرهەمی هونەریی عەبدال خانی کوڕی ضیائوددینی کوڕی شەرەفخانی مێژوونووسمان دەست بکەوتبایە، ئەوا گەنجینەیەکی دیکەی

---

[٤] باسی ئەم دەستنووسەی (مەعریفەتنامە) لە کتێبی (داود الجلبی، مخطوطات الموصل، ل٧٤)دا هاتووە، وا بزانم ئەم دەستنووسە ئێستا لە نامەخانەی مۆزەخانەی عیراقدایە لە بەغدا، چونکە جارێکیان بەڕێز (اسامە النقشبندی)ی بەرپرسی بەشی دەستنووسی نامەخانەکە پێی گوتم مەعریفەتنامەمان بە وێنەکراوی لەلایە و، داوای زانیاریی لێ کردم لەسەر (ئیبراهیم حەقی) و گوندی (تلووە). گەرچی چەند زانیارییەکم پێدا، کەچی هەر بە هەڵەدا چووە کە (تلووە)ی سەر بە کوردستانی باشوور زانیوە. ڕاستییەکەی ئیبراهیم حەقی کوڕی عوسمانە کە شێخێکی گوندی تلووەی نزیك شاری سێرتێ (سعرد)یە لە کوردستانی باکوور.

تلووە وا بەسەر بەرزاییەکی ڕاسەری (ئاڤا بوتان). ناوبراو ساڵی ١١٩٥ی کۆچی (١٧٨٠ی زاین) کۆچی دوایی کردووە و ساڵی ١١٧٠یش لە دانانی کتێبی مەعریفەتنامە بووەتەوە کە بە تورکی لەسەر چەند زانستێك نووسیویە. لە کتێبە دستنووسەکەماندا "اعلام الکرد وکردستان، دەفتەری یەکەم، تەرجەمی ژمارە (٤٥)" ناوی (٣٥) کتێبی (ابراهیم حەقی)مان نووسیوە.

لە بارەی ئەوەوە بڕوانە: اسماعیل پاشا بابان، هدیە العارفین، ل٤٠ و، اسماعیل پاشا بابان، ایضاح المکنون فی الذیل علی کشف الظنون، ل٥١١-١٥٢. ڕۆژی ١٤ی ئابی ١٩٩٧ چوومە شاری سێرتێ کە مەڵبەندی ویلایەتێکی کوردستانی باکوورە. دیم بە بۆنەی ساڵرۆژی کۆچکردنی ئیبراهیم حەقییەوە ئاگانامەیان بە دیوارەکاندا هەڵواسیوە. کە چوویشم بۆ دیتنی (مەلا بەدریی تلووەی) لە مزگەوتێکی سێرتێ، فەقێکانی پێیان گوتم چووەتە تلووە بۆ سازکردنی ئەو ئاهەنگە کە هەموو ساڵێك لەوێ دەکرێت. هەروەها گوتیان: دانەیەکی مەعریفەتنامە بە دەستخەتی ئیبراهیم حەقی لە تلووە هەیە و، (مەلا بەدری)ش لە شێخانی تلووە و بنەماڵەی (فقیرالله)یە کە بە (سوڵتان)ە مەلا بەدری بەناوبانگە و مەلایەکی باش و ناسراوە. ئەوسا مێژووی کۆچی دوایی ئیبراهیم حەقی لە ئاگانامەکاندا تۆمار کرابوو، باسی ئەو ئاهەنگەم لە کتێبە دەستنووسەکەمدا (گەشتەکی ئارکیۆلۆجی د کوردستانا باکوورێدا، ل٥٨٣) کردووە.

هونەری وێنەکێشیی کوردیمان زیندوو دەکردەوە. عەبدال خانی میری کورد بە وێنەکێشێکی کورد دەژمێردرێت، چونکە دەستێکی باڵای لەو هونەرەدا هەبوە. ئەولیا چەلەبی کە ١٤ڕۆژ بە میوانی لای عەبدال خان ماوەتەوە و لە نزیکەوە بەهرە و بەرهەمی دیون، دەڵێت: عەبدال خان وێنەکێش و خۆشنووس (خطاط) و نەخشکار (نقاش)یشە. بێگومان (ئەولیا چەلەبی)ی دۆستی کورد وێنە و تابلۆ دەستکردەکانیی بینیون. بەداخەوە ئەو کارانە و (٧٦) کتێبی دانراوی عەبدال خان خۆی لەگەڵ (١٠٥) نامەی گرنگیدا ئێستا هەموو بزرن و، دوور نییە لەنێویش چووبن. ئەویش پاش ئەوەی کە مەلیك ئەحمەد پاشای دڕندەی والیی (وان) سامان و گەنجینە و نامەخانەی عەبدال خانی لە ساڵی ١٠٦٥ی کۆچی (=١٦٥٤-١٦٥٥ی زاین)دا تاڵان کرد کە هەزاران کتێبی بایەخداری لەنێودا بووە. شایانی باسە شەرەفخانی مێژوونووس بناغەی ئەم نامەخانە مەزنەی داناوە یا فراوانی کردووە، (ئەولیا چەلەبی)یش بە دەستی خۆی لە شاری بدلیس لیستی بۆ ئەو کتێبانە کردووە و زۆری لە بارەی پێشکەوتنی شارستانیەتیی ئەم شارە و عەبدال خانی بلیمەتەوە نووسیوە کە ئەوسا تەمەنی حەفتا ساڵ بووە. هەروەها دەڵێت: خان لە حەوتسەد زانست و هونەردا وەستایە و لە فەلسەفە و زانستی سەیر و عەنتیکەدا تاقانەی زەمانەو لە کیمیا و سیمیا و زانستی دیکەدا شارەزایە و پزیشکێکی وایە کە گالینۆس و بوقرات بە هیچ نازانێ و نەشتەرکاری (عەمەلیات)ی چاوی تاریك دەکات و بە میل ئاوی ڕەشی لێ دەردەکێشێ و ڕووناکی دەکاتەوە و بە چاوی خۆم دیومە نەشتەرکاری چاوی تەم لەسەری کردووە و تەمەکەی لەسەر لابردووە. عەبدال خان ئەندازیارە و شمشێر و تیر و کەوان دروست دەکات. سەعاتچییەکی بلیمەتیشە، سەعاتی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە و هی سەر بورج و زەنگدار بۆ ئاگادارکردنەوە دروست کردووە و تەنانەت سەعاتێکی بچووکی لە نێو ئەنگوستیلەی خۆیدا دروست کردووە. لە گۆرانی و مۆسیقادا ئەوە هەر باسی ناکرێ، بە ڕادەیەك لەنێوان چوار

تەپڵدا دادەنیشێ و پێکەوە لە هەرچواریان دەدات. کە سوڵتان موراد هاتە بدلیس و ئەم تەپڵ لێدانەی عەبدال خانی بینی، خەرجیی ناوچەی (مووش)ی پێ بەخشی. جۆلاییش دەزانێ، بەرماڵێکی دەستکردی خۆی پێشکەش بە مەلیك ئەحمەد پاشا کرد کە مەگەر هەر لە میسر و ئەسفەهان شتی وا کرابن. پاش زینی ئەسپیش زۆر سەیر و نەخشدار دروست دەکات و لێی بە دیاری بۆ سوڵتان ناردووە[٥]. لە (تاریخ نعیما، ب٣، ل٢٧)شدا هاتووە کە عبدال خان لە جۆرەها زانست و هونەردا پیرێکی بەهرەدارە.

کەم بلیمەتی وەك عەبدال خان لە مێژوودا هەن. هیچ جێگایەك شك نابەین بەرهەمی زانستی و هونەریی عەبدال خانی لێ بن. ڕەنگە لە شەڕی نێوان ئەو و مەلیك ئەحمەد پاشادا فەوتابن. من کە هاوینی ١٩٧٧ چووم بۆ بدلیس، لەم ڕووەوە لە عادل بەگی شەرەفخانم پرسی کە مرۆڤێکی ڕووناکبیر و کوردپەروەرە و ئەوسا کتێبێکی لەسەر بدلیس دادەنا، گوتی: هیچ بەرهەمێکی دیار نییە و بیستوومانە دیوانە شیعرێکی لە دیاربەکر هەبوە. هەروەها گوتی: ناسناوی (عادل) بووە و (کەژخان)یشی پێ دەڵێن، چونکە چووەتە چیا و لە حکوومەتی عوسمانی یاخی بووە. داوام کرد گۆڕەکەیم پیشان بدات، کەچی گوتی: گۆڕەکەی لە بدلیس نییە، لەبەر ئەوەی عەبدال خان لە ئەستەمووڵ لەسێدارە دراوە. پاش گەڕانەوەم عادل بەگ نامەی لەم بارەیەوە بۆ نووسیم کە تێیدا دەڵێت: ناوبراو لە ساڵی (١٠٦٨) خنکێنراوە. ئەمجا من دەڵێم: دوور نییە عەبدال خان لەبەر دەستی شەرەفخاندا فێری وێنەکێشی بووبێ، چونکە کە شەرەفخان کۆچی دوایی کرد عەبدال خان حەڤدە ساڵان بوو و ئەوسایش منداڵ لە چوار ساڵیدا فێری خوێندن دەکرا، بە تایبەت منداڵێکی زیرەکی وەك عەبدال خان. واتە

[٥] سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، ل١٢١، ١٢٤، ٢٨٤.

دەکرێت بڵێین: لە دوادوایی ژیانی شەرەفخاندا ١٤ ساڵ خوێندوویە و دەشبێ شەرەفخان دەرسی پێ گوتبێ، شایانی باسە نامەم بۆ چەندین نامەخانە و کتێبخانەی بەناوبانگ لە ئەوروپا و ئەمریکا و میسریش ناردووە بۆ دۆزینەوەی کتێب و نامە و وێنە دەستکردەکانی عەبدال خان، بەڵام هیچم دەست نەکەوتووە.

# کورتەیەك لە ژیانی شەرەفخان

شـەرەفخانی کـوڕی شەمـسەدین خـانی کـوڕی شـەرەفخانی بدلیـسی لـە بیـستی (ذي القعـدة)ی ٩٤٩ك=٢٥ی شـوباتی ١٥٤٣ز دا لـە (گـەرەهروود)ی ناوچـەی (قـوم)ی ئێـران لـەدایك بـووە. لـە تەمـەنی نـۆ سـاڵیدا چـوەتە نێـو قوتابخانەی شا تەهماسبی کوڕی شا ئیسماعیلی سەفەوی کە تایبـەت بـووە بە کـوڕانی گـەورەپیاوان و، سـێ سـاڵ لـەوێ خوێندوویـە. بەڵام لەبەرئـەوەی باوکی دەستی لـە وەزیفـە کێشاوەتەوە، ئیـدی شرەفخان لـە تەمـەنی دوازدە ساڵیدا لـەباتی بـاوکی کراوەتـە سـەرۆکی تـاقمی ڕۆژکـی کـە لەگـەڵ باوکیـدا پـەنایان بردبـووە بـەر دەوڵـەتی سـەفەوی و بـووە بـە حوکمـداری بەشـێك لـە ناوچـەی (شـێروان) لـە قەفقاسیا، بۆیـە نـەیتوانیوە خوێنـدن لـە قوتابخانـەی شادا تەواو بکات. کاتێك حوکمداری ئەو بەشەی (شێراون)یش بووە. لەسەر خوێندن بەردەوام بووە و هەر خوێندوویە و مامۆستای بۆ خۆی ڕاگرتووە تا خوێنـدنی تـەواو کـردووە یـا نزیـك بـە تـەواوبوون گەیانـدووە. شـەرەفخان لـە باسـی ژیـانی خۆیـدا (ل٥٧٤ چـاپی قـاهیرە و، ل١٥٢ی دانـەی دەسـتنووس) نووسـیویە زانـستەکانی نـەحو و صـەرف و فقـە و اصـول الفقـە و حـەدیـث و زانـستی حـەدیـث (اثـر وسـیرة)،یـانی مێـژووی غـەزوەکانی پێغەمبـەر و خولـەفای ڕاشـیدینی سـەرجەم خوێنـدووە و زانیـونی و گوتوویـە خوێنـدنم تەواو کردووە.

بەمـەدا دەزانین وەختێك چووەتە قوتابخانـەی شـا، دەتـوانین بڵـێین لانـی کەم سـێ سـاڵ پـێش ئـەوە خوێندوویـەتی، چونکە منـداڵ زۆر جار لـە پـێنج

ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن و زانستی (اصول الفقه) کەوتووەتە دوادواییەکانی قۆناغی خوێندن لەبەرئەوەی زانستێکی قورس بووە. شەرەفخان لە ماوەی شەش ساڵدا-واتە سێ ساڵی قوتابخانە و سێ ساڵی لەوەوپێش- نەگەیشتووەتە (اصول الفقه)، بەڵکە پاش ئەو شەش ساڵە درێژەی بە خوێندن داوە تا تەواوی کردووەو، ئەوە لانی کەم دە ساڵ خوێندنی گەرەك بووە. قوتابی (فەقێ) لە کوردستانی باکوور (جمع الجوامع)ی لە (اصول الفقه)ی (تاج الدين السبكي) تەواو دەکرد، ئەوجا کۆتایی بە خوێندن دەهێنا و ئیجازەنامە (شهادة)ی مەلایەتیی وەردەگرت. بەڵام لە کوردستانی باشوور و کوردستانی ژێر دەستی ئێراندا هی وا هەبوە یەك دوو ساڵ پاش (جمع الجوامع)یش دەیخوێند و، ئەم ڕێبازە زۆر نزیکی ئەوەی سەردەمی شەرەفخان بووە.

شەرەفخان نووسیویە ئەو دەمەی لە قوتابخانەی شا بووە، شا تەهماسب کاتی سەردانیان گوتوویەتی جاروبار ئاگاتان لە سنعاتی (نەقاشی) واتە هونەری وێنەکێشی بێ. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەو سێ ساڵەدا دەرسی وێنەکێشیی خوێندووە. شا تەهماسب خۆیشی نەقاش بووە و باوکی ناردوویە بۆ قوتابخانەی نەقاشی لە شاری هەرات تا لەلای گەورە نەقاشانی قوتابخانەی نەقاشیی تەیمووری فێری نەقاشی ببێ و دەیویست لە ژیانیدا ببێتە نەقاش نەك شا و حوکمدار، وەك شەرەفخان لەبارەی تەهماسبەوە نووسیویە. لە کۆتایی یەکەم بەرگی شەرەفنامەدا (ل٥٨٦ لە چاپی قاهیرە) ئاماژەیەکی زۆر بەهێزی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کە لە هونەری وێنەکێشیدا گەیشتووەتە پلەی هونەرمەندی گەورە (الواسطي) بەوەی قەڵەمەکەی خۆی چواندووە بە قەڵەمی تیژ و بە لەنجەولاری (الواسطي).

جێی گومان نییە بەلامەوە کە شەرەفخان لە قوتابخانەی شادا فێری ڕێ و شوێنی وێنەکێشی بووەو، لەوە بەدوایش بەردەوام خۆیی فێر کردووە و،

ڕەنگە مامۆستایەکی هونەرمەندیشی بۆ خۆی ڕاگرتبێ کاتێك حوکمدار بووە تا پلەیەکی بەرزی شارەزایی لەم هونەرەدا بەدەست هێناوە. شایانی باسە ئەو مامۆستایانەی هونەری شێوەکاری کە لە باشترین هونەرمەندانی کاتی دەوڵەتی سەفەوی بوون، لە قوتابخانەی شادا بوون پاشتر ناویان دەهێنین.

شەرەفخان ٣ی شەووالی ساڵی٩٨٦ك (٣ی تەمووزی ١٥٧٨ز) کە لە ئێران بوو، چووە پاڵ لەشکری عوسمانی تا بۆ میرنشینی ڕۆژکی لە بدلیس بگەڕێتەوە. پێش گەڕانەوە دەستی بە ئامادەکردنی کەرەستەی مێژوویی بۆ دانانی شەرەفنامە کردبوو و، ڕۆژی چوارشەممەی کۆتایی ڕۆژانی (ذي الحجة)ی ١٠٠٥ك (١٥ی ئابی ١٥٩٧ز)، بەپێی لیستی (تسی پۆلیسکی) بۆ بەرامبەر ڕاگرتنی مێژووی کۆچی و زاینی ئەگەر مانگی تەمووزی ئەو ساڵە سی ڕۆژ بێ) دوایی بە شەرەفنامە هێناوەو، لە ١٠١٢ك (١٦٠٣-١٦٠٤ز)دا-وەك برووسەلی محەمەد طاهیر لە (عثمانلی مؤلفلری، ب٣، ل٧٢)دا نووسیویە- کۆچی دوایی کردووە. بەداخەوە ڕۆژ و مانگی کۆچی دوایی زانراو نین. ئەگەر کێلی گۆڕەکەی بمابایە دەهاتە زانین. بەڵام گۆڕەکەی-وەك ڕەحمەتی عادل شەرەفخان بۆی باس کردم- لەنێو مزگەوتی (گۆك مەیدان)دا بوو و، ڕووس لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانیدا مزگەوتەکەی سووتاندو، گۆڕی شەرەفخانیش بزربوو.

# ئەم دەستخەتەی شەرەفنامە

ئـەم دانەیـەی شـەرەفنامە کـە ئـەم وێنانـەی بابـەتی لێکۆڵینەوەکـەمانی تێدان، بە دەستخەتی شـەرەفخانی بدلیسیی دانـەر نووسراوە، چونکە ئەم نووسینە لە کۆتاییەکەیدا هاتووە:

"وقع تحريره وتصحيحه على يد مؤلفه الفقير ومصنفه الحقير المحتاج الى رحمة الله الملك الباري شرف بن شمس الدين الأكاسري حفظه الله تعالى عن زلات القلم وهفوات الرقم في سلخ ذي حجة سنة خمس والف من الهجرة النبوية صلى الله عليه وعلى اله التحية تمت".

ئەم دانەیە ڕێکوپێك و ساغە و هیچ لە سەرەتا و کۆتاییی بنەڕەتی کتێبەکە نەکەوتووە، جگە لەوە کە لە پەڕەی دووەمەوە دەست پێدەکات. واتە دەبێ پەڕەی یەکەمیشی هەبووبێ و ناوی کتێب و دانەر یا هەندێك نووسینی دیکەی لەم بابەتەی لەسەر نووسرابێ. بەڵام پاشتر کەوتووە، وەك چۆن بەرگەکەی یەکەمجاری نەماوە و بەرگی ئێستاکەیشی ئەوروپاییە. لە بەشی سەرەوەی پەڕەی دووەمدا لە نێو نەخشێکدا "شرف نامه تاريخ كردستان" نووسراوە. ئەم نووسینە لەگەڵ ئەوەیشدا کە تێك چووە، بە شێوەی دەستخەتەکەیدا دەردەکەوێ کە نوێیە و لە کاتی نووسینەوەی ئەم دانەیەی شەرەفنامەدا نەنووسراوە. دووریش نییە هەمان نووسین، واتە ناوی کتێبەکە، لەسەر پەڕەی یەکەمین نووسرابێ و هەر لەبەر ئەوە لێرەدا دووپات بووبێتەوە.

ئەم دانەیە بریتییە لە (٢٤٧) پەڕە و لە هەر دوو بەشی شەرەفنامە پێکهاتووە کە بە زمانی فارسی نووسراوە: بەشی یەکەمی (١٥٥) پەڕەیە و



وێنەی دواین لاپەڕە

لەبارەی مێژووی کوردەوەیە. ڕەحمەتی مامۆستا هەژاری موکریانی کردوویە بە کوردی و ساڵی ١٩٧٣ کۆڕی زانیاریی کورد چاپی کردووە. بەشی دووەمی لە پەڕەی (١٥٥)ەوە دەست پێدەکات، لە کاتێکدا هەر لەو پەڕەیەدا بەرگی یەکەم دواییی دێت. شەرەفخان ئەم بەشەی بە (خاتمة) ناوناوە و لەبارەی مێژووی سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پاشاکانی ئەو سەردەمی ئێران و توورانەوەیە کە هاوزەمانیان بوون. شەرەفخان ماوەیەك لەلای سوڵتان محەمەد خانی کوڕی سوڵتان موورادی سێیەم (١٥٩٥-١٦٠٣ز) ماوەتەوە و ئەم بەشەی لەسەر خواستی ئەو داناوە، وەك لە پەڕەی (١٥٥-١٥٦)دا گوتوویە. بەرگی دووەم (خاتمة) لە ڕووداوەکانی ساڵی ٦٨٩ی کۆچی (١٢٩٠ز)ەوە دەست پێدەکات تا ڕووداوێك بە مێژووی سێیەمی مانگی (ربیع الاول)ی ١٠٠٥ی کۆچی (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٥٩٦ز) کە مێژووی شەڕێکی سوڵتان محەمەدە لەگەڵ ئەورووپاییەکاندا، واتە سویسرییەکان (پەڕەی ٢٤٦). ئەم بەشە تێکڕا (٣١٦)ساڵ لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی دەگرێتەوە، وەك شەرەفخان خۆیشی لە پەڕەی (١٥٦و ٢٤٦)دا ئەوەی گوتووە. بۆیە ئەوەی کە لە لاپەڕەی (١١٠)ی کتێبی (مێژوو)ی بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەددا هاتووە کە دەڵێت بەرگی دووەمی شەرەفنامە ڕووداوەکانی نێوان ساڵی (١٢٨٧-١٥٨٧)ی زاین (کە دەکاتە ٦٨٦-٩٩٥/٩٩٦ی کۆچی) دەگرێتەوە، ڕاست نییە.

شایانی باسە، ئەم دانە دەستخەتەی شەرەفنامە سەدەی نۆزدەهەم کەوتوەتە دەستی ڕۆژهەڵاتناس سیر گور ئۆسلی و پاشان کتێبخانەی بودلیان.

# مێژووی کۆتایی پێهێنانی شەرەفنامە

ئەو مێژووەی کە لە کۆتایی ئەم دانەیەدا هاتووە ڕۆژی چوارشەممەی کۆتایی مانگی (ذي الحجة)ی ساڵی (١٠٠٥)ی کۆچی‌یە (١٥یان ١٤ی ئابی ١٥٩٧ز)، ئەوە دەخاتە زەینەوە کە مێژووی کۆتاییی پێهێنانی هەردوو بەشی شەرەفنامەیش بێ. بەڵام لە ڕاستیدا وانییە، ئەوە مێژووی تەواوکردنی بەشی یەکەمە نەك دووەم، چونکە لە لاپەڕە (١٥٦)دا هەر ئەم مێژوەی کردووەتە مێژووی دەست پێکردنی بەرگی دووەم، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بەشی یەکەمی لەو مێژووەدا تەواو کردووە، لەبەرئەوەی دێڕەکانی کۆتاییی بەشی یەکەم و هی سەرەتایی بەشی دووەمی لەیەك لاپەڕەدا نووسیوە. واتە هەردووکیانی دوابەدوای یەکدی نووسیوە. بگرە ناونیشانی بەرگی دووەمیشی لە کۆتایی بەشی یەکەم و لە هەمان لاپەڕەدا و لە یەك ڕۆژدا کە چوارشەممەی کۆتایی مانگی (ذي الحجة) بووە، نووسیوە.

١-بەشی یەکەمی شەرەفنامە کە لە بارەی کوردستانەوەیە کردوویە بە بنەڕەت و بەشی دووەمیشی کە سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانییە کردوویە بە بەشی کۆتایی پێهێنانی کتێبەکەی، واتە بە (خاتمة)ی داناوە. جا لەبەر ئەوە مێژووی تەواوکردنی بەشە بنچینەییەکەی لە کۆتایی هەردوو بەشدا تۆمار کردووە.

٢-بۆ ئەوەی ئەم مێژووە لەگەڵ هەمان مێژوودا-واتە مێژووی ساڵی (١٠٠٥)ی کۆچی ڕێك بکەوێ کە چەندین جار لە بەشی یەکەمدا دووپاتی کردووەتەوە و کردوویە بە مێژووی دوادواییەکانی دەسەڵاتی هەندێك لە میرنشینە کوردیەکان، وەك فەرمانڕەوایی فنك و حەسەنکێف و ئاگیل و ئەردەڵان. بەڵام خۆزگە شەرەفخان وای نەکردبایە و بۆ هەر بەشێك مێژووی تایبەتی خۆیی بنووسیبایە،



**وێنەی دەستخەتی یەکەمی هەردوو لاپەڕەی هەووەڵی شەرەفنامە**



وێنەی دوو لاپەڕە لە دەستخەتی دووەم

تاكوو بمانزانیبایە لە چ مێژوویەكدا كۆتایی بە بەشی دووەم هێناوە، چونكە بێ مێژوو هێشتوویەتیەوە[٦] .

مەبەست لە مێژووی (١٠٠٥)ی كۆچی ساڵی بۆ دواجار نووسینەوە و پاكنووسكردنی زانیاریەكانی شەرەفنامەیە، چونكە گومان لەوەدا نییە كە شەرەفخان ساڵانێكی زۆر خەریكی كۆكردنەوەی زانیاری بووە بۆ دانانی بەرگی یەكەمی كتێبەكە. دەتوانم بڵێم (٧٠٪)ی ئەو زانیاریانەی لە دەمی خەڵك و میرانی كوردەوە وەرگرتوون، چ ئەو كاتەی كە لە بدلیس بووە و چ ئەو كاتەش كە لە ئێران بووە- بەتایبەت ئەو دەمەی كە لە كۆشكی شائیسماعیلی دووەمدا لە ئێران بەرپرسی كاروباری فەرمانڕەواییە كوردیەكان بووە. لە پێشەكیی شەرەفنامە و زۆر جێی دیكەیدا باسی ئەوە دەكات كە هەندێك زانیاریی لە زاری ئەم و ئەوەوە وەرگرتووە و بەهۆی ئەو هەل و مەرجەوە كە بۆی هەڵكەوتبوو توانیویە ئەو زانیاریانە كۆبكاتەوە و لە فەوتان ڕزگاریان بكات، لە كاتێكدا ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەی مێژووییدا نەدیوە. حاڵی حازر ئێمەش دەتوانین بەشێكی باشی مێژوومان بەهۆی باس و خواس و گێڕانەوەی زارەكی (الروایة الشفهیة)ی خەڵكەوە- كە زۆربەی زۆری مێژووی جیهانی ئەووەڵ جار پێ نووسراوەتەوە- بنووسینەوە، بە مەرجێك ورد و دەستپاك بین لە وەرگرتنیاندا. بەلای منەوە وەختێك شەرەفخان لە ئێران بووە كەرەستەی بەشی یەكەمی شەرەفنامەی كۆدەكردەوە و هەر زانیارییەك لەسەر میرنشینە دوورەكانی كوردستانی ئێران لە سەرچاوەدا نەبووبێ ئەم لە دەمی میرانی كورد و خەڵكی ئەوێی وەرگرتووە، چونكە كە بۆ بدلیس گەڕاوەتەوە لەبەر دووریی كوردانی ئەودیو لەمەوە ئەنجامدانی كارێكی وای بۆ ئاسان بووە.

---

[٦] بەڕێز دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد لە كتێبی (مێژوو، ل١١٠)دا هەر ئەوەی نووسیوە كە شەرەفخان دەوروبەری كۆتایی مانگی ئاب یا سەرەتای ئەیلوولی ١٥٩٨ بەرگی دووەمی كتێبەكەیی تەواوكردووەو، ئەم زانیاریەیشی لە پێشەكیی یەكەمین چاپی بەرگی دووەمی شەرەفنامە وەرگرتووە. جا دوور نییە لە دانەیەكی دیكەی شەرەفنامەدا سەرنجێكی وا هەبووبێ، بەڵام ئەم دانە دەستنووسەی ئێمە شتی وای تێدا نییە.

# وەسفی دەستخەتەکە

لـەم دانـە دەسـتخەتەی شـەرەفنامەدا کـە گـەلێك بـە پـاکی و ڕێکوپێـك نووسـراوە، دوو دەسـتخەت هـەن هـەردوو شـێوە خـەتی (تعلیـق)ی جـوانن: یەکـەمیان لـە لاپـەڕەی یەکەمـەوە تـا نیـوەی یەکـەمی پـەڕەی هەشـتەمی پـێ نووسـراوەتەوە. واتـە ئـەم دانەیـە بـەم دەسـتخەتە دەسـت پێـدەکات و خاوەنەکـەی (٣٦) لاپـەڕەی بـە بـڵاوی و پچڕپـچڕی نووسـیوەتەوە، وەك لـە پەڕەی (١٠-١٤، ٣٢، ١١٣-١١٧، ٢١٥-٢١٩)دا دەردەکەون.

ئـەوەی دیکـە لـە کتێبەکـە بـە دەسـتخەتێکی دیکـە نووسـراوەتەوە. لـە چـەند پەڕەیەکیـشدا هـەردوو دەسـتخەتەکە کۆبوونەتـەوە، وەك پـەڕەی (٧و ١٠و ٣٢)، واتـە هـەر لاپەڕەیـەك بـە یـەکێك لـەو دوو دەستخەتە نووسراونەوە و یەکـەمیان لـە دووەمیـان جـوانترە، ئەگەرچـی دووەمیشیان هـەر جوانـە. خـەتی دووەمیـان هـی شـەرەفخانە کـە هـەموو کتێبەکـەی پـێ نووسـراوەتەوە، ئـەو (٣٦) لاپەڕەیـە نـەبێ، ئەگـەر وانەبووایـە نەدەنووسـرا (وقـع تحریـره علـی یـد مؤلفـه). واتـە بـە دەسـتی دانەرەکەی کۆتایی بە نووسینەوەی هێنـراوە و بۆ نووسـینی (٣٦) لاپـەڕە قسەی وا لە کۆتایییدا نانووسرێ. نازانین خاوەنی دەستخەتە جوانەکەی یەکەم کێیـە، لەبەرئـەوەی نـاوی کەسـی دیکـە لـە دانەکـەدا نـەهاتووە. ئێـرە جێـی ئەوەیـە بڵـێین ناوی کتێبەکە لەنێو نەخشێکی سەرەتای پەڕەی دووەمدا بەم چەشنە نووسـراوە: "شرف نامه تاریخ کردستان" کە بەلای منەوە نـە دەستخەتی شـەرەفخان و نـەهی ئەو کەسەیە کە (٣٦)لاپەڕەکەی نووسیوەتەوە. ڕەنگە کاتی خۆی ئەم ناوە لەسـەر بەرگی کتێبەکە یان پەڕەی یەکەمدا نووسرابێ، ئەوجا پـاش شـەرەفخان یـەکێکی

دیکە هەمان ناوی لەو جێگایەدا نووسیبێ. وا پێدەچێ شەرەفخان ئەو شوێنەی بە سپێتی هێشتبێتەوە، وەکو هەندێك لە ناونیشانەکانی دیکە کە لەمەودوا باسیان دەکەین. لە کۆتاییدا دیسان دەڵێم دەستخەتە زۆرەکە هی شەرەفخانە چونکە نموونەشی لەگەڵ تابلۆی (١٣)دا جووت هاتوونەتەوە و تابلۆکانیش کاری دەستی ئەون بەڵگەکان لە دواییدا دەهێنینەوە.

# یەکەمین دەستخەتی شەرەفنامە

ئەم دەستنووسەی شەرەفنامە کە باسی دەکەین یەکەمین دانە نووسراویەتی، بەڵگەشمان ئەم سەرنجانەی خوارەوەن:

١- شەرەفخان مێژووی دەستکردنی بە دانانی بەشی دووەمی بەرهەمەکەی کردووە بە مێژوویی کۆتایی‌هێنان بە نووسینی بەشی یەکەم و-وەك پێشتر گوتمان- هەردوو بەشەکەی بەسەریەکەوە نووسیوە. ئەوەش مانای وایە ئەمە یەکەمین دانەی نووسراوە و پێش ئەو هیچ دانەیەکی دیکە نەنووسراوە.

٢-لە پێشەکی ئەم دانەیەدا نووسراوە لە فیرقەی دووەمدا فەسڵی حەوتەم لەسەر میرەکانی زەرزا (زرزا یان زرازی)یە و فەسڵی هەشتەم لەسەر میرانی (استونی)یە و فەسڵی نۆیەم لەسەر میرانی داسنی (طاسنی)یە- واتە ئێزدیەکان. بەڵام ئەم سێ فەسڵە لە نێو دانەکەدا نین، یانی نەنووسراون. دانەکەی چاپی قاهیرەیش ئەم سێ فەسڵەی تێدا نییە. ئیدی نازانین داخۆ پاشتر لە هەندێك دانەی دیکەدا نووسراون یان نا.

٣-دوور نییە شەرەفخان پاشتر زانیاریی نوێی دەستکەوتبێ و لێی زیاد کردبێ و دانەی دیکەی لەم کتێبە نووسیبێتەوە یا دابێتیە نووسین[7]، چونکە

[7] ف.فلیامینۆف زێرنۆف لە پێشەکیەکەیدا بۆ چاپی ڕووسیی ساڵی ١٨٦٠ی شەرەفنامە گوتوویە: دانەکەی (خانیکۆف) مەحموود ڕەزای کوڕی سابیر عەلیی کەربەلائی ساڵی ١٢٥٢ی کۆچی (١٨٣٨ی زاین) لەبەر دانەیەکی دەستخەتی شەرەفخان خۆیدا ڕوونووسی کردووە و لە دوادواییەکانی موحەڕەمی ساڵی ١٠٠٧ی کۆچیدا کۆتایی بە نووسینی هێناوە. هەر لەو بارەیەوە گوتوویە: دانەی دەستنووسی نامەخانەی (قەیسەری) لە سان پوترسبۆرگ کە ساڵی ١٠٠٧ی کۆچی نووسراوە شەرەفخان دیویە و بە مەبەستی ڕاستکردنەوە دەستکاریی کردووە. بەڵام ئەو دانەیە لە سەرەتا و بنەتاوە کەم و کورتیی هەن (بڕوانە:

ئەگەر لەگەڵ ئەو دانەیەی شەرەفنامەدا بەراوردی بکەین کە (فرج الله زکي الكردي) لە قاهیرە چاپی کردووە، دەبینین چەند دێڕ و گوزارەیەك لەودا هاتوون و لەم دانەیەدا نین. بە نموونە، نزیکەی چواردە دێڕ لە لاپەڕە (٣٥١)ی چاپی قاهیرەدا لە بارەی میرەکانی فارقین (مەییا فارقین)ەوە هەن و لە لاپەڕەی (٩٦)ی دەستنووسەکەدا نین. لە پەڕەی (١١٩)ی دەستنووسەکەدا شەرەفخان باسی قوتابخانە و مامۆستاکانی شاری بدلیس دەکات و باسی (مەلا عەبدوڵڵای ڕەش)ی تێدا نەکراوە. کەچی لاپەڕە (٤٥٦)ی چاپی قاهیرە باسی ناوبراوی تێدا کراوە. هەروەها ناسناوی بەبی (ببی)و ناوی (مولانا خضر) لە دەستنووسەکەدا نەنووسراوون. لە باسی مامۆستایەکی شاری (بدلیس)دا دەڵێت: (مولانا نورالدین محمد سرانشی) و وشەی (سرانشی)ی بەسین دەستپێ کردووە. بەڵام لە چاپی قاهیرەدا نووسراوە (شمس الدين مولانا محمد شرانشی). واتە لەباتی نورالدین (شمس الدين)ی نووسیوە و پێش (مولانا)ی خستووە و (سرانشی)ی بە (شرانشی) نووسیوە و شرانشیش لە زاخۆیە لە باسی مامۆستای قوتابخانەی (حاجی بەگیە)دا دەڵێت: (مولانا محمد صوفي) و ناوی قوتابخانەکەشی بە (حاجیة) لەقەڵەم داوە. بەڵام لە چاپی قاهیرەدا بەم شێوەیە هاتووە: (مدرسة حاجي بكية بمولانا محمد زرقي صوفي مفوض است).

ئەم جیاوازیانە ئەگەرچی هەندێك جار لەلایەن نووسەرانەوە پەیدا دەبن، بەڵام پتر بەو بارەدا دەشکێتەوە کە دانەر –واتە شەرەفخان– خۆی کردبێتی، بە تایبەت ئەو ١٤دێڕەی کە ئاماژەمان بۆ کردن هەر لەو کاتەدا بووە کەوا

---

پێشەکیی زێرنۆف لە (ل١٤–١٦)ی چاپی قاهیرەدا کە هەموو سەرەتاکەیی لەگەڵدا چاپ کراوە. شایانی گوتنە برووسەلی محەمەد طاهیر لە کتێبەکەیدا (عثمانلی مؤلفلری، بەرگی سێیەم، ل٧٢) گوتوویە: دانەی بنەڕەتی شەرەفنامە وا لە گوندی (تلووه). وەك گوتمان ئەم گوندە لە نزیك شاری سێرتێ (سعرد)ە لە کوردستانی باکوور. من لەلای خۆمەوە هەوڵی دەست خستنیم داوە بە فۆتۆکۆپی بەڵام تا ئێستا بە دەستم نەکەوتووە.

دانەکـــەی دیکـــەی لـــە ســـاڵی (١٠٠٧)ی کۆچـــیدا نووســـیوە و دانەکـــەی (پوترسبۆرگ)ی لەبەردا نووسراوەتەوە. شەرەفخان هەمان ساڵ (١٠٠٧ی کۆچی) و لە مانگی شەووالدا دانەیەکی دیکەی لە شەرەفنامە نووسیوەتەوە (بڕوانە: ل١٤-١٦ی پێشەکیی شەرەفنامەی فارسیی چاپی قاهیرە). شێوەی کۆتایی پێهێنانی هەریەکەیان لە هی دانەی (بودلیان) جیاوازە، واتە جیاوازییان لەنێواندا هەیە. دووپات نەبوونەوەی هەمان شێوە لە سێ دانە دەستخەتی شەرەفنامەدا بەڵگەی ئەوەیە کە دانەکەی بودلیان لە (١٠٠٥)ی کۆچیدا نووسراوە و دانەی یەکەمی شەرەفنامەیە.

ئەم ڕێ و ڕەسمەی زیادکردنی زانیاری لە دانەکانی کتێبدا زۆر دانەر پێڕەویان کردووە و دەیکەن، بەڵام ئاشکرایە هەندێك لەم جیاوازیانە بە دەستی نووسەرەوەی دانەکان پەیدا دەبن و هەڵەیان تێدەکەوێ. ئەم زیاد کردنانەی چاپی قاهیرە لە سێ دانەی دەستنووس یا هێندێکی ئەو سێ دانەیەدا دۆزراونەوە و خراونە نێو کتێبەکە. شایانی باسە لە چاپی قاهیرەدا پشت بە سێ دانەی شەرەفنامە بەستراوە: دانەی چاپکراوی (پوترسبۆرگ) و دوو دانەی دەستنووس. دانە چاپکراوەکە کراوە بە بنەڕەت و هەر زیادەیەکی بەکەڵك لە دوو دەستنووسەکەی دیکەدا هەبووبێ خراوەتە نێو ناوەڕۆکی بنچینەیی و ئەوەی دیکەی لە پەراوێزدا تۆمار کراوە، وەکو خوالێخۆشبوو محەمەد عەلی عەونی لە لاپەڕە (٥)ی پێشەکیی چاپی قاهیرەدا گوتوویە. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ناوبراو و فرج الله زكي و ثريا بدرخان شەرەفنامەیان لە قاهیرە بەچاپ گەیاند و ئەو خزمەتە گەورەیەیان کرد.

دانەی چاپکراوی قاهیرە -وەك دەرکەوتووە- بە شێوەی لێکدانی باس و خواس و گێڕانەوە (دمج الروايات) ساغ کراوەتەوە و چاپ کراوە. ئەم ڕێبازە لە دەستووری لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی دەستنووسدا بە هەڵە

دەژمێـردرێ، چـونكە پێویـستە باشـترین و بڕواپێكـراو تـرین دانـە بكرێتـە دانـەی بنـەڕەت و، ئـەمجا هـەر جیـاوازی و زیادیـیـەك لـە دانـەكانی دیكـەدا هەبن، دەبێ لـە پـەڕاوێزدا بنووسـرێن و نابێ بخرێنـە نێو ناوەڕۆكی دانـەی بنەڕەتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە ناتوانین بڵێین كام دانە لە سێ دانەی پشت پـێ بەسـتراوی چـاپی قـاهیرە لـەم دانـە دەسـتخەتەی شـەرەفخان باشـتر و ڕێكـوپێكتر بـووە. ئـەم دانەیـە گـوزارە و شـتی زیـادی تێدایـە كـە لـە چـاپی قاهیرەدا نین، واتە لە یەكەم دێڕدا جیاوازییان لەنێواندا هەیە.

بـە بۆچـوونی مـن دەبـێ سـەرلەنوێ لـە شـەرەفنامە بكۆڵدرێتـەوە و، پـاش بـەراورد كردنـی لەگـەڵ دانـە دەستنووسـەكانی دیكـەدا لەسـەر بناغـەی ئـەم دانەیـەی دانـەر خۆیـدا چـاپ و بـڵاو بكرێتـەوە. دەبـوو كـاتی خـۆی كـۆڕی زانیاریی كـورد نرخـی ئـەم دانـە دەستنووسـەی دانـەری بزانیبایـە و دەسـتی بخستبایە و داوای لە مامۆستا هەژاری موكریانی بكردبایە دەقی ئەم دانەیە بـۆ زمـانی كـوردی وەربگێـڕێ و –هـەر هـیچ نـەبێ– لەگـەل چـاپی قـاهیرەدا بــەراوردی بكــات و دێــڕ و بڕگــە و گــوزارە زیادەكــانی لــە پــەڕاوێزدا بنووسێتەوە، بۆ ئەوەی كارەكە هەم زانستانەترو هەم باشتر و تەواوتر بە ئـەنجام بگـات. كـۆڕ نـەك هــەر ئـەوەی نـەكرد، بگـرە تاكـە لاپەڕەیـەكی دەستنووسەكەی پەیدا نەكرد تا وەكو نموونەیەكی دەستخەتی شەرەفخان لە كتێبەكەیدا چاپی بكەن، بەڵكە هەندێك سێ كەس لە ئەندامانی: بەڕێز مەسـعود محەمـەد و دكتـۆر كـەمال مەزهـەر ئەحمـەدی سـكرتێری كـۆڕ كـە ئێـستاش لـە ڕێبـازی توێژینـەوەوی زانـستیدا كۆڵـە و كارەكـانی سـادە و سـەرپێیین، لـەبری ئـەوە لەسـەر حـسێبی شـەرەفخان و لـەپێناوی ناوبـانگ دەركردندا وێنەی خۆیان و دەستخەتیان و بەسـەرهاتی ژیانی خۆیانیـان لـە شـەرەفنامەی چـاپی كـۆڕدا بـڵاو كـردەوە. بـە زۆر پێداگرتنـەوە مامۆسـتای ڕەحمــەتی (عــەلادین ســەجادی)شــیان تووشــی ئــەم هەڵەیــە كــرد– وەك

جارێکیان خۆی پێی گوتم، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی و یادی بەخێر. دیارە ئەم کارەی کۆڕ لە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی‌یەوە دوورە.

٤-بەشێك لە ناونیشانەکان -ئەگەرچی زۆریش نین- لەم دانە دەستنووسەدا نەنووسراون و جێیان بە سپێتی ماوەتەوە، وەك ناوی هەندێك لەو میرە کوردانەی کە باسی ژیان و فەرمانڕەوایەتی‌یان نووسراوە، لە کاتێکدا لە باسەکاندا ناویان نەبراوە. بە وێنە، شەرەفخان لە پەڕەی (٩٦)دا حەوت ناونیشانی سەبارەت بە میرانی (ترجيل) بەجێ هێشتووە، وەك ناوی (عمر بيك بن حسين بيك) و (بوداق بيك بن عمر بيك). لەوە دەچێ دانەر چاوەڕوانی پەیداکردنی یا مەرەکەبی سوور کە ئەوسا لێی بڕاوە یان قەڵەمێکی باریکی کردبێ، چونکە ناونیشانەکانی کتێبەکەی سەرجەم بە قەڵەمێکی باریکتر و زۆربەی بە مەرەکەبی سوور نووسیوە.

بەڵام پاشتر نەگەڕاوەتەوە سەریان، جا یا لەبیری چووەتەوە یان خەریکی نووسینەوەی دانەی دیکە بووە و یان لەوانەیە ئەم دانەیەی بە پەلە بۆ یەکێکی وەك سوڵتان محەمەد خان ناردبێ و لەلای نەمابێتەوە. دوورنییە دانەر ئەم دانە نووسراوە بە نرخەی پێشکەشی سوڵتانی ناوبراو کردبێ، چونکە لە پێشەکی بەشی یەکەمدا ناوی هێناوە و بەشی دووەمی کتێبەکەشی لەسەر خواستی ئەو داناوە. بەڵام ئێستا ئەم ئەگەرە بەلاواز دەزانم، چونکە پەراوێزی یەکێك لە خەتی بدلیس یان بڵێین کوردستان لەسەر پەڕەکانیەتی و لەباتی زەریاچەی نازك (گولی نازك)ی بە کوردی نووسیوە.

٥-ئەم دانەیەی شەرەفنامە بە بڕێك تابلۆی هونەریی جوان ڕەنگێنراوە و بایەخ پێدانی لەم چەشنە بیری مرۆڤ بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە ئەمە یەکەمین دانەی دەستنووسی شەرەفنامە بێ. شایانی باسە (ئەولیا چەلەبی)ی گەڕۆکی تورك دانەیەکی شەرەفنامەی دیوە لە کاتی تالانکردنی هەزاران

کتێبیی نامەخانەی (عەبدال خان)ی بدلیسیدا لەلایەن مەلیك ئەحمەد پاشای تورکەوەو، ئەولیا چەلەبی بە دەستی خۆی لیستەی بۆ کردوون و دەڵێت: کۆمەڵە کتێبێکیان بۆ هەڕاج هێنا کە بریتی بوو لە یازدە سنووقی کتێب و هی زۆر جوانیان تێدا بوو، لەوانە شاهنامە و گوڵستان و شەرەفنامە. بەڵام کە چاوی ضیائوددینی کوڕی عەبدال خان پڕ فرمێسك بوو، ئەحمەد پاشا پێی گوت بۆچی دڵتەنگ بووی. ئەویش گوتی ئەم کۆمەڵە کتێبە هی منە و زۆربەیان بە مۆری خۆمە. ئەولیا چەلەبی دەڵێت هەندێك لەو کتێبانە بە دەستخەتی ئەو بوون. ئیدی ئەو کۆمەڵە کتێبە درانە ضیائوددین[8]. جا نازانین ئاخۆ ئەم دانە بەنرخەی شەرەفنامە ئەم دانەیەی ئێمەیە یان نا ؟ ئەولیا چەلەبی، شەرەفخانی بە یەکێك لە خۆشنووسە هەرە گەورەکانی خەتی (تعلیق)ی فارسی داناوە و ناوی خستووەتە پاڵ خۆشنووسی گەورەی وەك ئەمیر عەلی تەبریزی و (عمادالدین الحسینی)و محەمەد ڕەزای تەبریزی و حەسەن شاملوو[9]. وا پێدەچێ ئەولیا چەلەبی شتی نووسراوی بە دەستخەتی شەرەفان دیبێ، جا چ شەرەفنامە بووبێ یان شتی دیکە.

زۆر هەوڵم دا نموونەی دەستخەتی شەرەفخان لەسەر دانەکەی (پوترسبۆرگ) پەیدا بکەم و بیبینم تا لەگەڵ هی (بودلیان)دا بەراوردی بکەم،

[8] ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامە، بەرگی چوارەم، ل٢٤٢ی دەقی تورکیی چاپی ١٣١٤ی ئیستەمبوڵ و، ل٢٧٨ی دەقی کوردیی وەرگێڕانی سەعید ناکام. وەرگێڕی کوردی لێرەدا هەر خۆی گوتەی "و چەند دیوانی شیعری"ی زیاد کردووە کە لە دەقی تورکیدا نییە. ئەمە جگە لە هەندێك شتی دیکە کە تێبینیم کردوون. دەبوو وەرگێڕانەکە وردتر بووایە. وێڕای ئەوە مامۆستا سەعید ناکام بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە گرنگە خزمەتێکی گەورەی کردووە.

[9] ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامە، بەرگی چوارەم، ل٢٥١ی دەقی تورکی و ل٢٨١ی دەقی کوردی..




چـــــونکه وەك لـــــــە (ل١٤)ی شـــەرەفنامەی چـــاپی قـــاهیرەدا هاتووە، شەرەفخان ئەو دانەیەی دەســــــــتکاری و ڕاســـــــت کردووەتـــەوە. لەبەرئـــەوە چـــەند نامەیـــەکم بـــۆ بـــرای هێـــژا کـــاك (ڕەشاد میران) نارد تا هەندێك لە لاپەڕەکانیم بۆ فۆتۆکۆپی بکات، ئـــەویش لـــە ١٩٨٧دا چـــواردە لاپـــــەڕەی بـــــۆ نـــــاردم هــــیچ ئیشارەتێکیان تێدا نییە کە ئەو چـــەند تەعلیقـــەی ســـەریان هـــی شـــەرەفخان بـــێ و ســـێ شـــێوە دەستخەتی جیاوازیان تێدایـە و بە دەستخەتی دانەکەی بودلیان ناچن.

## نمرەی دەستنووسی شەرەفنامەی کتێبخانەی لینینگراد

دوورنییە دەستخەتی شەرەفخان لەسەر هەندێك پەڕەی دیکەی ئەو دانەیە هەبێ کە لە نامەخانەی گشتیی (لینینگراد)دایە و لە (١٠٠٧ی کۆچی)دا نووسراوە و شاعەباس کردوویە بە وەقفی نامەخانەی (سەفەوی) لە (ئەردەبیل) و مۆری شایشی پێوەیە.



جێی وتنە، برای نووسەر مامۆستا ئەنوەری سوڵتانی کتێبێکی بە ناونیشانی ( ٣٥ دەستنووسی شەرەفنامە لە کتێبخانەکانی جیهان)وە داناوەو ١٩٩٧ لە سوید لەچاپی داوە. ئەمەش وێنەی هەم لاپەڕەیەکی ئەو دانە دەستخەتەو، هەم ئەو لاپەڕەیە کە شێوەی وەقفکردنەکەی شا عەباسی، بە مۆری کتێبخانەی (صەفەوییە)وە، لەسەرە. سوپاس بۆ هاوکاریی دکتۆر ڕەشاد.



**لاپەڕەیەکی شەرەفنامەی کتێبخانەی لینینگراد**

# تابلۆكانی شەرەفنامە

چەند تابلۆیەكی وێنەی دەستكرد لە نێو ئەم دانە دەستنووسەی شەرەفنامەدا هەن، بەپێی نامەی نامەخانەی بودلیان كە بۆم نێردراوە بە (٢٥) تابلۆ دانراوە. بەڵام ڕاستیەكەی (٢٠) تابلۆیە، چونكە ئەو تابلۆیەی كە لەسەر شەڕی (چاڵدێران)ەو ئەوانەی وا سەبارەت بە سوڵتان عوسمان و سوڵتان (محمد الفاتح)و شەڕی عوسمانیەكانە لەگەڵ ئەوروپاییەكاندا –واتە بێزەنتیەكان– هەر یەكەیان تابلۆیەكن و هەر چواریشیان لە بەشی دووەمی شەرەفنامەدان. یانی گەرچی هەریەكەیان دوو لاپەڕەی گرتووەو وەك دوو تابلۆ دێتە بەرچاو، بەڵام بابەتەكەی یەك شتە. تابلۆكانی دیكە دوو دوو بەرامبەر یەكترن و هەریەكەیان لەسەر پەڕەیەكی تایبەت كێشراون و لەڕووی بابەتەوە لە تابلۆكانی دیكە جیاوازن، تەنیا ئەوە نەبێ كە ئەو تابلۆیەی وا لەسەر فەرمانڕەوایی (ترجیل)ە –واتە لەسەر كچە نەخۆشەكەی پاشای ئەرتوقی–و ئەوەش كە لەسەر ئابڵووقەدانی قەڵای بدلیسە لەلایەن ئاق قۆینلووەكانەوە هەر دوو بەشەكە تابلۆیەكن نەك دووان. شازدە تابلۆ لە بەرگی یەكەمی شەرەفنامەداو چواریش لە بەرگی دووەمیدان. پاش ئەوەی دەستنووسەكەم پێگەیشت، نامەیەكم بۆ نامەخانەكە ناردو چەند پرسیارێكم تێدا لێ كردن لەبارەی دەستنووس و تابلۆكانەوە. بەڵام نە پێناسین و نە پێوانەی تەواوی دەستنووس و تابلۆكانیان بۆ ڕوون نەكردمەوە. لەبەرئەوەی هەر تابلۆیەك لەگەڵ ئەو بابەتەدا هاتووە كە پێوەندیی پێوە هەیە و خراوەتە نێو زنجیرەی ژمارەی پەڕەی كتێبەكە، بۆیە

به ئاسانی دەناسرێتەوە. لەم باسەدا زۆرجار ئاماژە بۆ تابلۆکان دەکەین، پێمان باشترە ئەم لیستەیان بۆ سازبکەین:

| تابلۆ | ژمارەی پەڕە | بابەت |
|---|---|---|
| ١-٢ | ٣٣ | فەرمانڕەوایی هەکاری |
| ٣-٤ | ٣٩ | فەرمانڕەوایی بەهدینان |
| ٥-٦ | ٤٣ | فەرمانڕەوایی بۆتان |
| ٧-٨ | ٥٦ | فەرمانڕەوایی حەسەنکێف. |
| ٩-١٠ | ٦٦ | فەرمانڕەوایی ئاگیل |
| ١١-١٢ | ٧ | فەرمانڕەوایی هیزان |
| ١٣ | ٨٩ | فەرمانڕەوایی ترجیل |
| ١٤ | ١٣٢ | ئابڵووقەدانی بدلیس لەلایەن ئاق قۆینلوەکانەوە |
| ١٥ | ١٤٥ | کوڕی میرشەرەفی میری بدلیس |
| ١٦ | ١٤٥ | شا تەهماسب (طهماسب) لە شاری خەلات |
| ١٧ | ١٥٨ | سوڵتان عوسمانی دامەزرێنی دەوڵەتی عوسانی |
| ١٨ | ١٧٣ | شەڕی ئەدرنە |
| ١٩ | ١٩١ | سوڵتان (محمد الفاتح) |
| ٢٠ | ٢٠٨ | شەڕی چاڵدێران |

# بایەخی تابلۆکان لە چەند ڕوویەکەوە

تابلۆکــان ســەرجەم بــە شــێوەیەکی هونــەریی بــەرز و بــە دەســتی هونەرمەنــدێکی بــە دەســەڵاتی خــەڵکی کوردســتان وێنەکێــشراون کــە شــەرەفخانە لــەڕووی هونــەری و چــەند ڕوویــەکی دیکــەوە ســوودیان لێ وەردەگیرێ، چونکە –وەك لەم باسەدا دەیخەینە بەرچاو– بەڵگەنامەیەکی بەنرخن بۆ بەشێك لە ژیانی کۆمەلایەتیی چوارسەد ساڵ لەمەوبەری کوردستان. لەم تابلۆیانەدا ئەم ئامێرە مۆسیقاییانە دەبینین: دەهۆڵ، زوڕنا، شمشاڵ، بووق، تەنبوور، دەف. لە ئامێر و ئامرازی شەڕیش ئەمانە: خەنجەر، شمشێر، ڕم و تەبەرزین(تەورزین)، تیروکەوان، قەڵغان، تاسکڵاو(خوذة)، تفەنگ، تۆپ و کوولەکەی باروت، کیسەی گوللە. لە کەل و پەلی نێو ماڵیش ئەمانە: ڕاخەری لباد، کورسی، تاس، قاپ و قاچاخ، گوڵاوڕێژ. ئەم تابلۆیانە دەشبنە بەڵگەنامەی هونەریی بیناسازی و تەرزی خانووبەرەی ئەو دەمە. لەم بارەیەوە ئەمانە دەبینرێن: خانوو، قەڵات، مزگەوت، منارە، قوتابخانە (مدرسة)، دووکان و بازاڕ، جۆری دەرگا (دەری)، کەوان، گومەز، گوێسوانەی سەربان، پەنجەرە، بنمیچ، سەکۆ (دکة)، دەرگا و تەقولباب، هەروا نەخشی بیناسازی (الریازة المعماریة)ی وەك نەخشی ئەندازەیی و گیایی سەر دەرگا و قەراغ و ڕووکاری خانوو لەگەڵ نەخشێکی (فوسەیفسا) لە تابلۆی (١٩)دا.

تابلۆکانی شەرەفنامە بایەخێکی پتریان بە جلوبەرگی کوردیی ئەوسا داوەو جلی توركیی عوسمانی و ئەورووپایی و فارسیشیان پێشان داوە.

وێنەکێشی تابلۆکان (شەرەفخان) جلوبەرگی کوردیی بە شێوەیەکی جیاواز لە هی تورك و فارس و ئەورووپاییەکان وێنە کێشاوە. بۆ کڵاو و مێزەری سەر، بۆ ئەورووپاییەکان دوو جۆرە شەپقەیان تێدا دیارەو، هی تورکە سەلجووقیەکانیش تەرزە کڵاوێکە قەراغەکانی بە پانی و ڕووبەسەرەوە هەڵگەڕاونەتەوە و گوڵنکەیەك وا بە نێوقەدی سەرەکەیەوە (بڕوانە: وێنەی باسی ترجیل). وا بزانم ئەم کڵاوە ئێستاش لەلای تورکمانانی یەکێتی سۆڤێتی جاران باوە. بۆ عوسمانیەکانیش فێس و جۆرە کڵاوێکی وێنە کردووە کە لە دەزوو دروست کراوە و چمکەکانی بەرەو سەرەوە هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵام وەك هی پێشوو پان نین و جیاوازن و ئێستاش لە تورکیا بە تایبەتی لای جووتیاران لەسەرکردنی باوە. هەرچی مێزەری سەریشیانە بە خڕی و شێوەیەکی لوولەکی یا نیمچە لوولەکی کردوویە (بڕوانە: هەرسێ تابلۆی پێشوو لە بەرگی دووەمدا لە باسی سوڵتان–محمد الفاتح–و شەڕی ئەدرنەداو، تابلۆی ژمارە ١٧و١٨یش). هی واشی وێنەکێشاوە لە مێزەری کوردییەوە نزیکە.

جگە لە سەروکڵاو، جلوبەرگی میرانی کورد بریتییە لە کەوای بێ قۆڵ. کە لەسەر کراسی (دشداشة)ی درێژ لە قوماشی ڕەنگاوڕەنگی گوڵداری بەنرخ دروستکراو لەبەرکراوە و قۆپچەدارە و قۆڵەکەشی لای سەرقۆڵەوە تەسك بووەتەوە. کەوای بێ قۆڵ جاروبار بۆ پیاوانی دیکەش بەکارهاتووە، بەڵام نرخی بەرگ بەپێی قوماش یا دروونی گۆڕاوە. دیارە بۆ میران بەهادارترین و باشترین قوماش بووە.

شەست ساڵ پاش تەواوبوونی شەرەفنامە، ئەولیا چەلەبی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە کەوا و سەڵتە بەرگی پیاوی گەورە یا پاشایان بووە. هەروا باسی ئەوەی کردووە کە کاتێك مەلیك ئەحمەد پاشای تورك سامان و گەنجینەکانی عەبدال خانی بدلیسیی تاڵان کرد و بە کۆمەڵ هێنانی بۆ

مەزاتخانە و ئەویش لەوێ ئامادە بوو، کۆمەڵێکیانی هێناوە کە دووسەد سنووقی گەورەی حوشتربار بووە و بەشێکی مۆری عەبدال خان و بەشێکی دیکەشی هی (خانم سوڵتان)ی ژنیی پێوە بووە. کە سنووقی یەکەمیان کردووەتەوە پڕ بووە لە کەواو سەڵتەی ئاوریشم و زێڕدرووی نایاب و بەرگی پاشایانە. ئەو خەڵکە (مەلیك ئەحمەد و گەورە پیاوانی دیکە لەوێ بوون) کە دیویانە دەمیان داچەقاندووەو حەپەساون[10]. جلوبەرگی میرانی بابانیش هەر بەم شێوەیە درێژ بووە، وەك هی عوسمان پاشای کوڕی عەبدولرەحمان پاشای بابان کە لاو بووە و نایابترین بەرگی پۆشیوە. میستەر ڕیچ ساڵی (١٨٢٠ز) لە سلێمانی دیویە و لە لاپەڕە (٥٥)ی گەشتنامەکەیدا نووسیویە: کەواو کراسی درێژ (دشداشة)ی لەبەردا بووە و کەواکەی لە قوماشی ئیتالیایی و دوگمەزێڕ و کراسەکەی لە قوماشی سیمداری هیندی و سەرپێچی سەریشی لە شاڵی بەرداری کشمیر بووە کە ڕیشوەکانی تێکرا لە سیمی زەردی وەك زێڕ بوون. هەروەها ڕیچ لەبارەی میرانی بەهدینانەوە دەڵێت: جلوبەرگیان جوانە و لە شێوەی جلی (مووسڵ)ەوە نزیکە و شاڵی کشمیری لە دەوری کڵاوی فێس دەبەستن و کە دەچنە ڕاو جلی خەڵکی چیانشین لەبەردەکەن. هەروا دەڵێت: جلی ئەفسەر و بەردەستەکانی میر دشداشەی ڕەشی قۆپچە زێڕە کە لە قوماشی عەبا لە مووسڵ دروست دەکرێت و شەڕواڵیان خەتدارە بە خەتی ڕەنگاو ڕەنگ. ئەم جلوبەرگە لە ئامێدی و جۆڵەمێرگ باوە[11]. واتە بەرگی ئەفسەر و خولامانی میری (هەکاری)یش هەر لەو بابەتەیە و لە شاری جۆڵەمێرگیش باوە. دیارە جلی شۆڕ لە نێو ئامێدی و جۆڵەمێرگ –واتە لە شارەکاندا– هەبوە و لە دەرەوەی شاردا نەبوە، بەڵکو بەرگی کوردیی کورت وەك شاڵ و شەپك و

---

[10] هەمان سەرچاوە، ل٢٤٤ی دەقی تورکی و ل٢٨١ی دەقی کوردی.

[11] کلودیوس جیمس ڕیچ، رحلة ڕیچ، ل١٠٧-١٠٨.

شەڵوار و مرادخانی لەبرەودا بووە کە بۆ ژیانی ڕەنجبەری و ناوچەی شاخاوی دەگونجێ، نەك جلی شۆڕ. ئەمەش لە قسەی (ڕیچ)دا دەردەکەوێ کە دەڵێت: میری بەهدینان کاتی چوونە ڕاووشکار جلی خۆی دەگۆڕێ و بەرگی خەڵکی ناوچەی شاخاوی لەبەردەکات. شەڕواڵی میرە کوردەکان و غەیری میرانیش ڕەنگاو ڕەنگ و دەڵب بووە. شایانی باسە جلوبەرگی سوڵتانە عوسمانیەکان سەر و کڵاویان نەبێ ئەوسا وەك هی میرانی کورد بووە، وەك هی سوڵتان سەلیم (تابلۆی ژمارە ٢٠)و هی سوڵتان محمد الفاتح (تابلۆی ژمارە ١٩). بۆ ئەو پیاوانەی کە میر نین شەڕواڵ و مرادخانی لە وێنەکاندا بەکارهاتوون (بڕوانە: تابلۆی ژمارە ٢،١). (ستارخانی)ش لەگەڵ شەڕواڵدا بۆ پیاو وێنەکراوە. سەیری ئەو سوارە کڵاوقووچە بکە کەوا لە بەری خوارووی لای ڕاستی تابلۆی ژمارە (١)ەوەیە. ستارخانی هەر لە مرادخانی دەچێ، ئەوە نەبێ کە وەك بەرۆك یەخەی هەیە و وەك (مرادخانی)ش پشتێنی لەسەر دەبەسترێ. خەڵکی سلێمانی دەڵێن: مرادخانی و ستارخانی هەردوو جلوبەرگی کوردی ئێرانن و دەوروبەری ساڵی ١٩٢٨ لە سەقز و بانەوە هێنراونەتە کوردستانی عیراق. جاران مرادخانی دوگمەدار و دوو ڕیز دوگمەش بەسەر سنگیەوە بووە[١٢]. هەروەها دەڵێن: (دیموکرات) کە یەخەکەی وەك هی کراسە، سەردەمی کۆماری مەهاباد و دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەودیوەوە هاتووەتە نێو ناوچەی سۆران.

[١٢] بۆ زانیاری لەسەر جلوبەرگی کوردی سوودم لەم بەڕێزانەی سلێمانی وەرگرتووە: شێخ محەمەدی شێخ کەریمی بەرزنجەیی بەرگدروو، وەستا محەمەد عەلی دەوڵەتی بەرگدروو، وەستا عەبدووڵڵا محەمەدی بانەیی و خوالێخۆش بوو حامی بەگی جاف، مەلا عەبدولکەریمی شێخ حسێنی قەرەداغی، مامۆستا ئەحمەد خواجە، محەمەد سەعید محەمەد جوامێر، خوالێخۆش بوو عەلی دەدە، مەلا عەزیزی مەلا عەلیی سەحاف، عەلیی دەروێش محەمەد، محەمەدی حاجی مارف، شوکری خانی کچی لالە کەریم و ژنی مەلا مووسا حامیدی مکسی. لە خەڵکی (کۆیە)یش ئەم بەڕێزانە: ناجیە محەمەد مستەفا حاجی عەلی و کاك تۆفیقی مەلا سدیقی حاجی عەلی کە خەسوو و خەزوورمن.

هونەرمەند یا بابڵێین شەرەفخان کەوای بێقۆڵ و کراسی (دشداشة)ی درێژیشی بۆ پیاوان کردووە. ئەویش وێڕای کراس، واتە کراسی فرە دوگمە کە لەگەڵ شەڕواڵدا لەبەر دەکرێن. ئەمەی دوایی‌یان لە کراسی میللیی لوبنانیەکان دەچێ کە لە هەندێك گۆرانی و ئاهەنگی تەلەفزیۆندا دەبینرێ.

جلوبەرگی زۆربەی پیاوان لە ڕەشەخەڵکەکە (شەعبی) کراسی کورت (گوملەك) یا ستارخانی و شەڕواڵی دەڵب بووە و هەندێك جاریش ئێلەکی درێژ تا کەماخ هەمووی بەپێی تابلۆکان کە ئەمە بە جلوبەرگی ڕاستەقینەی میلليی کوردی حساب دەکرێ. بۆ نموونە تەماشای تابلۆی (١و٥) بکە. بەپێی ئەوکاتە جلی شۆڕ بە بایەختر و بەقیمەتتر بووە، لەبەرئەمە بووەتە جلوبەرگی میرانی کورد و زۆربەی پیاوانی تایبەت بە دیوانخانەکانیان، وەك لە تابلۆی (٦)ی جڤاتا میر شەرەفی میری (بۆتان)دا دیارە و هەروەها تابلۆی (١٥)ی جڤاتا شەرەفخانی میری بدلیس تەنانەت لەم زوانەشدا پیاوماقووڵانی سلێمانی جلی شۆڕیان لەبەردەکرد. ڕانك و چۆغە و کورتەکیش زۆر بە کەمی بۆ پیاوان وێنەکێشراون.

لە نێو ئەو ئاسووریانەدا کە وێنەیان لە تابلۆی ژمارە (٢)دا دیارە، یەکیان لەبەردەم قەلای (دزێ)ی ناوچەی (هەکاری)دا سەری کەرەکەی ڕاکێشاوە و شەڕواڵ و جلێکی درێژی لەبەردایە و پشتێنی لەسەر بەستووە، کە بەشێوەی دروونەکەیدا (کورتەك)ە. کراسێکی درێژی سپیی لەژێرەوە لەبەرکردووە یا ئەوە نێوپۆشە سپیەکەیەتی و سەری داوێنەکەیی بۆ سەرەوە هەڵکردووە و ژێر پشتێنەکەیی ناوە.

جاران کورتەکی درێژ لە قوماش دروست دەکرا و بەریشی هەبوو، بەوەدا کە لۆکەی تێدەخرا و ئەستوور دەبوو و دروومانەکەی لێك دوور و تەقەڵەکانی درشت بوون. کورتەك بەرگێکی زستانە بوو تا کەمێك خوار ئەژنۆ دەهات و پێشەکەی کراوە و بێ دوگمە بوو، لەباتی قاپووت

بەکاردەهێنراو، کەپەنەك (فەرەنجی) نەبێ لەسەر هەموو جلێکی دیکە لەبەردەکرا. کورتەك بەرگێکی کۆنی کوردەواری‌یەو، نەك لە نێو ئاسووریاندا بەڵکو لە هەموو کوردستاندا هەبوە شەرەفخان کورتەکی بۆ ئاسووریان کردووە. ئەمە مانای وایە کە ئەوان بەزۆری بەکاریان هێناوە و ئەوەش ناگەیەنێ کە بەرگی تایبەتی ئاسووری بووبێ و کوردانی موسڵمان نەیانپۆشیبێ. ئێستاکە کورتەکی درێژ تەرك کراوە و ڕوو لە نەمانە، گەرچی تاکە تاکە لای هەندێك پیرەمێردی زۆر بەساڵدا چوو دیومە. کورتەکی کاك ئەحمەدی شێخی باپیرە گەورەی شێخ مەحموودی نەمر نموونەیەکی نایابی ناسینی کورتەکی کوردی‌یە بۆ جۆری بڕین و دروومانی، چونکە ئەم کورتەکە لانی کەم تەمەنی (١٠٢)ساڵێك دەبێ بەوەدا کە کاك ئەحمەدی شێخ لە ١٣٠٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم کورتەکە ئێستا ماوە و لە پەراوێزدا باسی ئەندازە و بڕین و درووونەکەی دەکەین[١٣] .

---

[١٣] ئەم کورتەکە کە لەبەر پیرۆزیی وەك موفەڕك ماوەتەوە لە قوماشێکی بەنرخی (شاڵی تورمە) ناو کراوە و ڕەنگەکەی (شیرداخی)یە، واتە نیلی یا لە نێوان شین و نیلیدا. هەروا خەتدارە و خەتەکانی لە دەزووی سوور و زەرد و کەمێك شین پێکهاتوون. درێژیی لە پشتەوە (١٢٠سم) و ناوشانی (٣٦سم) پان و قۆڵەکەی (١٩سم) بەرینە و ئەستووریی بەوەدا کە لۆکەی تێ خراوە (٨ملم)ە. بەشی خوارەوەی تەنکتر دیارە، چونکە کاك ئەحمەدی شێخ بەکاریهێناوە و بە دانیشتن پەستراوەتەوە. پانیی ملیوانی –واتە یەخەی دەوری ملی– (٢سم)ەو، درێژیی شاقەل (چاقڵ) –یانی قلیشی ئەملا و ئەولای داوێن–ی (٣٩سم)ە. کورتەك وەك کەوا (لاقوقم)ی هەیە، واتە لای دواوەی سەرقۆڵی کراوەیە و هەردوو تەنیشتی داوێنیشی کراوەن. بەڵام لە جبەدا کراوە نین. ئەم کورتەکە پشتەوەی (٩سم)ی لەپێشەوەی درێژترە. گیرفان (گیرفانی بەرباخەڵ) لە قەراغی کورتەکەکە و لای چەپی دەمەکەیەتی و دەکەوێتە سەر سنگ و (٢٥سم) قووڵە. قەیتانێکی زەردی باریك وا بە دەوری گیرفانەکەوە. سەرەتای لاقوقم تا کۆتایی سەرقۆڵەکەی قەیتانیان پێوەیە و بەلاری بەرەو پێشەوە هاتووە. کورتەکەکە وەستادروو بە دەزووی سپی کراوە و خەتەکانی درووونەکەیش ڕاستەوڕاست لە سەرەوە تا خوارەوە هاتوون و نزیکەی (٢سم)ێك لێك دوورن و تەقەڵەکانیش بە گشتی (٢سم) درشتن. درووومانی لای سەردەستەکەی وردترە و هی یەخەکەی لەوەیش وردترە، چونکە پێنج ڕیز درووومانی پێوەیە کە –وەك گوتمان– پانیی یەخەکەی (٢سم)ە.

ئەوەی وا لەم کورتەکەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە بستێك لە سنگی کورتەك بەولاوە ڕووی پێشەوەی لای چەپی دەوری (٣سم)ێك یا پانتر دەبێ، بۆ ئەوەی لای چەپی بەسەر لای ڕاستدا بدرێتەوە. لە کورتەکی

**سەروکڵاو:**

**سەبارەت بە سەروکڵاو، واتە (کڵاو دەسرۆك)ی پیاوانی کورد، چەند سەروکڵاوێك لە وێنەکانی شەرەفنامەدا دەبینرێن. دیارە سەروکڵاوی پیاو چەندین جۆری هەن. مێژوونووسان گوتوویانە: سەروکڵاو باشترین نیشانەیە بۆ جوێکردنەوەی نەتەوە و بنچینە کۆمەڵایەتیەکان و ناسینەوەیان، جا چ لە شێوەی بەستن و چ چەشن و ڕەنگی قوماش یا کلاوەکەدا، وەك سەروکڵاوی گەورە پیاوی وەك میر و هی هەژار و ڕەنجبەران و زانایانی ئاینی. هونەرمەندان لە تابلۆ کۆنەکاندا تێبینیی ئەم جیاوازیانەیان کردووە کە ئەمڕۆ بەوە کاری مێژوونووسانی هونەر یا ئەوانەی وا لە تابلۆکانیان دەکۆڵنەوە ئاسانتر بووەو، هەم وێنەکان دەناسرێنەوە هەم کەسانی وێنە بۆ کێشراویش سەروکڵاوی میران (گەرچی: هەموو یەك شێوە نین) و زانایان و ڕەنجبەران لەیەکدی ناچن و جیاوازن. بەڵام هی گشت تاقم و دەستەکانی دیکە لێك جویێ نەکراونەتەوە. بۆ**

---

دیکەدا ئەوە نابینرێت. دەتوانین بڵێین: ئەم کورتەکەی کاك ئەحمەدی شێخ نموونەیەکی بەرزی کورتەکە. دیارە لە ڕووی دروونەوە لەویش بەرزتر هەن. بۆ وێنە، کورتەکی حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ مەحموود واتە نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ کە لە شەڕی دەربەندی بازیاندا ساڵی ١٩١٩ بە تۆپی ئینگلیز شەهید بوو، نەك لە دروونددا بەڵکە لە بڕین و پێکەوەنانیشدا هەم بەرزتر و هەم گرنگترە و دروونە وردەکانی چەندین نەخشیان دروست کردووە. ئەم کورتەکەی (کاك ئەحمەدی شێخ)م کردە نموونە، چونکە سادەترە و لە کورتەکی چینی نێوەندی و دەستکورتی خەڵکی کوردستانەوە نزیکترە.

دەتوانین کەڵەگەتیی کاك ئەحمەد لەسەر ئەم کورتەکە دیاری بکەین کە خۆ لە دەوری (١٦٠سم)ێك دەدات. واتە کورتەباڵا بووە. ئەم کورتەکە ئێستا لە ماڵی کاك بابە ڕەسووڵی شێخ نووریی بابە ڕەسووڵە لە شێخانی بەرزنجە لە سلێمانی و قۆڵێکی نەماوە، چونکە کاتی خۆی ژنەکەی (خەلیل کەننە)ی وەزیرێکی عیراق کە لە بنەماڵەیەکی عەرەبی پایەبەرزی بەغدا بووە ئەم کورتەکەی بۆ مووفەڕك و پیرۆزی بۆ ماوەیەك لە (حەپسەخانی نەقیب) وەرگرتووە و نیوەی قۆڵی چەپیی بڕیوە و لای خۆی لە بەغدا بۆ مووفەڕك گلی داوەتەوە. هەر لەم ساڵانەی دواییشدا یەکێك لە سلێمانی بۆ نەخۆشێکی بردووە تا چاك ببێتەوە و دەردەکەیی لە کۆڵ ببێتەوە کەچی ئەویش نیوەکەی دیی ئەو قۆڵەی بڕیوە و لای خۆی هەڵیگرتووە. کورتەکی حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ مەحموودیش کە ئاماژەم بۆ کرد، لە قوماشێکی زەردی گرانبەهایە و ئێستا لە ماڵی کاك فارووقی سەید محەمەدی نەوەیەتی و وێنەیم گرتووە.

نموونه سەروکڵاوی مۆسیقاژەنان بە شێوەیەکی تایبەت نەکراون، جار هەیە لە هی میرێك و جارێکی دیکەش لە هی کەسێکی دیکە دەچێ. دیارە جلوبەرگی تایبەتیان نەبوە. سەرباری ئەوە جلیان جوان بووە و ئەوەش بەڵگەی ڕێزلێگیرانیان و بەرزیی پلەی گوزەرانیانە.

جۆرە سەروکڵاوێك لە تابلۆکاندا هەیە گەورەیە و لایەکی لەوەکەی دیکەی گەورەترەو ڕیشوو یا گوڵنکە بە هەر دوولایدا شۆڕبووەتەوە یا هەر دوو سەری مێزەرەکە بەرزبوونەتەوە واتە هەڵگەڕاونەتەوە و هەر یەکەی بە لایەکدا وەکو مێزەری میری بۆتان هاتوونە خوار (بڕوانە: تابلۆی ژمارە ٦). ئەم مێزەرەیان بۆ مۆسیقاژەنێك بەکارهێنراوە کە بووەتە هاوبەشی میر لەم جۆرە مێزەرەدا. شێوە مێزەرێکی دیکەش بەدی دەکرێت کە زۆرتریانە و بگرە جۆری گشتیی مێزەری کوردیی ئەوسایە، هەردوو سەری بە پارچەیەکی جیاواز یەك یا دووجار بۆ جوانی قایم بوون لە تەنیشتەوە توند کراون بۆ ئەوەی نەکرێتەوە. هەردوولای پارچەکەیش لە نێوقەدی مێزەرەکە گرێدراون و لە گوڵنکە دەچن (بڕوانە: تابلۆی ژمارە ١و ٣و ٦). زۆرم لەبارەی ئەم پارچەیەوە پرسیوە، هیچی وام دەستگیر نەبوە. دوورنییە لەمێژبێ کورد وازی لێ هێنابێ. ئەولیا چەلەبی ناوی ڕیشووی مێزەر – واتە سەروکڵاو—ی هێناوە کە هەندێکی لە نێو تالانیی عەبدال خانی بدلیسیدا بووە[١٤] . تۆ بڵێی هەر ئەم ڕیشوانە بووبن ؟ هونەرمەند بەم شێوەیە مێزەری کوردیی لە هی فارسەکان جوێ کردووەتەوە، چونکە هی فارس بەم شێوەیە نییە وەك لە تابلۆی ژمارە (١٦)دا دیارە کە وێنەی شا تەهماسب و دەست و پێوەندەکانیی تێدایە. هەروەها لە هی تورکە عوسمانیەکانیشی جوێ کردووەتەوە کە جۆری بەستنەکەی جیایە و سەروکڵاوێکی لە لباد یا قوماش کراو کەمێك قیت بووەتەوە و قوماشی مێزەرەکەی لەدەور پێچراوە، وەك لە

[١٤] ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامە، بەرگی چوارەم، ل٢٥١ی دەقی تورکی و، ل٢٩ی دەقی کوردی.

تابلۆی ژماره (١٧)ی سوڵتانی عوسمانیدا دیاره. واته هونەرمەند مێزەری کورد و تورك و فارسی لێك جویَ کردووەتەوه. تورکمان و بێزەنتیەکانیش شەپقەیان بە سەرەوەیه و هەرچوار جۆری غەیره کوردیی مێزەر لە تابلۆی ژماره (١٧)دا باش دیارن. ئەگەرچی لە وێنەی سوڵتان عوسمان و تورکێکی دیکه و فارسێکدا پەڕۆی توندکردن شێوەی بەستنی لە هی کورد جیاوازە. لە وێنەکانی (ابن الرزان)ی جزیریدا مێزەر لە ڕاستی نێوچاواندا توندکراوه، بەڵام پێدەچێ هەر قوماشی مێزەرەکه بۆ نەك قوماشێکی جیاواز.

گوڵنکەی گەوره لە مێزەردا نیشانەی گەورەیی خاوەنی بووه وەك پاشا و میر و فەرماندەران. شەرەفخان ئەم گوڵنکەیەی بۆ زەکەریا بەگی میری هەکاری و شەرەفخانی باپیری خۆی و میری هیزان هێناوەتەوه، بەڵام ئەمەی بۆ میرانی دیکه نەکردووه. ئەگەرچی گوڵنکەیەکی بچووکی بۆ زۆربەیان و بۆ هەندێك کەسی غەیره میریش داناوه. لە تابلۆی ژماره (١٣)دا پیاوێك لە پشت شێخ حەسەنی زەرقی(زروکی)یەوه ڕاوەستاوه، کڵاوی لبادی لەسەردایه و قوماشی لە دەور پێچراوه. ئەمه و شێوەی بەستنی جۆره کوردییەکی ڕەسەنه تا کەمێك پاش یەکەم جەنگی جیهانی کوردەکانی کوردستانی باکوور پێڕەویان دەکرد. ئەوه بوو مستەفا کەمال قەدەغەی کرد و هەر کەسێك بەو سەروکڵاوەوه ببینرابایه جەندرمەی تورك یا زیندانیی یان دەکرد یان دەبوو سوپاسی خوا بکات دارکارییەکی باشی بکەن و (کوم کولاڤ)ەکەی بە قەمه لەتوپەت بکەن.

### کڵاوقووچ:

لە داوێنی لای ڕاستی تابلۆی ژماره (١)دا وێنەی سوارێك کراوه شەڕواڵ و مرادخانیی پۆشیون و کڵاوێکی درێژ و قووچی بەسەرەوەیه و مێزەرێکی لەدەور پێچاوه. ئەم دیمەنه لە تابلۆی ژماره (٩)یشدا هەیه. لە ناوچەی

(سۆران)دا بەم جۆرە کڵاوە دەگوترا (کڵاوقووچ)، لە قوماش دروست دەکرا و تا ئەم ساڵانەی پێشوویش لە ناوچەی پشدەر و مەنگوڕایەتی باو بوو و مشکیی لەسەر دەبەسترا[١٥]، ئەم چەشنە کڵاوە لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا لە عیراق بڵاوبووەو، جاروباریش هەندێك لە خەلیفەکانی ئەم دەوڵەتە-وەك (المتوکل)ی کوڕی (هارون الرشید) (٨٤٧-٨٦١ز) و (ابو القاسم عبدالله المستکفي) (٩٤٤-٩٤٦ز) بەکاریان هێناوە و پێیانگوتووە (طویلة)[١٦] کە نزیکەی دوو بستێك درێژ بووە. ئێستاش کوردانی ئێزیدیی شنگار (سنجار) لەم کڵاوە درێژانە لەسەر دەکەن و لەبری قوماش لە لباد دروستی دەکەن و کەمێك شیشی تەلیشی تێدەکەن تا توند و قیت بوەستێ و گوللەی تفەنگیش حوکمی لە هەندێکیان نەکردووە. جاران لە (بۆتان)یش کڵاوی وەك هی ئێزیدیان هەبوە. بەڵام وەك ئەو گەورە و قایم نەبوە. دوورنییە سەروکڵاوی میری بۆتان لە تابلۆی ژمارە (٦)دا و هی مۆسیقاژەنێکیش لە هەمان تابلۆدا هەر کڵاوقووچ بووبن. زۆرجار پشتێنی پیاوانیش لە ئاوریشمە وەك لە وێنەکان دیارە و ئاوریشمێکی خەتدارە.

[١٥] خوالێخۆشبوو خەلیفە عیسای بەرزنجی کە پێشمەرگەیەکی ئازای شێخ مەحموودی نەمر بوو، مرۆڤێکی بیرتیژ و پڕ زانیاری و گاڵتەچی بوو. ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٢٦ کۆچی دوایی کرد. بیرەوەریەکانیم بە دەنگی خۆی تۆمار کردووە. لەبارەی (کڵاو قووچ)ەوە لێم پرسی، گوتی: ئەمە زیاتر لە کوردستانی خۆرەڵات (ئێران) هەبوە. جارێکیان یەکێکم بە دیاری بۆ هات. ئەوەبوو کەرەتێك لە تەکیەی شێخ عەبدولکەریمی کربچنە بە جەماعەت نوێژمان دەکرد. لە کاتی چوونە سوجدەدا، کڵاوە درێژەکەم چوو بە نێو گەڵ و گونی زەلامەکەی پێش مندا. کە نوێژ تەواو بوو، کابرا لای شێخ عەبدولکەریم شکاتی لێ کردم و شێخ بانگی کردم و گوتی ئەم کڵاوە درێژەت لەکوێ هێناوە؟ گوتم: قوربان لە کوردستانی ئەودیو بۆم هاتووە و بە ئەنقەست ئەوەم نەکردووە، کڵاوەکەم خۆی درێژە و چووە بە نێو گەڵ و گونی پیاوەکەدا و داوای لێبوردنی لێ دەکەم. بەڵام شێخ لێم نەبوورا و لەسەرمی داگرت و دایە دەست دەروێشێك و گوتی بەشێکی کڵاوەکەی ببڕە تا وەك کڵاوی ئاسایی لێ بێ. ئەویش بڕیی و دایمەوە و گوتی ئێستا تەواوە. حاڵی حازر کڵاوێکی خەلیفە عیسام بۆ یادگار لەلایە، بەڵام کڵاو قووچ نیيە. لەبارەی کڵاوی کوردیی کاتی (صلاح الدین)ەوە تەماشای وتارێکی بەڕێز ئیبراهیم باجلان بکە لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) ١٩٩٧/٥/٣١دا.

[١٦] صلاح حسن العبیدي، الملابس العربیة الاسلامیة في العصر العباسي من المصادر التاریخیة و الاثریة، ل١٠٨.

کڵاوی درێژ کە درێژەکەیان (کڵاوقووچە) لە لای لۆلۆ و گۆتی و کاشی و میدیەکان نەمدیوە و کڵاویان درێژ نەبوە. کڵاوی کاسیەکان وەك سدارە (فێس) بووە کە ئەسڵی فێسە. تەنیا سکاییەکان (ماسگت) کڵاویان درێژ و قووچ بووە وەك لە وێنەی (سکونخا)ی گەورەی سکاییەکاندا دەبیندرێت کە لە شاخی بێستوون هەڵکەنراوە و دژی داریوشی یەکەمی ئەخمینی شۆڕشی بەرپاکردووە لە نێوان سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایندا سکاییەکانیش لە تیرەکانی ئارین و لە ئازەربایجانی سەروو و ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونەتە ناوچەی موکریان و کوردستانی باشووریش. جا ڕەنگە کڵاوی لبادی درێژ لەوانەوە بڵاوبووبێتەوە، بە تایبەتی کە کڵاوقووچ لەو بەشەی کوردستانی ڕۆژهەڵات زۆرتر بووە.

سەدەی دوازدەهەم لەکاتی صلاح الدینی ئەیووبیدا کڵاوی ئەیووبیەکان و سەربازە کوردەکانیان (بەرپڤاندك)ی هەبوە، یانی لە هەردوو تەنیشتەکەیدا قەیتانێك هەبوە و هەر دوو سەرەکەی لە ژێر چەنەگەیدا پێ گرێدەدرا تا لەسەر سەریان نەکەوێ بەتایبەتی لەکاتی شەڕدا. (بەرپڤاندك) لە کڵاوی ژندا نەك هی پیاو تا ئەم دواییە لە کوردستانی باکوور هەبوە.

سەبارەت بە سەرپێچی ژنانیش کە لە تابلۆی ژمارەی (١٢)و (١٣)دا هەن، سەرپۆشێکی سپییە لەگەڵ دەستەسرێکدا کە لەسەر سەرپۆشەکەی گرێداوە. ئەمە هی ئافرەتی ڕەشۆکی و سادە بوو. ئێستا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باکووردا ئەو جۆرە سەرپێچە بەکاردەهێنرێت. ڕەنگە ئەوسا ئەمە هی ئافرەتی کارەکەر و هەژار بووبێ، چونکە لە تابلۆی ژمارە (٩)دا ژنی میری (ئاگیل)و دوو ژنی دیکەش سەرکڵاوی گەورەیان لەسەرناوە. بەشێك لەسەرو سەکوتی ژنێك لەلای دەستەڕاستی داوێتی تابلۆی ژمارە (١٢)دا -کە لەبارەی (هیزان)ە- دیارەو سەروکڵاوی گەورەی ژنانی بەسەرەوەیە. لە تابلۆی ژمارە (١٥)یشدا (شاه بەگی خاتوون)ی

نەنكی شەرەفخان سەروكلاوێكی گەورەی لەسەر ناوە و كەوای بێ قۆڵو كراسی دێژیشی لەبەردان. جاران لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستاندا تا ناوچە پێدەشتە گەرمەسێرەكانی پێش چیاكانی زاگرۆس و تۆرۆس لە دەشتەكانی عەینتاب و كلیس و (سروج)ەوە بگرە تا شنگار و كەركووك و كفری و خانەقین و ناوچەی لوڕستانیش ژنانی شووكردووی كورد ئەم سەروكلاوەیان دەبەست. هەتا بۆشم دەركەوتووە ژنانی خێڵی گەورەی (بەرازی) كە بەشێكی زۆریان لە كرودستانی سووریادان تا ماوەیەك لەمەوبەریش لەم جۆرە سەروكلاوەیان هەبوە، گەرچی ناوچەكەیان گەرمە و لەنزیك ڕووباری فوراتەوەیە.

سەروكلاوی ژن (ژنی بەمێرد چونكە كچ سەروكلاوی نییە) بریتیـیە لە تاسە (تاسەی كلاو–تاسكلاو) كە لە زێڕ یا زیو یا كانزایەكی دیكە دروست دەكران. كلاوەكە یا لە چۆغە (فێس)ی ڕەش یا قوماشێكی دیكەیە. جا دەسرۆك (مشكی)ی بە گوڵنكە یا چەفتە یا (پۆشین) یا قوماشێكی دیی وەك خامەكی مۆریان لە كلاوەكەیان دەبەست. پاشان هەنیەپێیان لەسەر دەبەست كە لە گەرمیان (هەوری)ی پێ دەڵێن و خۆی لە ڕاستیدا دەسرۆكێكە و لە سلێمانیش (سركەیی)ی پێ دەڵێن یا (قەنەوز) كە لە چوار قوماشی سەوز و شین و زەرد و پەمەیی پێكهاتووە و پێكەوە دادووراوە و لە هەنیە بەستراوە و لەدواوە وەك هەوری گرێدراوە. ئەمە لە ناوچەكانی باكووری زێی بچووكدا –وەك خۆشناوەتی– هەیە. ژنانی ناوچەی خۆشناوەتی كەفی (سركەیی)شی لەسەر زیاد دەكەن و یەكسەر لەسەر كلاو دەیبەستن، واتە لەژێر مشكییەوە. هەروەها قەنەوزیش دەبەستن. ژن چارۆكەیش دەخەنە سەر سەروكلاویان و بە قولاپ یا سنجەق لێ قایم دەكەن، وەك (چارۆكەی نەخشە) لە قەمەندووری ڕەش بۆ ژنان كە بە ئاوریشمی شین و بە وێنەی مانگ و گوڵ دەیاننەخشاند. چارۆكەی نەخشە

له چەند شارێکی وەك کۆیە (کوێسنجەق)دا زۆر برەوی هەبوو و سێ مەتر دەبوو، بەڵام لە لادێ گەورەتر بوو. هەیشبوو خشڵی زێڕ یا زیو یا کانزای دیکەیان لە سەروکلاو دەبەست کە لە زنجیرێك یا دوو سێ زنجیری پێکەوە دروست دەکرا و چەند گوڵێکی کانزاییش بە زنجیرەکەوە دەکرا. ئەوجا لیرەی زێڕ یا پارەی دیکەی زیو یا کانزای دیکە یان پوولەکە بەو زنجیرەوە شۆڕدەکرانەوەو لە سەروکلاو قایم دەکران. لە ناوچەی سلێمانی بە زنجیری ڕوو لەپاشەوە دەڵێن: "پشتەسەر" و بە هی تەنیشتی سەریش دەڵێن "لاگیرە" و بە هی ناوچاوان –واتە پێشەسەر–یش دەڵێن "بەرچاوگە". کرمۆکە (کرمەك)یش زێڕ یان زیو یان مووروو پێوەیە و لەسەروکلاو توند دەکرێ و دەکەوێتە ژێر چەناگە. (پەروانە) وەك کرمۆکە وایە، بەڵام لە زێڕ دروست دەکرێ. (سەرپەرچەم) لە هەموویان جوانترە لە زێڕدەکرێت و دوو ڕیزیان دەکەوێتە سەر سەروکلاوەکە و ڕیزی سێیەمیان بۆ ژێر چەناگە شۆڕ دەبێتەوە. (کۆچك) کلاوێکە وەك کیسە لە خامە و ژنان دەینەخشێنن و (سرکەیی)ی لەسەر دەبەستن کە جۆرە دەسرە (کەفی)یەکی ئێرانییە. (عەڵقە)یش لە زێڕ یان زیوە و لە لاجانگی توند دەکەن.

وەك دیومە ژنانی بڕووکیی (خێڵی گەورەی بڕووکی) لە ناوچەی وان کە پێش یەکەم شەڕی جیهانی لە قەفقاسیا بوو –وابزانم کلاویان لە چۆغەیە– و چەند دەسرە (کەفی)یەکی ڕەنگا و ڕەنگی پڕشنگداری لە دەور دەبەستن و دووسێ تەختە دەخەنە بەرکلاویان و دەسرەکان لەویش دەبەستن بۆ ئەوەی سەروکلاویان قیت و قنج بوەستێ. پەڕی کورتی باڵندەیش دەڕەنگێنن و دەینێنە بەر سەروکلاویان و سێ چوار تەختەداری تەنکیش دەخەنە بەرکلاویان بۆ قایمکردنی و شەش‌حەوت کراسی ڕەنگاو ڕەنگیش بەسەر یەکەوە لەبەردەکەن. ئەوی ڕاستی بێ تا ئێستا لە هیچ ناوچەیەکی کوردستاندا لەم جۆرە سەروکلاو و جلوبەرگەی ژنە بڕووکیانم نەدیون.

ئەولیا چەلەبیی گەڕۆك كە شەست ساڵ پاش نووسران و تەواو بوونی شەرەفنامە هاتووەتە ناوچەی دیاربەكر و بدلیس و وان و هی دیكە دەڵێت: ((تاسكڵاوی ژنانی دیاربەكر زنجیریان زێڕ و زیوە و جزمە لەپێ دەكەن و خشڵیان هەر زێڕ و زیوە))[17] .

له تابلۆی ژمارە (٤)دا ژنێك كڵاوێكی ڕووتی لەسەرناوە وەك ئەو كڵاوەی كە ئێستاش لە كوردستانی ئێراندا باوە. ناوەكەی مقەبایە و بە قوماشێكی جوان پێچراوە و بە قەیتان و پوولەكە ڕازێنراوەتەوە و كڵاوێكی زۆر جوانە و ژن بەبێ دەسرۆك لەسەری دەنێن و دەورەكەی (١٠سم) بەرزە و سەرەكەی تەختە. ئەمە كڵاوێكی كۆنی كوردییە، سێ هەزار و پێنجسەد ساڵێك لەمەوبەر لەلای (كاشی)یەكان هەبوە كە لە كوردستانی خۆرەڵاتەوە بۆ عیراقی ئێستا چوون و دەوڵەتی خۆیانیان تێدا دامەزراند. پیاوی كاشی كڵاوێكی هەبوە كە ئەسڵی (فێس)ە و فێس لەوەوە هاتووە[18] . ئەم كڵاوە ئێستایش لە بەهدینان و كوردستان هەیە و لە پەڕۆ دروست دەكرێت. بەڵام مقەبای تێدا نییە و ڕەق نییە و بە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ گوڵ و نەخشی لەسەر دروست دەكرێت. كڵاوێكی دەستكردی دایكم –خوا لێی خۆش بێ– لەلامە. من لەبەرئەوە بە دوور و درێژی لەسەر ئەم جلوبەرگانە دەنووسم و لە بنچینەی مێژوویییان دەكۆڵمەوە چونكە دەزانم لە داهاتوودا نامێنن و ناویان كوێر دەبێتەوە.

دەبێ ئەوە بڵێین سەروكڵاوی ژن لە وێنەكانی شەرەفنامەدا سادەن، یانی خشڵیان پێوەنییە. هەروەها خشڵ بۆ ملی ژنانیش نەكراوە. وێنەكێشانی ژن بەبێ خشڵ ڕێبازی بەشی هەرەزۆری هونەرمەندان و قوتابخانە هونەرییەكانی پێش شەرەفخان بووە. وێنەكێش سەروكڵاوی ژنی وەك هی

---

[17] سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ل٥٠ی وەرگێڕی كوردی.

[18] لەبارەی ئەم شێوە كڵاوەی ژن و كڵاوی پیاوی (كاشی)یەوە بڕوانە: وێنەی (ل٢٩و ٣١)ی كتێبی (الازياء البابلية)ی بڵاوكراوەی (مديرية الاثار العامة، بغداد، ١٩٦٨).

پیاو دروست کردووە. بەڵام لە هەندێك وێنەدا سەروکڵاوی ژنی لە هنداوی نێوچاوان ڕاست و بەرزتر کێشاوە تا نێوچاوانیش جوانتر دەربکەوێ، وەك لە تابلۆی ژمارە (٨)دا یان وێنەی ئەو سەروکڵاوەی ژن کە هی سێ هەزار و پێنجسەد ساڵێك لەمەوبەرەو لە گرد (باسمۆسیان)ی دەشتی ڕانیە دۆزراوەتەوەو. زۆر لە وێنەی ئەم سەروکڵاوی ژنانەوە نزیکەو بە تەواوی وەك هی ژنانی خۆشناوەتیی خۆراوای ئەم دەشتە وایە. سەرەڕای ئەوە، ئەم وێنانە سامانێکی گرنگی کەلەپووری شارستانیەتیی کوردن و شێوەی پێش چوارسەد ساڵی سەروکڵاویی ژنی کورد پێشان دەدەن و بەڵگەنامەن بۆ هەندێك نەریت و دابی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان. جگە لەوە وێنەی جۆرەها خشڵی ژن لەسەر کێلەکانی نێو گۆڕستانی وەك گۆڕستانی جزیرا بۆتان و گۆڕستانی شێخەڵلا لە هەولێر هەن و ئەم کێلانە کەلەپوورێکی پڕ بایەخی کوردن.

لە وێنەکانی نێو شەرەفنامەدا پەڕی باڵندە دەبینرێ کە نراوەتە بەر مێزەری گەورەپیاوان وەك تابلۆی ژمارە (١١و١٢)و وێنەی مۆسیقاژەنەکانی تابلۆی ژمارە (٢و ٣و ٦و ٩) و نێچیرڤانانی تابلۆی ژمارە (٥)و کەنیزەك یا خولامانی دەربارەی پاشا لە تابلۆی ژمارە (١٧)دا و هەتا بەر شەپقەی بێزەنتینەکانیش لە تابلۆی ژمارە (١٨)دا. ئەم وێنانە ئەوە دەردەخەن کە پەڕی باڵندە خستنە بەر سەروکڵاو لەنێو کورددا —جا ئیدی کەم بووبێ یا زۆر—ڕێ و ڕەسم بووە. ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕە (٢٠٨)ی کتێبی (سیاحەتنامە، ب٤)دا دەڵێت: کوردی هەکاری دوو پەڕی باڵندە لە سەروکڵاوی ڕەنگاوڕەنگ دەچەقێنێ و پەڕی باڵندەی شەهێن یا کەڵەشێری تێدەکەن. ئەم نەریتە هێشتا لە نێو ئاسووریاندا ماوە، بەتایبەتی لە ئاهەنگاکانیاندا پەڕی باڵندە دەخەنە بەر کڵاویان. ڕیچ لە گەشتنامەکەیدا (ل١٣٢) نووسیویە: جاف پەڕی باڵندە دەخاتە بەر کڵاوەکانیان. هەروەها

ژنانی خێڵی (بڕووکی) له ناوچەی (وان) پەڕی کورتی مریشك ڕەنگاوڕەنگ دەکەن و بەرکڵاویانی دەنێن. تەنانەت لە ناوچەی (سلێمانی)شدا ئەم پێڕەوە تاك و تەرا لە نێو ژناندا نەك پیاوان ماوەو ئێستاش پوورە (قومری عەزیز ژاژڵەیی) پەڕی کەڵەشێری هەن و دەڵێت: جاران لە زەمانی دایکمدا ئەم نەریتە بە تایبەت لەنێو ژنانی خانەدانی وەك عادیلەخانمی ژنی وەسمان پاشای جافدا باوبوو. ئەو ژنانە پەڕی مریشك یا باڵندەیان وەك گوڵنکە بە لاجانگی لای ڕاستیاندا بەردەدایەوە بۆ ئەوەی لەنێو کۆڕ و دانیشتنەکاندا بناسرێنەوە کە خانەدانن. شتی وا لەلای چەند میللەتێکی دیکەش هەبوە و سەرکردەکان نەریتی وایان پێڕەو کردووە. جاری وایش هەبوە کە پاشایەك خەڵاتی یەکێکی کردووە، پەڕی باڵندەی لە سەروکڵاوی چەقاندووە، وەك چۆن مەلیك ئەحمەد پاشا پەڕێکی کردووەتە بەر سەروکڵاوی ڕەمەزان ئاغای پیاوی مستەفا پاشای والیی دیاربەکر کە بۆ پیرۆزبایی لێکردنی نێردرابوو بەبۆنەی سەرکەوتنیەوە بەسەر (عەبدال خانی بدلیسی)دا، وەك ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕەی (٢٧٣)ی بەرگی چوارەمی سیاحەتنامەکەیدا باسی ئەوەی کردووە. لە نامەی بەڕێز کاك عەبدولڕەحمان مزووری ئەو کەسانەی کە پرسیاری لێ کردوون (ناویان لە باسی ئەڵقەی گوێچکەدا براوە) دەڵێن: نەمانبیستووە کوردەکانی بەهدینان یا ناوچەکانی کوردستانی باکوور پەڕی باڵندەیان خستبێتە بەر سەروکڵاوی خۆیان و ئەوە نەریت بووبێ لە لایان. بەڵام گوڵ و بەیبوون و تەڤری و نێرگز و گیای بۆنخۆش خستنە بەر سەروکڵاو یا پشتێن عادەت بووەو ئێستایش لە گوندی (بامەڕنێ) ئەوە باوە. بەڵام چەند برادەرێکیان گوتوویانە شوانەکانی ناوچەی هەکاری‌و نێچیرڤانانیش پەڕی باڵندەیان دەخستە بەر سەروکڵاویان بۆ بلوێر (شمشاڵ) پاکژکردنەوە. بەڵام کە دەگەڕانەوە، پەڕی باڵندەیان فڕێ دەدا. لە تابلۆی ژمارە (٥)دا پەڕێ باڵندە لەبەر سەروکڵاوی ڕاوچیی‌یاندا دەبینرێ.

وادیـاره ئەمـە پاشمـاوەی ئـەو نەریتـە بـووە کـە لـە کـاتی شـەرەفخاندا لـە کوردسـتان هـەبوە و ئـەم نەریتـەی بـەکارهێنانی پـەڕی باڵنـدەی لـە وێنـەکانی شەرەفنامەدا بۆ پاراستووین. بەڵام کەی ئەم نەریتە لە کوردستان پەیدا بووە و دەچێتە سەر چ دەورانێك؟ لە مێژووی کۆنی کوردستاندا ئاماژەیەکەم بۆ ئەوە نەدیوە کە ئەم نەریتە هەبووبێ، واتە کاتی گۆتیو لۆلۆ و حووری و ئاشووری و میدی و ئەخمینی و گریك (سلووقی) و ئەشکانی. ئەو ئاماژەیەم بۆ کوردستان و بۆ خۆرەڵاتی ناوەڕاستیش نەدیوە. خەڵکی زاوی چەمی چنگی باڵندەی باز و مریشکە کێویی گەورەیان بەکارهێناوە بۆ خۆجوانکردن یا ڕێوڕەسمێکی وەك ئاهەنگ، چونکە کۆمەڵە چنگێ لە ژێر ئەرزی خانووێکدا دۆزراوەتەوە کە هەڵگیراوە و بۆ خواردن نەبوە. دوای تەواو بوونی بۆنەکە هەڵگیراوەتەوە[١٩].

بەڵام تەنیا دووباڵی باڵندە بە تاجێکی ساسانییەوە هەبوە، وەك لە وێنە هەڵکۆڵدراوەکەی تاقستانی کرماشاندا دیارە. ئەوە لە وێنەکانی (ابن الرزان)ی جزیری و وێنەکانی (الواسطي)ی هونەرمەنددا لە سەدەی سیازدەهەمدا نین. بەڵام پەڕی درێژی باڵندە بە سەروکڵاوی دوو ژنەوە لە تابلۆی پێش دوا تابلۆی دەستنووسی (منافع الحیوان)ی (عبیدالله بن بختیشوع)دا، واتە دانەی نامەخانەی (مۆرگان) لە ئەمەریکا کە وێنەکانی بە فەرمانی سوڵتان (مەحموودی غازان)ی نەوەی هۆلاکۆ کراون، دەبینرێت. ئەمە بەڵگەیە کە ئەم نەریتە لەلای مەغۆلەکان –واتە لە کاتی مەغۆلەکانی ئێراندا– هەبوە. ئیدی ئەمە لە قوتابخانە هونەرییەکانی تەیمووری و سەفەوی و عوسمانیدا دووپات بووەتەوە.

بەڵام ئەم نەریتە بەزۆری لە وێنەکانی سەدەی شازدەهەمداو لە سەردەمی عوسمانی و سەفەویدا دەبینرێت. جگە لە شەرفنامە، سەرچاوەیەکی دیکەی

---

[١٩] د.ڕۆز. ل. سۆلیکی، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پاشماوەی باڵندە چنگدارەکان لە شوێنەواری زاوی چەمی شانەدەر، وەرگێڕانی زەردەشت، "هەزارمێرد" (گۆڤار)، سلێمانی، ژ٨، حوزەیرانی ١٩٩٩، ل١٠١–١١١.

کوردی هەیە ئاماژەیەکی بۆ ئەم نەریتە تێدایە، ئەویش دیوانی (مەلای جزیری)یە (نێوان سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم). جزیری لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

"هن زەرینە پوڕ سورن          سەر بپەڕن دێم دوڕن

من کو دچەرخێ وەدی          صەبر و قەرارم نەما"

سەرچاوەیەکی دیکە لە کوردستان هەیەو خۆم دۆزیومەتەوەو بۆ ئەم مەسەلەیە بەڵگەیە، ئەویش وێنەی زەلامێکی سەر بەردێکە لە گەلیی مێوکێ (گەلمێوکێ)ی زنجیرەی (چیایێ سپی)ی سنووری دێی (بێتاسێ)ی باشووری زاخۆ لە ژێر (کەلها حجیر) بەلای ڕۆژهەڵاتەوە. ئەو شوێنە ڕێگاوبانی لەسەر نییەو چۆڵ و هۆڵە. ڕۆژی ١٩٩٤/٩/٢٠ ئەم وێنەیەم دۆزییەوە، بەقسڵ کراوە و درێژیی (٥٧سم)ەو وێنەی پەڕی باڵندە بەسەریەوەیە کە (٩سم)درێژە. ئەمە وێنەی زەلامێکە. بنکەی گشتیی شوێنەوار نەیدۆزیوەتەوە. دوور نییە ئەم وێنەیە هی کاتی ساسانی بێ و ناوچەیی (محلی) بێ هەر ئەم نەریتە لەو کاتەدا هەبوە. لە تابلۆی ژمارە (١٢)یشدا باخەوانێکی خەڵکی هیزان خەریکی کێڵانی باخەو کڵاوێکی بچووکی لە قوماش دروستکراو یان مێزەرێکی زۆر بچووك و سووکی لەسەر ناوە. وا دیارە سەروکڵاوی ئیش کردن و هی ئەو پێڕە ڕەنجبەرانە بووبێ.

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە جلوبەرگ بە درێژایی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە جلوبەرگی ئاسووریان بەپێی قەڵەمکێشیی (ڕیچ) کە بەرامبەر بە لاپەڕەی (١٩٦)ی کتێبەکەی (رحلة ریچ) بڵاوبووەتەوە –ساڵی ١٨٢٠ز گەشتەکەی کردووە– لەو جلوبەرگانە جیاوازە کە لە تابلۆی ژمارە (٢)ی شەرەفنامەدا خراونەتە ڕوو. هەردوو شێوە جلەکە شۆڕن لەو جلوبەرگانە ناچن کە (ویگرام) لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا بە وێنەی فۆتۆگراف پێشانی داون و لە کتێبەکەیدا (مهد البشریة) چاپی کردوون، کە هەر شاڵ و شەپك (ڕانك و چۆغە)و کڵاوی لبادە و لە بەرگی

کوردانی بەهدینان دەچن. دوور نییە لە زەمانی (ڕیچ و ویگرام)دا هەردوو شێوە جل وەك جلوبەرگی دەوڵەمەند و ڕەنجبەر هەبووبن. جاران لە ناوچە و نێوشاری (سلێمانی)دا و بە تایبەتی نێو جافان جلوبەرگی شۆڕ زۆر باو بووە و، بگرە هی خەڵکی ناوچەی گەرمیان تا (مەندەلی)ش هەر شۆڕ بوون. کەچی لە ساڵی (١٩٦٠-١٩٦١) بەدواوە خەڵکی گەرمیان لەبەر پەرەسەندنی هەستی کوردایەتی ڕوویان لە پۆشینی شەڕواڵ و مرادخانی کردووە و، ئێستا پتر لە نیوەیان ئەم جلوبەرگە نوێیە لەبەر دەکەن، ئەگەرچی جلی شۆڕ هاوینان بۆ ناوچەی گەرمیان باشترە. لە ناوچەی جوانڕۆش بەگزادەکان جلی شۆڕیان دەپۆشی، چونکە بە هی پیاوی ماقووڵیان دادەنا. بێگومان وێنەکانی نێو شەرەفنامە جلوبەرگی ئەو سەروەختە پێشان دەدەن.

### ئەڵقەی گوێچکە و گوارە:

لە تابلۆکاندا هەندێك جار ئەڵقە و هەندێك جاریش گوارەیەکی پانی بچووك و زۆرتریش گوارە هەردوویش لە زێڕ لە گوێچکەی زۆربەی زۆری پیاوانی کورددایە و، تورك و فارس و ئەوروپاییەکان ذیانە. ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و گەلێك بیرم لێ کردەوەو لە گەلێکیشم پرسی، چونکە نەمبیستووە پیاوی کورد گوارەی لەگوێ کردبێ. خەریك بوو بڵێم شەرەفخانی هونەرمەندی تابلۆکان ئەم کارەی لەخۆوە کردووەو بەڕاستی نییە، تا لە (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ل٢٠٩)دا بەرچاوم کەوت کە دانەر لە باسی میرنشینی (هەکاری)دا دەڵێت: ((زۆربەی کوردانی هەکاری ئەڵقەیان لە گوێدایە. دیارە ئەولیا چەلەبی هەزاران کوردی هەکاریی دیون و، ئیدی لە هیچ جێگەیەکی دیکەی بەرهەمەکەیدا باسی ئەڵقەی نەکردووە. لەوانەیە ئەڵقە لە ناوچەکانی دیکەیشدا هەبووبێ، بەڵام بەڕادەیەکی وەك لەوەی هەکاری کەمتر. یا ڕەنگە لە زەمانی هونەرمەندەکەدا ئەڵقەو گوارەی

بچووك له گشت ناوچەكاندا باو بووبێ كه هەكاری یەكێك بووه لەوانه، یان هونەرمەندی شەرەفنامه زانیویه له پێشدا ئەڵقه لەنێو پیاوانی كورددا باوبووه، بۆیه ئەمیش له تابلۆكانیدا وێنەی كێشاون. یا لەوانەشه لەو كاتەوه تا زەمانی ئەولیا چەلەبی –كه شەست ساڵ له نێوانیان هەیه– هەندێك له كورد وازی لەم ئەڵقەیه هێنابێ یا زۆر كەم بووبێتەوه. ئێستاكه له (هەكاری)ش باوی ئەڵقه نەماوه. سەرەڕای ئەوه هونەرمەند به شێوەیەكی واقیع بینانه و ڕاستەقینه ئەم وێنانەی كێشاون و بەڵگەیەكی دروستی هەبوونی نەریتی كۆمەڵایەتیی لەم چەشنەن. نەك ئەوه، بگره ئەم نەریته كه ئێستا بووەته خەوش، تا ئەم ساڵانەی پێشووش له ناوچەی سلێمانی و هەولێر ئەو كوڕەی تاقانه بووایه لەبەر زۆر خۆشویستن ئەڵقەی لەگوێ دەخراو تا پیر دەبوو هەر له گوێیدا دەمایەوه. دوور نییه ئێستاش هەندێك پیرەمێرد مابن ئەو ئەڵقەیەیان له گوێدا بێ. كاك سەروەت ئەنوەری هونەرمەندی وێنەكێشی خەڵكی سلێمانی كه تەمەنی ٣٣ساڵه ئەڵقه له گوێیدا بووەو دەڵێت ئێستاش ئەڵقه زێڕەكەم ماوه. وا زانراوه كه هەندێك نەتەوەی خۆرەڵاتی ناوەڕاست ئەڵقەیان دەخسته گوێی كۆیلەكانیان. ئەم نەریتی ئەڵقه بەكارهێنانه تا ئەم نزیكانەو هەتا ئێستاش لەلای هیندیەكان باوه. ڕەحمەتی حاجی حەسەنی كرژەیی پێی گوتم ئێمه دەوڵەمەند بووین و گوارەی زێڕ له گوێچكەی من و برامدا بوو، یانی پێش ساڵی ١٩٠٠. دوایی داوام له برای نڤیسەڤان كاك عەبدوڕڕەحمان مزووری كرد لەم بارەیەوه له پیرەمێرەكانی بەهدینان بپرسێ. ئەوه بوو خۆی ماندوو كرد و پرسیاری له چەند كەسێكی شارەزای ناوچەكه و هەكاری كرد، لەوانه: مەلا قاسمی سماهیلی جانگیری كه تەمەنی (٨٦)ساڵه و عەمەرێ عەلیێ ساڵح كه تەمەنی (٨٧)ساڵه و ئەم جووته له تیرەی (مەهمەدیان)ی خێڵی مەزنی (ئەرتووشی)ی (هەكاری)ن و، حاجی ئیبراهیمێ عەبیزێدیی ئەرتووشی كه

تەمەنی (٨١)ساڵە و، مەجیدی سەعیدی عیسایی سترانبێژ کە تەمەنی (٨١)ساڵە و لە تیرەی (هەیدەران)ی ئەرتووشی‌یە بەیتی وەك خانی دمدم و خەسپی ڕەش و ستی و فەڕووخی لەبەرن و، شێخ قاسمی شێخ عەبدوڕڕەحمانی محەمەدئەمین بێسکی کە تەمەنی (١٠١) ساڵە و مەلا عوسمانی گراڤی. بەپێی قسەی ئەم بەڕێزانە جاران کورد خەلەك (ئەڵقە)ی زیو و ئاسن و جاروباریش زێڕی لە گوێ دەکردو هەندێکیان مووروویان پێوە بووە. شێخ قاسم کە لە هەموویان گەورەترو زۆرتریش بە ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوە، دەڵێت: بیرمە زۆربەی ئەڵقەی پیاوان مووروویان پێوە بووە. ئەوانە دەڵێن: ((بەتایبەتی ماڵی دەوڵەمەندان و پیاو ماقووڵاون و ئەو ماڵانەی کە کوڕیان هەبوە و کچیان نەبوە خەلەك یا گوارەیان دەکردە گوێی کوڕەکانیان و تا ژنیان دەهێنا لە گوێیاندا دەمایەوە. بەڵام پاش ژنهێنان ئەوەی حەزی بکردبایە ئیدی لە گوێی نەدەکرد. ئێستایش لە بەهدینان هەندێك پیرەمێرد هەن گوێچکەیان کونە. برای بەڕێز مەلا عوسمانی گراڤی لەسەر باوەڕی کۆنی کورد ئەڵقەی لە گوێ کردووە و دەڵێت: کورد لەو باوەڕەدا بووە کە ئەگەر ئەڵقە لە گوێی کوڕەکانیان بکەن، ئیدی ژنە جنەکان ناتوانن کوڕەکانیان بکوژن چونکە (جن) لە ئاسن دەترسن.

گوارەو ئەڵقەی گوێچکە لەلای گەلێك میللەت باوبووەو ئێستایش لە هیندستان و ئەفریقیا بەکاردێت. ئەگەر بەرەو مێژووی کۆنتریش بچین، دەبینین (توکولتی ننورتای یەکەم)ی پاشای ئاشووری لە سەدەی سیازدەهەمی پێش زایندا گوارەی لەگوێ کردووە. ئاشوور ناسر بالی دووەم لە سەدەی نۆیەمی پێش زایینداو چەندین پاشای دیکەی (ئاشووری)ش ئەوەیان بەکارهێناوە[٢٠] . هەروەها شاپووری یەکەمی پاشای دەوڵەتی

[٢٠] بڕوانە: وێنەی (توکولتی) لە کتێبی: ارندیە بارو (بلاد آشور)، وێنەی ژمارە (٨) و وێنەی ژمارە (٤١)ی هەمان سەرچاوە.

**ساسانی ئەڵقە لە گوێیدا بووە[٢١] . (نرسی)ی کوڕی شاپووری یەکەم گوارە و ملوانکەیـشی هـەبوە وەك لـە پەیکەرەکانیـدا (پەیکـەرەکانی بتخانـە) لـە پەیکوڵی دەبیندرێن[٢٢] .**

**پاشـا ئاشـووریەکان بازنیـشیان لـە دەسـت کـردووە وەك لـە هەنـدێك پەیکەریانـدا لـە گونـدێ (شـاخێ)ی چیای جـودی دێیـەدیتن کـە لـە (١٤و ١٩٧٧/٧/١٥)دا وێنەیانم گرتووە. بەڵام ئەڵقە و گوارەم لە گوێچکەی پاشا سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و کاشیەکاندا بەرچاو نەکەوتووە. ڕەنگە کورد ئـەم عادەتـەی لـە میللـەتانی دیکـە وەرگرتبـێ، چـونکە پاشـاکانی دەوڵـەتی کوردی (لۆلۆ) ئەڵقەیان لە گوێدا نەبوە وەك (ئانوبانینی) لە هەزاری سێهەمی**

---

[٢١] بڕوانـە وێنـەی شـاپوور لـە دیمـەنی سـەرکەوتنیدا بەسـەر ئیمپراتـۆریی (ڕۆمـان ڤـالیری)دا لـە (نقـش روستە)دا لە: کریستنسن، ایران في العهد الساساني، ل٤١١دا.

[٢٢](بتخانە) لەلایەن (نرسی)ی کوڕی شاپووری یەکەمی ساسانیەوە ئاواکراوە لەسەر گردۆڵەیـەکی دامێنـی شـاخی زەردی زنجیرە شـاخی (سـەگرمە)ی قـەرەداغ یـان دامێنـی باشـووری کـە ئێـستا سـەر بـە قـەزای دەربەندیخانە لە پارێزگای سلێمانی. بتخانە لە لای دڵێ (پەرکەل)ە کە بە شوێنەواری (پەیکۆڵی) ناسراوە لـە لایـەن شوێنەوارناسـانەوە. نـاوبراو لـە سـاڵی (٢٩٣زایـن)دا ئـاوای کـردووە و لـەم شـوێنەدا مزگێنیـی پاشایەتیی پێ دراوە. ئیتر بەو بۆنەوە لەوێ بینایـەکی بـورج ناوتوندی ئاواکردووە و لەسـەر بـەردەکانی دیواری باکوور و باشووری بە پەهلەویی ساسانی و پەهلەویی ئەشکانی زانیاریی لە بارەی خۆی و حاکمە ناوچەییەکانی دەوڵەتەوە... نووسیوە. (هرتسفیڵد)ی شوێنەوار ناسی گەورەی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٢٥دا نووسینەکانی بتخانەی لە کتێبێکدا بە ئینگلیزی بڵاوکردەوە پاش سێ سەردان بۆ بتخانە. نووسینەکانیی نەقڵ کردووە و شیکردوونەوە. نووسینەکانی(١٣٠) سەد و سی بەردی کەوتووەتە دەست.

لـە مـانگی تـشرینی یەکـەم و تـشرینی دووەمـی ١٩٩٧دا لـە مـاوەی دە ڕۆژدا مـن و کـاك کـەمال نـووری کـە ئێـستا بەڕێوەبـەری دائیرەی ئاسـاری سـلێمانێیە و کـاك هاشـم حەمـە عەبـدوڵڵا کـە فەرمانبەریـەتی (٩٠) بەردی نووسراومان لەگەڵ هەر پێنج پەیکەرەکانی بتخانـەدا گواسـتەوە بۆ مۆزەخانـەی سـلێمانی لـە ترسـی دز و جەردەکانی شوێنەوار چونکە پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١) شوێنەوارەکانی کوردستانی باشـوور کەوتوونـە بەر شاڵاوی تاڵانکردن و زۆریان تاڵان کران و تاڵانکردن بەردەوامیشە.

شایانی باسە (بەرکەل) شارێکی کۆن بووە و دوو شوورایش وان بە ملـی پـەیکوڵی (زینـۆی پـەیکوڵی)یـەوە، یەکیان دەتوانم بڵێم لە کاتی (نرسی)دا هـەبوە و بـەڵکوو بـە ڕەئیـی مـن هـی کـاتی ئەشکانێیـە و هەنـدێك لـە بناغـەکانی بەرکـەلیش. توێژینەوەیـەکم نووسـیوە لـەم بارەیـەوە و ئـەو شـوێنەوارانەم بـە کـامێرای ڤیـدیۆش گرتووە. جا نازانم هرتسفیڵد چیی لەم بارەیەوە نووسیوە.

پـێش زایـنـدا کـه پەیکـەری لـه دەربەنـدی (زەهـاو)ە و (لی شـیر پـیر ئـین) کـه پەیکـەری لـه دەربەنـدی بێلولـە)یـه و (تـاردونی) کـه پەیکـەری لـه دەربەنـدی (سـەرتەك)ە لـه شـاخی (بـەمۆ)ی باشـووری ڕووبـاری سـیروان و ناوچـەی خانەقین و پەیکەری (ئیدی سین) کە لە (١٩٦٣)دا لەژێر (بەردی سنجیان)ی گوندی (بێتواتە)ی قەزای ڕانیەدا دۆزرایەوە. بەڵام ملوانکە لە ملی (لی شیر پـیر ئـین)دا هەیـە. لێکۆڵـەرەوەکانیش دەڵـێن گـوارەو ملوانکـە نیـشانەی پاشایەتی بوون.

### تەمەری:

چەند وێنەیـەکی شـەرەفنامە چەپکێك (قەڤدەك) قـژە سـەریان تێدایـە لـە پشت گوێچکەی پیاوانەوەن و وەك هی ئێزدیان درێژ نین و ناگەنە سەر شان و پێیـان دەگوترێت (تەمـەری). تـابلۆی ژمـارەی (١١) کـە لەسـەر (هیـزان)ە، دووکانـدارێکی گـەنجی تێدایـە تەمـەریی هەیـە. دوور نییـە ئـەو پیـاوە تەمەندارەی کە ئەسپ سوارەو لەوانەیە میری هیزان بێ، تەمەریی هـەبێ. لـە تـابلۆی ژمـارە (٧و ٨)دا دوو لاو لەسـەر قـەڵای حەسـنکێف و پـشت مزگەوتەکەی هـەن، تەمـەرییان هەیـە. ڕەنگـە میری (ئامێدی)ش لـە تـابلۆی ژمارە (٣)دا تەمـەریی هـەبێ. ئـەو قـژەی کـە لـە هـەر دوو تەنیـشتی سـەردا دەمێنێتەوە و ناتاشرێت لـە کوردستانی باکوور پێـی دەڵـێن (تەمـەری)و بـە قژی لاجانگ (جینك)یش دەڵێن (زوڵف)و هەردووکیان هەمیشە پێکەوە نـاو دەبـرێن بـە (زوڵـف و تەمـەری)و بـۆ دەرخـستنی جـوانیی لاوو منداڵ هـەمان دەربڕین بە شێوەی پەند بەکاردەهێنرێت. بەڵام ئەو قژەی کە بـە نێوچاواندا بەردەدرێتـەوە (وگـولی) –واتـە کـاکۆڵ–ی پـێ دەڵـێن. تـا ئـەم نزیکانـەش لـە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا –وەك بۆتان– کوڕان تا دەوری پازدە ساڵی و تاکە تاکەش لاوان زوڵف و تەمەرییان هەبوو. ئەوسا سەریان بە گوێزان یا

مەکینــە دەتاشــی و دەوراندەورەکــەیان –واتــە گــوڵی و زوڵــف و تەمـــەری– دەهێشتەوە و لـە ژێـر کـڵاو لبـادەوە دەردەکـەوتن و درێـژ نـەبوون. بـەڵام گـوڵی لـە دووانەکـەی دیکــە درێــژتر بــوو. زوڵــف و تەمــەری بــۆ جــوانی دەهێڵرانــەوە. تاکوتەرایش هەبوون هەر چواردەوری کەللەسەری خۆیان دەتاشی و وەك تـەوقێك پرچ دەمایەوە. وابزانم ئێستایش زۆر بە کەمی لەنێو ئێزدیاندا ماوە.

وێنــەکانی شــەرەفنامە بەڵگــەی ئــەوەن کــە گەنجــەکان و پیــاوانی بەساڵداچــوویش لــە ســەدەی شــازدەهەمدا تەمــەری‌یان هێــشتووەتەوە. دەربڕینـی پـەند ئـامێزی وەك (فڵان خوڕتـك –لاو– بـە زوڵـف و تەمەری‌یـە !) ئەوە دەگەیەنێ کە سەد ساڵێك لەمەوبەر یا کەمێك پێشتر ئەم نەریتـە لـە نێـو لاوانی بیست ساڵی و گەورەتریشدا باوبووە و پاشتر ڕووی لە کزی کردووە، تا هاتووەتە سەر منداڵی ١٠–١٢ ساڵی و ئەمجا بەرەو نـەمان چـووە. ئـەولیا چەلەبی لە لاپەڕە (٢٧١)ی کتێبەکەیدا دەڵێت: بەگە کوردەکانی شێروان و سێرد (سعرد)و هیزان و کارنی و رزیقی و کەسان پشتگیریی مەلیك ئەحمەد پاشای والیی (وان)یان نەکرد بۆ لەنێوبردنی عەبدال خانی بدلیسی. بـەڵام کە شەڕ تەواو بوو، هاتنە لای پاشا و ئەویش تووڕە بوو و هەموویانی گرت. یەکـەم کەسـیان کـە هێنایانـە لای، بـەگی شـێروای کـوڕی تاتـار بـوو. پاشـا گـوتی: ((ئەمـە چـەلەبی‌یەکی ڕدێـن و زوڵـف دارە و ژنانییـە و خـان (عەبـدال خــان) ڕدێنــی پــێ هێــشتووەتەوەو لەبــەر خــاتری خــان نــەهات یاریــدەمان بدات)). ئەم قسەیەی ئەولیا چەلەبی بەڵگەی ئەوەیە کە زوڵف و بگرە (زوڵـف و تەمــەری)ش لــە نێــو کــورددا یــا لــە هەنــدێك ناوچــەی کوردســتاندا وەك ناوچەی شێروا (شێروان) –کە خەڵکەکەی بە ئازایـەتی ناویـان دەرکـردووەو دەکەوێتە نێوان سێرت و هیزان لە لایەکەوە و نێوان بۆتان و ڕوشـکێ (واتـە ناوچــەی بــدلیس) لەلایــەکی دیکــەوە– بــاو بــووە. ئــەم بەگــەی شــێروا و هەڤاڵەکانی کە لایـەنگریی پاشـای عوسمانی‌یـان نـەکرد و پیـاو بـوون. بـەڵام

ئەوانەی دی وەك میری هەکاری و مەحمودی پیاو نەبوون کە یارمەتیی ئەو پاشا زۆردارەیان دا بۆ لەنێوبردنی ئەو شارستانەتیەی بدلیس کە ئەولیا چەلەبی زۆرباش دیمەن و ڕووکارەکانی دەرخستوون. دیارە میری (هیزان)یش هەر دەبێ وەك میری شێروا تەمەریی هەبووبێ.

شایانی باسە پێش ئیسلام زوڵف و تەمەری لە نێو کوڕانی دیان (مەسیحی)ەکانی کوردستاندا باو بووە و کوردانی ناوچەکانی خۆرەڵاتی ڕووباری دیجلەیش زۆریان لێ بوون بە دیان. جا ئیدی نازانم ئەم نەریتە لەوەوە پەیدا بووە، یان پێشتریش لە نێو کورددا هەبوە. (قۆچی تاش) لە ناوچەی (سۆران)ەوە تا (سنە) هەیە و لە نێو دەروێش و ئەهلی تەسەوفدا بڵاوەو بەپێچەوانەی (زوڵف و تەمەری)یەوەیە، واتە قەراغەکانی سەر بە گوێزان دەتاشرێت و ئەوەی دیکە کە دەمێنێتەوە دەهێڵرێتەوە بستێك یا زیاتر لە قژ درێژ دەکرێت. بەم جۆرە تاشینە دەڵێن (قۆچی تاش).

ئێمە لە لێکۆڵینەوەی یەكبەیەکی تابلۆکاندا باسی زۆر بابەتی گرنگ دەکەین لە بوارەکانی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌و ئابووریی ئەو کاتەی کوردستان کە لەم تابلۆیانەوە پێیان دەزانین و هەڵیان دەهێنجین بە ڕادەیەك ئەم لێکۆڵینەوە پڕ وردەکاری‌یە دەبێتە کتێبێکی مێژوویی تایبەت بە سەدەی شازدەهەم لە کوردستان.

شایانی باسیشە تابلۆکان زیاتر سیما و ڕوخساری چینی دەسەڵاتدار و ناوەندی پێشان دەدات بەپێی ڕێبازی ئەو کاتانە. بەڵام چینی زەحمەتکێشیش فەرامۆش نەکراوە وەك لە تابلۆی (٥و ١٠و ١٢)دا دیارە.

# هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خاوەنی ئەم تابلۆیانە

لەم دانەیەی شەرەفنامەدا هیچ ئامـاژە (ئیشارەت)یەك بۆ ناوی ئەو هونەرمەندە نەکراوە کە ئەم تابلۆیانەی وێنەکێشاون. لەم بارەیەوە لە نامەخانەی بودلیانم پرسیوە، دەڵێت: ((بۆ ئەمە هیچ زانیاریيەك نییە و نازانین هی کێن. زۆر هەوڵم دا ئەم خاڵە گرنگە ساغ بکەمەوە، بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا نەگەیشتمە ئەنجام، یەکێك لەو هەوڵانەم ئەوەبوو چەند تابلۆیەك و نموونەی هەردوو دەستخەتەکەم بە هۆی برای بەڕێز کاك (ئیبراهیم میرانی)یەوە کە خەڵکی خانەقینە بۆ (مديرية التحريات الجنائية) لە بەغدا نارد تا مامۆستا (عزیز بطرس)ی پسپۆڕی هەرە پێشکەوتوو بەهۆی ئامێری تیشکدارەوە وێنەو هەردوو دەستخەتەکە بەراورد بکات و کێشەکە یەکلایی بکاتەوە. ناوبراو لە وەڵامدا گوتی: کاری وا لەسەر ئەم نموونانە هیچی لێ هەڵناکرێندرێت، چونکە دەبێ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر دانەی بنەڕەت بکرێت نەك وێنەگیراو. پاشان چەند هەوڵێکم دا نامەخانەی بودلیان ئەم کارە بکات، هیچ سوودی نەبوو.

بێگومان تابلۆکان لە کاتی نووسینی شەرەفنامەدا کراون، چونکە دوو چارەکە دێڕی شەرەفنامە کە پێوەندیيان بە دێڕەکانی پەڕەی (٨٩و ٩٠)ەوە هەیە لە سووچی دەستەچەپی تابلۆی ژمارە (١٣)دا بە هەمان دەستخەت نووسراونەوە کە زۆربەی شەرەفنامەی پێ نووسراوەتەوە. واتە پاش ئەوەی لاپەڕەی پێشوو نووسراوە، یەکسەر تابلۆکە لەسەر لاپەڕەی بەرامبەری وێنەکراوە و گۆشەی دەستەچەپی سەرووی تابلۆکەیش کە پێوانەکەی (٢٢×٩ملم)ە بە سپێتی ماوەتەوە، ئەمجا شەرەفخان بە نووسین پڕی

کردووەتەوەو دوو دێڕی بچووك -یان بڵێین دوو چارەکە دێڕ-ی گرتووەتەوە. نووسینی کەمێکی دەستنووسەکە لە تابلۆکە نەریتێکی کۆنەو لە سەدەی چواردەهەمەوە هەیە. شەرەفخان لە قوتابخانەی شا تەهماسبی یەکەم (١٥٢٤-١٥٧٦ی زاین)دا دەرسی وێنەکێشیی خوێندووە. ئەوەتا لە پەڕەی (١٥٢)دا دەڵێت: نەریتی تەهماسب وابوو کوڕە سەردارو پیاو ماقووڵانی خۆی هەر لە منداڵی‌یەوە بباتە دەربار و بۆ پەروەردەکردن و فێری خوێندن بوون مامۆستایان بۆ ڕابگرێ. ئەمجا دەڵێت: کە تەمەنم بوو بە ٩ساڵ، منیشی بردە ئەوێ‌و سێ ساڵ لەوێ خوێندم. شا پێ دەگوتین: جاروبار خەریکی فێربوونی (نقاشی) ببن، چونکە نەقاشی بیرکردنەوەی مرۆڤی پێ ڕاست و دروست دەبنەوە.

ئاشکرایە وشەی (نقاشی) لەو کاتەدا وەك (اصطلاح)ێك بە مانای هونەری وێنەکێشی (فن التصویر) بووە شەرەفخان لە باسی ژیانی خۆیدا لە شەرەفنامەدا دەڵێت: زانستی (نحو و صرف و فقە و اصول الفقە و حدیث و اثر) یانی زانستەکانی (حدیث و سیرە)م تەواو کرد. لە جێگایەکی دیکەیشدا دەڵێت: (("تحصیل"م تەواو کرد.)) جا شەرەفخان فێری وێنەکێشی بووە بە تایبەت ئەو لە گەرمەی برەوی هونەری سەفەویدا لە ئێران ژیاوەو هاوچەرخی هونەرمەندی گەورەی وەك (محمدي) و (مظفر علي) و (صادقي) و (زین العابدین) بووە. کاتێك شەرەفخان لە دەربارەی شا تەهماسبدا دەیخوێند، هونەرمەندی گەورە (آقا میرك) سەرگەورەی هونەرمەندانی قوتابخانەی هونەری وێنەکێشی تەیمووری و قوتابخانەی سەفەوی و قوتابیی (بەهزاد)ی وێنەکێشێکی دەرباری شا بوو و سوڵتان محەمەدیش بەڕێوەبەری ئەکادیمیی هونەر بوو. بۆیە ڕەنگە دەرسی وێنەکێشیی لەلای ئەو دووانە خوێندبێ. لەوانەیشە دروستکردنی وێنەی بەردی شاخ بە شێوەیەکی لار (مائل) (وەك لە تابلۆی ژمارە ٥، ٩دا دیارە) یەکسەر لە سوڵتان محەمەدی مامۆستای خۆیەوە فێربووبێ، چونکە ئەو ئەم گۆڕانکاری‌یەی

(لاری) داهێنـا. هـەروەها کـە شـەرەفخان بـوو بـە مـیری میرانـی کوردسـتان لـە دەربـارەی شـا ئیسماعیلی دووەمـدا، (زیـن العابـدین)ی هونەرمەند لـە نامەخانـەی شـادا ئیـشی دەکـرد[٢٣] . زانراویـشە دروسـتکەری تابلۆکـانی شـەرەفنامە سـەر بـە قوتابخانەی هونەری سەفەوی بووە. پێدەچێ شـەرەفخان کـە حـەزی لـە زانسـت و هونـەر کـردووە، پـاش ئـەو سـێ سـاڵ خوێندنـە لەسـەر فێربـوونی وێنەکێـشی بەردەوام بووبێ تا بووبێتە ئەو هونەرمەندە گەورەیە و، ئەوسا بەرهـەمی چـەند هونەرمەنـدێکی ئـەو دەمـەی کۆکردبێتـەوەو لەگـەڵ خۆیـدا بـۆ بدلیـسی هێنـابن. بـەلای منـەوە زۆربـەی زۆری کتێبـەکانی نامەخانـەی گـەورەی بدلیـسی لـەکاتی عەبـدال خانـدا –بەتایبـەت کتێبـە وێنـەکراوەکان– کـە هێنـدێکیان قەڵەمکێـشی (بـــەهزاد)ی گـــەورەترین هونەرمەنـــدی ســـەفەوی بـــوون، شـــەرەفخان خـــۆی کۆیکردوونەوەو، بگرە نامەخانەکەیش هی ئەو بووەو کوڕەکانی(شمس الـدین) و (ضیاء الـدین)و عەبدال خـانی کـوڕی (ضـیاء الـدین)یـش کتێبی زیاتریـان لەسـەر داناوە.

لـەم دواییـیـەدا ئیـشارەتێکی گـرنگ و بـەهێزم دیـت لـە شـەرەفنامەدا کـە قەناعەتی تەواو لەلای مرۆڤ پەیدا دەکات کە شەرەفخان وێنـەکێش و هونەرمەنـد بـووەو ئـەم تابلۆیانـە کـاری دەسـتی ئـەون. لـە کۆتـایی شـەرەفنامەدا یـانی ئـەم بەرگەی یەکەمی کە لەبارەی مێژووی کوردەوەیە نووسیویە: (بەپێی ئەو بەڵێنەی پێشەکیی کتێب ئێستا هەوساری قەڵـەمی دەم تیـژو بە لەنجـەو لاری واسـطی و هەوساری ڕەوانبێژیی گوتن (یانی نووسین) لـەبارەی لێکدانـەوەو ڕوونکردنـەوەی ڕووداوەکــانی ڕۆژانــی ســوڵتانەکانی عوسمــانی و پاشــاکانی ئێــران و تــوران بـادەدەم). یـانی ئـیتر دەسـت بـە نووسـینی بـەرگی دووەمـی شـەرەفنامە دەکـات و دەقی نووسینەکەی ئەمەیە:

---

[٢٣] لـەبارەی ئـەو وێنەکێشانەی سـەفەوییەوە بڕوانـە: نعمـت اسماعیـل، فنـون الـشرق الاوسـط في العـصور الاسلامیة، ل٢١٥، ٢٢٠.

((... كه بموجب اشارتى كه در ديباجهء كتاب شده عنان تيز كامى خامهء واسطى و خوش خرام و زمام بيان خوش كلام بشرح و بيان وقايع ايام دولت ابدى الاتصال سلاطين ال عثمان پادشاهان ايران و توران معطوف دارد)).

ئەم گوزارەیە هەمووی لە کۆتایی شەرەفنامەی فارسی چاپی قاهیرە (ل٥٨٦)دا هاتووە، بەڵام لە دانەی بودلیاندا گوزارەی (تیز کام خامەء واسطی و خوش خرام) نەهاتووە. جا دەبێ شەرەفخان ئەم ڕستەیەی لە یەکێك یان زیاتر لە دانەکانی دیکەی شەرەفنامەدا زیاد کردبێ، چونکە چەند دانەیەکی بە خەتی دەستی خۆی لە شەرەفنامە نووسیوە وەك پێشتر باسمان کرد.

مەبەستی شەرەفخان لە (واسطي)ی وێنەکێش (نقاش)ی هونەرمەند (یحیى الواسطي)یە کە چەندین جار ناوی ئەومان لەم لێکۆڵینەوەیەماندا هێناوە (مقامات الحريري)ی (وێنە) کردووە.

مەعلومیشە (واسطي)ی سەدەی سێزدەهەم ئەدیب نەبوە و لە ئەدەبی عەرەبیدا نەناسراوە و ناوی لەنێو ئەدیباندا نییە بەڵکو بە ڕەسام ناوبانگی دەرکردووە. مەخسەدی شەرەفخان بە قەڵەمی دەم تیژ و بەناز لێرەدا، قەڵەمی هونەری وێنەکێشانە نەك قەڵەمی ئەدیبایەتی و بەلاغەت. دەنا دەیوت: قەڵەمی دەم تیژی حەریری (تیز کام خامەء حریری) چونکە القاسم بن علي الحريري (١٠٥٤-١١٤٤ز) لە گەورە ئەدیبان بووەو لە ئەدەبی عەرەبیدا زۆر تەعبیری وەك فلان کەس (حریری زمانە) یان (کالحريري) هاتووە، بەتایبەتی کە حەریری گەورەی ئەدیبانی هونەری (مقامات) بووە، ئەگەرچی (بديع الزمان الهمداني) لەپێش ئەو بووەو یەکەمین کەس بووە هونەری ئەدەبیی (مقامات)ی هێناوەتە کایەوە و (ابن الصقيل الجزري)ی خەڵکی (جزیرا بوتان)و خواوەنی (المقامات الزينية) کە پاش حەریریی

عەرەب هاتووە، نەگەیشتووەتە ئاستی حەریری. مەعلومیشە شەرەفخان لە شەرەفنامەدا زۆر خۆی داوەتە ئەدەب: ئەدەبی پەخشان و شیعر. جا مەخسەدی شەرەفخان لێرەدا کە قەڵەمی خۆی بە (قەڵەمی واسطی) تەعبیر کردووە خۆی بە (واسطي) کاتی خۆی زانیوە لە هونەری وێنەدا و ئەم پێچواندن (تشبیه)ە لەم ڕستەیەی شەرەفخاندا لە جۆری (تشبیه)ە بەپێی قەواعدی عیملی (بیان) یانی ئەو عیملەی باس لە (تشبیه و مجاز و تعریض) دەکات چونکە شەرەفخان لەم ڕستەیەیدا ئامرازی پێچواندن (أداة التشبیه) و سیفەتی هاوبەش (وجە التشبیه)ی لابردووە یانی (حذف) کردووە. لە عەرەبیدا ئامێری شوبهاندن (الکاف و کأنَّ و مثل)و هی دیکەیە و لە کوردیدا (وەك–وەکوو)ە و لە فارسیدا (مانند)ە. سیفەتی هاوبەشی (وجە التشبیه) ئەو ماناو سیفەتەیە کە لە تەشبیە پێ کراو (مشبَّە بە)دا هەیەو چواندن پێ کراو بەوە ناسراوە وەك ناسراوی (شێر) بە نەترسی و لە هەمان کاتدا لە (تەشبیە) کراو (مشبە)داش هەیە لەبەر ئەمە شتێك (تشبیە) دەکرێت بە شتێکەوە. لابردنی ئامرازی پێ چواندن و سیفەتی هاوبەش بۆ زیادەڕۆییەو هێنانیان جۆری زەعیفی (تشبیە)ە بۆ نموونە (زید أسد) بەهێز ترە لە تەعبیری (زید کالأسد في الجرأة) جا شەرەفخان کە ووتویەتی (قەڵەمی دەم تیژی واسطی) بەهێزترە لەوەی ووتبایە (قەڵەمی دەم تیژی من وەك قەڵەمی دەم تیژی واسطییە لە هونەردا). یانی لێرەدا شەرەفخان یەکسەر قەڵەمی خۆی کردووە بە قەڵەمی واسطی یانی یەکسەر خۆی کردووەتە واسطی لەبەر بەهێزی ئەو سیفەتە هاوبەشەی نێوانیان کە هونەری وێنەیە و باڵادەستییە لە وێنەکاریدا.

لە بارەی (تشبیە) و جۆرەکانی (تشبیە) تەماشای کتێبی (الوردە النضارة في المجاز و الاستعارة)ی زانای کورد مەلا ابوبکری میر ڕۆستەمی (ل٤١) بکە لە (مجموعة تشمل علی خمس رسائل) بڵاو کەرەوەی محمد نوری ئێستلی ساڵی ١٩٦٧.

ئەگەر قووڵتر لەم عیبارەتەی شەرەفخان وردببینەوە، دەبینین لە دوو بەش پێك هاتووە:

١-بادانەوەی هەوساری قەڵەمی واسطی.

٢-بادانەوەی هەوساری بەلاغەتی وتەکانی (کلام)و هەردووشیان بۆ (شرح) و ڕوونکردنەوەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و توران.

شەرەفخان ڕووداوەکان بە قەڵەمی واسطی (قەڵەمی هونەر) و بە وێنەکردنیان بە ڕەوانبێژی کەلامیش ڕوون دەکاتەوە.

مەعلومیشە وێنە لە ڕێگا گرنگەکانی ڕوونکردنەوەی شتە ئەگەر گرنگترینیان نەبێ شەرەفخانیش چوار وێنە بە قەڵەمی خۆی دروست کردووە کە تابلۆی (١٧و ١٨و ١٩و ٢٠)ە لەبارەی چوار ڕووداوی گەورە لە تاریخی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەمانەن: دامەزراندنەوەی دەوڵەت و شەڕی ئەدرنە و داگیرکردنەوەی ئیستەمبول (قسطنطينية) و شەڕی چاڵدێران.

ئەگەر مەبەستی شەرەفخان ئەمە نەبایە، یانی ڕوونکردنەوەی مێژووی عوسمانی و ئێران و توران بەو دوو ڕێگایەوە (هەفسار) دووجار لەنزیکی یەك کە (عنان) و (زمام)ە دووپات (تکرار) نەدەکرد چونکە پێچەوانەی ڕەوانبێژی (بلاغة)ە ئەگەرچی هەوڵیشی داوە ئەم (تکرار)ە لەسەر خوێندەوار سوك بکات بە هێنانەوەی دوو ووشەی (مترادف)ی بە یەك مانا کە (عنان) و (زمام)ن نەك تەنیا یەك لە هەردووان. مەعلومیشە (تکرار) لە ڕەوانبێژی ترین نووسراودا کە (قورئان)ە بۆ مەبەستێك بووە. جا مەخسەدی شەرەفخانیش بە دووپات کردنەوەی (هەفساری) ئەو دوو جۆرەیی (تنويع)ەیە.

ئەوەی شایانی باسە ڕەحمەتی هەژار موکریانی کە شەرەفنامەی تەرجەمە کردووە بۆ کوردی ووشەی (واسطي) لابردووە یانی (حذف) کردووە ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ کە نەیزانیبێ مانای (واسطي) چی‌یە

چونکه ناوی واسطی له ئەدەبی عەرەبی و هەروەها فارسی و تورکی و کوردیشدا نەناسراوە بەڵام لەو عبارەتەی شەرەفخان دا دەزانرێ کە ناوی و پلە و گەورەیی لە مەیدانی هونەردا لەنێو هونەرمەندانی ئێران دا بڵاو بووە تا بووەتە جێگای (تشبیه پێکردن). هەروەها هەژار کەمێك پێشتر لەم شوێنە ئەوەشی لابردووە لە تەرجەمەکەیدا کە شەرەفخان لەبارەی ژیانی خۆیەوە بە (شیعر) وتویەتی عولومی (صرف و نحو فقه و اصول الفقه...) هەموویانی خوێندووەو چاك زانیویەتی. تەماشای (ل٥٧٤) بکە لە شەرەفنامەی چاپی قاهیرە. دیارە شەرەفخان لە پاش ئەو چەند ساڵە خوێندنەوەی لە قوتابخانەی شا تەهماسب دا هەر بەردەوام بووە لەسەر خوێندن و فێربوونی وێنەکێشی (نقاشی) تا خوێندن و (تحصیل)ی تەواو کردووە. هەژاریش شەرەفنامەی چاپی قاهیرەی تەرجەمە کردووە. لابردنی ئەم خاڵە گرنگانە بەڵگەیە کە تەرجەمەی هەژار زەعیفەو ئەمەم بەدی کردووە لە هەندێ جێگەی دیکەش و کۆڕی زانیاری کورد کە تەرجەمەی بە شتێکی زۆر چاك و سەرکەوتووی هەڵسەنگاندووە بە هەڵە چووە.

ئێستا ڕەئیم و قەناعەتم لەسەر ئەوە چەسپاوە کە وێنەکان کاری شەرەفخان خۆیەتی لەبەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- شەرەفخان لە شەرەفنامەدا خۆی بە (واسطي)ی هونەرمەند لەقەڵەمداوە وەك بەدرێژی نووسیومانە.

٢- شارەزایی وێنەکێش لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کورددا و ئەو وردەکاریە واقیعیانەی لە هەندێ لەو تابلۆیانەدا دەبیندرێت وەك لە تابلۆی (شەڕی چالدێران)دا هەیە وەك دوایی بە درێژی باسی دەکەین —لە ڕووی چۆنیەتی شەڕەکەوە: لە مەیمەنە و مەیسەرەی لەشکری عوسمانی و سەفەوی و زۆریی تۆپی عوسمانی و کردنەوەی زنجیرەی تۆپەکان و

کوشتنی (محمد خان استاجلو) لە مەیسەرەی سەفەویی شا ئیسماعیلدا، بەڵگەی ئەوەیە کە وێنەکێشەکەی زانیاری‌یەکی زۆر ووردی لە بارەی شەڕەکەوە هەبوە بە ڕاستی وێنەی کردووەو لەگەڵ زانیاری نێو هەندێك سەرچاوەی مێژووییدا کە شەرەفنامە باسی نەکردوون یەکدەگرێتەوە. دەبێ هونەرمەندی خاوەنی ئەم زانیاریە مێژووییانە مێژوونووسێکی وەك شەرەفخان بێ و کاتی خۆی زۆر زانیاری لەسەر ئەم جەنگە لە دەمی خەڵکی ئێران و کوردستان وەرگرتبێ ئەمە لە غەیر زانیای نێو کتێبەکان.

٣- شارەزایی لە جلوبەرگی خودی شا تەهماسبدا. تابلۆی شازدەهەم کە وێنەی کۆڕ (مجلس)ی تەهماسبە لە شاری خەلات (خلاط)ی سەر (زەریاچەی وان)، بەڵگەی ئەوەیە کە وێنەکێشەکەی جلوبەرگی شا تەهماسب و دەست و پێوەندەکانی بەچاوی خۆی دیون و بە شێوەیەکی واقیعی کردوونی. ئەو بەرگە گوڵدارە فراوان و نیوقۆڵەی شا کە لەسەر جلەکانیەوە پۆشیویەو سەروکڵاوی خۆی و خوڵامەکانی کە خڕن و بەرەو ژوور تەسك و باریك دەبنەوە و دارێکی ڕووت یا لە قوماش پێاو لە ناوەڕاستی سەروکڵاوەکەدا قیت بووەتەوە و مێزەری تێ پێچراوە، (آقا میرك)ی وێنەکێشی سەردەمی ئەم پاشایە لە کتێبی (منظومات خمسة نظامي)دا ئەم بەرگ و سەروکڵاوەی لە تابلۆیەکی خۆیدا بۆ (کیسرا ئەنوشیروان) وێنە کێشاون. (بڕوانە: وێنەی -٢٧٩-ەمی کتێبی "فنون الشرق الاوسط في العصور الاسلاميه"). (نعمت اسماعيل)ی دانەری ئەم کتێبە لە لاپەڕە (٢١٦)دا دەڵێت: ئەم چەشنە سەروکڵاوە لە زەمانی شا تەهماسبدا لە وێنەکانی سەر بە هونەری وێنەکێشی سەفەویدا دەردەکەوتن. پاش کۆچکردنی ئەو ڕووی لە کەمی کرد. دارێکی بچووکی سوور لە ناوەڕاستی کڵاوەکە قایم دەکراو جاری وا هەبوو ڕەنگەکەی دەگۆڕا. ئەم سەروکڵاوە یەکەمجار دروشمی بنەماڵەی سەفەوی و دەورووبەری بوو.

هونەرمەنـدێکی دیکـەی زەمـانی شاتەهماسـب لـە تابلۆیـەکی خۆیـدا بـۆ (خوسـرەو پـەروێن) هـەمان جلوبـەرگی شـا تەهماسبی وێنـە کێشاوە کـە وەك لـە شەرەفنامەدا هەیە. (بڕوانە: وێنەی ژمارە -٢٧٤-ی سەرچاوەی پێشوو). هـەمان جلوبـەرگی سـەفەویان لـە تابلۆیـەکی هونەرمەنـدی گـەورە (سـوڵتان محەمـەد)دا هـاتووە کـە وەك ئارنـست دەڵێـت: لـە کـاتی شـا تەهماسـب (١٥٢٤-١٥٧٦)دا بەڕێوەبـەری ئـەکادیمی هونـەر و پێـشانگا بـوو[24]. تابلۆکـە بریتییـە لـە پێشوازیکردنی ئەسکەندەر لەلایەن خاقانی چینەوە. (بڕوانە: تابلۆی -٢٧٥-ی هـەمان کتێـب). دیـارە ئـەم جلوبەرگـە هـی دەورانـی شـا تەهماسـب بـووە و، هونەرمەندانی ئەوسایش جلوبەرگی شایان لە تابلۆکانیاندا بۆ پاشاکانیان وێنـە کـردووە. بۆیـە دووپـات بوونـەوەی ئـەم جلوبەرگـە لـە تابلۆیـەکی شـەرەفنامەدا بۆخودی شا تەهماسب ئەوە دەگەیەنێ کە هونەرمەندەکە جلوبەرگی ڕاستەقینەی پاشایی وێنە کێشاوە و شارەزایی لە چۆنایەتیەکەیدا هەبوە و دەکرێت بڵێین شا و جلوبەرگی شا و کەسانی دەورووبەری دیون و شەرەفخان خۆی لە قوتابخانەی شا تەهماسبدا خوێندوویە وەك باسمان کردو لەلای ماوە.

٤- سـوودوەرگرتن لـە یەکـەمین تـابلۆی دەستنووسـی (منـافع الحیـوان)ی "عبداللە بن بختیشوع" بەڵگەیەکی بنەبڕ (قطعي)ە کە وێنەکێشی شەرەفنامە شــەرەفخان خۆیــەتی، چــونکە ئــەم نوســخە دەستنووســە کــە ئێــستا لــە نامەخانەی (مورگان)ـە لە نیویۆرك ئی نامەخانەی میرەکانی بدلیس بووە کە مـۆری (شـمـس الـدین ضـیاء الـدین الروشـکي) و ناوەکـەی لەسـەریەتی و وێنەکێـشەکە ئـەم نوسـخەیەی دیـوە و وێنـەی تـەخت (عـرش)ی سـوڵتان عوسمانی لـە تـابلۆی حەڤدەهەمدا لەسـەر شێوەی تـەختی سوڵتان (محمـود غازان) دروست کردووەو، هـەروەها دەتـوانین بڵـێین کـڵاوی میری سـەلجوقی

[24] ارنست، الفن الاسلامی، ل١٤٦.

ئورتوقیشی لەم تابلۆیە وەرگرتووە- وەك لە شوێنی خۆیدا درێژتر باسی ئەمە دەکەین.

٥- لە تابلۆی سێزدەهەمدا دوو چارێکە دێڕ لە دەستخەتی نووسەری زۆربەی شەرەفنامە لە گۆشەی سەرەوەی دەستە چەپی تابلۆکەدا نووسراوەو ئەمەش ڕێبازێك بووە لە نێو هونەرمەندانی کاتی ئیسلام دا کە کەمێك لە نووسینەکانیان خستوونەتە نێو تابلۆکانیانەوە. جا ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەك کە ئەم تابلۆیانە کاری ئەو نووسەرەن.

٦- لە تابلۆی دووەمدا وێنەکێش لە نێو وێنەی دەرگای قەڵای (دزێ) لە هەکاری نووسیویەتی: "اسد حظ اكبر فرو كرد" کە ئەم نووسینە هەر لە وێنەکە دەژمێردرێت و نووسینی وێنەکێش خۆیەتی نووسینەکە نزیکترە لەگەڵ دەستخەتی زۆربەی شەرەفنامەو ماناکەشی وەهایە: (اسد بەشی گەورەی بەدەست خست) وەك لە لێکۆڵینەوەی ئەو تابلۆیەدا بە درێژتر باسی دەکەین.

٧- لە تابلۆی هەشت دا لە نێو وێنەی مزگەوتی شاری (حەسەنکێف)دا هونەرمەند لەسەر گومەزەکە بە خەتێکی ورد (٤×٢ملم) نووسیویەتی: "الله جل جلاله" کە ئەمەش بەشێکە لە وێنەکەو دەستخەتی ئەوە و نزیکترە لە دەستخەتی نووسەری زۆربەی شەرەفنامە (کە شەرەفخانە) نەك دەستخەتی نووسەری ئەو (٣٦)لاپەڕەیە.

٨- لە تابلۆی هەژدەدا کە لە بارەی شەڕی (ئەدرنە)یە، بە بەرزی گۆشەی دەستە ڕاستەوە، کە بەپێی چاوی تەماشاکەر دەبێتە دەستەچەپ، وشەیەکی زۆر ورد هەیە پێوانەکەی لە (١×٢ملم) زیاترە بەگوێرەی چاپی سوید، ئەوە وشەی "شرف خان"ە.

## مۆرە بچکۆلەو توڕڕە "طغرا"کەی شەرەفخان:

ئەو کاتەی لە تابلۆکان کۆڵیمەوە، بەتەواوی بۆم ساغ نەبوەوە کە ئەو تابلۆیانە کاری دەستی شەرەفخان خۆین. سالانی نەوەدی سەدەی ڕابوردوو دیسان کەوتمەوە لێکۆڵینەوەیان و، ئەمجارە تەواو بۆم یەکلایی بووەوە کە تابلۆکان قەڵەمکێشی شەرەفخانن و، دەرکەوت شەرەفخان هونەرمەندێکی وێنەکێش "ڕەسام"ی گەورە بووە. بەپێی بەڵگەیش، سەلماندم تابلۆکان هی خۆین.

لەو بەڵگانە، چەند نووسینێکی زۆر ورد بوون، لەوانە تووغرا (طغراء)یەکی ورد بە ڕەنگی سوور لە بەشی دەستە ڕاستی تابلۆی هەژدەهەم هەیە لەسەر تەختێکی زەردەو پێوانەی (٢,٥×١,٥ملم)ە" بە سێ وشەی تێهەڵکێش لە شێوەی شووشەی مەرەکەبداو تێکەڵ لە شێوە نووسینی (دیوانی جەلی) و (کوفی) نووسراوە. جاران خاوەن سنعەتەکان ئەم جۆرە ئیمزا یا مۆرە بچووکانەیان لەسەر کارەکانیان دەدا تا بزانرێ کاری دەستیانە، وەك وەستای هونەرمەند وەستا (مولود)ی کۆیە کە مۆرە بچووکەکەی لە (سەبیل)ەکانی داوەو سبیلەکانی بە نەخش و وێنەی جوانی شمشێر و دەمانچە و هی دیکە ڕازاندوەتەوە. ڕەشایی‌یەکیش لەتەنیشت دەستەچەپ و نزیکی مۆرەکە بە پێوانەی (٥،١ × ٢،١ تا ٥،١ ملم) هەبوو، بە نووسینم زانی.

زۆر وەختم بەسەر بردووە بۆ خوێندنەوەی ئەو (طوغرا) وردەی سەر ئەو تابلۆیە، تا هەندێ جار چاوم سوور دەبوو. وەك ئەو نووسینە وردانەی دیکە بەم شێوەیە دەیخوێنمەوە:

"الحقير بنده شرف"

پاشان وێنەیەکم لە توغراو مۆرە بچووکەکە نارد بۆ مامۆستا (یوسف ذالنون) لە موصڵ کە لە عیراقدا یەکەمین شارەزایە لە خەتی عەرەبی و خوێندنەوەی خەتە سەختەکاندا. لە (١٤/١٠/١٩٩٦)دا نامەی بۆ نووسیم و تێیدا دەڵێ: تۆ لەم بابەتەدا لە من باشتری، چونکە ماوەیەکە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەم تابلۆیانەی و خوێندنەوەی ئەم ئیمزا و شتە وردانە زەحمەتە و وێنەیان ڕوون نییە و باش نابینرێ. هەروەها دەڵێ: ئەو وشەیەی بە "شرف" خوێندووتەوە، دوور نییە "رسمه"بێ. جا ئەگەر "رسمه"بێ لەگەڵ وشەی دیکەدا وای دەخوێنمەوە کە "رسمه الحقير.."بێ. یانی حەقیر وێنەی کێشاوە کە هەر مەخسەد شەرەفخانە، چونکە نووسەری کتێب یا نامە کە دەنووسێ (الضعیف) یا (الحقير) یا وشەیەکی دیکە، مەبەستی پێ خۆیەتی کە بۆ لەخۆبوردن (تواضع) ئەم وشە و تەعبیرانە دەنووسران و باو بوون. بە ڕای من ئەوەی مامۆستا یوسف ذوالنون بە (هێ)ی زانیوە، (هێ) نییە، چونکە نەبەستراوە بە میمی (رسم)ەوە، بەڵکو کلکەکەی لە ڕاستەوە تێپەڕیوە و تا گەیشتوەتە (ڕێ)ی "الحقير"و لای من (ف)ی "شرف"ە.

بۆ ڕەشاییە چکۆلەکەیش، نووسیبووی: ڕەنگە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی تابلۆکە بێ، نەك نووسین. ئەو کاتە بۆشاییەکەم بە وشەی (صح) خوێندبوەوەو گومانیشم لێی هەبوو، وەك لە (ل٦٢)ی یەکەم چاپدا نووسیومە. بەڵام ئێستا دڵنیام کە ئەوە وشەی (یا ولی)یە. وەلی، یەکێکە لە ناوەکانی خواو لە (أسماء الحسنی)یە. هەروەها وەلی مانای خاوەن (صاحب)یشی هەیە کە وشەیەکی عەرەبیی بڵاوە. (یا ولی) واتە (ئەی خوایە). جا شەرەفخان وشەی "یا ولی"ی کردووە بە مۆرو نیشانەیەکی پێوەندیدار (علامە) بە خۆیەوەو بەم شێوەیە نووسیویە.

نووسینەکە لە شێوەی چراو بڵێسەی ئاگری چرا نزیکە، پیتی "یا" دەکەوێتە دەستەچەپی پیتی "و" لە ناوەڕاستو لە بەشی خوارووداز پیتی "ل"ی ئەووەڵی (أوَّلـي)یە لە دەستەڕاستەو، پیتی "ی"ی پێوەبەستراو (مربوطة)ە، لە خوارووی (و)ەو لەناو (و)دا لەگەڵ (ل)دا بەستوونیەتەوە. پیتی "ی"شی بە شێوەی هەڵگەڕاوە بۆ دواوە (الیاء الراجعة) نووسیوە. واتە (ل)و (و)و (ی)ی، هەرسێ پێکەوە نووسیوە. بەو جۆرە کە لە شێوەی چراو بڵێسەی چرادایە، یا نزیکە لە شێوەی چراوە. ئەمەش نووسینەکەیە پاش گەورەکردن بە کۆمپیوتەر:



دوور نییە ئەمە لەبنەڕەتدا مۆری ناو ئەنگوستیلەی شەرەفخان، بۆ مۆرکردنی نووسراو" یان ڕەنگە هەر مۆر (ختم)ێکی سەربەخۆ بووبێ. جێی باسە، شا ئیسماعیلی سەفەوی (۱۰۵۲ك-۱۵۲٤ز) ڕستەی (یا ولی۹ی کردووە بە نیشان، یانی مۆر، بۆ خۆی‌و، بە چەند شێوەیەك نووسراوە کە زۆر لە نووسینی ئەم مۆرەی شەرەفخان جیاوازە، وەك ئەم دوو شێوەیەی لای خوارەوەی:



چەندین جار هەوڵم داوە لە نامەخانەی بودلیان ئەم گیروگرفتانەی ئەم دانەیەی شەرەفنامە چارەسەر بکرێت، بەڵام سوودی نەبوو. لەم هەوڵانەم ئەوەبوو نووسەری بەڕێز مامۆستا (ئەنوەری سوڵتانی) کە بە داوای من چووەتە نامەخانەکە بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە جارێك، لە نامەی (١٥/١٠/١٩٩٦)یدا بۆی نووسیوم: هیچ شارەزایەك لە نامەخانەکەدا نییە بتوانێ ئەم نووسینە وردانە بخوێنێ. ئەمەش وێنەی مۆرە بچووکەکەیە پاش چەندین جار گەورەکردن زیاد لە خۆی بە کۆمپیوتەر (لە مانگی نیسانی ١٩٩٨دا).

خوێندنەوەی چەند نووسینێکی زۆر وردی ناو وێنەکانی شەرەفنامە و لەوانە ئەم مۆر و توڕڕەیە، کارێکی ئەوپەڕی قورس بوو و شانازی بە شیکردنەوەیان دەکەم. هاوکات شانازی بە لێکۆڵینەوەی ورد و قووڵ و فراوانی هەر بیست تابلۆکەوە دەکەم و لە باشترین کاری خۆمی دادەنێم.

**ئەم تووڕەیەی شەرەفخان جیایە لەگەڵ (مۆر)[25]ە (اعتیادی)یەکەی کە لەسەر عەریزەیەکی خۆی هەیە کە ئاڕاستەی سولتانی عوسمانی کراوە**

---

[25] پێویستە بزانین مۆر-موهر (مهر) بە مانای (ختم)ی عەرەبییە و مەرج نییە ناوی ئاشکرای خاوەن مۆرەکە لە نێو نووسینی مۆرەکەدا هەبێ. جاری وا هەیە ناوەکە هەیە و جاری واش هەیە نییە. هەندێ جاریش ئاماژەیەك لە نووسینی مۆرەکەدا بۆ ناوەکە هەیە. بۆ نموونە، لەسەر مۆری سلێمان پاشای بابان نووسراوە: "انه من سليمان وانه بسم الله الرحمن الرحيم" کە ئایەتێکی قورئانە لە بارەی سلێمان پێغەمبەرەوە، وەك لە بەڵگەنامەیەکی شێخانی چوێسەدا لە پێنجوێن هاتووە کە خوالێخۆشبو شێخ عەبدولقادری چوێسە دابوویە کاك تەها بابان و ئەویش دایی بە من. ئەمە سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشایە کە بە "سليمان پاشا الكبير" ناسراوە ساڵی (١١٧٨ك=١٧٦٤ز) بە دەستی فەقێ ئیبراهیمی تاوانبار لە قەڵاچوالان کوژرا، بەڵام نووسینی ئیمزاکەی وەهایە: "سليمان متصرف بابان".
یانی مۆر و ئیمزاکە لە یەکتر جیاوازن و مۆری سلێمان پاشای ئەوڕەحمان پاشای بابانیش جیایە لە هی ئەم سلێمان پاشایەی پێشوو ئەمە وێنەی مۆرەکەیە:
مۆری ئەحمەد پاشای بابانیش ئەمە بووە: "احمد الله على ما أنعم" کە ڕستەیەکی عەرەبییە، وشەی (احمد) "فعل مضارع"ـە بۆ "متكلم"، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەیە کە ناوی خاوەن مۆرەکە (احمد) بووە. مۆرێکیش ئەگەر "یا علی"ی لەسەر بێ، ئاماژەی ئەوەیە کە خاوەن مۆر ناوی (علی) بووە. مۆری "المتوكل"ی خەلیفەی عەباسی "على الله توكلت" بووە و هی خەلیفە "المعتمد" "اعتمادی على الله و هو حسبی" و، هی "القادر بالله" "نعم القادر القادر" بووە. جار هەبوە پاشا تەنیا ڕەمزێکی کردووەتە نیشان بۆ خۆی.
ئەم نووسینانەی سەرەوە لەسەر ئەنگوستیلە (خاتم) یان هەڵکەنرابوون و دەخرانە سەر نامەو فەرمانەکانیان تا ببنە جێی بڕواپێکردن. مۆر بە مانای "توقيع"ی عەرەبی نییە، چونکە (توقيع) و (ختم) لە سەردەمی ئیسلامدا لە یەکتر جیاواز بوون، (توقيع) بریتی بوو لەو ڕستە و نووسینە کورت و پڕ مانا و کاریگەرانە کە لە سەر پارچە کاغەز دەنووسران، واتە ئەو ئەرزو حاڵانە کە پێشکەش بە خەلیفە و سوڵتانەکان دەکران و کاتبەکانی ئەوانیش بە فەرمانی خۆیان بە چەند نووسینێك وەڵامیان ئەدانەوە کە دەزانرا وەڵامەکە چییە. وشەی "توقيع" بە ناوی (ئیمزا)ی ئێستا نەبوە.
پاشان (توشيح) پەیدا بوو کە ئەو نیشانە (علامة) یان نووسین یان ناوە ئاشکرایە بوو کە پاشاکان خۆیان بە دەستخەتی خۆیان لەسەروو یان لە کۆتایی نامە و فەرمانەکانیاندا دەیاننووسی و عوسمانییەکان پێیان دەگوت "خەتی هومایۆن". لە بارەی (خاتم-ختم)ەوە بڕوانە: "مقدمة إبن خلدون، ل٢٤٦-٢٦٦"و، "إبن الأزرق" لە "بدائع السلك في طبائع الملك، چاپی بەغدا، ١٩٧٧، ل٢٧٥"و "تاريخ التمدن الاسلامي، ب١، ل١٣٦"ی "جرجي زيدان". لەبارەی (توقيع)یشەوە، بڕوانە هەمان کتێبی إبن خلدون (ل٢٤٧) و هی "جرجي زيدان" (ب١، ل٢٥٤).
میرانی کوردیش بە گشتی مۆرو ئیمزایان لە یەکتر جیاواز بوون.

یانی (مورادی سێهەم) و بە مێژووی (١٠٠١ك)یە (=١٥٩٣ز) کە نوسخە ئەسڵییەکەی لە ئەرشفی عوسمانیدایە لە ئیستەمبول لەژێر نمرەی (A.NST/١١٣٨) و دانەیەکم بە فۆتۆکۆپی لەلایە کە داوای پلەی عەسکەری کردووە بۆ کوڕەکانی ضیاء الدین و (سەیدی) و علیخان و مصطفی کوڕانی خلف بەگی برای و هەروەها پلە و تەعیین کردن بۆ بڕێك لە پیاوەکانی.

مۆرەکەی هێلکەییە درێژییەکەی (٣×٢سم)ە لە سەری نووسراوە "راجی لطف الهی شرف" نووسینەکەی شێوەی خەتی (تعلیق)ی فارسییە ئەمەش وێنەیەتی.



مۆری شەرەفخان

ئەم بەڵگەنامە (عەریزە)یەی شەرەفخان بە تورکییە و لە شێوە خەتی فارسی (تعلیق)ی شەرەفنامە نییە بەڵکو خەتەکەی (دیواني) و (رقعة)ی بەسیتە یانی بە (قواعدی) و (خطاطی) نەنووسراوە لەبەر ئەمە ناتوانم بڵێم خەتی شەرەفخانە یان یەکێکی دیکە نووسیویەتی و ئەویش مۆرو ئیمزای کردووە خەتەکەی جوان یان مەیلەو جوانەو (تلخیص)ەکەی بە خەتێکی دیکەیە کە صیغەی پێشکەش کردنەوەی بۆ سوڵتان تێدایە بەڵام ڕەنگە عبارەتی "سنە احدی و الف" کە لە ژێر تلخیصەکە نووسراوەهی شەرەفخان بێ چونکە بە خەتی یەکێکی ماهر لە خەتی (شکستە)ی فارسی-دەچێ. هەروەها ئیمزای "بند شرف"یش لە ژێر عەریزەکە پێ دەچێ خەتی ئەو بێ.

جا بەپێی ئەم بەڵگانە گومان لەلام نەما کە ئەم تابلۆیانە کاری دەستی شەرەفخان خۆیەتی و پاش ڕەنجێکی زۆر توانیم شەرەفخانێکی هونەرمەند (رسام) بدۆزمەوە. هەروەها شەرەفخانێکی نەقاشیش کە بالادەستەی

نەقاشـیش لـە تابلۆکانـدا دیـارەو بخەمـە پـاڵ هونەرمەنـدە کۆنـەکانی کوردستان: مهرانی فارقینی و زانایی فیزیایی و ئەندازیاری میکانیکی ابن الرزازی جزیری و محمدی حەسەنکێفی و مظفری حەسەنکێفی. گومان نییە شەرەفخان هەر تەنیا ئەم بیست تابلۆیانەی دروست نەکردووە بەڵکو زۆر تابلۆ و وێنەی دیکەی بەرهەم هێناوە بەڵام لەنێوچوون بەتایبەتی بەهۆی تالآن کردنی نامەخانی گەورەی میرانی بدلیس لەسەر دەستی تاوانبار مەلیك ئەحەمد پاشای تورك وەك لە ئەوەڵی ئەم باسەدا باسم کردووە کە حەزارەتێکی کوردی کە سەری هەڵدابوو لە بدلیس تارۆماری کرد.

دەتوانم بڵێم عەبدال خانی نەوەی شەرەفخان کە ئەولیا چەلەبی دیویەتی و وەسفی داوە کە هونەرمەندێکی گەورە بووە لە وێنەو هونەری نەخش دا لە بەردەستی فێری ئەم دوو هونەرە بوەو ڕەنگە کەسانێکی دیکەش پێ گەیشتبن لەبەر دەستی شەرەفخان.

لەگەڵ تالآنکردنی ئەو نامەخانە گرنگ و مەزنە کە چەندین دەستنووسی وێنەکراو لە نێویدا هەبوە و زۆر تابلۆی دیکەی هونەریی جیا کە ئەولیا چەلەبی لە کاتی تالآنکردنیاندا لەوێ ئامادە بووەو دیویانە و باسیانی کردووەو دیویەتی چۆن کەسانی جاهل و دژ بە حەزارەت ئەو وێنانەیان دەدڕاند —لەگەڵ ئەمەش دوور نییە هەندێ کاری دیکەی هونەریی شەرەفخان بدۆزرێتەوە لە دواڕۆژدا لە نێو هەندێ دەستنووسدا و کەسانی بە توانا بتوانن دەستنیشانیان بکەن بەپێی ئەم تابلۆیانەی شەرەفنامە کە دەبنە هۆی ناسینی کاری دەستی شەرەفخان. لە نامەخانەکانی زۆر دەوڵەت لە هەندێ دەستنووسدا وێنە هەن و یان تابلۆی جیاجیا کە تائێستا نەزانراوە کاری کێن.

خوێندنەوەی چەند نووسینێکی زۆر وردی ناو وێنەکانی شەرەفنامەو لەوانە ئەم مۆرو توڕەیە، کارێکی ئەوپەڕی قورس بوو، شانازی بە

شیکردنەوەیانەوە دەکەم. هاوکات شانازی بە لێکۆڵینەوەی وردو قووڵچو فراوانی هەر بیست تابلۆکەوە دەکەمو، بە یەکێك لە باشترین کارەکانی خۆمی دادەنێم.

زانای ئەنسکلۆپیدی (موسوعی)ی کورد شەهید مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی کە شەوی ٢٦-٢٠٠١/٣/٢٧ بەدەستی کەسانێکی تاوانبار لە بەغدا تیرۆر کرا، لە نامەی ڕۆژی (١٩٩٩/٤/١٢)یدا، سەبارەت بەم کتێبە، بۆی نووسیوم: (( خودا ئەزانێ ئەو وردەکارییەی تۆ دەربارەی تابلۆکان نیشانت داوە خودی نەقاش- یانی شەرەفخان- بەخەیاڵیا نەهاتووە. ئەمە لەوە ئەچێ: جارێك أبو نؤاس بەتەك قوتابخانەیێکا ڕائەبووری. مامۆستا شەرحی بەیتێکی أبو نؤاس ئەکات:

ألا فاسقني خمراً وقل لى هي الخمر
ولا تسقني سرّاً اذا أمكن الجهر

مامۆستا بە قوتابیان ئەڵێ: کوڕانم بۆیە أبو نؤاس ئەڵێ: (وقل لي هي الخمر) بۆ ئەوەی بە گوێچکە ناوی (خمر) ببیستێ گوێی لەززەت وەرگرێ. ئەڵێ (ولا تسقني سرّاً) بۆ ئەوەی بە ئاشکرا شەرابەکە ببینێو چاوی لەززەت ببات. ئەبو نؤاس ئەچێتە ژوورەوە ئەڵێ زۆر سوپاست ئەکەم. خوا ئەزانێ ئەم هەڵبەستەم لەکاتی سەرخۆشییا وتومە ئاگام لە خۆم نەبووە ئەم وردەکاریەم بەبیرا نەهاتووە، خۆی پەیدا بووە)).



## ڕێبازی هونەریی وێنەکێش ( شەرەفخان )

تابلۆکان هەریەکە و لەسەر لاپەڕە یا پەڕەیەکی تایبەت و جیاواز لە دەقی نووسراوی کتێبەکە کراون، یەکێکیان نەبێ کە کەمێك نووسینی لەگەڵدایە و خراوەتە نێو چوارچێوەیش. تابلۆکان خراونەتە نێو چوارچێوە، بەڵام جاری وا هەیە بەشێکی وێنەیەك لە چوارچێوەکە دەرچووە. خۆ بە چوارچێوەوە نەبەستن خەسڵەتێکی قوتابخانەی تەیمووری بووە. هەر تابلۆیەك بەپێی شوێن و بابەتەکەی خۆی دانراوە، واتە لەگەڵ بابەتێکی نێو شەرەفنامەدا جووت کراوە. تابلۆی وایان تێدایە بە ناوەڕۆك بابەتێکەو، تابلۆش هەیە

بابەت و مانایەك زیاتری تێدا جێ کراوەتەوە. واتە هەیانە نیوەی بابەتێك و نیوەکەی دیکەی بابەتێکی دیکەیە. هونەرمەند تابلۆ و وێنەکانی نەداوەتە ناسین، ئەمەیش ڕێبازی زۆربەی هونەرمەندانی سەردەمی ئیسلامیە. ئیدی ناسینەوەی وێنەکان و مانا لێکدانەوەیان دەکەونە سەر ئەو کەسەی کە لێیان دەکۆڵێتەوە و ئەوەیش پشت بە ئاستی تین و توان و شارەزایی توێژەرەوە لە هونەری وێنەکێشیی ئیسلام و مێژووی ئەو هونەرە و خاسیەتی هونەریی قوتابخانە هونەرییەکانی سەردەمی سەلجووقی و قوتابخانەی بەغدا و مەغۆلی و تەیمووری و سەفەوی و لە مێژووی ئەو سەردەمانە دەبەستێ.

کەسانی نێو تابلۆ هەمیشە بە ڕوخسار و سەرو سەکوت و جلوبەرگ و ڕێکوپێکییان و بە باری دەروونی و جۆری جووڵانەوەی ئەو کاتەیاندا دەناسرێنەوە، بۆ نموونە گەورە پیاوی وەك میر و پاشاکان بەوە دەناسرێنەوە و جوێ دەکرێنەوە کە شوێنیان لە نێو وێنەکاندا دیارە وەك شوێنی دانیشتنیان و جلوبەرگیان ناوازە و نایابە و تاجیان لەسەر کردووە و فنجانیان لە بەردەمدایە و گوڵنکە و باوەشێنیان بەبان سەرەوەیە و بە خەرمانە دەوری سەریان دراوە و وێنەی مانگ لەپشت یا بان سەریانە و پاسەوانیان بە دەورەوەیە و هەندێك شتی دیکەیش. بۆ نموونە، سوڵتان سەلیم لە تابلۆی (شەڕی چالدێران)دا بەوە دەناسرێتەوە کە ئەسپەکەی زلە و گوڵنکە لە ملیدایە، چونکە هیچ ئەسپێکی دیکەی بەرەی عوسمانی لەو تابلۆیەدا وا زل و گوڵنکە لە مل نەکراوە. هەروەها دوو کەسیش لە پێشەوەیدان، هەریەکەیان (تەبەرزین)یان بە دەستەوەیە، تەبەرزین لە شوێنی وادا نیشانەیەکی شایانەیە.

هەنـدێك تـابلۆی شـەرەفنامە پـڕ لـە وێنـەن، چـونكە بابەتەكـە وای پێویـست كـردووە، وەك تـابلۆی شـەڕی چـاڵدێران و شـەڕی ئەدرنـە و شـەڕی بـدلیس. هونەرمەند یەك دوورایی (بعد)ی بۆ وێنـەكان داناوە و ڕووتـەختن، واتـە دووری و نزیكی‌یانی وەك یـەك وێنـە كـردووە و قـووڵی (العمـق) –دوورایـی سـێیەم (البعـد الثالـث–المنظـور)– ی پـێ نـەداون و بـە دوو دوورایـی درێـژیی و پـانیی وێنـەی كێشاون. بە واتایـەكی دیكـە، نـەیكردووە وێنـەی نزیـك گـەورە و هـی دووریـش بچووك بكێشێ. ئەمە ڕێبازی زۆربەی هونەرمەندانی زەمانی ئیسلامی بووە، وەك (ابن الرزاز)ی جزیـری و (الواسطي–یحیی بن محمود بن یحیی بن ابي الحسن بن كوریهـا الواسـطي). قوتابخانـەی هونـەریی كـاتی مـەغۆل (ئێڵخـانی) كـە لـە سـەرەتاكانی سـەدەی چـواردەهەمدا پەیـدا بـوو، دوورایـی سـێیەمی تێـدا بـەكاردەهات، بـەڵام قوتابخانـەی هونـەریی تـەیمووری (كـەمێكی سـەدەی چواردەهەم و سەدەی پازدەهەم) دوورایی سێیەمی تێدا بەكارنەهاتووە[٢٦] .

وێنەكێشی تابلۆكانی شەرەفنامە بایـەخی بە سروشت داوە، هـەر لـە دیمـەنی سروشتی وەك شاخ و دەشت و ڕووبارەوە تا گیانلەبەر و گیا و گۆڕ و خانوو بـەرە و كـەل وپـەلی نێومـاڵ. جا بۆ ئـەوەی ئـەم هـەموو شـتانە لـە تـابلۆدا جـێ بكاتـەوە سەرەتای تابلۆی درێژ كردووەتەوە و كۆتاییەكەیشی تەسك كردووەتـەوە. ئیـدی كـەمێكی ئاسمـان لـە تابلۆكانـدا دیـارە و هەنـدێك جـاریش هـەر نـەماوە. بۆیـە دوورایـی سێیەمی بەكارنـەهێناوە. هونەرمەنـد وێنـەی ئاسمـانی بـە ڕەنگـی شـین كردووە، بەڵام لـە هەنـدێك تـابلۆدا ڕەنگەكـەی زێڕینـە، وەك تـابلۆی ژمـارە (١و ٥و ١١). لـە تـابلۆی ژمـارە (١٢)دا ئاسمـانی ئـاڵتوونیی لـە هنـداوی شـاخی شـین و شەوقداری بەرامبەر بە زەوی و زار و دەشتی سـەوز و نەخشی بچووكی لوولـەیی لـە ئاسمانـدا بـەكارهێناوە. ئـەم نەخـشە لـە قوتابخانـەی مەغۆلیـشدا هـەبوە، پەڵـە

[٢٦] بڕوانە: الدكتور حسن الباشا، التصویر الاسلامي في العصور الوسطی، ص٢٠٨، ٢٤٥.

هەورەكانیش بە شێوەیەكی گشتی كۆمەڵێك نیوە بازنەن و شێوەیان كەوانەیی و نیمچە كەوانەیی و بچووك و سپیەیە و ڕەنگی سپی زۆر كراوە لە دەوری پەڵە هەورەكان دانراوە كە ڕەنگدانەوەی هەورەكانە لە دەوروبەریاندا بە ئاسمانەوە. هونەرمەند ئاسمانی لە تابلۆیی سێهەمدا زۆر بە تەسكی كردووە تا شێوە نەخشێك بدات كە وەك سەرە چوارچێوەیەكی لێ هاتووە. لە تابلۆی نۆهەمدا كە هی ئاگیل و قەڵای ئاگیلی دیاربەكرە وێنەی ئاسمانی لەملاو ئەولای بەشی سەرووی تابلۆكەدا كێشاوە، بەڵام لە هەرە بەرزترین خاڵیدا ئەوەی نەكردووە تا ئەوە بكاتە نیشانەی بەرزیی ئەم قەڵایەی كوردستان وەك بڵێی لە بەرزیدا گەیشتووەتە كەشكەڵانی فەلەك. لەوانەیە گەلێك خاڵ و مانای وا ورد و پڕ لە زەوقی هونەری و شاعیریم لە لێكۆڵینەوەی ئەم تابلۆیانەدا لێ بزر بووبن.

وێنەكێشی شەرەفنامە پانتایی درەخت و گیاكانی زۆر بە تەنكی و كاڵی ڕەنگاندووە و یەكجار چڕوپڕ نین. هەروەها وێنەكانی بەشێوەیەكی واقیعبینانە كردوون، ئەگەرچی پەنجەرە گەورەكەی نێو تابلۆی پێنجەم كە لەبارەی شاری جزیرەوەیە ڕەمزییە و نیشانەی خانوویەكی گەورەیە. هەروا درەختی نێو تابلۆكانیش گوڵدار بن یان بێ گوڵ واقیعی و ڕاست نین، بەڵكە لە سروشت لایانداوە (محوّرة عن الطبيعة). ئەم جۆرە درەختە ناسكە لە سروشت لادەرانە لە وێنەكانی قوتابخانەی مەغۆلی و تەیمووری و سەفەویشدا هەن و هونەری عوسمانی وەریگرتووە. هونەرمەندان وێنەی ئەم درەختانەیان لە یەكدی وەرگرتووە. بەڵام درەختەكانی نێو تابلۆكانی (الواسطي)ش كە ساڵی ٦٣٦ی كۆچی (١٢٣٧ز) لە دەسنووسی (مقامات الحريري)دا كردوونی لەم چەشنە درەختە نین و بەشی هەرە زۆریان گەورەن و هەندێكیان نەبێ —وەك دارخورما— ئەوانی دیكە هەموو لە سروشت لایان

داوه[٢٧] . له تابلۆی دەهەمدا درەختێك له شێوەی گوڵدا کراوه که شێوەی تاجی سێ سووچ دەدات و درەختێکی غەریب و لەسروشت لادەره.

هەندێك له گیاکانی تابلۆکانی شەرەفنامه که زۆربەیان گیا سوێسنەن، واقیعین و له تابلۆی پازدەهەمدا به گوڵەکەیدا باش دەناسرێتەوە. گیاکانی دیکه زۆربەی زۆریان واقیعی نین و له تەختی تابلۆکاندا ڕاخراون و وەك هی قوتابخانەکانی دەوری ئیسلامەتی له سروشت لایانداوه. شاخه بەردینەکان زۆر به جوانی وێنه کێشراون و لەگەڵ ئەو درەخته ناسکانەدا که له بەرده وشکەکاندا سەوز بوون شێوەی نەخش (زەخرەفه) دەدەن. بەردەکانیش به چەند ڕەنگێکی کراوەی ناسك ڕازێندراونەوە و هەر زۆر هاوجووتی شاخه بەردینەکانی کوردستانن. بۆ نموونه بڕوانه تابلۆی نۆهەم، شەرەفخان وێنەی بەردەکانی شاخی هەندێك جار بەلاری کێشاوه. سوڵتان محەمەدی هونەرمەندی گەوره ئەم شێوازەی هێنایه گۆڕێ که بەڕێوەبەری قوتابخانه یا ئەکادیمیی هونەر بوو له کاتی (شا تەهماسب)دا و ڕەنگه شەرەفخان قوتابیەکی ئەو بووبێ و ئەم خاڵه خاسیەتێکی هونەری سەفەوییه[٢٨] . شاخی هیزان له تابلۆی دوازدەهەمدا به ڕەنگی شینی تۆخی پرشنگدار وێنه کێشراوه که دیمەنی جوان و زەوی و زاری سەوزی هیزان پیشان دەدات. هونەرمەند ئادگاری دەموچاوی مرۆڤی کوردی له تابلۆی چاڵدێران و چەند وێنەیەکی شەرەفنامەدا جوان دەرخستووه، به تایبەت هی میرانی کورد و پیاوی دەوری چل ساڵه و بەرەوژوور. بەڵام دەموچاوی گەنجەکانی زۆر خڕ و گووپن کێشاوه و باش ئادگاری کورد به دەستەوە نادەن. ئەوەیش کاریگەریی قوتابخانەی مەغۆلییه که بەرەو خوار هاتووەته نێو قوتابخانەی سەفەوی، چونکه هەندێك لەو دەموچاوه خڕپنانه هی مەغۆلین.

---

[٢٧] بڕوانه تابلۆکانی (واسطي) له کتێبی (مقامات الحريري المصورة)ی ناهده عبدالفتاح النعيمي.

[٢٨] بڕوانه: نعمت اسماعيل، فنون الشرق الاوسط في العصور الاسلامية.

وێنەی چەند ئافرەتێکیشی بە کاریگەری قوتابخانە هونەریەکانی پێشوو خڕ و گۆشتن کردووە و دەموچاوی کوردیش کەم گۆشت و مەیلە و درێژە.

لە زۆربەی ئەو قوتابخانانەدا وێنەی دەموچاوی ژن خڕ و قەڵەو و چاو بادەمیی تەسك و لارن. ئەو دەموچاوانە لە ڕەگەزی تۆرانین و بەهۆی هونەری ئێرانییەوە لە عیراق و میسر و وڵاتی شامدا بڵاو بوونەتەوە[٢٩]. ئەوە لە زۆر وێنەی (الواسطي)شدا دەبینرێت. هەرچی وێنەکێشی شەرەفنامەیە چاوی بادەمیی تەسکی لار و دەموچاوی خڕی بۆ ئافرەتان بەکار نەهێناوە، بەڵکو چاوی ئاسایی کوردیی وێنە کێشاوە. لەبەرئەوە دەموچاوی ئافرەتەکان شێوەی مەغۆلی یا بڵێین ڕەگەزی تورکی وەرنەگرتووە. لە گەلێك جێگادا خاڵی لەسەر ڕوومەتی ژن داناوە و ملیشی باریك کردووە. ئەگەر ئەم دوو سیفەتە لە هەندێك شوێندا نەبووبایە ژن لە پیاو جویێ نەدەکرایەوە، چونکە زۆرجار سەروکلاوی ژن لە هی پیاو جویێ ناکرێتەوە و وەکو یەکن. هونەرمەند وێنەی ئافرەتی بەبێ خشڵ کێشاوە و تەنیا گوارەی بچووك نەبێ وەك ئەوەی لە گوێچکەی پیاوەکاندا دەبیندرێت و ئەمەش ڕێبازی زۆربەی هونەرمەندانی سەدە ناوەنجیەکان بووە و وەك هی کاتی مەغۆلی و سەفەوی و عوسمانی تا سەردەمی (شەرەفخان)یش هەبوە. وێنەی ژن بە خشڵەوە زۆر کەمە.

هونەرمەند پەنجەی دەستی مرۆڤی درێژ و باریك وێنە کێشاون بە زیادەوە وێنەی زۆربەی لاوەکانی بێ ڕدێن و بێ سمێڵ و هی زۆربەی بەساڵدا چووانیشی بە سمێڵەوە کێشاوە و بێ ڕدێن و ڕدێنداریشیان تێدایە، وەکوو زۆربەی میرانی کورد کە ڕدێن و سمێڵیان هەن. هەندێکیان ڕدێنیان تەنك و هەندێکیشیان پڕە، وەك ڕدێنە گەورەکەی ئەسەدەددینی هەکاری. هەیشیانە ڕدێنێکی کەمی لەسەر چەناگەی هێشتووەتەوە، وەك ئەو ئەسپ سوارەی تابلۆی ژمارە (١٢) کە لە بارەی میرنشینی

---

[٢٩] نعمت اسماعیل، فنون الشرق الاوسط في العصور الاسلامیة، ص٢٠٠.

هەكاری‌یەوەیـە. جـۆرە ڕدێنێکـی دیکـەی هەیـە وەك هـی پێـشوو لەسـەر چـەناگەیەتی، بـەڵام بـە خـەتێکی باریـك تـا لای گوێـچکەی چـووە. ئـەولیا چەلەبی سـاڵی ١٠٦٥ی کۆچـی (١٦٥٤-١٦٥٥ز) لـە لاپـەڕە (٢٠٩)ی بـەرگی چوارەمی سیاحەتنامەکەیدا گوتوویە: ((کوردانی ناوچەی هەکاری سمێڵیان قیتـە و ڕدێنیـان دەتاشـن، ئـەوە نـەبێ کـە نـەختێك ڕدێـن لەسـەر چەناگەیان دەهێڵنەوە و کاکۆڵ (گولی)یکی تەنکیش بە نێوچاوانیاندا بەردەدەنەوە)). لە لاپەڕە (٣١٧)یـشدا دەڵێـت: ((کـوردانی مـەحموودی لـە ناوچـەی (وان) ڕدێـن ناتاشن و بـە ڕەنگـی ئـاڵ و شـین و سـوور و زەرد دەیـڕەنگێنن)). هونەرمەنـد بایـەخێکی زۆر بە ڕەنگکردنـی جلوبـەرگ داوە و نەخـشی جلوبەرگـەکانیش بەزۆری وێنەی گوڵە، تا ئەوە پیشان بدات کە قوماشەکە گوڵـدارە. لـە گـەلێك شـوێندا بـەم شـێوەیە جلوبـەرگی نـەخش کـردووە. شـایانی باسـە لـە کـاتی (بەهزاد)ی مامۆستای گەورەی هونـەری سـەفەویدا -یـانی لـە سـەردەمی شـا ئیسماعیلدا- نەخشکردنی جلوبەرگ لە وێنەدا باو بووە. بەڵام لە سەردەمی شا تەهماسبدا ئەوە باو نەبوە و ئەگەر نەخشیش بکرابان بە خاڵ خاڵ بـووە ئەگەرچـی ئێـستا بـە تـەواوی بـۆم دەرنەکـەوتووە کـە هونەرمەنـد سـەر بـە قوتابخانـەی هونــەریی ســەفەوی‌یە. بــەڵام هەنــدێك کاریگــەری (تــأثیر)ی قوتابخانە هونەریەکانی پێشتر لە وێنەکانیدا دەدۆزرێتەوە ئەمەیش شتێکی سەیر نییە چونکە هونەری گەلان کاریان لە یەکتری کردووە. لەبەرئەوە درێژ باسی ئەم خاڵە ناکەین و هەر ئـەوە دەڵێین: قوتابخانـەی هونـەری بەغدایش گەلێك شتی لە هونەری سەلجووقی و ئێرانی و هونەری مەسیحیی خۆرەڵات وەرگرتــوون و، بگــرە کــاری هونــەری ساســانی و مــانی و هەلنــستیش بــە وێنەکانــەوە دیــارە، وەك دکتــۆر زکــی محمــد حــسن و هــی دیکــەیش

گوتوویانە[٣٠]. (واسطي) کە بە گەورەترین وێنەکێشی قوتابخانەی بەغدا حسێب دەکرێت ئەو کاریگەریانە بە وێنەکانیەوە دەرکەوتوون.

لە زۆربەی تابلۆکانی شەرەفنامەدا جۆش و خرۆش و گیانی پڕ زەوق و شادی بەدی دەکرێن، لە دیمەن و جوانیی سروشت و دەشت و شاخ و ڕووبار و زەریای مەڕمەڕە و کۆڕی گۆرانی و مۆسیقا و یاریی گۆ و دیمەنی ڕاو لە ناوچە شاخاویەکاندا و کۆڕی میرانی کورد و کۆڕی شا تەهماسبی شای ئێران و سوڵتان عوسمانی عوسمانیدا. لە تابلۆکانی شەڕوشۆڕدا گیانی ئەوپەڕی زەبروزەنگ و سەختگیریو سەربڕین دیارن. تابلۆی شەڕی چاڵدێران تابلۆیەکی یەکجار بەرزە. هەر تابلۆیەك بە پێی بۆنەکەی جوان کێشراوە، وەك مەسەلەی یاسا و زانست و مەعریفەت و دینداری لە تابلۆی ژمارە (١٩)دا کە لەبارەی سوڵتان (محمد الفاتح)ـەوەیە کە وا پاشایەکی بە سیاسەت و دادپەروەر و هاندەری زانست ناسراوە. هونەرمەند مەسەلەی کشتوکاڵ و بازاڕ و کڕین و فرۆشتنی لە یادنەکردووە و لە هەردوو تابلۆی ژمارە (١١ و ١٢)دا ئەمانەی بەرجەستە کردووە. ئەمە سەرجەم بەکارهێنانی ڕەنگی جوان و پێکەوە گونجاو.

## سوودوەرگرتن لە هەندێك سەرچاوەی هونەری

[٣٠] دکتور زکی محمد حسن، مدرسة بغداد في العصور الاسلامية، ل٣٢-٣٧ و، ناهدة عبدالفتاح النعيمي، مقامات الحريري المصورة، ل٦٠.

ئەمەی دواییان کاریگەریی هونەری مەسیحیی خۆرەلاتی و فارسیی کردوون بە پێخۆری وێنەکانی.

ئەگەرچی وێنەکانی شەرەفنامە دەچنەوە سەر قوتابخانەی هونەریی سەفەویی یەکەم، بەڵام وێنەکێش سوودی لە تابلۆی یەکەمی دەستنووسی (منافع الحیوان) وەرگرتووە کە وێنەکانی سەر بە قوتابخانەی هونەریی ئیڵخانی (مەغۆلی)ن، چونکە تەختی سوڵتان عوسمان لە تابلۆی ژمارە (١٧)دا لەسەر شێوەی تەختی سوڵتان (مەحموود غازان) (١٢٩٥-١٣٠٤ز)ی کوڕی ئەرغون کوڕی ئاباقای کوڕی هۆلاکۆ و شێوەی دانیشتنی هەردوو سوڵتانیشی وەك یەك وێنە کێشاوە. تەختی سوڵتان عوسمان سێ لای بە تەختە گیراون و لە پێشەوە کەمێك کراوەیە و یەکسەر لەسەر سەکۆیەك دانراوە. تەنانەت هەردوو تەختەی تەنیشتەکانی پێشەوەیان (١٠٠٪) وەکو یەکن و، تەنیا جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە هینەکەی سوڵتان عوسمان بێ قاچە و تەختەیەکی مەیلەو باریك لە دەمەکەیدا دانراوە کە ڕەنگە پاش دانیشتنی سوڵتان ئەمجا خرابێتە بەردەمی. دانیشتنەکەیشی وەك هی مەحمود غازانە، بەڵام ئەم دەستە چەپی بەلای سنگیەوە بەرز کردووەتەوە و مەحمود غازنیش دەستەڕاست و دەستەچەپی وان لەسەر ڕانی. گومانم لەوە نییە کە شەرەفخان ئەم وێنەیەی سوڵتان مەحمودی دیوە کە وا لە دەستنووسی (منافع الحیوان)ی (عبیداللە ابن بختیشوع)ی نۆشدار (طبیب)ی دەوڵەتی دۆستکیی کورددایە. دانەکەی نامەخانەی مۆرگان لە نیویۆرك و ئەم دانەیەیش لە نامەخانەی (شەرەفخان)دا بووە، چونکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەهەمدا یا کەمێك پێشتر کەوتوەتە نێو نامەخانەی (شمس الدین بن ضیاء الروشکی)ی لە باپیرانی شەرەفخان کە لە میرە هەرە گەورەکانی بدلیس بووە و سکەی لێداوە. ئەم دەستە وشەیە لەنێو نەخشێکی جوانی سەر پشتی دەستنووسەکە هەیە و مۆری (شمس الدین)یشی لەسەرە کە ئیمزایەکی بادەمیەو ناوی (شمس الدین) بە شێوەی (طغراء) لە ئیمزاکەدا نووسراوە. هەروەها هەمان ئیمزای (شمس

الدین) لەسەر دەستنووسی کتێبی (ابن الرزان)دا هەیە کە دانەکەی وا لە نامەخانەی (طوپ قاپی) و نیشانەی ئەوەیە کە ئەمیش لە دەستنووسە وێنەکراوەکانی نامەخانەی میرانی بدلیس بووە. ئەمەش وێنەی ئەو ئیمزا بادەمییەی (شمس الدین):



دەبێ ئەم دوو دەستنووسەی جزیری وەك (منافع الحیوان) لە نێو تالآنیی نامەخانەی عبدال خانی ئەوەی شەرەفخاندا بووبن. لێکچوونی ئەم دوو وێنەیە بەڵگەیە بۆ ئەمە و، تا ڕادەیەکیش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم تابلۆیانەی نێو شەرەفنامە دەستکردی (شەرەفخان)ن و بەڵگەیشە کە شەرەفخان لە تابلۆکانی خۆیدا سوودی لە وێنەکانی ئەم دەستنووسەی (منافع الحیوان) وەرگرتووە، وەك ئەم وێنەیە و وێنەی کڵاوی مەغۆلیی تابلۆی ژمارە (١٧)و وێنەی کڵاو یا تاجی (ئورتووق)ی تابلۆی ژمارە (١٣) لە وێنەی کڵاو یا تاجی (مەحموود غازان)ەوە وەرگرتوون. (منافع الحیوان) لە سەدەی سیازدەهەمدا بە فەرمانی سوڵتان مەحموود غازان لە لایەن (عبدالهادی کوڕی محمدی مەراغی)یەوە لە عەرەبی‌یەوە کراوە بە فارسی و هونەرمەندێکیش وێنەکانیان کێشاوە و ڕەنگیشە کڵاوی ئەرتووقی لە (ابن الرزان)ەوە وەرگرتبێ لە وێنەیەکی لە نێو سەعاتی (فنکان الشمعة)دا کە پاشان باسی دەکەین.

جێی باسە وێنەکێشی شەرەفنامە لە کێشانی وێنەی ئەسپدا لاسایی وێنەی ئەسپی نێو دەستنووسی (منافع الحیوان)ی نەکردوەتەوە و جیاوازی لەنێوان وێنەی هەردوو دەستنووسەکەدا هەیە. تەنانەت ئەوانەی شەرەفنامە وێنەی ئەسپیان زۆر بە جوانی و باریك و شووشی تێدا کێشراوە، وەك بڵێی وێنەکێش عاشقی ئەسپ بووبێ و شەرەفخانیش سوارچاك بووە و لە چەندین شەڕدا بە هێزی ژێر فەرماندەیی خۆیەوە بەشداری کردووە وەك شەڕی (ڕەوان)و گورجستان لە ٩٩١ی (١٥٨٤ز)دا.

# ڕەنگەکان

شەرەفخان لە تابلۆکانی شەرەفنامەدا جۆرەها ڕەنگی وەك سپی و سوور و زەرد و کەسك و شین و ڕەش و پەمەیی و پرتەقاڵی و زێڕی و زەیتوونی بەکارهێناون. هەندێك لەو ڕەنگانە تۆخن و هەندێکیش کاڵ و کراوە. بۆ ئاسمانیش خۆی بە یەك ڕەنگەوە نەبەستووەتەوە و، جاری وایە ڕەنگی شین (بڕوانە: تابلۆی ژمارە ٣و ٧و ٨و ١٠و ١٦)و جاری وایش هەیە ڕەنگی زێڕیی (وەك تابلۆی ژمارە ٥و ٦و ١١و ١٢) بەکارهێناوە و، ئەمەیش لای هونەرمەندانی کۆن پێڕەوی کراوە. لە تابلۆی ژمارە (١)دا ڕەنگێکی لە نێو زەرددا و لە تابلۆی ژمارە (٩و ١٥)یشدا ڕەنگی مۆری بەکارهێناوە. نەخشی پێاوپێچ (لولبي)یشی لە وێنەی ئاسماندا بۆ پەڵە هەور تەرخان کردووە.

هونەرمەند لە ڕەنگەکانیدا زۆر سەرکەوتوو بووە و زۆر ڕەنگ و پلەکانی ڕەنگ یانی (تۆن)ەکان–بەپێی ئەو کاتە بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە تابلۆی شەڕی چاڵدێراندا زیاتر لە حەفتا (٧٠) ڕەنگ و پلەکانی ڕەنگی بەکارهێناوە کە بەڵگەی توانایی و باڵادەستیی ئەوە. هەروەها لە دابەشکردنی ڕەنگەکانیدا لەسەر ڕووی

تـابلۆ چ لـه ڕەنگـه گـەرم و چ ڕەنگـه سـاردەکانداو لـه گونجـان (انـسجام)یانـدا سەرکەوتوو بووه.

بـەپێی مانـای گـشتیی تـابلۆ ڕەنگـەکانی بـەکارهێناوه. بـۆ نموونـه لـه تـابلۆی سێزدەهەمدا که لەبارەی نەخۆشی دەمارگیری (اعصاب)ەوەیه، ڕەنگی ئەرخەوانی (وەنەوشـەیی)ی زۆری تێـدا بـەکارهێناوه کـه مانـای هێمنـی دەبەخـشێ، چـونکه نەخۆشـیی دەمـارگیری پێویـستیی بـه کەشێکی هێمن (هـادیء) هەیـه. هـەروەها تـابلۆی جڤـات (مجلـس)ی شـەرەفخان کـه زۆرتـر ڕەنگـەکانی تێکـەڵاون لـه مـۆر و ئەرخـەوانی. لـه تـابلۆی شـەڕی چاڵدێراندا ڕەنگـەکانی گـەرم و سـاردی تێکـەڵاو کردووه لەگەڵ زۆرکردنی هێڵە چەماوەکان (خطـوط منحنیـه–مقوسـات) تـا مانـای جۆش و خرۆش ببەخشێ که ڕێکه لەگەڵ ئەو شەڕە گەورەیەدا.

وەك لەپێشدا گوتمان پاش ئەم باسه دەکەوینه لێکۆڵینەوەی تابلۆکان له ڕووی هونەرییـەوه، جا ئەگـەر لـه هەنـدێك جێگـا و بۆچووندا بـه هەڵـەدا چووبین، ئـەوا داواکارین کەسانێکی شارەزا ڕاستیان بکەنەوه، چونکه ئەو بابەته ئاڵۆز و قورسه و ئـەم باسـەی ئێمـەیش –ئەوەنـدەی پێمـان زانیبێ– یەکـەمین باسـی تایبەتـه کـه تـا ئێـستا لەسـەر ئـەم لایەنـەی کەلـەپوورمان دەنووسـرێت و بەشـێکه لـه هونـەری وێنەکێشی (فن التصوير)و هونەری شێوەکاری (الفن التـشکيلي)ی کـوردی، وا لـه خوارەوه چەند پێویست بکات له یەك به یەکی تابلۆکان دەکۆڵینەوه[31] .

## تـابلۆی یەکەم

[31] بـۆ دەسـت نیـشانکردن و ناسـینەوەی چـەند وێنەیـەك کـەڵکم لـەم بـرا هونەرمەنـده وێنەکێشانه وەرگرت: بەڕێزان کاك کامیل ئەحمەد، کاك ئیسماعیل خەیات کـه ئـەو نەبایـه هەڵەیـەکی گـەورەم دەکـرد، کـاك ئەحمـەد، کـاك قـادر میرخـان، کـاك ئـازاد حەمـدی، کـاك موحسین حسێن پیر و کاك علی جۆلا و کاك فرنسیس داودی مۆسیقاژەن.

# دیمەنێکی ڕاو لە هەکاری

تابلۆی یەکەمی شەرەفنامە بۆ باسی فەرمانڕەوایی هەکاری تەرخان کراوە و بریتییە لە دیمەنی ڕاووشکار لە ناوچەیەکی شاخاویی بەردەڵانی سەختدا. بێگومان هونەرمەند مەبەستی پێ هەکارییە کە مەڵبەندەکەی ئێستا شاری (جۆڵەمێرگ)ە و ناوچەیەکی شاخاویی زۆر سەختە. ئەوەی وا لە نێو درەختەکاندا سەرنج ڕادەکێشێ درەختێکی لە سروشت لادەرە (محوّر عن الطبيعة) کەوا لە دەستە چەپی تابلۆکەدا و بە بەرزیی شاخەکەوەیە و لە شێوەی سێ بارست (كتلة)ی خڕدایە و وەکو گوڵێکی سێ پەڕە. هەمان درەخت لە تابلۆی دەیەمیشدا هەیە. ڕاوکەرەکان بە سوار و پیادە و تانجی و باز -کە باڵندەی ڕاوە-وە بە شاخەکەدا وەربوون. لە بەشی دەستە ڕاستدا پیاوێکی ڕیش سپی بە چوار مەشقی لەبن درەختێك و لەسەر بەردێکی بڵند دانیشتووە بۆ ئەوەی تەماشای دیمەنی ڕاوکردنی خوار خۆی بکات. جلوبەرگی هی میرانی کوردە: مێزەری گەورە و کەوا و کراس (دشداشە)ی درێژی گوڵدار و گوڵنکەیەك لە پشت مێزەرەکەیەوە قیت بووەتەوە. هونەرمەند شێوە گوڵنکەی وای بۆ چەند میرێکی کورد بەکارهێناوە. ئەم مرۆڤە بە داروباردا هەر دەبێ میرێکی هەکاری بێ کە ئەویش زەکەریا بەگی کوڕی زەینەڵ بەگە و لە کاتی تەواو بوونی شەرەفنامەدا و ساڵی (١٥٩٧ی زاین) میری هەکاری بووە کە لە مەڵبەندی بەڵگەنامەی عوسمانی لە ئیستەمبول و بەڵگەنامەیەك بە ناویەوە هەیە (مهمه دفتري ٦٤، نمرە٥٧٣) دانەی دراوەتە (٣٥) میری کورد کە یەکەمیان شەرەفخانە و دانەی فۆتۆکۆپیی لەلامە.



میر دەستی بۆ کوڕێك درێژ کردووە کە سینییەکی پڕ میوەی بۆ دێنێ و بە جلوبەرگ ڕەنگە لە بنەماڵەیەکی پایەبەرز بێ و کڵاوەکەیشی لە سنعەتی کوردی ناچێ، چونکە وەك فێسی سەر قووپاوە و دەورەکەی بە پانی بۆ سەرەوە هەڵگەڕاوەتەوە و ناوەکەی فەروەیە و هەردوولای کەنارەکانی لەلای نێوچاوانیەوە لێك نزیك بوونەتەوە و بۆشاییەکی سێگۆشەییان لە نێو خۆیاندا هێشتووەتەوە، واتە پێك نەگەیشتوون. دەبێ ئەم جۆرە کڵاوە لە خۆرەڵاتەوە بۆ کوردستان هاتبێ، چونکە کڵاوی تورکمانەکانی پشت زەریاچەی باکۆ (خەزەر)یە یا بڵێین کڵاوی ڕووسیەو پێدەچێ ئەم کوڕە خوڵامی میر بێ و ڕەنگە ئەمجۆرە کڵاوەیش تایبەت بووبێ بە خوڵامی تایبەتی دیوانخانان بۆ ناسینەوەیان.

دیارە زۆربەی کەسانی نێو وێنەکە بە جلوبەرگ و جێگا و باری دانیشتن و ڕاوەستانیانەوە دەناسرێنەوە و هونەرمەند لە کاتی وێنەکێشاندا ئەم خاڵانەی ڕەچاو کردووە. دەستەی مۆسیقاژەندن لە تابلۆکەدا لەسەر بەرزترین جێی ناوچەی ڕاوەکە ڕاوەستاون و ئامێرەکانیان بریتین لە دەهۆڵ و زوڕنا و بووق. بووق لێدەر وا لەلای ڕاستەوە و زوڕناژەن لە ناوەڕاستدا. دەهۆڵ لێدەر کە دارەکەی بەرزکردووەتەوە لە لای چەپدایە و، هەرسێکیان لە دەستەڕاستی میردا ڕاوەستاون و ڕوویان لە خوارەوە کردووە و مۆسیقا لێدەدەن، بۆ ئەوەی ئەگەر گیانلەبەر لەو ناوەدا هەبن هەڵبێن و بکەونە بەرچاوی ڕاوکەران. ئەمە لە کوردستاندا نەریت بووە. لە تابلۆکەدا بووقێك بەر بەردێك کەوتووە و بووە بە دوو لەتەوە و، زوڕناکەیش لەو جۆرە نییە کە سەلکەکەی لووسە، بەڵکە لێواری دەمەکەی ئەستوورە و بازنەییە. دەهۆڵەکەیش نیوچە درێژە و لە شێوەی ئەو دەهۆڵەدایە کە لە دەستنووسەکەی (ابن الرزاز)ی جزیریدا هاتووە و وا لە دەستی مۆسیقاژەنێکی نێو وێنەی سەر سەعاتەکەی جزیری. (بڕوانە: وێنەکەی لاپەڕە ٢٦٥ی کتێبی –الالات الموسيقية في العصور

الاسلامية—ی د.صبحي انور رشيد) دەهۆڵ زۆر لە مێژەوە لە کوردستاندا و دووهەزار ساڵێك پێش زاین لە عیراقدا هەبوە.

دەستەی مۆسیقاژەندن لە تابلۆکەدا مێزەریان وەك هی میر سپیەیە. مرۆڤێکی دیکە وا لە خوارووی میر و لەوە دەچێ دەفی لە دەستدا بێ. لە خوار میری هەکاریشەوە تفەنگچییەك بۆ تەقەکردن دانیشتووە، بەبێ ئەوەی هیچ گیانلەبەرێك دیاربێ و کوولەکەی باررووتیش بە قەدیەوە دیارە. لە خوار مۆسیقاژەنەکانەوە (بازەوان) دێت کە سواری ئەسپێکی ڕەش بووە و دەستکێشی لەدەستدایە و مەتاڵ بە قەدیەوە شۆڕ بووەتەوە و بازەکەیش سەرەوژێر دەفڕێ. وێنەی دوو باڵندەیش لە حاڵی فڕیندا وا لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا کە بازە. لە دامێنی تابلۆکەدا وێنەی ورچێکی ڕەنگ زەیتوونی کراوە، پەلاماری ڕاوکەرێکیانی داوە و فڕێی داوەتە سەر زەوی و ئەویش خەنجەرەکەیی لێ هەڵکێشاوە و هەڤاڵان بە تیر و ڕمەوە و تانجییەکەیش بۆ قوتارکردنی هاتوون. سوارێك لە تابلۆکەدا کڵاوی قووچە و شەڕواڵ و ستارخانیی لەبەردایە، ڕمەکەی بەرەو ورچەکە درێژکردووە و، دوو پیاویش لە پشت ئەم سوارەوەن دەستیان بۆ کونە بەردێك ڕاکێشاوە کە ڕەنگە کونە ورچ بێ. هەندێك لە ڕاوکەرەکان توێشەبەرەی خۆیانیان لە نێوقەدی خۆ بەستووە. لە خوار مۆسیقاژەنەکانەوە سوارێك هەیە شاڵی لەپێدایە، چونکە چەند خاڵێکی سەر شەڕواڵەکەی لەو جۆرە گوڵانەن کە لە بادینان و کوردستانی باکوور لەسەر شاڵ و شەپك (ڕانك و چۆغە) نەخش دەکرێن. ئەم شێوە ڕانك و چۆغەیە (تیارێ) کە ئاسووریەکان لە هەکاری دەیاندروو کاتی خۆی باوبووە. ڕانك و چۆغەی گوڵداری (زاخۆ و شەڕنەخ و مووش و ماردین)یش بەناوبانگن و، (ابن بطوطة) ساڵی ٧٢٨ی کۆچی (١٣٢٧–١٣٢٨ز) چووەتە ماردین و لەم ڕووەوە گوتوویە: ((لە ماردین ڕانك و چۆغە لە قوماشی مەرەز (مرعز) دەکرێت))[٣٢].

[٣٢] ابن بطوطة، رحلة ابن بطوطة، ل٢٣٨.

تـانجی لـه سـەردەمی ئەخمینیـدا هـەبوە. وەك هێـرۆدۆت نووسـیویە: خـەرجیی تانجیـەکان لـە وڵاتـی بابلـدا هێنـدەی داهـاتی چـوار گونـد بـووە (ص٥٨٢ من مقدمة طه باقر، طبعة ١٩٧٣).

ئەم تابلۆیـە پڕ مانا و خرۆشانە چەندین چەك و ئامرازی ڕاووشکاری تێدایە وەك تفەنگ و ڕم و شمشێر و خەنجەر و تیر و کەوان و تاژی (تانجی) و باز و دەهۆڵ و زوڕنا و بووق و، ئەسپی جوان و سوار و پیادەیشی تێدا بەشدار بوون. هونەرمەند بۆ تەختی ئەرزەکەی ڕەنگی زەرد و شین و پەمەیی و بۆ ئاسمانە هەوردارەکەیشی ڕەنگی زێڕینی بەکارهێناوە. ڕەنگی زێڕی لە هەندێك قوتابخانەی هونەریدا لە باتیی شین بۆ ئاسمان بەکاربراوە. لێرەدا چوارچێوەی تابلۆکـەیش گوڵـدار و زۆر جوانـە، گیـای لاولاویـی گـوڵزەرد لەسـەر ئەرزییـەکی مەیلـە و ڕەش و تـەختی تابلۆکـەش بـە ڕەنگـی زەرد و پەمەیی کاڵ ڕەنگ کراوە کە ئەمەی دوایی بۆ بەشی شاخەبەرد بەکارهێناوە و زیاتر لەگەڵیدا دەگونجێ.

ئەوەی شایانی باسە نە لـەم تابلۆیـەی ڕاو و نـە لـە تابلۆکانی دیکـەدا کـە وێنەی ڕاو و ئەسبابی ڕاویان تێدا هاتووە، وێنەی کەو و ڕاوەکەو نەهاتووە، لە کاتێکدا ئەم ڕاوەکەوە زۆر یا زۆرتر بووە لە کوردستاندا. ڕەنگە لەبەرئەوە بێ کە وێنەکێش زیاتر ڕوخسار و دەوری داوەتە ژیانی چینی دەسەڵاتداری کورد کە میرانی کوردە و ڕاویان بە باز و هـەڵۆ و تانجی بـووە و لـە ڕاوکردن بە کەو و ڕاوەکەو بەرزتر بووە.

# تابلۆی دووەم
# داگیر کردنی قەڵای دزێ لە هەکاری

تابلۆی دووەم لە پەڕەی ژمارە (٣٣)دایە و بەرامبەر بە تابلۆی یەکەمە و ئەویش هەر لەبارەی فەرمانڕەوایی هەکاری‌یەوەیە کە یەکێك بووە لە فەرمانڕەواییە کوردی‌یە هەرە بەهێزەکان. تابلۆکە داگیرکردنی قەڵای دزێ لەلایەن میر ئەسەدەدینی هەکاری و ئاسووریانەوە لە سەردەمی دەوڵەتی ئاق قۆینلوو (١٤٠٣-١٥٠٨ی زاین)دا پێشان دەدات. شەرەفخان لە پەڕەی ژمارە (٣٤)دا دەڵێت: یەکێك لە کوڕە میرەکانی هەکاری کە ناوی اسدالدین کوڕی گولابیی (کوڕی عماد الدین)[٣٣] بووە، چووەتە میسر بۆ لای سوڵتانە چەرکەسیەکان و لەشەڕەکاندا ئازایەتیی نوواندووە و لە شەڕێکدا دەستێکی

---

[٣٣] شەرەفخان لە پەڕەی (١٠٧-١٠٩)ی شەرەفنامەدا باسی فەرمانڕەوایی دونبولیی کردووە و گوتوویە: ((قسە و گێڕانەوەی ڕاست هەر ئەوەن کە ئەم خێڵە بە بنەڕەت ئێزدی بووە و لە بۆتانەوە بۆ ناوچەی هەکاری و (خۆی) لە ئازەربایجانی خۆراوا هاتووە. ئاق قۆینلووەکان بەشێکیان لە هەکاری (حکاری) بە شێخ ئەحمەد بەگی عیسا بەخشی. شا تەهماسب لە دەورانی دەوڵەتی سەفەویدا ناوچەی (خۆی)ی بە دونبولیەکان دا و ئەوانیش فەرمانڕەوایی خۆیانیان لێ دامەزراند))., بەم قسەیەی (شەرەفخان)دا دەردەکەوێ کە ئەم ڕووداوە مێژووییە لە زەمانی شێخ ئەحمەد بەگدا بووە و فەرمانڕەوایی (دونبولی)ش سەدان ساڵ لە ناوچەی (خۆی) ماوەتەوە و مێژووەکەیشی زۆر ڕوونە و چەندین میری زانایان لێ هەڵکەوتووە وەك میر عەبدولڕەزاقی دونبولی. لە کۆنەوە هەندێکی خێڵی دونبولی لە بەهدینان لای چیای (مەقلووب) و لە شەنگار (سنجار) هەن و لە ناوچەی دیاربەکریش هەن. ئەوانەی دیاربەکر بە شێوەزاری (زازا)- قسە دەکەن. لە بۆتان بە (زازا) دەڵێن (دونبولی).



بڕاوە و سوڵتانیش دەستێکی لە زێڕ بۆ کردووە. لە هەکاریش دەوڵەتی ئاق قۆینلووی تورکمان لە زەمانی (حسن الطویل) (١٤٥٣-١٤٧٨ی زاین)دا پەلاماری (عزالدین شێر)ی میری هەکاریی داوە و کوشتوویە و میرنشینی هەکاری داگیرکردووە و داویە بە دەستی خێڵە (دونبولی)یەکانەوە کە دژی میرانی هەکاری بوون. هەندێك لە ئاسووریانی (دزێ) کە مەڵبەندی شەمزینانە لە هەکاری بۆ کاروکاسبی چوونەتە شام و میسر و لەوێ (اسد الدین)یان دیوە و داوایان لێ کردووە لەگەڵیاندا بگەڕێتەوە تا یارمەتییان بدات بۆ ڕزگارکردنی ناوچەی هەکاری. ئەویش گەڕاوەتەوە و بە نهێنی و خۆوەشێری لە شەمزینان لە نێو ئاسووریاندا ماوەتەوە. ڕۆژێکی شەممە کە نەریتی مەسیحیەکانی ئەو ناوچەیە وابووە دەستی تێدا بۆ ئیش و کاری خۆیان نەبەن و تەنیا داری سووتەمەنی و کاو پێویستی دیکە بۆ قەڵا ببەن، (اسد الدین) جلوبەرگی ئاسووریی پۆشیوە و هەموویان چەکی شەڕیان لە نێو باردا شاردووەتەوە و بەرەو قەڵاچوون. پاسەوانانی دەرگای قەڵا ڕێگایان پێ داون بۆ نێو قەڵا و کە گەیشتوونە ئەوێ چەکەکانیان دەرهێناوە و دونبولیەکانی نێو قەڵایان کوشتووە و قەڵایان داگیر کردووە. ئیدی (اسد الدین) بەرەبەرە ناوچەی هەکاریی لە دوژمنانی (دونبولی و ئاق قۆینلوەکان) پاك کردووەتەوە و فەرمانڕەوایی هەکاریی ژیاندوەتەوە.

ئەم تابلۆیە بۆ ئەم ڕووداوە مێژووییە کێشراوە و بریتییە لە دوو دیمەن (مشهد): یەکەمیان لە بەشی خوارەوەی تابلۆکە پێکدێت کە هەوڵی چوونە نێو قەڵای دزێیە. لەم بەشەدا دیارە ئاسووریەکان بە کاروبارەوە چوونەتە بەر دەرگای قەڵا و دوو خاچیش بە گوریسی کەرەکەوە دروست کراون و بە لاتەنیشتی ئەو کەرەوەن کە باری لەسەر پشتە و دەرگاوانەکەیشی -کە بەپێی وێنەکە کابرایەکی سست و خاوو نەزان بووە- تاکێکی دەرگاکەی بۆ کردوونەتەوە تا بچنە ژوورێ. ئیدی ئەوانیش چوونەتە ژوورێ و- وەك

باسمان کرد- قەڵاکەیان گرتووە. دیمەنی دووەمیان بریتییە لە نیوەی سەرەوەی تابلۆکە و وێنەی (اسد الدین) دیارە قەڵاکەی داگیر کردووە و لە سەربانەکەی بە بەختەوەری دانیشتووە و خەریکی شەراب خواردنەوەیە. هونەرمەند وێنەی (اسد الدین)ی بە سمێڵێکی زۆر گەورە و قیت و ڕیش و مێزەرێکی سوور و جلوبەرگێکی میرانەوە کێشاوە، خزمەتکارێك -کە دوور نییە کەنیزەك بێ- جامێکی لەسەر سینییەکی بەلەمی بەرامبەر ڕاگرتووە و (اسد الدین) بە دەستێکی فنجانێکی بەرز کردووەتەوە و دەستەکەی دیکەیشی لەسەر سوراحییەکی شووشەیە کە بوتڵی شەرابە و خەریکی خواردنەوەیە. وێنەی یەکێکی دیکە دیارە دەف لێدەدات و گۆرانی بۆ (اسد الدین) دەڵێت. دەستەیەکی دیکە لە خوار ئەوانەوەن بەرەو دەرگا دێن، یەکەمیان دەستی لە دەرگاکە داوە کە بەشێکی دیکەی قەڵایە و ئەوەی تریشیان مۆسیقاژەنێکە ڕدێنێکی جیاوازی هەیە. پێشتر زانیاریمان لەسەر ئەم جۆرە ڕدێنەی کوردانی هەکاری لە ئەولیا چەلەبی وەرگرت و باسمان کرد، لەوانەیە ئەمە ئاسووری بێ، وەك ئەوەی دیکە کە هەمان ڕدێنی هەیە. ئەم پیاوە دوو جووت پەڕی باڵندەی خستووەتە بەر مێزەرەکەی و شتێکی سەوزی خستووەتە نێوان دوو پەڕەو (تەنبوور) لێدەدات. یەکێکی دیکەی قەڵغان بە کۆڵیش لەولاتریەتی و لەگەڵ یەکێکی دیکەدا قسە دەکات کە وەك کابرای دەست لە دەرگادا و قەڵغان بە کۆڵە. وا پێدەچێ ئەم خەڵکە بە شادییەوە بۆ پیرۆزبایی لێکردنی میری هەکاری بێن.

شایانی باسە کراسی سیمدار لەبەری دوو کەسی نێو ئەم تابلۆیەدا هەن. یانی هەردوولای کراسەکە لە پێشەوە سیمی پێدا دادرواوە و کراسەکەیشی تەسکە و تا نێوقەدی مرۆڤە. ئەم چەشنە کراسە لە چەندین تابلۆدا بەدی دەکرێت. لە تابلۆکەدا لوولەی چەند تۆپێك لە دیوارەکانی قەڵاوە بۆ دەرەوە هاتوون و کون و جێی هێنانە دەرێی لوولەی تۆپەکان بە شێوەیەکی درێژی وەك

قەڵشێك لە دیوارەكاندا كراون. ئەو سەردەمە لە زەمانی (حسن الطويل)ی سوڵتانی ئاق قۆینلوودا تۆپ هەبوە و (محمد الفاتح)ی سوڵتانیش ساڵی ٨٦٤ی كۆچی (١٤٦٠ی زاین) لە داگیركردنی قوستەنتینیە (یانی ئیستەمبول)دا تۆپی زۆری بەكارهێناوە.

## تێبینی:

١- پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە ئەم تابلۆیە لە ڕووی جلوبەرگەوە وێنەی (كورتەك)ی تێدا هاتووە، چونكە ئەو ئاسووریەی كە سەری كەرەكەیی گرتووە كورتەكی لە بەردایە و ئەوەیش بە دروونەكەیدا دەردەكەوێ. ئەوسا كورتەك لۆكەی تێخراوە و بە ئەستووری دەدرواو لە سەرەوە تا خوارەوەی دروومانەكان لێكدەدران و بەسەر هەموو جلوبەرگێكدا لەبەر دەكرا، كەپەنەك (فەرەنجی)ی لباد نەبێ. كورتەك جێی قاپووتی ئێستای گرتبوەوە و تا خوار ئەژنۆ دەهات و، نەك هەر لە نێو ئاسووریاندا بەڵكە لە هەموو كوردستانیشدا بڵاو بوو. ئاسووریەكە لە وێنەكەدا كورتەكەكەی لەگەڵ ژێركراسە سپیەكەیدا پێچاوەتەوە و خستوونیە ژێر پشتێنەكەی.

شەرەفخان گوتوویە: (اسد الدين) جلوبەرگی ئاسووریانی پۆشیوە، ئەمەیش ئەوە دەردەخات كە یا جلوبەرگیان لە هی كوردانی موسڵمان جیاواز بووە، یان لە چەند شتێكدا لێك جیا بوون. بەڵام لەم وێنانەی ئاسووریاندا كورتەك دیارە و مێزەری كورتەكلەبەرەكەیش لە هی مەلا شیعەكان دەچێ و یەخەكەیشی بە پانی هەڵگەڕاوەتەوە و لە یەخەی كابرای پێش كورتەكلەبەر و تەنبوور بە دەستەكە دەچێ، ئەگەر ئەوەی دوایی‌یان ئاسووری بێ. هەروەها ئەوەی وا لە پێش كابرای خاوەن كەر جلێكی درێژی لەبەردایەو پشتێنیشی لەسەر بەستووە. جلوبەرگی پیاوی سێیەمی دامێنی

تابلۆکە کە لە نزیك دەرگای شوورای قەڵادایە وەکو هی دووەم پیاوە. بێگومان ئەم یەخە پانە کە لە هی (ستارخانی) پانترە لە جلوبەرگی کوردیدا نییە و، لەوانەیە ئاسووریە دیانەکان لە ئەوروپاییە دیانەکان یا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە جۆری یەخەی پانی قەشەکانیان وەرگرتبێ.

٢-(مراد خانی)ش لەم تابلۆیەدا هەیە و لەبەر ئەو زەلامەدایە کە لە پشت کابرای خاوەن تەنبووری قەڵغان بەکۆڵە.

## ئەندازەی قەلا:

قەڵای دزێ بەپێی تابلۆکە لەسەر شاخێکی بەردین ئاوا کراوە و شوورا لە بەردەمیدا هەیە و لێواری سەرەوەی شووراکەیش بە نەخشی ئەندازەیی کراوە. چوونە نێو ژوورە گەورەکەی شوورایش بە شێوەیەکی جوان لەنزیك (کەوانی بەندەڕۆمی)یەوە کراوەو دەوراندەورەکەی نەخشی ئەندازەییە و دەرگایەکی داری دوودەریی لەبەردایە. هۆدەیەکی وەك بورج لەسەر دەرگای شوورا هەیە (قوتك)ەکانی سەربانی سێگۆشەن و ڕووکاری بورجەکەیش بە کاشیی پرتەقاڵیی نەخشدار و بە نەخشێکی ئەندازەیی ڕازێندراوەتەوە. دوو تاق (ڕەفە)ی جوان کە سەرەکانیان بازنەییە لە پشت تاکە دەرگا کراوەکەوە دیارن و گەورەکەیان لە نێوان دوو تاقی بچووکدایە. ئەم بورجە بۆ پاراستنی دەرگای شوورایە و لوولە تۆپێکی تێدا دەرکەوتووە، هەروەك چۆن لوولەی چەند تۆپێك لە دیوارەکانی قەڵا خۆیشیدا دەرکەوتوون. کانیاوێك لە نێوان شوورا و قەڵادا هەیە و شوێنی بە شێوەی لاکێشەیی و چوارگۆشە لە بەرد داتاشراون بۆ دانیشتنی سەر کانیەکە.

بەشێوەی ئەندازەیی قەڵای دزێدا دیارە کە دوو قات بووە و بە بەردی سپی نەقاڕی بیناکراوە و جێی دانیشتنی وەك (شانشین) لەبەردەم قاتی دووەمدا هەیە و دیکۆری ڕووکاری دەرگاکە بەجۆرێکی لاکێشەیی و بەرز و بەشی سەروویشی

بە کاشیی زەرد دروست کراوە و سەر دەرگاکەیش بە نەخشی گیایی نەخشێندراوە. دەرگاکەشی گیراوە بە دەرگایەکی دوو دەری کە دوو حەڵقەڕێز (تەقولباب)ی پێوەیە.

لە هنداوی دەرگادا نووسینێکی زەردی ورد لەسەر ئەرزیەکی سوور هەیە بە قەوارەی (١٤×٣ملم) بە گوێرەی چاپی سوید کە ئەوسا بە هەڵە خوێندبوومەوە. نووسینەکە وەهایە: "اسد حظ اکبر فرو کرد" وشەی چوارەمە بە "فرا" خوێندبووەو لە جاری دووەمدا. بەڵام کە لە (١٩٩٦/١١/١٧)دا پێشانی بەڕێز دکتۆر جمیل سنەییم دا و بۆم خوێندەوە- بە "فرو" خوێندیەوە. ناوبراو زۆر شارەزایە لە فارسیدا و مرۆڤێکی زیرەك و خاوەن زانیاریەیە. (فرو) بە مانای (داخل)ە، یانی (چووەتە نێو)ە واتە ئەسەد چووە نێو بەشی گەورە و لە بەختی گەورەی چەقاند. ئەمەش لە پەندێکی عەرەبی وەرگیراوە کە عەرەب دەڵێن بەشی گەورە هی شێر، و یان دەڵێن فلان کەس (فاز بحصة الأسد) یانی بەشی شێری بەدەست هێنا. مەبەستی شەرەفخانیش ئەوەیە کە (اسد الدین) بەشی گەورەی بەدەست هێنا یا لە بەختی گەورەی چەقاند.

پێویستە بزانرێ کە ئەم (اسد الدین)ە ئەو (اسد الدین)ە نییە کە "القاضي شهاب الدین العمري" لە کتێبەکەیدا (التعریف بالمصطلح الشریف ل٣٧)دا باس کردووە و بە ناوی (الملك اسد الدین "موسی" بن مجلي بن منکلان)ەوە ناوی هێناوە و لە سەدەی سێزدەیەم دا و ژیاوە و ڕەنگە گەیشتبێتە هەندێك لە سەدەی چاردەهەمیش. ئەو (اسد الدین)ە باوکی (عماد الدین)ی باپیری ئەم (اسد الدین)ەیە کە قازیی عماد الدین زانیاری لە بارەی ئەم بنەماڵەیەوە نووسیوە و ناردووە بۆ (مصر) بۆ "القاضي شهاب الدین احمد بن فضل الله العمري" لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەهەمدا. هەروەها ئەو (عزالدین شێر)ەش کە شەرەفخان ناوی

هێناوه عزالدین شێری برای اسد الدینی یەکەم نییە کە (گومەزی حیلمە خاتوون)ی ئاقار کردووە لەسەر قەراغی گولا وانێ (دەریاچەی وان) لە لای شاری (وەستان) لە سالّی (٧٣٦ك= ١٣٣٥-١٣٣٦ز)دا و ناوی لەسەریەتی کە لە هەرە گومەزە جوانەکانی کوردستانە و لە ئابی ١٩٧٧دا وێنەییم گرتووە. لە باسێکمدا بەناوی (أمراء هكاري وبهدينان ليسوا من العباسيين)ـەوە لە ژمارە ١٣ی سالّی ٢٠٠١ی گۆڤاری "دهۆك"دا بلاّوم کردوەتەوە.

# تـابلۆی سێیەم
# شاری ئامێدی

تابلۆی سێیەم (پەڕەی ژمارە ٣٩) و چوارەمیش سەر بە بابەتی فەرمانڕەوایی (بەهدینان)ن. ئەم تابلۆیە بریتییە لە دیمەنی بەشێك لە شاری ئامێدی و زۆریش بـۆ ئـەو مەبەسـتە گونجـاوە، چـونکە ئامێـدی لەسـەر چـیایەك ئـاواکراوە کـە چواردەوری –وەك شـارانی پێـشین کـە شـوورایان بـۆ کـراوە– بەردەڵانـە. ئەمـەی ئامێدیی مەڵبەندی میرنشینی بەهدینان شوورایەکی سروشتکردە. ئەو خانووە نەخشدارە کە لەسەر جێگایەکی بەردینی بەرز و بە بەردی نەقاڕیی گەورە بینا کـراوە سـەرای میرانـی بەهـدینان پێـشان دەدات کـە کـاتی خـۆی دەکەوتـە سـەر قـەراغی خـۆرەڵاتی ئامێـدی. بەداخـەوە حـاڵی حـازر تـەنیا دەرگـا گەورەکـەی لێ ماوەتـەوە کـە وێنـەی دوو ئـەژدیها و باڵنـدەی سیمرغی لەسەر هەڵکۆڵـدراون. ئـەم دەرگا عەنتیکەیە لە دوو بەردی زل و چوار بەردی دیکە پێکهاتووە. کاتی خۆی قایمقامێکی نەزان ئەم سەرایەی ڕووخاند و، بەوە تاوانێکی گەورەی دەرهەق بە کەلەپووری کورد کرد. لە وێنەکەدا زنجیرە نەخشێکی پاقلاوەیی (معینی) لەسەر بڵندایی سـەرا هەیە لەگـەڵ نەخشی نیوە پاقلاوەیی. لـە ناوەڕاستی هەریەك لـەو نەخشەدا نەخشێکی دیکە هەیە و ئەم جۆرە نەخشە سێ هەزار و پێنجسەد ساڵ لەمەوبـەر لـە کوردسـتان هـەبوە وەك لەسـەر (فنجـان)ە گڵێنـەکانی شـاری (نـوزی) هاتووەتە نەخش کردن لەگەڵ چەند جۆرە نەخشێکی دیکەدا کە لـە عیراق نـەبوە. نوزیش کە (یورغان تەپە)ی نزیك شاری کەرکووکە ئەو کاتـە پایتـەختی دەوڵـەتی (خوری–حوری) بوو کە بەشی خۆرهەڵاتە لە (میتانی) و بەگوێرەی دەوری شـەش

هەزار پارچە نووسینی بزماری کە لەوێ دۆزراونەتەوە شارستانەتیەکی بەرزیان هەبوە. تەماشای وێنەی ئەو جۆرە نەخشە بکە لە (لاپەڕە ٢٠٧)ی کتێبی (اثار بلاد الرافدین)ی سیتون لوید.

لە وێنەکەدا دەرگایەکی دوودەری کە هەریەکەیان ئەڵقەڕێزێکی پێوەیە لە پێش دەروازەی سەرادا هەیە و لەسەر (سەردەری)ەکە نەخشێکی گیایی لەسەر ئەرزی‌یەکی شینی ئاسمانی کراوە. ساڵی ١٩٩١ لە شاری (سنە) دوو ئەڵقەڕێزم بە هەندێك دەرگاوە دیت، گەورەکەیان بۆ پیاوان و بچووکەکەیان بۆ ژنان. بەوە خاوەنماڵ دەزانێ ئەوەی وا لە دەرگا دەدات پیاوە یا ژنە. ئەڵقەڕێزەکانی ئەم دەرگایەیش گەورە و بچووکن و بۆ هەمان مەبەست.

گەنجێك لە تابلۆکەدا وا لە سەربانی سەراکە و جلوبەرگێکی بەنرخی میرانەی پۆشیوەو گوارەیەکی زێڕی لە گوێچکەدایە و مێزەرێکی لە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ دروستکراوی لەسەری پێچاوەو کەوایەکی سورمەدار و کراسێکی گوڵداری لە قوماشی گرانبەها دروستکراویشی لەبەردان. لەپێشدا باسی جلوبەرگی میری بەهدینانم لە کتێبەکەی (ڕیچ)ەوە وەرگرت و باسیم کرد. پیاوێك لەگەڵ ئەم لاوەدا قسە دەکات و بە داروبارییاندا دیارە کە گەنجەکەیان گوارەی ئەوی دیکە بێ کە ڕەنگە دەرگاوان (سکرتێر)ی بێ. بە بۆچوونی من ئەو لاوە (سەیدی خان) بەگی میری بەهدینانە کە کوڕی قوبادخانی کوڕی سوڵتان حوسێنە و لە کاتی تەواوبوونی دانانی شەرەفنامەدا میری بەهدینان بووە. شەرەفخان لە لاپەڕەی (٤٢)دا باسی کردووە و گوتوویە: گەنجێکی توانا و ئازا و دادخوازە و بە پشتیوانیی

سلێمان بەگی میری سۆرانی خاڵی لە نێوەڕاستەکانی مانگی (ذي الحجة)ی ٩٩٣ی کۆچی (١٥٨٥ی زاین)دا گەیشتە ئامێدی و بوو بە میر[٣٤].

پیاوێك لە دەستەچەپی سەرادا دیارە، پیرە و ڕدێن درێژە و دەستێکی خۆی خستووەتە بناگوێی و گۆرانی دەڵێت و دەستەکەی دیکەیشی لە لادەمیدایە و دەڕوانێتە خەڵکی خوار قەڵا کە مۆسیقا لێدەدەن و شایی دەکەن. ئەم پیاوە شێوەی دەم و چاوی تێك چووە. پاسەوانێکی ڕم بە دەست وا لە بەر قەڵادا و، بازەوانەکەیش لە لای دەستە چەپی دەرگای سەراوەیە و دەستکێشی لە دەستدایە و بازێکی بەبان دەستەوەیە. یەکێك دەستی خستووەتە سەر شانی و پەڕێکی سپیی باڵندە وا بەبەر مێزەرەکەیەوە. لە خوار سەراو دەرەوەی شارو لەسەر قەراغی ڕووباری ئامێدی کۆمەڵێك خەریکی شایی و هەڵپەڕکێن، یەکیان لەسەر ئەژنۆدا دانیشتووە و شمشاڵ لێدەدات و، یەکێکی دیکە لە پشت ئەو و بەلای

---

[٣٤] محفوظ عمر لە کتێبی (امارة بهدينان العباسية، ل٦٢-٦٣)دا گوتوویە: ((سەیدی خان بەگ ساڵی ٩٧٠ی کۆچی (١٥٦٢-١٥٦٣ی زایەن)ی لە دایکبووە و ساڵی ١٠٣٩ی کۆچیش (١٦٢٩-١٦٣٠ی زاین)ی کۆچی دوایی کردووە. بەڵام لە پەراوێزی لاپەڕە (٦٣)دا گوتوویە: لە کتێبی (الاكراد في بهدينان)ی (ئەنوەر مائی)دا ساڵی ١٠٢٩ی کۆچی بۆ کۆچی دوایی کردنی دانراوە. لە پەراوێزێکی سەر پەڕەی (٤٢)ی ئەم دانە دەستنووسەی شەرەفنامەیشدا نووسەرێکی نەناسراو ئەمەی لەو بارەیەوە نووسیوە: (حافظ ئەحمەد پاشا ساڵی ١٠٣٥ی کۆچی (١٦٢٥-١٦٢٦ی زاین) سەیدی خان بەگی بە تاوانی هەڵاتن لە کاتی گەمارۆدانی بەغدا کوشت)). ئێمەیش دەڵێین: ئەو ساڵە سوڵتان موراد (حافظ ئەحمەد پاشا)ی بە هێزێکی زۆرەوە بۆ داگیرکردنی بەغدا نارد کە ئەوسا لە ژێر ڕکێفی هێزی (شا عەباس)دا بوو. هێزەکەی حافظ شکا، وەك چۆن جارێکی پێشتریش شکابوو و شا توانیبووی تا مووسڵ داگیر بکات و بیخاتە ژێر دەستی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانیی مێردی (خاتوو کلاوزەڕ)ی خوشکی شاعەباس. سەیدی خان بە پێی شەرەفنامە و پەراوێزەکەی پاش ئەوەی میرایەتیی لە مامی سەند، (٤٢)ساڵ لە بەهدینان حوکمی کرد.

دەســتە چــەپی تــابلۆوە لــە دەف (دەفــسنجان) دەدات و، پیــاوێکیش لــە پێشیانەوە هەڵدەپەڕێ و ئەژنۆی گەیاندووەتە ئەرز.

وەك بیـستوومە دەڵـێن کـورد بـە تـەنێ شـایی ناکـەن و بەکۆمـەڵ هەڵدەپـەڕن، تەنیا لە بەهدینان بە تەنێ شایی دەکەن. جا نازانم ئەم بە تەنیا هەڵپەڕینە واقیعی



**نییە یا هەر لە کۆنەوە لە بەهدینان باو بووە، یان تازە پەیدا بووە و لە بێگانان وەرگیراوە. ئەم پیاوە هەڵپەڕیوە جلوبەرگی شۆڕ و ئاودامانی لەبەردایە کە بریتی‌یە لە کەوایەکی درێژ یان کورتەك و پشتێنێکی شۆڕی لەسەر بەستووە و سەرێکی وەك سەماکەران بەرداوە و شۆڕ بووەتەوە و پەڕۆی شایی لە دەستدایە. سەروکڵاوەکەیشی سپی و گەورە و گوڵنکەدارە و پەڕی باڵندەی بەرخستووە. لەولاترەوە پیاوێك دانیشتووە و ڕەنگە بەپێی دانیشتنەکەی لە تەپڵ بدات. بەڵام وێنەکە لەو ڕاستەدا تێك چووە. سەروکڵاوەکەی لە قوماشێکی خەتدارە کە زۆر پێدەچێ قوماشی (مشکی) بێ و، ئەوەیش لای کوردانی ئێران و لە ناوچەی (سلێمانی)ش بە نرخە و ئێستایش هەر هەیە. ئەمیش دوو جووت پەڕی باڵندەی خستووەتە بەر مێزەرەکەی.**

**بە پێویستی دەزانم ئەم خاڵانە لە بارەی تابلۆکەوە دیاری بکەم:**

**١-لەم تابلۆیەدا وێنەی شمشاڵ کێشراوە کە ئامێرێکی مۆسیقای زۆر کۆنی کوردستانە و ئەگەر بڵێین چەند هەزار ساڵێك لەمەوبەر لە کوردستان هەبوە زێدەڕۆییمان نەکردووە، چونکە کۆنترین ئامێری مۆسیقایە کە مرۆڤ لە قامیش و دار دروستی کردبێ. دکتۆر (صبحي انور رشید) دەڵێت: شمشاڵ نەك هەر پێنج هەزار ساڵ پێش زاین لە عیراق هەبوە، بەڵکوو لە چەرخە بەردینەکان (العصور الحجرية)یشدا هەبوە[٣٥]. جێی باسە وێنەی شمشاڵ لەنێو وێنەکانی (ابن الرزاز الجزري)شدا دەبینرێت. ئەو سەعاتە گەورەیە کە جزیری کردوویە وێنەی سوارێك و پێنج مۆسیقاژەنی بەسەرەوەن. جزیری ئەندازیارێکی میکانیك و داهێنەرێکی خەڵکی جزیرا بۆتان بوو[٣٦].**

---

[٣٥] الدكتور صبحي انور رشيد الآلات الموسيقية في العصور الاسلامية، ص٢٨٩.

[٣٦] بڕوانە وێنەی جزیری لە لاپەڕە (٣٨٥)ی سەرچاوەی پێشوودا.

٢-ئـەو دەفـەی وا لـەم تابلۆیـە و لـە تـابلۆی ژمـارە(٩)دا وێنـەکراوە بـە کوردی (دافنجـان)ی پـێ دەڵێن، واتـە (دەف سـنجان) کـە دەفێك دەگرێتـەوە سەنج (صنج)ی هەبێ.سەنج ئەو پارچە ئاسنە خڕانەن کە تـەنکن و جـووت جووت لە قەراغی دەف قایم کراون. دەفی وا هەیە پێنج سـەنجی هـەن، واتـە پێنج جووت سەند. ئەو لە کاتی دەست پێداداندا دەزرنگێتەوە. لە عێراق بەم دەفە دەڵێن (الدف الزنجاري). لەو کتێبانەدا بە ناوی (الدف المصري)شـەوە ناوبراوە. دوور نییە عـەرەب ئـەم نـاوەی لـە (دەف سـەنجان)ەوە وەرگرتبـێ. دەفـی کـوردی کـە دەروێش و ئـەهلی تەسـەوف بـەکاری دێـنن سـەنجی تێـدا نییـە، بەڵکـە کۆمـەڵێك تـەلی ئەڵقـە (خەلـەك)یـی بـە دەورانـدەور و دیـوی ناوەوەیـەوە نـراون. (دافنجـان) لـە کوردەواریـدا نییـە و، دەفـی کـوردیش لـە شاییدا بەکارناهێنرێت. لـە شـارەکاندا دەفـی بچووك (واتـە دافنجـان) لەگـەڵ ئـامێری دیکـەی مۆسـیقادا بـەکاردێت. ئێـستا لـە ناوچـەی سـۆران و کوردستانی خۆرەڵات دەف لە شاییدا بەکاردەهێنن.

## تابلۆی چوارەم
## قوتابخانەیەك یا نەخۆشخانە و قوتابخانەیەكی
## نۆشداری ( طبي ) لە ئامێدی

تابلۆی چوارەم کە بەرامبەر تابلۆی سێیەمە لە پەڕەی ژمارە (٣٩)دا باسی میرنشینی بەهدینان دەکات و بریتی‌یە لە دوو بابەت: نیوەی سەرەوەی دیمەنی قوتابخانەیەکە لە شاری ئامێدی و نیوەی خوارەوەیشی وێنەی یاری (قاشوان)ە.

لە بەشی سەروودا وێنەی خانوویەك دیارە کە لە خشتی سوورکراو ئاواکراوە لەسەر بناغەیەکی بەرد. زۆربەی ڕووکارەکەی بە ڕەنگی زەرد سواغ کراوە لەگەڵ ڕەنگی پرتەقاڵیی تێر (خەست) و پەمەیی و ئەرخەوانی و زەردی تێریدا. ڕووکارەکە نەخش کراوە بە چەندین نەخشی ئەندازەیی و گیایی، لەوانە وێنەی درەخت و گوڵ و دەروازەکەیشی (مدخل) بە شێوەی کەوانی شکاو (قوس منکسر) سووك و جوان دروست کراوە و هەردوو تەنیشتی بەشی سەرەوەیشی بەشێوەی دووچارەکە (تورونجی) و نزیك کەڤانی (بەندە ڕۆمی)یە. ئامێدی شوورایەکی سروشتکردی بەردینە و خەڵکی ئامێدی (سورە)ی پێ دەڵێن، چونکە چواردەوری شار چیای بەردینی سەختە و وەك ڕەمەند (شوورا) هەڵکەوتووە. خانووەکانی سەر لێواری شوورا رووکار سافن و دەرگایان دەکەوێتە سەر کۆڵانی نێو شار. هەرچی حەوشە و هەیوان و دەرگای هۆدە و کەوانەی هەیوانەکانیشە وەك وێنەی ئەم خانوە ڕوویان لە دەرەوەی شار و چیاکانە. (ئەیلوولی ١٩٨٣ کە



چووم بۆ ئامێدی لە تەرزی بیناسازی ئەم شارەم کۆڵییەوە). سەکۆیەکی بەرز لە حەوشەی ئەم خانووەدا لەسەر چەند تاقمێکی خڕ و بچووکی نەخشدار دروست کراوە و بەرماڵێکی نەخشداری جوانی لەسەر ڕاخراوە و پیاوێکی بەساڵداچووی (ڕدێن سپی) لەسەری دانیشتووە کە مێزەرێکی سپیی لەسەر ناوە و ملپێچێکی لە ملی ئاڵاندووە لایەکی شۆڕ بووەتەوە. کابرا جبەیەکی سووری لەبەردایە و بەشێوەی دانیشتنەکەیدا دەزانرێت کە ئەم پیاوە زانایەکی ئاینییە، لەسەر هەردوو ئەژنۆی دانیشتووە وەك پیاوانی دینی کە زۆرتر وەها دادەنیشن بۆ ملکەچی و ڕێزگرتن لە مەجلیس و مەقام و بەرامبەرەکەیان. سەرو کڵاو (عەمامە)ی، هی پزیشکەکانی کاتی ئیسلامەو زۆر لە سەرو کڵاوی پزیشکی نێو کتێبی دەستنووسی (الترياق)ی نووسراوی ساڵی ٥٩٥ ك (١١٩٩ز) دەچێ، کە دانەی لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریسە بە نمرەی (٢٩٦٤) ( بڕوانە شکل ٣٤ لە الملابس العربية الاسلامية في العصر العباسي دانراوی دکتۆر صلاح حسين العبيدي).

تاقمێك لەتەنیشت ئەم پیاوەوەیە شەربە یان شووشەیەکی بچووکی خەتداری لە نێودایە کە ئەگەر شەربەیش بێ لەبەر بچووکی بۆ ئاوی خواردنەوە دەست نادات. بۆیە دەبێ بۆ دەرمان بێ، چونکە پزیشکە کۆنەکان ئەم چەشنە شەربەیەیان بۆ دەرمان تێداهێشتنەوە بەکار دەهێنا کە دیوی دەرەوەی بە جۆرە بۆیاخێکی شووشەیی سواخ دراوە و ناهێڵێ نە ئاو و نە هیچ شلەیەکی دیکەی نێوی دابچۆڕێتە دەرەوە. ئەگەر شووشەیش بێ دەبێ شووشەی مەرەکەب بێ. بەڵام چونکە هیچ قەڵەمێك نییە زیاتر ڕێی تێ دەچێ کە ئەویش بۆ دەرمان بێ.

کوڕێکی هەرزەکار بەرامبەر بەم پیاوە و لە نزیك دەرگای خانووەکەوە بە جلێکی لە قوماشی بەنرخ کراوەوە دانیشتووە کە نەخشی گیایی بەسەرەوەن. ئەم کوڕە کتێبێکی زلی بە دەستەوەیە کە کراوە نییە. بە بەرگ

تێگرتنە هونەریە چوارچێوەدارەکەیەوە ئەمە دەزانین. لە تابلۆی ژمارە (١٩)یشدا وەزیری سوڵتان (محمد الفاتح) کتێبێکی لەسەر دەستە و بە هەمان شێوە گرتوویە. جا ئەمەی ئێرەیش کتێبە و سینی نییە، چونکە ئەو سینی و قاپانەی کە لە تابلۆکانی ژمارە (٢و ٦و ٨و ١٦)دا هەن هیچیان بەم شێوەیە تەخت نین بەڵکوو قووڵن و بەلەمی دیارە. ئەم کوڕە قوتابیی ئەو مەلایەیە و لەو قوتابخانەیەدا دەخوێنێ. دوو کەس لە خوار سەکۆکەوە دانیشتوون، بە تەنێ سەریان دیارە: یەکیان لاوە و لەوانەیە ئەویش قوتابی بێ و، ئەوی دیکەیش کە وێنەکەی کەمێك تێکچووە ڕەنگە پیاوێکی بە تەمەنی ڕدێندار و مەلایش بێ. بەشێکی سەری زەلامێك لەنزیك قوتابیە کتێب بە دەستەکەوە و لە دیواری شوورای قوتابخانەکەوە دەرکەوتوە. کابرا لاوێکی سمێڵدارە و شێوەی بەستنی مێزەرە ڕەشەکەیشی سەیر و ناوازەیە. پیاوێك وا لە سەربانی بەشێکی قوتابخانەکە و بە مێزەرەکەیدا دەناسرێتەوە کە مەلایە، چونکە مێزەرەکەی لفکە (عذبة)ی هەیە. مەلا قسە لەگەڵ ژنێکدا دەکات.

دوو لاویش لە خوار قوتابخانەکەوەن: یەکیان بەرگێکی سووری وەك ستارخانیی پۆشیوە و مێزەرەکەی سپیەیە و، وەك لە زۆربەی تابلۆکانی دیکەدا دەبینرێت بۆ جوانی و قایمی پارچەیەك قوماشی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر بەستووە، ئەم لاوەیان دەستی بۆ گیایەك بردووە بۆ ئاماژە بۆ کردن یا هەڵکەندن. ئەوی دیکەیان بەرگ نیلیەیە و لە پشت ئەوەوە دەستی پان کردووەتەوە و پارچە پارەیەکی لە نێو دەستدایە تا لێی بکڕێ. لاوەکە قوتابیی قوتابخانەیە و ئەو گیایەش (گیا سوێسن)ە کە لە چەند تابلۆیەکی دیکەی شەرەفنامەدا هەیە و لە تابلۆی ژمارە (١٥)دا گوڵیشی گرتووە. جاران پزیشکەکان دەرمانیان لەم جۆرە سوێسنە دروست دەکرد. سەد جۆر سوێسن هەن، وەك لە کتێبی (الموسوعة علوم الطبیعة بەرگی یەکەم، ل٥٧٩)ی (ادوار غالب)دا باس کراوە. پزیشکە

یۆنانیەکان ئەم جۆرە سوێسنەیان بە گیای نۆشداری لەقەڵەم داوە. ئەم گیایە بە یۆنانی (ئیرسا)ی پێ دەڵێن. پزیشکە موسڵمانەکانی وەك (حنين بن اسحاق و ابن البيطار و ابن هبل و ابو عمران القرطبي و داود الانطاكي) و هی دیکەیش باسی ئەوەیان کردووە کە چۆن ئەم گیایە بووەتە دەرمانی چەند نەخۆشییەك. پزیشکەکان گوتوویانە سوێسنە دەرمانی نەخۆشیی وەك تەنگەنەفەسی (بەرهەنگ) و مایەسیری و ژانەسەرە و بۆ جگەر و برین و کرم فڕێدان و منداڵ بوون و زوو هاتنەوەی حەیز و نەخۆشیی منداڵدان (رحم)یش بەکەڵکە و باشە. ئەم جۆرە سوێسنە گوڵێکی لاسك درێژ دەگرێ‌و، هەر لەخۆوە لە چیاکانی کوردستاندا شین نەبوە، بەڵکە خەڵك لە نێو گۆڕستاندا چاندوویانە. ئێستایش لەنێو شەقام و باخی گشتی و باخچەی ماڵاندا لە کوردستانی عیراق دەچێندرێت. داود الانطاكي گوتوویە: سوێسن لە وڵاتی شام هەیە و لە نێو گۆڕستاندا زۆرە[37] . هەندێك کەس لە ناوچەی بۆتان پێی‌دەڵێن (شیشەلاف). لە شاری (جزیر) هەر سوێسنی پێ دەڵێن و لەو سوێسنە ورد و زەردە نییە کە لە بۆتان و ناوچەی بەهدینان هەیە و (ادوار غالب) بە سوێسنی شنار (سوسن سنجار) ناوی بردووە و دەڵێت: ((مەڵبەندی بنەڕەتی جزیر (جزیرا بۆتان)ـە)).

ئەوی ڕاستیبێ وەك لە تابلۆکەیشدا پێشان دراوە، جاران پزیشکەکانی کوردستان دەرمانیان لە گیای پزیشکی دروست دەکرد کە لەم وڵاتەدا زۆرن، جا چ لە سەدە ناونجیەکاندا بووبێ وەك (ابن دينار)ی پزیشکی دەرمانساز (الطبيب الصيدلاني)کە پزیشکێکی دەوڵەتی کوردیی دۆستکی بووە و چ لەم نزیکانەش وەك پزیشکە میللی‌یەکانمان و لەوانە (مەلا ڕەوشەن)ی مەندەلی و (کەریمی مام جەواهری کەڵهوڕی)ی خەڵکی (سومار) و (فەقێ

[37] داود الانطاكي، تذكرة أولي الالباب و الجامع للعجب و العجائب، بەرگی یەکەم، ل١٩٨ لە باسی (ئیرسا)دا.

حسێنی مەنتیکی) و (گۆڵی ڕەعبە)ی کۆیە و (نەنە کۆتر)ی ڕانیە و حەپسە عەزیزی سلێمانی[38].

دوور نییە ئەوەی کە ئێمە بە قوتابخانەمان داناوە. نەخۆشخانە و قوتابخانەی پزیشکی (طبي) بێ. بۆ ئەمە دوو بەڵگەم بە دەستەوە هەن:

یەکەم ئەو شووشە یا شەربەیەی نێو تاقەکەیە کە لە ئامرازەکانی نەخۆشخانەکانی دەورانی ئیسلامەتی‌یە کە وا دەرمانی تێدا هەڵدەگیرا. ئەوە بۆ نیشانەی نەخۆشخانەیە. دووەم ئەو قوتابییەیە کە ئیشارەت دەکات یا خەریکی هەڵکەندنی گیای پزیشکی‌یە. پارەی دەستی پیاوەکەی دیکە نیشانەی ئەوەیە کە گیایەکە بە نرخە و کابرا پێویستیی پێیەتی و دەیکڕێ. شایستەی باسە لە شارستانیەتیی ئیسلامیدا قوتابخانەی نۆشداری کەرتێکی نەخۆشخانە بووە. واتە قوتابخانەی نۆشداری لە نەخۆشخانەکاندا هەبوە، یانی پێکەوە بوون، وەك نەخۆشخانە و قوتابخانە نۆشداریەکەی شاری فارقینی پایتەختی دەوڵەتی دۆستکی. جا پێدەچێ نەخۆشخانە و قوتابخانەی نۆشداری لە شاری ئامێدی میرنشینی بەهدینانندا هەبووبێ و، شەرەفخان یا لە هەندێك کەس یان لە (بەیرام بەگ)ی کوڕی سوڵتان خوسێنی بەهدینانی بیستبێ کە زەمانی شەرەفخان میری میرانی کوردستان بووە لە دەربارەی شا ئیسماعیلی دووەمدا. بەیرام بەگ ماوەیەك لە لای شا خۆی پەنابەر بووە. ئەوسا ئامێدی مەڵبەندێکی زانستیی کوردستان بوو و

[38] باسێکی تازە بابەتمان بە پێنج بەش لە ژمارەکانی (٨٨-٩٢)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا لەسەر (پزیشکی لە کوردەواریدا) بڵاوکردووەتەوە کە دەرمانەکانی ئەم چەند پزیشکە و هەندێکی دیکەیشمان لەگەڵ دەرمانی پزیشکی وەك (حنين بن اسحاق) و (رازی) و (ابن البيطار) و (الانطاكي) و(مەلا مەحموودی کوردی) و هی دیکەیشدا بەراورد کردوون. ئەوەندەی پێ بزانین ئەوە یەکەم باسی لەو شێوەیەیە کەلای لە پزیشکیی میلليی کوردەواری کردبێتەوە.

به مەدرەسەی گەورەی قوبان (قبهان) بەناوبانگ بوو کە سوڵتان حوسێن لە سەدەی شازدەیەمدا بنیادی‌نا[٣٩].

بیرم بۆ ئەوە ناچێ تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا سەرنج و زانیاریم لەسەر هەبوونی نەخۆشخانە و قوتابخانەیەکی پزیشکی لە ئامێدیدا بەرچاوکەوتبێ. بە پێچەوانەی چەند نەخۆشخانەیەکی دیکەی کوردستانەوە کە لە سەدە ناوەنجیەکاندا لە سەرچاوەکاندا باسیان کراوە، وەك نەخۆشخانەی نسێبین (نصیبین) و حەڕڕان و ئەربیل و جزیر و عەرزان و بدلیس و ماردین و فارقین[٤٠].

دیمەنی دووەمی تابلۆکە یاریی (قاشوان)ە (الکرة و الصولجان) کە بەشی خوارووی تابلۆکەی بۆ تەرخان کراوە. سوارێك لە خوار شووڕای سروشتکردی لاساریی لەگەڵدا دەکات و حەزی لە غاردانە و هەردوو پاشووی لێك بڵاو کردووەتەوە و لە ئەرز گیری کردوون بە ڕادەیەك نێوگەڵی دەرکەوتووە. هونەرمەند وێنەی ئەسپەکەی زۆر جوان و ورد و لێهاتوانە کێشاوە. سوارەکە خۆی لەسەر پشت ئەسپەکەی بەرزکردووەتەوە و بە

---

[٣٩] فەرمانێکی سوڵتان عەبدولمەجیدمان لە ژمارە (١١٢)ی (ڕۆشنبیری نوێ)دا لەسەر مەدرەسەی قوببەهان بڵاوکردەوە، لەگەڵ وەسف و پێوانەی مەدرەسەکە و وێنەیەکی و چەند بەڵگەنامەیەکیشی کە هەموو دەستنووسن. بەڵگەنامەیەکی زۆری ئەم مەدرەسە گەورەیەی کوردستانم لەلایە کە پێش سوڵتان حسێن قوبان لەژێر (سوَلاۋ)دا ئاوەدان بووە وەك شوێنێکی ئایینی کۆن. ١٩٨٣ مەسحی قوببەهانم کرد و وێنەییێکی زۆریم گرت و نیازمە باس و بەڵگەنامەکانی بکەمە کتێبێکی تایبەت.

[٤٠] لە کتێبی (حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، بەرگی دووەم، ل٣٨٠-٤٠٢)دا بە درێژی باسی نەخۆشخانەی فارقین (مەیافارقین) و قوتابخانە نۆشداریەکەیمان کردووە. دەوڵەتی دۆستکی لە سەدەی پازدەیەمدا ئاوای کردوونەوە.

دانەیەکی (بەرصیصی عابید)مان لەلایە بە دەستخەتی محەمەد عەلی حاجی ڕەشیدی کەفشنی، ١٩٦٩.

دەستێکی هەوساری ئەسپەکەی گرتووە و بە دەستەکەی دیکەیشی ئاماژەی بۆ پیاوەکانی پێش خۆی دەکات تا قاشۆ (دارقاشوانە)ی بدەنێ، یا ڕەنگە (گـۆ-گـۆك)کـەی بـە دەسـتەوە بـێ. کـابرا شمـشێرێکی بـەنرخی کـالان نەخـشداری بـە زینـی ئەسـپەکەیەوە قـایم کـردووە. دوو قاشـۆ بـە دەسـت پیاوێکەوەن و، یەکێکی دیکە جلێکی سووری لەبەردایە و پشتێنی پێدا شۆڕبووەتەوە. ئەمیان دەستیی بۆ لای شتێك درێژ کردووە کە لەوانەیە تەپڵێك بێ بۆ تەپڵ لێدان یا شتێکی قووڵ بێ و (گۆ)کەی تێدابێ. هەندێك شتی دیکە لەلای ئەم پیاوەوە هەن لەم بەشەی تابلۆکەدا، بەڵام ئەم بەشە زیانی پێ گەیشتووە. پیاوێکی دیکە وا لە پێشیانەوە و یەکێکی دیکەیش بەرەو لای ئەوانە دێت و پەنجەیی بۆ پیاوەکەی بەرامبەری درێژ کردووە.

ئەم دەستەیە نیازیان هەیە یاریی قاشوان بکەن. ئەم یارییە بە گۆ (گۆك) و قاشۆ (دارقاشوان) دەکرێت. قاشۆ دارێکی درێژە دارێکی کورت و کۆنەی بە لاری لەسەر دەبەسترێت و هەردووکیان شێوەی گۆشەیەکی کراوە دەدەن. بەڵام دارە درێژەکە لە کونی دارە کورتەکەیانەوە دەچێتە دەرێ. سوار و پەیا (پیادە) دوو دەستەی ئەم یارییەن، ئەگەرچی سوار لەگەڵ پەیادا نابێ. ئەم یارییە جاران لە کوردستان باو بوو و (شەقێن)یشی پێ دەگوترا، لە جێگایەکی دیکەدا باسی دەکەین.

# تابلۆی پێنجەم
# جزیرا بۆتان و مەم و زین

تابلۆی پێنجەم (پەڕەی ژمارە ٤٣) لەبابەت میرنشینی بۆتانەوەیە و لە سێ دیمەن پێکهاتووە کە هەریەکەیان مانای تایبەتی خۆی هەیە. یەکەمیان بریتی‌یە لە دامێنی تابلۆکە کە ڕووباری دیجلەی تێدا وێنەکێشراوە. بەشێکی سەرو لەشی لاوێکی جوانی سمێڵ ڕەش لە بەری خۆرەڵاتی دیجلەدا بەدەرکەوتووە کە نیازی وایە لەو ڕووبارە مەزنە بپەڕێتەوە و بەرەو شار بچێ. لاوەکە دەستیی بۆ لای ڕووبار یان بۆ لای کچێك درێژ کردووە کە لەوبەری ڕووبار گومگومێکی زەردی لە دەستدایە و پڕی لە ئاو دەکات. لاو و کچە تەماشای یەکتر دەکەن و لەپ (کەف)ی دەستی کراوەیە بەلای سەرەوە نەك بەرەو خوار. دەستی دیکەی خستووەتە سەر سنگی، بەڵام نوقاندوویە وەك مەبەستی ئەوە بێ قەراغی کراسەکەی لە شوێنی خۆی نەجوولێ. ئەم وەزعە مانای شەرم و ملکەچی (خضوع) و دەستە پاچە بوون بەرامبەر وەزعێکی سەخت دەبەخشێ. جا ڕەنگە مەبەستی ئەوەبێ بە کچەکە بڵێ وەرە یان بڵێ دیجلە گەورە و شەپۆلدار و قووڵە و ناتوانێ لێی بدات و تێپەڕببێ بۆ لای ئەو و داوای لێ دەکات شوێنی تێپەڕبوونی پێشان بدات و بە دەموچاویشیدا دەزانرێ کە خەمبارە.

کڵاوی ئەم لاوە وەك کڵاوی کەسانی دیکەی نێو تابلۆکە و تابلۆکانی دیکەش نییە. دوو پەڕی سپی و پان و ناوەڕاست سەوزیان لە پەڕۆی سپیی لە شێوەی دوو پەڕی باڵندە و ناوەڕاست سەوز کراو یان دوو پـــەڕۆی



سەوزی بن خڕی پێوە بەستراو لە پێشی کڵاوەکەی توند کراوە و وەك دوو شاخی بەران کە وەك تاجێکی شاخدار (تاج مُقَرَّن)ی لێ هاتووە. بێ گومان ئەمە نیشانەی گەورەیی ئەو لاوەیە و مانای نامۆ (غریب)یی لاوەکە و خەمباریی تێبینی دەکرێت.

سەروکڵاوی کچەکە وەکو هی پیاوانە و لە قوماشێکی تێکەڵاو لە سپی و زەردە. کراسە درێژەکەی سووری یەخە تەسکە لەسەر ئەو وەك سەڵتەی سیمداری مەیلە و زەردە. ئەو پشتێنەیش کە بەستوویە گەورەیە و لە هەموو پشتێنەکانی دیکەی ئەم تابلۆیە و تابلۆی شەشەمی بەرامبەریشی زلترە. کچەکە سەری پشتێنەکەی بە لاتەنیشتێکیدا شۆڕکردووەتەوە وەك نەریتی ژن. بەڵام پیاو بەپێی وێنەکان سەری پشتێنی ڕاستە و ڕاست لای ناوکەوەیە و لەوێوە بەری دەداتەوە. دیوارێکی لە بەردی داتاشراو وا لەپشت ئەم کچە و بەسەر لێواری دیجلەوەیە کە دیواری حەوشەی خانوویەکە و هەمان کات ڕەمەند (شوورا)ی جزیریش دەنوێنێ کە لەبەردەم (بورجا بەلەك)دایە و هەمیشە شەپۆلی دیجلەی بەردەکەوێ. نەخشێکی نیوە پاقلاوەیی (نصف معيني) بەسەر ڕیزە بەردی سەرەوەیە.

ڕەنگە بگوترێ وێنەکێش (شەرەفخان) لێرەدا هەڵەیەکی هونەریی کردووە، بەوەدا کە خەتی سەرووی دیوارەکەی شوورای شاری بەسەر سنگی ئەو کچەوە کێشاوە، لە کاتێکدا دیوارەکە دەکەوێتە پشتەوەی کچەکە. بەڵام زۆریش پێ دەچێ ئەمە هەڵە نەبێ، وەك چۆن دەرچوونی بەشێك لە وێنەی دیجلە لە چوارچێوەی (اطار)ی ڕاستەقینەی کەوە هەڵە نییە، چونکە مەبەستی هونەرمەند پێشاندانی گەورەیی و هوروژم و لێشاوی شەپۆلەکانی دیجلەیە وەك چۆن هەڵدەستێ لەکاتی بەهاردا. مەبەستی لە کێشانی خەت (هێڵ)ە کە بەسەر سنگی کچەوەو ئابلۆوقەدانی و ڕێگە لێگرتن بەو هێڵە ئەوەیە کە

چارەنووسی ئەم کچە لە ئابلۆوقە (محاصرة)دایەو ناگاتە مراد و ئامانجی خۆی، نە لاوەکە دەتوانێ بگاتە کچەکە لەبەر قووڵی و گەورەیی یا بەرزبوونەوەی ئاوی دیجلەو نەکچەکە کە ئابڵووقە دراوە دەگاتە لای ئەو لاوە. کە مەبەستی هونەرمەند یا بڵێین شەرەفخان مەم و زینە و چارەنووسی ڕەشی عیشقیانە کە ڕێگای گەیشتن بە یەکتریان لێ گیراوە. خەت (هێڵ)ی شوورایش کە گەیشتووەتە (بەکۆ) لە پشت سەرەکەوە ڕەتبووە نەك لەسەر دەم و چاوی. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هونەرمەند هەڵەی نەکردووە، بەڵکو بۆ ئەو مانایە ئەو کارەی کردووە تا ببێتە نیشانەیەك بۆ ئەوەی بزانرێ مەبەستی لێرەدا بەسەرهاتی مەم و زینە.

لەپشت کچەکە و لە ڕێگای هاتنە سەر دیجلەدا پیاوێك سەری لە تەنیشتی شوورای شاری جزیرا بۆتان دەرهێناوە ئەم پیاوە سمێڵ و ڕدێن گەورە و هەردووکیشیان ڕەش و ناڕێك و ئاڵۆزکاونو دەمی زل و پان و جووتە برۆی ئەستوور و دوو چاوی زەق و بەدە. وێنەی گشتی ئەم پیاوە لە هی یەکێکی دوو زمان و فێڵباز دەچێ و خۆی لێ گرتوون و چاودێرییان دەکات و ئەویش (بەکۆ)یە. لەم چەند مانگەدا زۆر لەم تابلۆیە ورد بوومەتەوە و گەیشتوومە ئەوەی بڵێم: ئەم دیمەنەی بەشی خوارووی تابلۆکە ئیشارەتێکە بۆ بەسەرهاتی (مەم و زین). چونکە وێنەکان و بەسەرهاتەکەیان بەپێی باس و خواسی فۆلکلۆریی (مەمی ئالان) (بڕوانە: دانەی لیسکۆ و دەستکاریکردنی دکتۆر نوورەدین زازا و وەرگێڕانی بۆ عەرەبی لە لایەن دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵەوە، ل٩٧و ١٢٨) کەمێك لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن و مەم بە جلی شایانەوە بە دوای زیندا بۆ شاری جزیرێ دێت و بە (مەلیکی کورد) وەسف کراوە (بڕوانە ل٩٠و ٩٣ی هەمان سەرچاوە). لە لاپەڕە (٧٤)یشدا ئەمە هاتووە: مەم پێش ئەوەی بگاتە جزیر پیرەمێردێکی دیوە کە خدری زیندە بووە و ئامۆژگاریی کردووە و پێی

گوتووە: کە دەگەیتە سەر ڕووباری جزیرا بۆتان، دەبینی ڕووبارەکە پان و بەرینە و بەلەمیشی لێ نییە بتپەڕێنێتەوە. لەوبەر دیجلە دووکەڵ بەرزدەبێتەوە و کچەکەی (بەکۆ)ی شەیتانیش داوی بۆ ناویتەوە و دەیەوێ بە ناوی (زینی زینان)ەوە بتخەڵەتێنێ. بڕوای پێ نەکەی، چونکە ئەوە کیژی بەکۆی دووزمانە. باوکی بەهۆی کتێبی ڕەمڵ لێدەرانەوە زانیویە بۆ شاری جزیر دەچی. بۆیە کچەکەی بۆ ناردووی و دەیەوێ لە گۆمی خوێندا نوقمت بکات.

جا کە مەم دێتە سەر قەراخی ڕووبارەکە –وەك لاپەڕە ٧٥-٧٦یش باسی ئەوە دەکات– دەبینێ قسەی پیرەمێرد ڕاستە و هیچ بەلەمێك نییە پێی بپەڕێتەوە. بۆیە بانگی کچی بەکۆ دەکات و دەڵێت: خوشکێ من غەریبم و ڕێ دەرنابەم، بوار لە چ عاستێکدایە؟ کچە هەوڵدەدات مەم بخەڵەتێنێ و پێی دەڵێت: من زینم، بە شەو هاتوومە لات و ئەنگوستیلەمان گۆڕیوەتەوە. من دێمە لای تۆ و تۆیش بمبە بۆ خۆت. مەم پێی دەڵێت: تۆ زین نیت، کچی بەکۆی. کە کچەکە دەزانێ ناتوانێ زەفەری پێ ببات، بوارێکی قووڵی پێشان دەدات و دەڵێت: ئەوە تەنکاوە و دەتوانی بەپێ لێی بدەی. مەبەستی ئەوە بووە نوقم ببێ و بخنکێ. مەم کە هاتووەتە سەربوارەکە و دیویە قووڵە گەڕاوەتەوە و بەو گوێ ئاوەدا ڕۆیشتووە تا بە شوانێك گەیشتووە. شوانە ڕەتێکی تەنکاوی پێشان داوە و، مەمیش لێی پەڕیوەتەوە و چووەتە ئەوبەر.

بەپێی دەقی (مەم و زین)ی نێو (تحفەء مظفریە، بەرگی یەکەم، ل٢٧٥)ی (ئۆسکارمان)یش: مەم و بەنگین لە گوێ دیجلە دەگەنە کچە گازرکارێك کە مەلەك (ڕێحان)ی کیژی بەکۆیە و مەم بە (زین)ی تێدەگات. بەپێی گێڕانەوەی فۆلکلۆریی (حاجی پیرۆت)ی ڕانیەیی (ی تەمەن ٨٠ساڵ زیاتر) سەبارەت بە هەمان داستان کە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/١٧ بە دەنگی خۆی و بەزاری کرمانجیی خواروو تۆمارم کردووە: کە مەم یەکەمجار دێتە جزیر، بەکۆی نەفرەتی لە ڕێگایدا ڕادەوەستێ و بەرەو ڕووی دێت.

بەلای منەوە ئەو لاوە کە کلاوێکی وەك تاجی شاخداری لەسەرناوە و دەستیی بەرەو دیجلە درێژ کردووە و لەگەڵ کچەکەی ئەوبەردا قسان دەکات و داوای لێ دەکات بێتە لای یان داوای ڕێ پێشاندانی لێ دەکات و خەمبارە ئەوە مەمی ئالانە. ئەو دوو گێڕانەوەی پێشوویش لەگەڵ ئەم وێنەیەدا هاومەبەستن. بۆیە کچەکەی ئەوبەری دیجلە (زین)ـە زینی کیژی (میر ئاودەل-ئاڤدەل-عەبدال)ە و، پیاوە ساختەچیەکەیش کە سەری لە دیواری تەنیشتی دیجلە بەرزکردووەتەوە و لە پشت کچەکەوەیە (بەکۆ)ی نەفرەتییە کە ئێستایش لە شاری جزیر بە (بەکۆی لەعین) ناودەبرێت.

جێی گوتنە بەپێی گێڕانەوە فۆلکلۆریەکان و وێنەکەیش دەبێ مەم لە خۆرەڵاتەوە هاتبێ نەك خۆراوا، چونکە دیجلە بە بەری خۆرەڵاتی جزیردا تێپەڕ دەبێ. زۆر بە دووری دەزانم شەرەفخان بەسەرهاتی (مەم و زین)ی پێ نەزانیبێ و نەبیستبێ. لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە خەمگینە بە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و (١٥١) ساڵیش نێوانی چارەنووسی ڕەشی مەم و زین و دوایی پێ هێنانی شەرەفنامەیە، چونکە مەم و زین ساڵی (٨٥٤)ی کۆچی (١٤٥٠-١٤٥١ی زاین) کۆچی دواییان کردووە. ئەم مێژووەم بەسەر گۆڕەکەیانەوە دیوە کە وان لە ژێرزەمینی مەدرەسەی (میر ئاڤدەلی)ی سەر شوورای جزیرا بۆتان. لە کتێبەکەمدا (دیوانا کرمانجی، ل١٥٤-١٦٠) باسی ئەوەم کردووە و وێنەی گۆڕیانم بڵاو کردووەتەوە. شایانی باسە (عەلی حەریری و مەلای جزیری)ی جووتە شاعیری گەورە کە من هەردووکیان بە هاوزەمانی شەرەفخان دەزانم ئاماژەیان بۆ (مەم و زین) کردووە، چونکە ئەو دەمە بەسەرهاتیان بڵاو بووە. مەلای جزیری گوتوویە:

**موویەکی ئەز ژتە نادم، ب دۆسەد (زین) و شیرینان**

**چ دبت گەر تو حەسێب کی م ب فەرهاد و (مەمێ)**

**(دیوانا کرمانجی، ل١١-لەسەر جزیری و حەریری).**

جا بەم پێیە (شەرەفخان)یش وەك ئەم شاعیرانە ئاماژەی بۆ (مەم و زین) کردووە لەم تابلۆیەی خۆیدا. شەرەفخانی مەزن لە باتی میرنشینی بدلیسدا لە پەڕەی ژمارە (١٣٠)ی شەرەفنامەدا باسی (میر ئەبدال)ی کردووە (کە باوکی زین)ە. بەڵام لەم شوێنەدا ئاماژەی بۆ زین و مەم و زین نەکردووە، چونکە باسی لەشکرکێشیی میر عەڤدالە بۆ سەر میرنشینی ڕۆشکی (بدلیس). عەشیرەت و نەوەی بەڵکۆ (بەکر مەرگەوەڕ) ئێستا مەرگەوەڕ ماون، لە ١٩٩١دا هەندێکیانم دیت و شەرم دەکەن بەکۆ لەوانە یا هەندێکیان نەوەی ئەون.

لەوانەیە دیمەنی دووەمی تابلۆکە هەر بەشێك یا تەواوکەری دیمەنی یەکەم بێ و پێوەندی بە بەسەرهاتی مەم و زینەوە هەبێ و، ئەو سێ پیاوە چەکدارەیش (تاجدین) و (چەکۆ و عارف)ی جووتە برای مەم بن کە لە دۆستە دڵسۆزەکانی بوون. ڕەنگە کابرای دەستەڕاستیان کە کراسی (گوملەك)ی سەوز و هێلەکی درێژی لەبەردایە و شەڕواڵی فشە و سمێڵی بابڕو قیتە میر تاجدین بێ، لەبەرئەوەی هونەرمەند زیاتر بایەخی بە سەرو مێزەر و جلوبەرگەکەی داوە و بە تەمەنیش لەوانی دیکە گەورەتر دیارە. ئەو وێنە قەڵەمکێشەی کە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دانراوە مامۆستای بەڕێز کامیل ئەحمەد کێشاویە بۆ ڕوونکردنەوەی بەشی مەم و زین.

دیمەنی بەشی دووەمی تابلۆکە بریتییە لە خانوویەکی سەر قەراخی دیجلە کە دەروازەیەکی زۆر گەورە وا بە ڕووکارەکەیەوە و باڵندەیەکیش —کە پێدەچێ هەڵۆ (صقر) بێ— وا بە بەرزاییەکەیەوە و شوێنێکی تایبەتی بۆ کراوە. خانوەکە ڕەمزی دیمەنی شارەکەیە. پیاوێکی زەحمەتکێشی پێخاوس کۆڵەدارێك وا بە پشتیەوە و هەردوو دەرلنگی دەرپێکەیی تا ئەژنۆ هەڵکردوون و هەردوو قاچیشی لێك بڵاوکردوونەتەوە. کابرا قۆڵی ڕووتە، یا دەکرێت بڵێین: کراسە درێژەکەی بەری نیوقۆڵە و دارێکی درێژی بەدەستەوە گرتووە. کابرا بەرەو شاری جزیر دێت و گەیشتووەتە نێو حەوشەی خانووەکە.

سێ پیاوی چەکدار لە لایەکەی دیکەدان و بەتەمان بچنە دەرەوەی شار: یـەکیان قـەڵغان بەشـانە و یـەکێکی دیکـەیان قـەڵغان و تـیری پێیـە و ئـەوی سێیەمیش تیر و کەوانی پێیە و شەڕواڵێکی فش و فۆڵی گوڵداری لەپێدایە. جێی گوتنـە، شـەڕواڵی خـەڵکی جزیـر زۆر فش و دەڵبـە، بـەڵام هـی خـەڵکی شـاری (سـێرتێ) سـەرەوەی هێنـدی هـی جزیریـەکان فـشە و خوارەوەیـشی تەسك و باریکە. مرۆڤێکی دیکە کە چەکی پێ نییە و لـە خـوار ئەوەوەیـە لـە نزیـك پـەرژینی خانووەکەدایـە یـانی شـوورەی شـار و سەروسـنگی دیـارن و قسە لەگـەڵ یەکێکیانـدا دەکـات. کـابرا تاژیـەکی سـپیی لـە پێـشەوەیە و سـەری بـۆ لای پیـاوە سمـێڵ قیتەکـە بەرزکردووەتـەوە کـە بـە پەنجەیـەك ئیشارەت بۆ تاژیەکە دەکات. ئەم دەستەیە (سێ کەسە) نیازیانە بۆ ڕاو بچن یا بەرەو مەم و زین بچن تا ببنە بەشێك لە بەسەرهاتە نەمرەکەیان.

دیمـەنی سـێیەمی تابلۆکـە دیمـەنێکی ڕاوە و بریتـی یـە لـە شـوێنێکی شاخاوی کـە باسـی دەرەوەی شـاری جزیـر دەکـات و پێوەنـدیی بـە شـارەوە نییە. بازەوانێکی ڕدێندار لە بەشی خواروی ئەم دیمەنەدا (لە بناری شاخە سەختەکەدا) هەیە، دەستکێشێکی لە چەرمی سەوزی تۆخ دروستکراوی لـە دەستدایە و باڵندەیـەکی ڕاو -کـە (باز)ە-ی بەسـەر دەسـتەوەیە. پیـاوێکی دیکـەی ڕدێنـدار لـەولاترەوەی دانیـشتووە. کەوایـەکی نایـابی بـێ قـۆڵی لەبەردایە کە قوماشـەکەی گوڵ گوڵیـە. کـابرا لەسـەر ئـەژنۆ دانیشتووە و پـەڕی باڵنـدەی خـستووەتە بـەر مێزەرەکـەی و گـوارەی زێڕیـشی لـە گوێچکەدایە.

کابرای دانیشتوو لە دیمەنی سێیەمدا بە دەستێکی ئیشارەت بۆ خۆی دەکات و بانگی یەکێك لەو دوو تاژیە ڕەشەی پێشیانەوە دەکات کە سەری بـۆ لای پیاوەکـە قـوت کردووەتـەوە. تاژیەکـەی دی ڕسـتی لـە ملدایـە و پیاوێکی دیکـەیش لـەلای تاژیەکانـە. ئەمانـە لـە دەستەڕاستی تابلۆکـەدان.

پیـــاوێکی دیکـــە لـــەلای دەستەچـــەپدایە و قاشـــۆ (کاشـــۆ-دارقاشـــوان)ی بەدەستەوەیە کە تەنیا بەڵگەی هەبوونی ئەم یاریەیە لە شاری جزیر. سێ پیاو لە بەشی سەرووی تابلۆکەدان، وان بەسەر شاخێکەوە بۆ هەستاندنی حـــەیوان و باڵنـــدە تـــا بـــە بـــاز و تاژیـــەکان ڕاوبکـــرێن. وێنـــەکێش وێنـــەی کانیاوێکی لەو چیا سەختە بەردینەدا کێشاوە. هەروەها ئاسمان و گەواڵە هەوریشی لەم تابلۆیەدا کردووە و لە باتیی شین ڕەنگی زێڕیی بۆ ئاسمان بەکارهێناوە. ئەوەی شایانی باسە ئەو خانووەی کە دەروازەی گەورەیە و لە هنداوی ڕووباری دیجلەیە (برجا بەلەك) دەنوێنێ کە کەلها جزیرێیە و ئەو بورج -واتە دیمەن-ەی هنداوی دیجلە ڕیزە بەردێکی سپیە و ڕیزێك بەردی ڕەشە.

## تابلۆی شەشەم
## دیوا نخانا میرێ بۆتان

تابلۆی شەشەمیش وەکوو پێنجەم (پەڕەی ژمارە ٤٣) سەبارەت بە میرنشینی بۆتانە. زەلامێکی ڕدێن ڕەش لەم تابلۆیەدا لەبەر دیوانخانەیەکدا بە چوارمەشقی لەسەر مافوورێکی بچووکی سور و زەردی بە نەخشی گیایی و ئەندازەیی ڕازێنراودا دانیشتووە کە لەسەر مافوورێکی دیکە ڕاخراوە. زەلامەکە جلێکی دانسقەی گوڵداری لەبەردایە کە لە جلوبەرگی میرانە و مێزەرێکی گەورەی گوڵنکەداری لە قوماشێکی گرانبەها دروستکراوی بە شێوەیەکی جوان پێچراوی لەسەرناوە. گومان لەوەدا نییە کە وێنەکێش مەبەستی پێ میرێکی بۆتانە کە میر شەرەفی کوڕی خان عەبدال (خان ئەبدال)ی کوڕی میر ناسرە کە کاتی تەواو بوونی دانانی شەرەفنامە فەرمانڕەوا بووە[٤١] .

---

[٤١] شەرەفخان بە درێژیی باسی ئەوەی کردووە کە چۆن میر شەرەف بە زەحمەت توانیویە فەرمانڕەوایی بۆتان دەست بخات و میر عەزیز و میری هاوەند لە نێو ببات. ئەم میر شەرەفە (مەلای جزیری)ش لە دیوانەکەیدا ناوی هێناوە و گوتوویە:

"صەف صەف مە دین هندی و زەنگ    جەنگیزی هات تەیمووری لەنگ

خەف وان ڕەشاندن دل خەدەنگ    تەشبیهی تیرێن خان شەرەف"

هەندێك لەو بڕوایەدان کە مەلای جزیری قەسیدەی (ئەی شاهنشاهی موعەظظەم) و قەسیدەی (خانی خانان)ی بەو ڕەوانییژێیە تۆکمەیەوە لە ستایشی (میر شەرەف)دا گوتوون (بڕوانە: دیوانا جزیری، تویژاندنا صادق بهاء الدین، ١٩٧٧، ل٢٦٦).

ئەم میرە کە شەرەفخان بە ئازا و زیرەکی لەقەڵەم داوە، تا مانگی شەعبانی ساڵی ١٠١٥ی کۆچی (١٦٠٦-١٦٠٧ی زاین)ی زیندوو بووە و، لەگەڵ (نصوح پاشا)ی والیی

**ژنێك -كە ڕەنگە كەنیزەك (جاریة) بێ- بە جلێكی گوڵداری مەیلە و زەردی گرانبەها و سەروكڵاوێكی سوورەوە فنجانێكی خستووەتە سەر سینییەك و بۆ میری دەبات. مێزەری سەر ئەم ژنە وەك هی پیاوانە. ژنێكی دیكە -كە ڕەنگە ئەویش كەنیزەك بێ- بەرامبەر بە میر بە ملكەچییەوە ڕاوەستاوە، قژی بەسەر سنگیدا بەرداوەتەوە و جلی سوور و سەروكڵاوی زەردە و شووشەیەك لە دەستیدایە كە شتێكی تێدایە بۆ میری دەبات و**

---

دیاربەكردا هاتوون بۆ لەنێو بردنی جووڵانەوەی (محمد بن احمد الطویل)ی داگیركەری بەغدا و بە شكاوی گەڕاونەوە. میر شەرەف میرانی كوردی بەوە قایل كردووە كە پاڵپشتی نصوح پاشا بكەن و كچێكیشیی پێداوە. سەیدی خان بەگی كوڕی قوبادخانی بەهدینانی قایل بووە، بەڵام لە ژێرەوە لەگەڵ (ابن الطویل)دا پێك هاتووە. ڕۆژی سێی شەعبانی ئەو ساڵی هەردوو هێزی نصوح پاشا و میر شەرەف گەیشتوونە بەر شوورای بەغدا (بڕوانە: جعفر الخیاط، صور من تاریخ العراق في العصور المظلمة، ١٩٧١، ل٤٧).
بەڵام (نظمی زادە) لە (گلشن خلفا، ل٢١١)دا گوتوویە: شەڕی بەغدا ساڵی ١١١٧ی كۆچی قەوماوە. ئەوەی شایانی باسە لە نێو مەلا و فەقێكانی جزیر و بۆتاندا بڵاو بوو كە مەلای جزیری حەزی لە كچی میری جزیری كردووە و بە هۆی ئەو عیشقەوە بووەتە شاعیر. ئەو كچی ئەم میر شەرەفە بووە.
جێی باسە میر عیمادولد شاعیر كە لەگەڵ مەلای جزیریدا گفتوگۆیەكی شیعریی گرنگیان هەیە، كوڕی ئەم میر شەرەفەیش بووە، بە پێی نووسینی سەر كێلی گۆڕەكەی كە لەگەڵ مەلای جزیریدا وان لە نێو گومەزێكدا كە وا بە (مەدرەسا سوور)ی شاری جزیرا بۆتانەوە بەستراوە. لە زانایانی وەك خوالێخۆش بووان مەلا مەحموودی هوسەری و سەید عەبدولڕەحمانی كوڕی سەید عەلیی فندكیی جووتە موفتیی مامۆستام بیستراوە و زانراوە كە گۆڕی مەلای جزیری نووسینی لەسەر نییە و كێلەكەی بچووكە و لەبەری باكووری گومەزەكەدایە. من و خوالێخۆش بوو مەلا خەڵەفی بافەیی قوتابیم و سەید عەبدوڵڵای شێخ محەمەدی فندكیی خاڵم و مەلا ئەحمەدی برام ڕۆژی ١٠ی تەمووزی ١٩٧٧ لە كونەبانی قاتی یەكەمەوە چووینە نێو گومەزەكە، چونكە دەرگاكەی بە خشت گیرابوو. چەند گۆڕێكی بنەماڵەی میرانی جزیر و خزمەكانیان لە نێو گومەزەكەدان.



یەکیان گـوارەی زێـڕی وەك چارەکە لـیرە لـە گوێـچکەدایە کـە تـا ئێـستاش نموونەی بە کەمی ماوە.

دوو پیـاو لـە کـۆڕ (جڤـات)ی مـیردا لەسـەر ئـەژنۆ دانیـشتوون: یـەکیان ڕیـشدارە کـە دوور نییـە دەرگاوانـێ بـێ. هەنـدێکی لەشـی بازەوانی میریـش لەبەر تەنیشتی کۆڵەکەی بڵندی کۆشکەکە -یانی دیوانخانەکە-دا دیارە، ئیـشارەت بـۆ جامێـك دەکـات کـە جێـی خـواردنی بازەکەیـە و بـازەیش لـە فڕیندایــە. دوو پیــاو و ســێ تــاژی لــە پــێش دیوانخانەکــەدا دیــارن. لــە دەرەوەیش پاسەوان بە ڕمەوە ڕاوەستاوە و دوو کەس هەن فوو بە (بووق)دا دەکەن. دوو ئەسپیش لەوێدان کە یەکیان هەوسارێکی گوڵنکەداری پێوەیە. لەم تابلۆیەدا دانیشتوانی جڤات و ژنە خزمەتکارەکان و کەرەستەی ڕاو و پاســەوان و مۆســیقاژەن و ئەســپ و ناومــاڵ (مــافوور) کۆکراونەتــەوە. وێنـەکیش ڕووکاری کۆشکەکەی بە بـەرزی و جـوان بـە نـەخش کێشاوە و ڕەنگی پەمەیی و شین و سووری کراوە و پرتـەقاڵی و زەردی بـۆ کۆشـکەکە بـەکارهێناوە. بۆشـایی تـەختی وێنەکـە -واتـە ڕووی دیوانخانەکـە-ی بـە وێنەی درەخت و سوێسن و چەندین جۆرە گیا کە هەندێکیان گوڵدارن لـە چـڕوپڕی پـڕ کردووەتـەوە و ڕازاندوویەتیـەوە و پەنجەرەیـەکی گـەورە بـە دیوارەکەیدا دیارە.

کۆشـك و هـەردوو سـتوونی هـەردوو بـەری زۆر بڵنـدە و بەشـی سـەرووی دابـەش کـراوە بـۆ سـێ بـەش، بەشـی نزیـك پەنجـەرە بـە کاشـیی زەرد کاشـی کراوە، یانی بە هونەرێکی بیناسازیی جوان ئاواکراوە.

# تابلۆی حەوتەم

# قەڵای حەسەنکێف



ئەم تابلۆیە لە پەڕەی ژمارە (٥٦)دایە و بە هەڵە ژمارە (٥٢)ی بۆ نووسراوە و لە بارەی میرنشینی حەسەنکێف (حصن کیفا)ەوەیە. ئەو قەڵا سەختە وەك لە تابلۆکەدا و لەوێش هەروایە بە بەردی سپی کراوە و کەوتووەتە هنداوی ڕووباری دیجلە. تابلۆکە لەگەڵ دیمەنی ئەم قەڵا سەختەی کوردستاندا تەواو لێك دەچن کە ئێستا شاری (ئەسکیف- حەسەنکێف)ی پڕ لە ئەشکەوت ناحیەی قەزای (کەرجەوس)ی ویلایەتی (ماردین)ە. ئەم شارە لە سەدەی دوازدەیەم و سیازدەیەمدا پێشکەوت، چونکە بوو بە پایتەختی دەوڵەتی ئورتووقی و پاشانیش مەڵبەندێکی دەوڵەتی ئەییووبی و دەسەڵاتی ئەییووبیی تێدا تا نزیکەی چوارسەد ساڵ بەردەوام بوو[٤٢].

[٤٢] حەسەنکێف کە ئێستا کورد (ئەسکێف)یشی پێ دەبێژن. شوێنێکە لە دەورانی ئاشووریەکاندا هەبوە و ناوی لە نووسینی بزماریی ئەوسادا بە (حصنا دەکیفا) هاتووە، وەك لە بابەتی (حصن کیفا)ی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامیدا باس کراوە. (ابن شداد) لە کتێبە دەستنووسەکەیدا (الاعلاق الخطیرة في ذکر امراء الشام و الجزیرة، پەڕەی ١٣٠- ١٣١، نامەخانەی (بودلیان) زانیارییەکی باشی لەسەری بەدەستەوەداوە، چونکە خۆی دیویە. گوتوویە: سێ قوتابخانە و چوار سەرشۆرك (حەمام)ی لێیە و قەڵاکەی یەکجار سەختە و حەوت دەرگا لە حەسەنکێفدا هەن. هەروەها (سرابات) -واتە (سەرئاب- سەرئاڤ) کە تونێل (لەغم-نفق) و بە کرمانجیی ژووروو (ئاڤدز)ی پێ دەڵێن- لە نێو قەڵادا هەیە و لە بەردا هەڵکۆڵدراوە و پێپیلکە بە شێوەیەکی پێچاوپێچ (حلزونی) تا سەر دیجلە دەگات و لەو کونە زلانەوە بە ئێستر ئاو لە دیجلە بۆ قەڵا دەهێنرێت و سەردەخرێت، بەبێ ئەوەی کە دوژمن پێ بزانێ یا بیانبینێ. ئەمەی کە ئەو باسی دەکات هی سەدەی سێزدەیەمە. دەوڵەتی تورکیا نیازیەتی ئەم شارە مێژووییە گرنگەی کوردستان کە دەوترێ پێنج هەزار ئەشکەوتی تێدایە، لەناوبەرێ و نوقمی ژێر ئاوی بەنداوی (ئولووسو)ی بکات کە لەسەر ڕووباری دیجلە دروستی دەکات. ئەوە زۆر شوێنەواری تریش ژێر ئاو دەخات. بۆ بەرگریکردن لەم شارە نایابە و شوێنەوارەکانی،

وێنەی پاسەوانێکی جل سووری ڕم بە دەست و قەڵغان بە کۆڵ لەبەردەم قەڵادا دیارە کە قسە لەگەڵ پاسەوانێکی دیکەدا دەکات. دوو کەس لەسەر قەڵا ڕاوەستاون: یەکیان ژنێکی ڕوومەت بە خاڵە و جلێکی سووری گوڵداری لەبەردایە و سەروکڵاوەکەی زەردە و، ئەوی دیکەیان کوڕێکە. ژنەکە لەگەڵ کوڕەکەدا قسان دەکات. لەوانەیە ئەو جووتە ژن و کوڕی میرێکی حەسەنکێف بن. دوو پیاوی دیکەیش لەسەر چیا بەردینەکەی لای قەڵا ڕاوەستاون، کچێك لە نێوانیاندایە گوارەی لە گوێچکەدایە. یەکێك لەو دوو پیاوە ڕم بە دەستە و جۆرە قەڵغانێکی سێگۆشەیی بە کۆڵەوەیە. سوارێك بە ئەسپەکەیەوە لە ڕووباری دیجلە دەدات، جلێکی درێژی خەت درشت و بێ قۆڵی لەبەردایە. بەلای منەوە ئەمە (شیاق)ە کە لە تابلۆی پازدەیەمدا باسی دەکەین. ئەم سوارە لە ئاوی دیجلە دەپەڕێتەوە، چونکە پردەکەی ڕووخاوە و لەو جێیەدا ڕووبارەکە پانە و وادیارە هاوینان سوار دەتوانێ بەبێ بەلەم لێی بدات و بپەڕێتەوە. وێنەی نیوەکەوانێکیش لەسەر دیجلە کراوە، قاز لە ژێریدا مەلە دەکەن ئەوە پردە مێژووییەکەی حەسەنکێفە، من لە تەمووزی ١٩٧٧دا بینیم. ئەم پردە ئێستا هەندێکی لێ ماوەتەوە و کەوانەکەی چل مەتر بەرز دەبێ و بە تەرزێکی بیناسازیی بەرز دروست کراوە. (ابن شداد الحلبي) دەڵێت: بەشێك لە ناوەڕاستی ئەم پردە گەورەیە لە دار کراوە، بۆ ئەوەی لەکاتی پەلاماردانی دوژمندا دارەکان لاببەن و ئیدی نەتوانێ بپەڕێتەوە و بگاتە قەڵا و شارەکە کە لەسەر لێواری خۆراوای دیجلەن[٤٣] .

---

وتارێکی گرنگم بە چوار ئەڵقە لە ژمارەی ڕۆژانی ٣٠/١١و ٥و ٦و ٢٠٠٠/١٢/٧ی ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"دا بڵاوکردەوە. وێنەی هەندێکی ئەو شوێنەوارانەیشی تێدابوو کە هەموویانم دیوە و بۆ یەکەمجار بڵاوکراونەتەوە.

[٤٣] بڕوانە: ابن شداد، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام و الجزيرة، پەڕەی ١٣٠، هەندێك سەرچاوەی مێژووی ئیسلام دەڵێن: (فەخرەدینی قەرە ئەرسەلانی ئورتوقی) لە

## تـابلۆی هەشتەم
## دیسان حەسەنکێف

ئەم تابلۆیـەش وەك هـی حەوتـەم لەسـەر میرنشینی حەسـەنکێفە. وێنـەی مزگەوت و منارەی حەسەنکێف لەم تابلۆیەدا کێشراون. پیاوێکی ڕیشدار لە هەیوانی مزگەوتەکەدا لەسەر بەرماڵ دانیشتووە و جلی لە هی میران دەچێ، دەستیی ناوەتە سەر سنگی. تاقی هەیوانەکە گوڵی تێدا دانراوە. دوو کەس –کـە پێدەچـێ کوڕێـك و کـچێك بـن– خـواردنی بـۆ دەبـەن: یـەکیان قـاپێکی بەلەمیی بە دەستەوەیە. جۆرە قاپی وا بۆ چێشتی شلە بەکاردێت. ئەوی دیکـەیان کـە کـچە –یـا بڵێین کەنیزەیـە– سـینییەکی بەسـەر دەسـتەوەیە کـە پێدەچــێ میوەهــاتی تێــدابێ. هــەردوکیان بــە ڕێــزەوە لەســەر چــۆکن و خواردەمەنی پێشکەش دەکەن. ئەوەی سەرنجڕاکێشە جلوبەرگی کچەکەیە

---

سەدەی دوازدەیەمی زایندا ئەم پردەی بنیات ناوە. (مێجەر سۆن) بە کەڵەك لە دیاربەکرڕا بـە دیجلـەدا هـاتووە و ئـەم پـردە گەورەیـەی دیـوە و کەوانـە زلـەکانیی پـێ عەنتیکـە بوون. گوتوویـە: ئـەو کەوانانـە ئـەوە پێشان دەدەن کـە مـرۆڤ ناتوانـێ بـە چـەندەها بـەرگ کتێـب پشوودرێژی و خـۆگریی ئـەم میللەتـە لـە مێژینـە و لێهـاتووە دەربـبڕێ. زۆربـەی خـەڵکیش دەڵێن ڕۆمانیەکان ئەم پردەیان دروست کردووە (بڕوانە: میجر سون، رحلە متنکر الی بلاد ما بین النهرین و کردستان، بەرگی یەکەم، ل١٠٦، وەرگێڕانی عەرەبیی فوئاد جەمیل).

(حـەننا دولپونـوو)ی مـەترانی پێـشووی مـاردین –خـوالێی خـۆش بـێ– گوتوویـە: ((لـە چـەند سەرچاوەیەکدا نووسراوە کە قەرە ئەرسەلان ساڵی ٥١٠ی کۆچی (١١١٦–١١١٧ی زایـن) پـردی حەسەنکێفی بنیات ناوە)). بەڵام ئەوسا ناوبراو لەسـەر تـەخت نـەبوە و (داود)ی باوکی حوکمدار بـووە (بڕوانـە: مـادرین تـاریخی، ١٩٧٢، ل١٨٤– بـە تـورکی). دانەیـەکیمان بـەهۆی (جبرائیـل عەلاف)ی مەترانی بەڕێزی ماردینەوە چنگ کەوتووە.



کە لە کراسێکی سپیی سەرقۆڵ دەڵب و لەسەر ئەو بەرگێکی کورتی نیوقۆڵی سەوز و لەسەر هەمووانیش جلێکی زەردی بێ قۆڵ و تەسکی تا سەر سمت هاتوو پێك هاتووە و پشتێنی لەسەر بەستووە. بەڵام سەروکڵاوی وەك هی پیاوانە. هەروەها دەرپێ فشەکەیشی. وێنەکێش جاروبار جیاوازی لە نێوان جلوبەرگی ژن و پیاودا ناکات.

پێم وایە ئەو پیاوە گەورەیە کە خواردنی بۆ دەبرێت سوڵتان حوسێنی کوڕی میر محەمەدی کوڕی مەلیك خەلیل بێ کە لە کاتی تەواو بوونی شەرەفنامەدا گەورەی بنەماڵەی میرانی ئەییووبیی حەسەنکێف بووە. ناوبراو ماوەیەك حوکمداریی کردووە، بەڵام چونکە حەزی لە ئیش و کاری گەورە دنیایی نەبوە دەستی لێ هەڵگرتووە. شەرەفخان لە لاپەڕە (٦٠)دا دەڵێت: ئێستاکە سوڵتان حوسێن لە کوردستان دەژی و بەشێکی پاشماوەی ئەوقافی باب و باپیرانی وەردەگرێ. واتە بێ کارە و باری ژیانی جۆر و تەواوی نییە. وێنەکێشانی لە مزگەوتدا مانای وایە تەرکی دنیای کردووە و خەریکی کاری ئاینییە.

هەر لەم تابلۆیەدا وێنەی پیاوێك و هەرزەکارێك هەن لە خوار مزگەوت و لە گوێ دیجلە ڕاوەستاون. پیاوێك و هەرزەکارێکی دیکەیش بەسەر شاخی پشت مزگەوتەکەوەن. وێنەی دوو (سووراحی) یا گوڵاودان یا گەورەکەیان سووراحی و بچووکەکە گوڵاودان لەم تابلۆیەدا کراون. نووسینی (الله جّل جلاله) بەسەر بەرزایی گومەزی کووزکوورزیی مزگەوتەکەوە هەیە. هەر لەم تابلۆیەدا تەنیا سەری داتاشراوی زەلامێك لە سووچی دیوارێکی بەرزدا دیارە و ئەڵقەیەکی زەردیش لە گوێچکەیدایە کە چوارچێوە یان هێڵی جیاکەرەوەی نێوان وێنەی ئەم بینایە و مزگەوتەکەی تێپەڕاندووە. ڕەنگە ئەمە پەیکەری سەرە زەلام بێ بە دیواری قەڵای حەسەنکێفەوە.

# تابلۆی نۆیەم
# قەڵای ئاگیل لە دیاربەکر

تابلۆی نۆیەم (پەڕەی ژمارە ٦٦) سەبارەت بە میرنشینی (ئاگیل)ە لە ناوچەی سەرچاوەی ڕووباری دیجلە و، بریتییە لە دیمەنێکی قەڵا سەختەکەی (ئاگیل) کە دەکەوێتە سەر بەردەڵانێکی بەرزی باکووری شاری دیاربەکر و (٥٧کم)ێك لێیەوە دوورە و بەرامبەر بە ڕووباری دیجلەیشە. ئەمە قەڵایەکی کۆنی کوردستانە و نووسینی بزماری و هەڵکۆڵدراوی سەردەمی ئاشووریانی پێوەن. چەند گۆڕێکی بەردینی گەورە و کۆن و گرنگی تێدان. گڵکۆ (قەبر)ی ئەم پێغەمبەرانەی لێیە بەپێی باوەڕی خەڵکەکەی: هاروون، ذوالنون (یوونس)، ئەلیاس، ذوالکفل. جگە لە هەبوونی مزگەوت و قوتابخانەی کۆنی زەمانی ئیسلامی[44] . ئەمانە تێکڕا

---

[44] بڕوانە: بسری کونیار، دیاربکر تاریخی، بەرگی سێیەم، ل٢٦٦-٢٧٩. هەروەها شوکت بیسان اوغلو، بتون جبهەلرینە دیاربکر، ل٧٣.

ئەم دوو کتێبە بە تورکین. گوندی (بەنی نووح) لە سەدەی یازدەیەمی زایندا و لە سەردەمی (دەوڵەتی کوردیی دۆستکی)دا لەسەر پاسەوانانی قەڵاکانی ئاگیل و (جاترە) و (یەمانی) وەقف کرا، چونکە ئەم سێ قەڵایەی دەوڵەتی دۆستکی نزیکی سنووری دەوڵەتی بێزەنتی بوون و بە چاوێکی پڕ بایەخەوە تەماشا دەکران. (ابن بهات) کە بازرگانێکی گەورەی شاری فارقین بوو لە کاتی (نصر الدولة) ئەحمەد کوڕی مەڕوان کوڕی کەك دا ئەم گوندەی بە پێنجسەد دیناری بێزەنتی کڕی و کردیە وەقفی ئەم سێ قەڵایە. ئەو پارەیە قازانجی یەك ڕۆژ خام فرۆشتنی بوو. (بڕوانە: احمد بن یوسف بن علی بن الازرق الفارقی، تاریخ الفارقی، بیروت، ١٩٥٩، ل١٦٧و، عبدالرقیب یوسف، حضارة الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، بەرگی دووەم، ل٣٢٤).



نیشانەی ڕابردووی بایەخدا و شارستانەتیی دێرینی شاری ئاگیلن. مرۆڤ بەپێی مێژووی شوێنەواری یەکەمین جار لە جیهاندا کە تائێستا زانرابێ — لەم ناوچەیەدا (ئاگیل و مەعدەن) فێری چنین و ڕستن و بەکارهێنانی (مس) بووە.

قەڵای ئاگیل لە تابلۆکەدا وا بەسەر چیایەکی بەردینی هنداوی ڕووباری دیجلە و ئەم تەرزە بیناسازیانەی تێدا بەرچاو دەکەون: قوتکەکانی سەربانی بە جۆرێکی سێ سووچ و جوان دروست کراون لە شاخ دەچن. شێوەی ڕەشماڵی کۆچەریی سێ ئەستووندەگی و کەوانی بەندەڕوومیش بە ڕەنگڕشتنی لێواری (قوتکەکان) بە ڕەنگێکی سپی دەردەکەون. وێنەکێش سیفەتێکی نەخشکاریی بە ئیشەکەی بەخشیوە. پەنجەرەکانی قەڵایش بە شێوەیەکی درێژ کۆلە لە بەردەکاندا هەڵکۆڵدراون و قوتکە (شرفة)کان و ڕیزە دیواری خوارەوەیان بە چەشنێکی شیوە کەوانەیی دروست کراون. دیواری قەڵا بە ڕەنگی پەمەیی قوتکەکان بە ڕەنگی زێڕی ڕەنگ کراون. شوێنەکانی شەڕکردن (مەتەرێز) لاکێشی و گەورەن.

چەند کەسێك لەسەر قەڵا و دەوروبەری دیارن. چوار کەس لەسەر قەڵا ڕاوەستاون: یەکەمیان لە دەستەڕاستدا (بەپێی ئەسڵی ڕاوەستان) پیاوێکی ڕیشدارە کە ڕەنگە میری ئاگیل بێ. میر جەعفەری کوڕی قاسم بەگ لە کاتی تەواو بوونی شەرەفنامەدا میری ئاگیل بووە. ئەمجا وێنەی ژنێك و پاشان وێنەی دوو پیاو هەن. سەروکلاوەکە بەپێی وێنەی ژمارە (١٨٨/٢)ی نێو کتێبی (دیاربکر تاریخی)ی (بەسری کونیار) لە ناوچەی سۆرانیش هەیە، وەك خۆشناوەتی. ئەمە سەروکلاوێکی زل و بازنەییە و سێ هەزار و پێنجسەد ساڵێك لەمەوبەر لە کوردستاندا هەبوە، وەك لە پەیکەری ژنێکدا دیارە کە لە گردی (شمشارە)ی ناوچەی ڕانیەی پارێزگای سلێمانی دۆزراوەتەوە. پێدەچێ ئەو ئافرەتەیش ژنی بێ. تەمەنی میر جەعفەر ئەوسا دەوری چل ساڵێك بووە.

لاوێکی بەرگ سپی و کچێکی کەزیدار لەبەری دەستەچەپی قەڵادا ڕاوەستاون و لـە دڵـدار و دڵخـوازی یەکـدی دەچـن. پـەڕێکی زلی باڵنـدە خراوەتـە بـەر کـڵاوی لاوەکە کە دەستێکیی بەرزکردووەتەوە و لەگـەڵ کچەکەدا دەدوێـت. لاو و کیژەکـە لە تەنیشت یەکتر نین و دوورایییەك لە نێوانیاندا هەیە. شوێنێکی بڵند وا لـە نێوان هەردووکیاندا و لەوە دەچێ خۆیان دابێتە پشت جێگایەکی بەرز بۆ ئەوەی کـەس نـەیانبینێ. ئەم جێگا بڵنـدەی نێوانیـان لـە کۆسـپی سـەر ڕێگـای پێکگەیشتنیان دەچێ. دوور نییە ئەم دیمەنە چیرۆکی دوو دڵداری خەڵکی ئاگیل بێ.

کـوڕ و کیـژێك بـە نێوقـەدی شـاخە بەردینەکـەی خـوار قـەڵاوەن و پێکـەوە دەدوێن. وێنـەی ڕاوکـەرێك وا بـە نزیکی دامێنی تابلۆکەوە، تفەنگێکی درێژی ئاڕاستەی بولبولێکی سـەر دارێك کـردووە. ڕاوکەرەکـە کیسـەیەکی بچـووکی وەك جـزدان (خـەلیتك)ی لـە پـشت بەسـتووە، لەگـەڵ شـتێکی مەیلـە و خـڕ، کیسەیەك جێـی گوللـەی تفەنگەکـەی و شـتە مەیلـە و خڕەکـەی (کوولەکـە)ی جێـی بارووتەکەیـەتی. کـورد کـاتی خـۆی بـارووتی تفـەنگی کـۆن (تفـەنگی کرمانجی)ی دەخستە نێو کوولەکە (مقەور)یەکی خڕی بچووك بۆ ئـەوەی بـە باران تـەڕ نـەبێ و شـێ هەڵنـەهێنێ و نەپەسترێتەوە. دەمەکەیشی بە پـەڕۆ دەگیرا و توند دەکرا و ملە باریکەکەیشی بە پـەت دەبەسترا و تفەنگچی بـە پـشتێنەکەیەوەی قـایم دەکـرد و بەلاکەلەکەیـەوە شـۆڕ دەبـووەوە. وێنـەی کوولەکـەی بـارووتی قـەدی تفەنگچی لـە تـابلۆی یەکەمیشدا هەیـە. وێنـەی کوولەکەی بارووت و تفەنگ و پێداویستیەکانی ڕاووشکار لەسەر کێلێکی گۆڕستانی جزیرا بۆتان هەڵکۆڵدراون کە ڕەنگـە گـۆڕی محەمـەد بـەگی میری بۆتـان بـێ. (بڕوانـە: وێنـەی ئـەو کێلـە لـە کتێبەکەمانـدا: بانگـەوازێك بـۆ ڕووناکبیرانی کورد، ل١٠٨). هـەروەها وێنـەی کوولەکـەی بارووت و وێنـەی دەمانچە و شمشێر و خەنجەر و چەند ئامرازێکی دیکەی شەڕ لەسەر گـەلێك کێلەبەردی گۆڕستانی (شێخەڵڵا)ی شاری هەولێریش هەڵکۆڵدراون. وێنـەی

بڕێك لەو كێلە كەلەپووریانەم گرتووە. لە هەندێك ناوچەی وەك (سلێمانی)دا گوللەی تفەنگیش خراوەتە نێو کوولەکەیەکی دیکە. واتە تفەنگچی دوو کوولەکەی بچووکی بە کەلەکەیەوە دەبەست.

پیاوێك لە لای ڕاستی خوارووی تابلۆکەدا دیارە (کڵاو قووچ)ی لەسەر ناوەو مێزەری لەسەر بەستووە. ئەم پیاوە (دافنجان) –واتە (دەفسنجان)– [45]ی بە دەستەوە گرتووە. دەف لێدەری تابلۆی سێیەمیش هەر بەم پێیە دەف لێدەدات. لە وێنەی تابلۆیەکی (قوتابخانەی تەورێز)دا دەف لێدەر بە دەستی چەپ دەف لێدەدات. میسریەکانیش سەدەی دووەمی پێش زاین لە سەردەمی بەتلیمۆسەکاندا بە دەستی چەپ دەفیان لێداوە، وەك وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر بەرد ئەوە پێشان دەدات[46]. بەڵام یەکێك لە پێنج مۆسیقاژەنانی سەر سەعاتەکەی (ابن الرزاز)ی جزیریی هونەرمەند بە دەستی ڕاست دەف لێدەدات[47]. وەك پێشتر باسمان کرد، جزیری لە شاری دیاربەکر کتێبەکەی داناوە و وێنەکانی بە دەست کێشاون، وەك چۆن وێنەکانی نێو شەرەفنامەیش هەر لە کوردستان کراون. هەروەها لە تابلۆیەکی دەستنووسی (منافع الحیوان)ی (عبیدالله بن بختیشوع)دا ژنێك لە کۆڕێکی سوڵتان مەحموودی غازاندا بە دەستی چەپ لە دەف دەدات.

---

[45] وشەی (صنج) وەك (صولجان) و (صهریج) عەرەبی نییە، بەڵکوو بە عەرەبی کراو (معربە)یە، چونکە زمانی عەرەبی پیتی (ص) و (ج)ی تێدا لە وشەیەکدا کۆنابنەوە. ئەمە لە (سنج)ەوە هاتووە کە وشەیەکی فارسییە. پێدەچێ هەمان کات کوردیش بێ هەر لە کۆنەوە (سەنج) لە کوردیدا هەبووبێ.

[46] بڕوانە: الدکتور صبحي انور رشید، الالات الموسیقیة في العصور الاسلامیة، شێوەی ١٥٤ لە ل٢٦٠دا و وێنەی٨٠ لە ل٣٧٩ و ٢٥٩دا.

[47] بڕوانە: وێنەی ٨٨ لە ل٣٨٥ی هەمان سەرچاوەدا.

مۆسیقاژەنێکی دیکەی بەرامبەر بە دەفژەن لە ئامێرێکی مۆسیقایی ژێدار دەدات کە جۆرە عوودێکە پێنج تاکە تەڵی هەیە و پێنج کلیل و شێوەی شوێنی کلیلەکان (بنجق)یش ڕێکە لەگەڵ عووددا. عوودی پێنج تاکە تەڵی لە سەدەی چواردەهەمدا هەبوە و لە (ل١٠٥)ی کتێبی صبحي انور رشید الالات الموسیقیة في العصور الاسلامیة)دا وێنەی هەیە کە (شکل٤٤)ە. لە قۆناغی یەکەمدا نووسیومە ڕەنگە (طنبور الشروانیین)بێ، بەڵام ئێستا بە عوودی دەزانم.

نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە وێنەکێش لەم تابلۆیەدا لەچاو تابلۆکانی دیکەیدا بەباشی دەوری ئافرەتی دیاری کردووە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە زۆربەی خەڵکی ئاگیل کوردی (زازا)ن و ئافرەتیان لەلا ئازادترە، یا لەوانەیە هۆی دیکەی هەبن.

# تابلۆی دەیەم
# دیسان ئاگیل

ئەم تابلۆیەش هەر سەر بە بابەتی میرانی شار و قەڵای ئاگیلە. بەشێکی شاری ئاگیلی سەر کەناری دیجلە لەم تابلۆیەدا دیارە. مزگەوتی ئاگیل بە گومەزە کووزکووزەکەیەوە دەبینرێت. مەلایەك کە بەسەر و مێزەریەوە دەناسرێتەوە لە دەستەڕاستی مزگەوتدا دانیشتووە. پیاوێکی ئاینیش وا لەلای چەپی پەنجەرەی مزگەوتەکە یا خانوویەکی تەنیشت مزگەوتەکە کە بەپێی مێزەرە سەوزە سادەکەی لەوانەیە بانگدەر یا مجێوری مزگەوتەکە بێ. یەکێکی دیکەی جل سەوز بەرامبەری و لە لایەکی دیکەی پەنجەرەکەوە دەستی بۆ لای ئەو بەرزکردووەتەوە و قسەی لەگەڵدا دەکات. ڕەنگە ئەمە ژن بێ، ئەگەرچی شێوە بەستنی سەر و کڵاوەکەی لە هی پیاوان دەچێ.

بینایەك لەبەردەم مزگەوتەکەدا هەیە کە پێم وایە قوتابخانە (مەدرەسە)یە. دوو پیاوی ئاینی یارییەك دەکەن کە لە (٧٢)خانە (مربعات) پێکهاتووە و بە ئەستوونی هەشت و بە ئاسۆییش نۆ خانەیە. یاریەکە (دامە) نییە، چونکە دامە لە (٦٤)خانە پێکدێت. هەروا (شەترەنج)ی ڕەسەنیش نییە کە پێش ئیسلام لە هیندستانەوە بۆ ئێران و زۆر وولاتی وەك کوردستان گواستراوەتەوە و هەر (٦٤) خانەیە و لە لایەن چەند میللەتێکەوە گۆڕانی تێدا کراوە. (ابن ابي حجلة) لە کتێبەکەیدا (انموذج القتال في نقل العوال، ل١٤٧-١٤٨)دا کە لە بارەی شەترەنجەوەیە گوتوویە: شەترەنج چەند تەرزێکی دیکەی هەن وەك (الشطرنج التامة) و شەرترەنجی



خەڵکی (صعید)ی میسر و شەترەنجی درێژ و شەترەنجی ڕۆمی –واتە بێزەنتی. بەڵام هەندێکیانی ڕوون نەکردووەتەوە. لەوانەیە ئەم یاریەی ئاگیل جۆرە (شەترەنج)ێك بووبێ، بەڵام نازانین کام جۆریانە و ئاخۆ ئەو کاتە ئەم یاریە (٧٢)خانەییە هەر لە کوردستان یا لای میللەتانی دیکەیش هەبوە.

یەکێك لەو دوو مەلایە کە لە تابلۆکەدا یاری دەکەن، مێزەری خەتداری مەیلە و پرتەقاڵیـیە و لفکەی درێژ و جبەیەکی شینی تۆخی پۆشیوە و ڕیشی سپی و تەمەنداره. دوورنییە ئەوە قازیی ئاگیل بێ، ئەوی دیکەیان مێزەر (سەروکڵاو)ێکی سپیی لەسەرە و جبەیەکی ڕەنگ (شیرداخ)ی لەبەرە. ئەوسا پیاوانی ئاینیش شەترەنجیان دەکرد، چونکە لە مەزەبی شافعیدا ئەگەر یاری لەسەر هیچ نەبێ حەڵاڵە و ئەگەر لەسەر شت بێ دەیشبێ بە قومار. هەرچی یاریی تاوڵە (نرد–نەردێن)یشە با لەسەر هیچیش نەبێ لە هەموو مەزەبێکی فیقهیدا حەرامە. بەڵام نازانم مەزەبی جەعفەری لەو بارەیەوە ڕای چۆنە[٤٨] .

لە تابلۆکەدا کوڕێکی لاو لە لای ڕاست و نزیکی هەردوو یاریکەرەکە دانیشتووە. پیاوێکی خزمەتکار سینییەکی بەسەر دەستەوەیە. لەوە دەچێ خواردنی تێدابێ و بۆیی ببات. پیاوێك و کوڕێك لە سەرووی مزگەوت و قوتابخانەکەوە دیارن. هەرزەکارێکی دیکەیش لە لای چەپی سەرووی تابلۆکەوە هەیە کە پێدەچێ کیژ بێ. دوو کەس لەوبەر شارەکەوە لە نزیك ڕووباری دیجلەدا هەن: یەکیان پیرێکە و ڕەنگە هەژار و سواڵکەر بێ و دەستی بۆ لاوێك درێژ کردووە. شەرەفخانی هونەرمەند زۆربەی بۆشاییەکانی ئەم تابلۆیەی بە درەخت و گیا ڕازاندووەتەوە و درەختێکی لە شێوەی گوڵدا بە ڕەنگی زێڕی لە بەرزیی شاخدا وێنە کێشاوە کە لە شێوەی خۆیدا کارێکی تاك و یەکەمینە.

---

[٤٨] بڕوانە: ابن ابي حجلة، أنموذج القتال في نقل العوال، ص٣٢-٤٣.

# تابلۆی یازدەیەم
# شاری هیزان

تابلۆی یازدەیەم (پەڕەی ژمارە٧٧) لەسەر باسی میرنشینی (هیزان)ە. ئەم تابلۆیە و تابلۆی دوازدەیەمیش بریتین لە دیمەنی شارۆچکەی (هیزان) کە ئێستا گوندێکی بیست ماڵیی سەر بە قەزای (قەرەسوو)ی ویلایەتی (بدلیس)ە و لە ناوچە شاخاویەکانی باشووری خۆراوای زەریاچەی (وان)ە و دەشتێك لە بەردەمیدایە و هەرچوار دەورەکەی بە چیا تەنراون و جێگایەکی یەکجار دڵگیر و خۆشە. ئەم دوو تابلۆیە مانایەکی ئابووری دەبەخشن، بەوەدا کە لە تابلۆی یازدەیەمدا دووکان و بازاڕی شار دیارن و لە دوازدەیەمیشدا دیمەنی زەوی و زار و جۆگەی ئاو و باخ کێڵان لە لایەن باخەوانێکەوە وێنە کێشراون. هیزان -وەك شەرەفخان نووسیویە- شوێنێکی پڕ باخ و بێسانە و میوەی جۆراوجۆری تێدان کە هەندێکیان لە ناوچەکانی دیکەدا نین، وەك فندەق (بندق) وکشمیش. بەپێی قسەی مێژوو نووسانی دیکەیش گیلاس و (شاه بلوط)یشی هەن.

دووکان و بازاڕی هیزان لە دامێنی ئەم تابلۆیەدا دیارن و وان بە پاڵ گردێکەوە. دووکانەکان بە خشتی سوورەوەکراو و پێشەوەیان بە چەشنێکی کەوانەیی و ڕێکوپێك ئاوا کراون و دەوراندەوری ڕووکاری هەندێکیان نەخش کراوە. دووکاندارەکان میوە دەفرۆشن. کۆمەڵە شووتییەکی درێژکۆڵەی بێخەت لە دووکانی دەستە چەپدا کە تاقێکی کەوانەیی هەیە دیارن و شووتییەکیش قاش کراوە و بەرچاو خراوە بۆ



ئەوەی سەرنجی کڕیار ڕابکێشێ. لاوێك هاتووه شووتی بکڕێ. وابزانم تاقەکه کراوه به چەند ڕەفەیەك و، دوور نییه میوەیان لەسەر دانرابێ و سەبەتەیەکیش وا بەسەر ڕەفەی سەرووەوه. دووکانی ناوەڕاست شووتیی خڕی خاڵدار و تەرازووی تێدا دەبینرێن. ئەوسا زۆربەی شووتیی کوردستانی تورکیا بەو چەشنه خڕ بوون. من پێش دیتنی ئەم وێنەیه وامدەزانی شووتیی درێژکۆله ساده بەم نزیکانه بۆ کوردستان هێنراوه. بەلاّم ئەم وێنەیه بەڵگەیەکی مێژوویی پتەوه بۆ هەبوونی ئەم جۆره شووتییه له کوردستاندا پێش چوار سەد ساڵ. خۆ ئەگەر له هەموو جێگایەکیش نەبووبێ، ئەوا له هیزان هەبوه. شووتیی وا تا ئەم ساڵانەی ڕابردوویش له ناوچه شاخاویەکانی دەوروبەری هیزان نەبوه، وەك ناوچەی میکیس (مکس)و، بگره (هەکاری و بۆتان)یش هەر هی خڕ و درێژکۆلەی خەتداریان هەبوه. هەر نزیکەی سی ساڵێك لەمەوبەر لەم جۆره شووتییه بۆ سلێمانی هێنراوه و یەکەمجار پێیانگوتووه (شووتیی قەڵاچوالان)، چونکه لەوێ چێنراوه و بەرهەم هێنراوه. واته پێشان هەر شووتیی خڕ هەبوه. وا پێدەچێ ئەو دەمه هەردوو جۆره شووتیەکه یا جۆره درێژکۆله سەوزەکه له کوردستاندا کەم و نایاب بووبێ و یا هەر له هیزان هەبووبێ یان لەوێ پتر بووبێ. بۆیه ئەم هونەرمەندەی کوردستان ئاوا وێنەکەی کێشاوه.

شووتیه خڕه خاڵدارەکان لەم دووکانەدا بەسەر پێپلکەکانەوه دەردەکەون و ئەم پێپلکانەیش دەچنه سەر ئەو هۆدەیەی بان دووکانەکه که پیاوێك له پەنجەرەکەیدایه. دووکاندار لاوه و لەسەر ئەژنۆ دانیشتووه. پیاوێکی ڕدێنداریش شووتییەکی لەسەر دەسته که لێی کڕیوه و بەرەو دوا دەگەڕێتەوه. تەرازووی دووکاندارەکه به بنمیچی دووکانەکەوه بەستراوه و شۆڕبووەتەوه. ئەم جۆره تەرازووەی ئێستایش له دووکانی قەساب و لۆکه و خوری فرۆشانی شارەکانمان هەن و له ناوچەی سلێمانی پێی دەڵێن (شایەن).

دووکانداری دووکانی سێیەم میوەیەکی خڕی بە دەستەوەیە و پێشانی کڕیاری دەدات، لەوانەیە فندق یا هەنجیر بێ. دەستەکەی دیکەی بۆ شتێکی دی بردووە و کڕیارێکیش دەستیی بۆ هەمان شت بردووە کە زەمبیلە. کوڕێك لە سەربانی دووکانی دەستە چەپ ڕاوەستاوە و، یەکێکی دیکەیش لە سەربانی دووکانی دەستە ڕاست ڕاوەستاوە و وێنەکەی کەمێك شێواوە و دوور نییە ژن بێ.

## کێشەیەکی بیناسازی:

کێشەیەکی بیناسازی (معماري) لە هەردوو تابلۆی لەمەر (هیزان)دا هەیە. شەرەفخان لەم باسەدا نووسیویە: خانووەکانی نێو قەڵای هیزان (خیزان) لەسەر تەرزی بیناسازیی ڕوانگەی ستێرناسی (مرصد فلکي) بینا کراون. و ئاواکراونەتەوە[٤٩] . هەروەها گوتوویە: قەڵای هیزان لە قەڵاکانی

[٤٩] گوزارەیەکی پەڕەی (٧٦)ی دەستنووسی شەرەفنامە لەگەڵ هی شەرەفنامەی چاپی قاهیرە و شەرەفنامەی کوردیی (هەژاری موکریانی)دا کە وەرگێڕانی چاپەکەی قاهیرەیە جیاوازە. ئەم گوزارەیە "قلعەو خیزان نیز اصلا مشابهت بقلاع بلاد اکراد ندارد و بطرز عمارات بلاد عجم" لە دەستنووسەکەدا هەیە و لەوانی دیکەدا نییە. لە دەستنووسەکەدا ئەم گوزارەیە هەیە: و بیوتات درون قلعەرا نیز بطرز رصد طرح کردەاند". کەچی لە چاپەکەی قاهیرەدا وەهایە: "وعمارات اندرون قلعە بطرز رصد طرك كردە". واتە لەبریی (بیوتات) (عمارات) هاتووە و هەژار لە ل٤٠٢دا ئاوا وەریگێڕاوە: "ژووری قەڵا وەك ڕوانگە ئەستێرەناسان هەڵخراوە". یانی (عمارات)ی بە (ژوورەکان)ی قەڵا داناوە. لە کاتێکدا شەرەفخان ئەمەی مەبەست نەبوە. بەڵکو خانووەکانی نێو قەڵای هیزانی مەبەست بووە کە هەموو خانوویەکی نێو شوورای قەڵای هیزان دەگرێتەوە و بریتییە لە شاری هیزان، نەك بینای قەڵا بەتاقی تەنێ. ئەم مەبەستە لە گوزارەی دانە دەستنووسەکەدا بە باشی ئاشکرا کراوە. مێژوونووسان زۆرجار شار بە ناوی (قەڵا)وە ناو دەبەن. بۆ نموونە، ئەولیا چەلەبی لە باتیی شاری ماردین و شاری سنجار و شاری

**وڵاتی کوردان ناچێ، بەڵکوو لە هی عەجەمستان دەچێ کە بە خشت و قسڵ دروست کراون. جگە لەوە، هیزان شارێکی ئیسلامیەیە و میوەهاتی وڵاتی عەجەمی تێدا هەن[50] . هەر لە درێژەی ئەم قسانەدا گوتوویە: ((لە نێو**

---

وان نووسیویە: قەڵای ماردین و قەڵای سنجار و قەڵای وان. مەبەستی لە شار و قەڵاکەیە پێکەوە.

[50] ئەوی ڕاستی بێ هیزان –کە لە سەرچاوەکاندا بە شێوەی (حیزان و خیزان)یش ناودێر کراوە– وەك شارۆچکەیەك و مەڵبەندی ناوچەیەك لە پێش ئیسلامدا هەبوە. (واقدی) لە (فتوح الشام، بەرگی دووەم، ل١٦٨-١٦٩)دا گوتوویە: خیزان و مەعدەن و ئیسعرد و چەند مەڵبەندێکی دیکەیش ساڵی ١٨ی کۆچی (٦٣٩ی زاین)ی (عیاض بن غنم) ڕزگاری کردن. باسیل نیکیتین لە کتێبەکەیدا (الاکراد، ل١٢٩) گوتوویە: هیزان لە سەردەمی ڕۆمانییەکاندا مەڵبەندی هەرێمی (موکسای) –واتە (میکسێ)– بووە و، ئێستایش قەڵایەکی ڕۆمانی لە دۆڵی هیزاندا دەبینرێت. هیزان پێش دەورانی هۆلاکۆ و (نصیر الدين الطوسي) و لە زەمانی ئیسلامدا ناوی بە (حیزان) بە (ح)ی بێ نوقتە هاتووە (بڕوانە: زکریا القزوینی، اثار البلاد و اخبار العباد، ل٣٦ و یاقوت الحموی، معجم البلدان، باسی (حیزان) و، ابن الاثير، اللباب في تحرير الانساب، بابەتی (حیزان).

میوەهاتی هیزان ڕێ لەوە دەبەستێتەوە کە بگوترێ لە زەمانی هۆلاکۆدا بنیات نراوە، چونکە ئەو میوەهاتە پێش ئەویش لە هیزان هەبوون، وەك فندق (بندق) و (شاە بلوط) کە القزوینی و یاقوت الحموی باسیان کردوون. هەروەها فندق لە دێهاتی (بێدار و ئوزیم و خنووك)ی ناوچەی بەرواریی قەزای (خەسخێر)ی باشووری ناوچەی هیزانیش هەیە. دوور نییە لە هیزان وەریانگرتبێ. ڕێی تێدەچێ لە زەمانی ئیسلامدا بە فراوانی دەست بە شاری هیزاندا هێنرابێ و ئاوەدانتر کرابێتەوە. ڕەنگە هەر ئەمەیش لە بیری خەڵکدا مابێتەوە. من وای بۆ دەچم پاشماوەی ئێستای شوورای هیزان زۆر کۆن نییە و هی زەمانی ئیسلامیەیە، وێڕای ئەوە پتەو نییە و بەردەکانیشی نە داتاشراو و نە گەورەن. شایانی باسە کە چووم بۆ هیزان بە هاوڕێیەتیی برام محەمەد واثق، خەڵکەکەی پێیان گوتم: ئەم بەشی خۆراوایەی قەڵای هیزان کە ئێستا گرنگترین بەشیەتی و بە بەردی نەقاڕیی سپی هەڵچنراوە، ئەوە بورجی (جیهان شاە)ە و ماڵی جیهان شاە بوو. کە

چووینە سەر گۆڕی ٍ)سینەم)یش کە گۆرانی و حیکایەتی زۆری لەسەر هەن و بەڕادەیەك بڵاوبوونەتوە کە گەیشتوونە ناوچەی موکریان و هەولێر و کۆیەیش گوتیان: ئەوە خانووی جیهان شاهی باوکی (سینەم)ە کە گۆڕەکەی وا لە بەشی پاشەوەی گۆڕستانەکە و بەری خۆراوای قەڵاکە و گۆڕستانەکەش.

جا ئیدی نازانم ئەم جیهان شاهە میرێکی هیزانی پاش زەمانی شەرەفخان بووە، یا یەکێکی دیکەیە و قەڵای هیزان یا شووراکەیشی ئاواکردوونەوە ! من لە مێژوودا سێ کەسم بە ناوی (جیهان شاه)ەوە بەبیردا دێت کە بتوانم بڵێم ڕەنگە یەکێکیان تەعمیری هیزانی کردبێتەوە و بورجەکەیش هەر بەناوی ئەوەوەیە: یەکەمیان جیهان شاهی کوڕی مغیث الدینی توغروول شاهی کوڕی قلیچ ئەرسەلانە کە لە سەلجووقیەکانی ڕۆمە و پایتەختی حکوومەتەکەی شاری (ئەرزڕۆم)ی کوردستان بوو و لە نێوان ساڵانی ٦٢٢-٦٢٧ی کۆچی (١٢٢٥-١٢٢٩/١٢٣٠ی زاین) حوکمی کردووە. دووەمیان جیهان شاهی کوڕی قەرەیووسفی قەرەقۆینلوە کە ماوەیەکی درێژخایان لە ئێران و عیراق و کوردستان حوکمداریی کردووە و ساڵی ٨٧٢ی کۆچی (١٤٦٧-١٤٦٨ی زاین)ی لە ناوچەی (مووش)ی باکووری بدلیس کوژراوە. سێیەمیشیان جیهان شاهی کوڕی قەرەعوسمان و مامی (حسن الطویل)ی ئاق قۆینلوە، لە کاتێکدا میرانی ئاق قۆینلو سەرۆکاریی ناوچەی (هیزان)یشیان کردووە. ژیانی ئەم جیهان شاهە ڕوون نییە و ئەم وەکوو شایەك حوکمی نەکردووە. من بە دووری نازانم جیهان شاهی قەرەیووسف کە خاوەنی مەراغە و تەورێزیش بووە، قەڵا و شاری هیزانی ئاوەدان کردبنەوە. بەڵام نەمبیستووە هیزانی کردبێ بە جێی دانیشتنی خۆی. لەوەیش ناچێ شووڕای هیزان هی سەدەی پازدەیەم بەرەو خوارتر بێ.

هەرچی جیهان شاهی قەرەقۆینلوە مزگەوتی گەورەی شارە لەمێژینەکەی (وان) و منارەکەیی بنیات ناوە کە وا لەلای قەڵای وانەوە، وەك ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕە ٢١٢ی چاپی کوردیی سیاحەتنامەدا گوتوویە و باسی نەخش و نیگارەکانیشیی کردووە. بەڵام لە بریی ئەوەی بڵێت جیهان شاهی قەرەقۆینلو، بە هەڵە گوتوویە جیهان شاهی ئاق قۆینلو، هەروەها لە ل٢٢١دا -باسی کردووە کە هەر لە وان میوانخانە (دار الضیافة)یەکی ئاواکردووە.

(تــەورێز) ئــاوای کردووەتــەوە)). بــەش بــەخۆم زانیــاریی وام لــەهیچ نووسینێکدا بەرچاو نەکەوتووە. هەرچەند ئەوەیش هەیە کە هۆلاکۆ شاری مەراغەی نوێ کردووەتەوە و کردوویە بە پایتەختی دەسەڵاتداریی خۆی و (نصیر الدین طوسي)ی زانای گەورەی ستێرناسی ڕاوێژکاری بووە. بۆیە ڕەنگە (نصیر الدین) لەگەڵ وەزیرێکی گەورەی ئیسلامدا شاری (هیزان)یان بنیات نابێ و هەر خۆیشی میوەهاتی عەجەمستانی لێ ڕواندبێ. لەبەرئەوە دەکرێت (نصیر الدین) بە بنیاتنەری ئەم شارە لە قەڵەم بدەین، هەرچەند ئەوە دووریش نییە".

ئەوی ڕاستی بێ بنیاتنانی خانووەکانی نێو قەڵای هیزان یا هی شاری هیزان لەسەر تەرزی بیناسازیی ڕوانگەی ستێرناسی مەسەلەیەکی گرنگی بیناسازییە و مخابن (شەرەفخان)یش ڕوونی نەکردووەتەوە تا بزانین چۆن بووە. وێڕای ئەوە، نایشزانین تەرزی بیناسازیی ڕوانگە ستێرناسیەکانی سەردەمی ئیسلامەتی چۆن بووە، وەك ڕوانگەی مەراغە کە گەورەترین ڕوانگەی کاتی ئیسلام بووە و، ڕوانگەی ئولووغ بەگ لە سەمەرقەند کە دووەمین ڕوانگەی گەورەی هەمان سەردەمە و، ڕوانگەی قاهیرەی سەردەمی دەوڵەتی فاتمی و ڕوانگەی (دمشق)ی کاتی مەئموون و ڕوانگەی بەیروونی و ڕوانگــەی (ابــو حنیفــة) (ئەحمــەدی کــوڕی داودی کــوڕی وەنەنــدی دینەوەری)ی زانای کورد لە ئەسفەهان و (دینەوەری) کوردستان. چەند سەرچاوەیەکی ستێرناسی و مێژوویيم بۆ ساغکردنەوەی ئەم مەسەلە بایەخدارە پشکنی، هیچ زانیارییەکم لەو بارەیەوە نەدی، ئەوە نەبێ کە (نــصیر الــدین طوســي) ڕوانگــەی مەراغــەی لــە ســەدەی ســیازدەیەمدا دامەزراندووە و گومەز لە بیناکەیدا هەبوە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر بێتە نێو ڕوانگەکەوە تا چەند حسێبێکی ستێرناسی بەو تیشکانە بکات. واتە بینای ڕوانگەی مەراغە لە ئازەربایجانی ئێران گومەز بووە و، زۆریش ڕێی تێدەچێ

شەرەفخان بینای ئەم ڕوانگە گەورەیەی سەردەمی ئیسلامەتیی دیبێ کە ئێستایش شوێنەواری ماوە، یان وێنە و وەسفی هەندێك ڕوانگەی لە کتێبە دەستنووسەکاندا بەرچاو کەوتبێ و خوێندبێتەوە.

بۆ دەست خستنی زانیاری لەسەر تەرزی بیناسازیی ڕوانگەی ستێرناسیی دەورانی ئیسلامەتیی نامەم بۆ چەند نامەخانە و لایەنێکی زانستی نارد، وەك (مركز بحوث الفضاء والفلك) لە بەغدا و (دار الكتب و الوثائق القومية) لە قاهیرە و مۆزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن و (الاتحاد الفلكي العالمي) و نامەخانەی بودلیان لە ئۆکسفۆرد و نامەخانەی مۆرگان لە نیویۆرك و مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس. هەروەها دانەیەکم لە تابلۆی یازدەیەمی شەرەفنامە بۆ لێکۆڵینەوە بۆ هەندێکیان نارد. کەچی تەنیا وەڵامی مۆزەخانەی بەریتانیاو نامەخانەی (مۆرگان)م پێ گەیشت کە دەڵێن زانیاریی وامان لەلا نییە. هەروا وەڵامی نامەخانەی (دار الكتب)ی قاهیرەیشم وەرگرت کە دەتوانم بڵێم ئەم نامەخانە گەورەیە لەهەموو نامەخانەکانی دیکەی خۆرەڵاتی ناوەڕاست پتر هەست بە بەرپرسیی زانستی دەکات و کەم کەسی بێ وەڵام هێشتووەتەوە. ئەم کردەوەیەی کارگێڕانی شایستەی سوپاس و ڕێزە. بەپێی وەڵامی نامەخانەی (دار الكتب): ڕوانگەی سەمەرقەند کە ساڵی ١٤٠٥زاینی لەسەر شاخێکی بەردین لە لایەن (ئولووغ بەگ)ەوە (کوڕی شاە ڕوخی کوڕی تەیموور لەنگە کە ساڵی ١٤٤٧-١٤٤٩ی زاین حوکمی کردووە) ئاواکراوەتەوە، بیناکەی خڕ و دامەزراوێکی شەش گۆشەیی و سێ نهۆمی بووە و خەندەك (خندق)ێکی قووڵ لە ناوەڕاستەکەیدا هەبوە کە بە پلیکانە بۆی چوونەتە خوار و ئامێری پێوانە بۆ تۆمارکردنی هاتووچۆی خۆر و مانگ و پەروانە و ئەستێرەکانی لەسەر دانرابوو و ڕاڕەو و ژووری گەورە و حوجرە بۆ زانایانی ستێرناسی و ئامێر پاراستن لە دەوری ئەم ئامێرەدا هەبوون و دیوارەکانیشیان بە وێنەی

ئاسمان و ئەستێرە و ئامێرەکانی ڕوانین داپۆشرابوون. (دار الكتب) وێنەی لاپەڕەیەکی کتێبێکی ئینگلیزیشی بۆ ناردووم کە ئەم زانیاریانەی لێ وەرگرتووە و وێنەی قەڵەمکێشی ڕوانگەکەیشی تێدا هاتووە.

وێنەی خانوویەك لەم تابلۆی یازدەیەمەدا کێشراوە کە پێدەچێ نموونەیەکی خانووەکانی هیزان بێ کەوا شەرەفخان گوتوویە لەسەر تەرزی بیناسازیی ڕوانگەکانن. ئەم خانووە بە پێی وێنەکە بە خشتی سوورەوە کراو ئاواکراوە و، هۆدەیەك یا بڵێین بەشە خانوویەك لە ناوەڕاستیدا هەیە و چوارگۆشەیە و لە شێوەی بورجدا هەڵکەوتووە. پەنجەرەیەکی سێگۆشەیی تیژیش لە هنداوی دەرگاکە هەیە کە لەوانەیە ئەم شێوە پەنجەرەیە بۆ ڕوانینە ئەستێرەکان باشتر گونجاو بووبێ.

پاش بڵاو بوونەوەی ئەم باسەم، ساڵی ١٩٩١ شێوەی بیناسازیی ڕوانگەی شاری مەراغەم بەو زانیاریانەی بۆ ساغ بووەوە کە لە کتێبی (کاوش رصدخانه مراغه)ی دکتۆر (پەروێزی وەرجاوەند)ی بەڕێوەبەری گشتیی (شوێنەواری ئێران)دا هاتوون و پوختەی پشکنین ولێگەڕان (کاوش-تنقیبات)ی دائیرەی شوێنەوار لە ڕوانگەکەدا خراونەتە نێو ئەم کتێبە و ناوی خۆیشی سەرپەرشتیی (کاوش) کردنەکەی کردووە. هەروەها زانیاریەکانی نێو کتێبی (مراغە)ی نووسینی (یونس مروارید)ی چاپی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (ل٣١٢-٣٤٢) ئەوەی بۆ ساغ کردمەوە. ڕوانگەکەی (نصیر الدین طوسی) بەپێی ئەم دوو سەرچاوە فارسیيە گەورەترین ڕوانگەی کاتی ئیسلام بووە و لە چەند بەشە خانوویەك پێکهاتووە و بینایەکی خڕ لە ناوەڕاستیاندا هەبوە و بورجێکی لوولەیی (اسطواني)ش لە ناوەڕاستیدا هەبوە کە بە چوار قات مەزەندە کراوە و لەم بورجەوە ڕوانراوەتە ئەستێرەکان. وێنەی ڕوانگەکەی بە دەست لە نێو و لەسەر بەرگی

سەرچاوەی یەکەمدا کێشراوە. جا بەم پێیە وێنەی شەرەفنامە بە گشتی لەسەر تەرزی بیناسازیی ڕوانگەی مەراغەیە.

شایانی گوتنە، ڕۆژی (١٠ی ئابی ١٩٧٧) چووم بۆ دیتن و وێنەگرتنی شوێنەواری هیزان و گۆڕی (سینەم)و قوتابخانەی غەوسی هیزان لەسەر گردی (غەیدا)ی خۆرهەڵاتی هیزان. خانووەکانی شارەکۆنەکە ڕووخاون و هەندێکی شوورا و بورج و قەڵاکە ماونەتەوە و خەڵکیش بەردەکانی (قوتابخانەی میرداود)ی سەربەری باکووری شیوەکە و بەرامبەر قەڵاکەیان بردووە کە شەرەفخان باسی کردووە. حاڵی حازر شتێکی ئەوتۆ لە تەرزی بیناسازیی ئەوسای هیزان بە ساغی نەماونەتەوە. جا مەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان زانایانی شوێنەوارناس بە پشکنین و لێگەڕان شتێکیان لەم بارەیەوە چنگ بکەوێ.

# تابلۆی دوازدەیەم

# هیزان

وەك پێشتر گوتمان ئەم تابلۆیەیش هەر لەسەر هیزان و زەوی‌و زار و باخەکانیەتی. شەرەفخان دەشتەکەی بە ڕەنگی سەوز لەبەردەم شاخی شین و ئاسان یا پاشینە (خلفیە)ی زەردی ئاڵتوونیدا کێشاوە تا ئەوپەڕی جوانیی دیمەنی دەشت و شاخەکانی هیزان دەرببڕێ. ئەم شێوە ڕەنگاندنە بە چەشنە نەخشێك حسێب دەکرێت. باخەوانێك دیارە باخەکەی بە پێمەڕە دەداتەوە و چمکی کراسەکەیی خستووەتە بەر پشتێنەکەی و دەرلنگی شەڕواڵەکەی پێچاوەو لاقی ڕووت کردووە. کابرا سەروکلاوێکی بچووکی لەسەر ناوە و هەردوو قاچیی لێك دوورخستوونەتەوە و لە ئەرزی قایم کردوون. ئەم دیمەنە نیشانەی کارامەیی و گورج و گۆڵیی باخەوانەکەیە. جۆگەیەکی ئاو بە پەنا باخەکەدا دەڕوات.

ئەسپ سوارێك لە دامێنی تابلۆکەدا دیارە، سەروپێچی گەورەیە و گوڵنکەیەکی زل لە کلاوەکەی بەرز بووەتەوە و کەوایەکی بێ قۆڵ و کراسێکی کورتی لەبەردان و شەڕواڵێکی فش و فۆڵیشی لەپێ کردووە. دوو پیاوی پیادە لە پێشیەوە دەڕۆن و یەکێك بۆ پێشوازیی هاتووە و سوارێکیش بە دواوەیەتی. ئەم سوارە –بەڕای من– میر حەسەنی کوڕی مەلیك خەلیلە کە لەکاتی تەواو بوونی شەرەفنامەدا میری هیزان بووە. سوارەکەی پشت ئەو ئێستر سوارە کە ئێسترەکەی سپی‌یە و سەروکلاوێکی سپیی زلی بە سەرەوەیە و پەڕی باڵندەی بەرخستووە و زوڵف یان قژی لە بنەوە دەرکەوتووە و زولفیش لە هیزان هەبوە وەك پێشتر باسمان کرد،



ڕمێکی بە دەستەوەیە و جلوبەرگی لە هی پیاوەکەی پێشوو دەچێ. دوو پیاوە پیادەکە یەکیان ڕدێن و سمێڵێکی ڕەشی بابڕ و ناڕێکی پێوەیە و، ئەوی دیکەیان لاوێکی قەڵەوی بێ سمێڵە و شتێکی لە دەستدایە کە ڕەنگە ئامرازێکی شەڕ بێ. پیاوە ڕدێندارەکە قاشۆیەکی بە دەستەوەیە. یەکێکی دیکە بەرەو ڕوویان دێت کە دەم و چاوی لە هی ژن دەچێ و قاشۆیەکی دیکەی بەدەستەوەیە. پێدەچێ ئەم دەستەیە لە کۆشکەکەوە هاتبنە دەرێ و بۆ یاریی (قاشوان) بچن.

ئەم یارییە -وەك لە تابلۆی چوارەمیشدا پێشان دراوە- بریتییە لە دارێکی درێژ کە قاشۆ (کاشۆ-چۆگان)ی پێ دەڵێن و (گۆ-گۆك)یەکیش کە تۆپێکی خڕە لە دار دروست دەکرێت و بزمارە سەرخڕەکانی لێدەدرێت یان لە لباد دەکرێت و لبادەکە بە شووژن دەدروێت بۆ ئەوەی پتەوبێ. بیرمە کە منداڵ بووین ئەم گۆکەمان لە بەردیش دروست دەکرد. قاشۆ یا یەکپارچەیە و سەرەکەی چەماوەتەوە، یان لە دووپارچە دروست دەکرێت و یەکێکیان درێژ و ئەوی دیکەیان کورتە و کونی تێدەکرێت و لەسەری دارە درێژەکە دەدرێت و چەسپ دەکرێت. ئەو قاشۆیانەی کە لە شەرەفنامەدا کێشراون لە جۆری دووەمن. ئەم یارییە زۆر کۆنە و بە عەرەبی (الكرة والصولجان)ی پێ دەگوترێت. (جورجی زیدان)ی کەڵە مێژوونووسی مێژووی شارستانەتیی ئیسلامی گوتوویە: عەباسیەکان لە زەمانی (هارون الرشيد)دا ئەم یارییەیان لە فارسەکانەوە وەرگرت[51] . شەرەفخان کە لە پەڕەی (١٤٨)دا باسی شایی میر شەمسەدینی باوکی خۆی کردووە، گوتوویە: ئەو دەمانە لاوانی کوردستان بەردەوام یاریی قاشوانیان دەکرد. شایستەی باسە (گۆك مەیدان) کە جێگایەکی تەختانی شاری بدلیسە و قوتابخانەی (اخلاصية)ی شەرەفخان و گومەزی چەند

[51] بڕوانە: جرجي زيدان، تاريخ التمدن الاسلامي، بەرگی پێنجەم، ل١٨٠.

میرێکی بدلیسی لێن، هەر بە ناوی ئەم یاریەوە ناوی لێ نراوە، چونکە ئەم یاریە لەم مەیدانەدا کراوە.

(بنێ برجا)یش کە پێشتر لەسەر قەراغی (شەتێ بچووك) یانی خەندەك (خندق)ی شار و جێگایەکی تەختانی پشت شوورای جزیرا بۆتان و گۆڕی (مەم و زین) بوو کە ئێستا کراوەتە خانوو، لە سەردەمی میرانی بۆتاندا مەیدانی یاری گۆك و ڕمبازی بووە. ئەحمەدی خانیی شاعیری مەزنی کورد ئەم شوێنەی بە (مەیدان) ناوبردووە. جگە لە ناوهێنانی چەند جێگایەکی دیکەی جزیر و دەوروبەری و لەوانە (چەمی وەسطانی) و (نێرگزی) و (سەقلانی مەما)[٥٢] . ئەولیا چەلەبی کە خۆی یەکەم جار چواردە ڕۆژ لە بدلیس ماوەتەوە و میوانی (عەبدال خان) بووە، بەدرێژی باسی یاریی قاشوانی لەوێ کردووە. لەم ڕووەوە گوتوویە: ڕیزێك بەرد لەمسەر و ئەوسەری مەیداندا دانراون و بە سەدان سوار لە هەردوو لا یاری دەکەن. گۆکە خڕە و لە دارە و هێندەی سەری زەلامێکە و قاشۆکەیشیان سەرخڕە و لە زەرد گیراوە[٥٣] . واتە: وەك قاشۆی تابلۆکان نییە. (ئەحمەدی خانی)ش ئاماژەی بۆ ئەم یاریە کردووە. ئەوەتا میر تاژدین (میر تاجدین) پەیکەکە (قاسد)ی ناردووەتە کن میر زەینوددین و گوتوویە:

"هەر چارسەری دمە وەکی گۆ
چەوگانی ئیرادە تاوی کاشۆ[٥٤] "

---

[٥٢] ئەحمەدی خانی، مەم و زین، هەولێر، ١٩٦٨، ل١٠١.
دێڕەشیعرەکەی مەم و زین ئەمەیە:
"وەسطانی و نێرگزی و سەقلان          دەروازە و ئومەری و مەیدان"
[٥٣] سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ل١٤٤ی دەقی کوردی.
[٥٤] ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ل١٣٩.

جاران یاریی قاشوان لە کوردستان باو بووە و سوار لەگەڵ سوار و پەیایش لەگەڵ پەیادا یاری‌یان کردووە. دوو تاقم لە یاریەکەدا بەرامبەر بە یەکدی ڕاوەستاون و هەر تاقمێکیش هەوڵی داوە گۆکە بۆ خۆی ببات. بۆ نموونە، سالانی سی هەر جارەی سی چل سوارێك لە شاری کۆیە (کوێسنجەق) پێکەوە بۆ ڕاو دەچوون. لە چوون یان گەڕانەوەدا یاریی قاشوانیان دەکرد. هەروەها (جلیتێن)یشیان دەکرد و دەهۆڵ و زوڕنایان لەگەڵ خۆدا دەبرد و (عەزەی زەینەڵ چاوەش) کە بە زوڕنا لێدان بەناوبانگ بوو زوڕنای لێدەدا و (حەمە عەبۆ)یش دەهۆڵی دەکوتا. سەرباری ئەوە، ئەسپیشیان وەها فێر کردبوو لە کاتی (جلیتێن و ڕمبازی)دا بە پێی هەوای زوڕناکە دەهات و دەچوو[55]. ئێستایش یاریی قاشوان لە نێو مندالانی لادێدا دەکرێت. نابێ ئەوەیش لەبیر بکەم کە یاریی قاشوانە لە دەورانی مەغۆلیەکاندا (ئێلخانی) هەبوە و وێنەیشی لەنێو وێنەکانی کتێبی دەستنووسی (منافع الحیوان)دا هەیە. قاشۆی مەغۆلیەکان سەرەکەی یا سەری پارچە بچووکەکەی چەماوەیە، لە کاتێکدا بەپێی ئەم وێنەیەی شەرەفنامە هی کوردان ڕاست و ڕێکە.

ژنێك لەم تابلۆیەدا سەرپۆشێکی سپیی تەنکی لەسەر کردووە و لەبەر پەنجەرەی خانوویەکدا دەڕوانێتە ئەو خەڵکە. خانووەکە دوو یا سێ نهۆمە، نهۆمی خوارەوەی لە بەردی نەقاڕی‌یە و ئەوانی دیکە لە خشتی

---

[55] عەزەچاوەش باری ئابووریی باش و ئەسپێکی چاکیشی هەبوو و لەگەڵ سوارەکاندا بە سواری دەچوو. فەرەج چاوەش زوڕناژەن بوو لە کۆیە و، پاشتر هاتە ڕانیە و دەوری هەشت ساڵێك لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد. ئەوسا ڕاوکردن بە تاژی بوو، نەك باڵندەی ڕاو. ئەم زانیاریەم لە کۆیە لەبارەی یاریی قاشوانەوە لە کاك تۆفیقی مەلا سدیق وەرگرت. وا بزانم (قاشوان–قاشۆ) لە وشەی (کاشۆ) وەرگیراوە و، تەنانەت زۆر جێگەی کوردستان –وەك بەهدینان– (کاشۆ)ی پێ دەڵێن و فارسیش هەر وای پێ دەڵێت.

سوورەوەكراوە، دوو پەنجەرەی تێهەڵكێش (مشبك) –كە بە عەرەبی (نافذة شمسية)ی پێ دەڵێن– لە نهۆمی سێیەمدان ئەم چەشنە پەنجەرەیە لە كوردستاندا كەمە و بۆ شاردنەوەی ژن و خێزان دروست دەكرێت تا ئەوانەی وا لە پشت پەنجەرەكەوەن دەرەوە ببینن و خەڵك ئەوان نەبینن. جۆرە پەنجەرەی وا لە بەغدا زۆرە و، زۆربەی ئەم پەنجەرە بچووكانە لە خانووە كۆنەكانی كەركووك و كۆیە لە گەچ كراون نەك دار. لە (سلێمانی)ش لە گەنجینەی پشت هۆدەی دانیشتندا هەن.

بەشێكی خانوویەكی دیكە لە بن ئەم خانووەوە دیارە و بە خشتی سوورەوە كراوە، خانوویەك لە تەنیشت ئەوەی پێشوودا لەسەر جۆگە ئاوێكی گەورە دروست كراوە، ڕووكارەكەی بە كاشیی پرتەقاڵی ڕازێندراوەتەوە و دیكۆرێك بە تەنیشتیەوەیە.

لە چەند تابلۆیەكی شەرەفنامەدا وێنەی كاشی هەیە كە زۆر پێ دەچێ ئەو كاتە كاشی لە كوردستان بەكارهاتبێ، جا چ لە كوردستان دروست كرابێ یان لە دەرەوە هێنرابێ. ئەولیا چەلەبی وەسفی (حەمامی باخ)ی كردووە لە بدلیس لە كاتی عبدال خاندا و گوتوویە (لە سیاحەتنامە، بەرگی ٤، وەرگێڕدراوی كوردی، ل١٢٨): ((دیوارەكانی گومەزەكەی بە كاشیی چینی ڕازێندراونەتەوە و قەسیدەی (فضولي) لە بارەی حەمامەوە بە دەستخەتی محمد ڕەزای تەورێزی لەسەر ئەو كاشیانە نووسراوە)).

# تابلۆی سیازدەیەم

## نەخۆشیی دەمار ( أعصاب ) و چارەسەرکردنی بە دوعا

ئەم تابلۆیە (پەڕەی ژمارە٨٩) سەبارەت بە میرنشینی (ترجیل)ە و بریتییە لە نەخۆشی دەماری کیژی میری ئورتووقی و چارەسەرکردنی لە لایەن (شێخ حەسەنی زەرقی)یەوە. شەرفخان لە پەڕەی ژمارە (٨٩-٩٠)دا نووسیویە: ئورتووقی کوڕی ئەکسەبو (اکسب)[٥٦] کە میرێکی سەلجووقی بوو و پاش لە نێو بردنیدەوڵەتی کوردیی دۆستکی لە لایەن سەلجووقیەکانەوە ناوچەی ماردین و دیاربەکری لە ژێر دەستدا بوون، کچێکی جوانی هەبوو تووشی نەخۆشیی دەمار بووبوو. چەند نۆشداریان هێنایە سەر نەیانتوانی چارەی بکەن، تا داوایان لە شێخ حەسەنی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی ناسراو بە شێخ

[٥٦] لە هەندێك سەرچاوەدا بەناوی ئورتووقی کوڕی ئەکسەب -ئەکسەبو- (اکسك)یش ناوبراوە. سوڵتان مەلەك شاهی سەلجووقی ساڵی ٤٧٧ی کۆچی (١٠٨٤-١٠٨٥ی زاین) هێزێکی بە سەرکردەیی میر ئورتووق بۆ یاریدەدانی هێزێکی دیکەی نارد کە پێشتر بۆ داگیرکردنی دەوڵەتی کوردیی دۆستکی ناردبووی. ئەوەبوو ساڵی دواتر داگیریان کرد. ئورتوق ساڵی ٤٨٤ی کۆچی (١٠٩١-١٠٩٢ی زاین)ی کۆچی دوایی کرد و سەکمانی کوڕی ساڵی ٤٩٥ی کۆچی بووە میری حەسەنکێف و پاشان کوڕ و نەوەکانی دەستیان بەسەر هەموو ناوچەی ماردین و دیاربەکردا گرت.

جا لەبەرئەوە کە ئورتووق لەم ناوچانەدا حوکمداریی نەکردووە، دەبێ ئەو میرە ئورتووقیەی باوکی کچەکە یەکێك لە کوڕ یا نەوەکانی ئورتووق بێ نەك ئورتووق خۆی (بڕوانە: الدکتور احمد السعید، تاریخ الدول الاسلامیة و معجم الأسر الحاکمة، بەرگی دووەم، ل٣٥٠-٣٥٣ و، عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، بەرگی یەکەم، ل٢٩١).

حەسەنی زەرقی کرد، کە مرۆڤێکی پیاوچاك و موریدی زۆری هەبوو، بە دوعا چاکی بکاتەوە. ئەویش هات و بە دوعا کچەی چاك کردەوە. باوکیشی کچەکەیی دا بە سەید حوسێنی کوڕی شێخ حەسەن[57] .

هەروەها حکوومەتی (ترجیل)یشی پێ بەخشی کە بریتی بوو لە (حەزۆ)ی قەزایەکی دیاربەکر و عتاق (هتاخ–ئیتاخ) کە (٨٥کم)ێك لە خۆرەڵاتی دیاربەکرەوە دوورن. (هاوینی ١٩٧٧ بۆم هەڵکەوت وێنەی قەڵای ئیتاخ بگرم). پاش ئەو، کوڕ و نەوەکانی حوکمیان کرد. جگە لەوانە، چەند قەڵا و جێگایەکی دیکەیشی لە ناوچەی دیاربەکر پێدا. کورد ئێستا بە عەشیرەتی زەرقی دەبێژن (زەرکی).

وێنەی خانوویەکی وەك مزگەوت لەلای سەرووی تابلۆکەدا کە گومەزەکەی پێوازی و ڕووکارەکەی نەخشدارە. واتە ئەو گیا و درەختەی کە

---

[57] ناوی (سید حسین) لە پەڕەی (٩٠)ی دەستنووسی شەرەفنامەدا هاتووە، واتە سەید حوسێنی کوڕی شێخ حەسەن، بەڵام لە لاپەڕە ٣٢٤ی شەرەفنامەی چاپی قاهیرەدا (سید حسن) لە بریی (سید حسین) نووسراوە. دیارە دانە دەستنووسەکە ڕاستترە. شەرەفخان لە پێشدا نووسیویە: شێخ حەسەنی زەرقی کچی میری ئورتووقی لە خۆی مارەکرد (بڕوانە: پەڕەی ٨٦ی دەستنووسەکە و لاپەڕەی ٣٠٩ی چاپی قاهیرە). سەبارەت بە تەمەنی شێخیش، پێدەچێ هەر ئەوە ڕاست بێ کە ئەو کیژەی لە کوڕی خۆی مارە کردبێ. شایانی باسە ناوی شێخ حەسەن زەرکی لە شەجەرەی شیخ الاسلامی هەکاریدا هاتووە کە موریدی شێخ الاسلام بووە وەك (ابو الوفای الحلوانی) و شێخ محمد شنبکی. شێخ الاسلام (عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی یووسف) لە ساڵی (٤٨٦ك=١٠٩٦ز)دا کۆچی دوایی کردووە و گۆڕی لە دێرەشێی باشووری ئامێدییە لە بەری گارێ. لە (١٩٩٥/٦/٢٥)دا وێنەی گۆڕی ئەوم گرتووە، لە شێخە بەناوبانگەکانی کاتی خۆی بووە. شەجەرەکەی لە یەکی مانگی موحەڕەمی ١٢١٣ك (=١٧٩٨–١٧٩٩ز)دا بە خەتێکی جوان نووسراوە و دانەی فۆتۆکۆپیی لە لامە و زۆر بەسوودە و نیازمە بڵاوی بکەمەوە. برای بەڕێز کاك حوسێن محەمەد محەمەد علی دێرەشی پاش ئەو سەفەرەمان کە لەگەڵمدا بوو بۆی ناردووم. وەك لە شەجەرەکەدا هاتووە شێخ (عدی کوڕی مسافر) هەڤاڵی و شێخ عەبدولقادری گەیلانیش لە موریدەکانی بووە.



دیـارن نەخـشن و پەنجـەرەیش بـە نێوقـەدی دیوارەکەوەیـە. پێدەچـێ ئەمـە مزگـەوت نـەبێ و سـەرای مـیری ئورتـووق بـێ و شـێوەکەی گومـەزی بـێ. کـچە نەخۆشـەکە لـە حەوشـەی خانووەکـەدا لـەنێو جێـدا کـەوتووە. ڕاخەرەکـەی لبادێکی بەسەر مافوورێکی جواندا ڕاخراوە و شتێکی سووری گوڵدار تا نزیك مل بەسەر کچەدا دراوە. ژنێکی خزمەتکار لە نزیك قاچی و لای دەستە چەپەوە دانیشتووە، وەك دەستووری ئێستای کوردستانی باکوور دەسرۆکێکی سپیی بەسـەرەوەیە و دەسـرۆکێکی (هەنیـەپێچ- تویڵبەنـد)ی لـە دەور بەسـتووە. ژنـە باوەشـێنی بـە دەسـتەوەیە و باوەشـێنی کـچە نەخۆشـەکە دەکـات. ژنێکـی دیکـەیش لـە تەنیـشتی کـچەکەوە دانیـشتووە و دەسـرۆکەکەی سـوورە و هەنیەپێچەکەی سپییە. (شێخ حەسەنی زەرقی)یش بە سەرومێزەر و ڕدێنێکی سپی و جبەیەکی سوورەوە لە پشت سەری کچەکەوە دانیشتووە و وا دیارە دووعای بۆ دەخوێنێ. پیاوێك لە پشت شێخ حەسەنەوە ڕاوەستاوە. وێنەکەی تا ڕادەیەك تێکچووە و مێزەرەکەی قوماشە لە دەوری کڵاوێکی لبادی ئاڵاندووە وەك هی کوردەکانی باکووری کوردستان پێش قەدەغەکرانی لە لایەن تورکەوە کە پێی دەبێژن (کوم و کولاڤ).

ئورتـووق خـۆی لەسـەر کورسـییەك دانیـشتووە و هـەردوو دەسـتیی خستووەتە سەر ڕانی و بە پەژارە و ئومێدەوە دەڕوانێتە کچەکەی. ناوبراو کەوای بێ قۆڵ و کراسی درێژ و شەڕواڵی پۆشیون و کڵاوەکەی لە شێوەی تاجدایە یان هەر تاجە و قوماشەکەی ڕەشی یەکڕەنگە و ژێرەوەی دەبێ مقەبا یا تەختەی تەنك بێ. ناوەڕاستی کڵاوەکەی وەك تاسکڵاو (خوذة)ی جەنگە و گوڵنکەیەکی کورتی بە سەرەوەیە و دەورەکەی بە پانی بۆ سەرەوە هەڵگەڕاوەتەوە و هەردوو تەنیشتی بەرز و تیژە و بەم جۆرە دەبێتە شێوە تاجێکی سێگۆشە و لەگەڵ هی مەغۆلیەکانی ئێراندا هاوجووتە وەك هی سوڵتان مەحموود غازانی نەوەی هۆلاکۆ (١٢٩٥-١٣٠٤ی زایـن) کـە لـە

تابلۆی یەکەمی دەستنووسی (منافع الحیوان)ی ئیبن بەختیشووع (عبیدالله کوڕی جبرائیل)دا دەردەکەوێ کە وا ناوبراو کتێبەکەی بۆ (نصر الدولە ئەحمەدی کوڕی مەڕوانی کوڕی کەك)ی پاشای کوردی داناوە. ژنەکەی (مەحموود غازان)یش لەم کڵاوەی لە سەردایە. وا دیارە وێنەکێش (شەرەفخان) زانیویە ئەم کڵاوە هی ڕەگەزی تۆرانییە وەك سەلجووقیەکان. ئیدی ئەویش بۆ میر ئورتووقی کێشاوە.

شەرەفخان ئەم کڵاوەی لەو تابلۆیەی (منافع الحیوان)ەوە وەرگرتووە، چونکە ئەم دانە دەستنووسە لە نامەخانەکەی ئەودا بووە و لە کاتی (عبدال خان)دا تاڵان کراوە لەگەڵ هەزاران کتێبی نامەخانەی میرنشینی بدلیسدا و دەستاو دەستی کردووە تا گەیشتووەتە نیویۆرك. زۆریش پێدەچێ کڵاوی ئەسڵیی سەلجووقیەکانیش وەها بووبێ. چونکە نموونەی کڵاوێکی وا لە دەستنووسەکەی (بدیع الزمان ابن الرزاز الجزري)دا هەیە بە سەر یەکێك لە مۆسیقاژەنانی سەعاتی (فنکان الشمعة)ەوە، واتە ئەو یەکەمین سەعاتە کە بورجەکانی ئاسمانی تێدا هەن. ئەم وێنە و کڵاوە هی کاتی بنەماڵەی ئورتووقە و لەمەی مەغۆلیەوە زۆر نزیکە. ئەو وێنەیە لە لاپەڕە (١٠)ی دەستنووسی جزیریدایە دانەی (توپ قاپوپی) کە بە نمرەی (٣٤٧٢) لە ئیستەمبولە و بە دەستخەتی محەمەدی کوڕی یووسفی حەسەنکێفیە کە لە ساڵی ٦٠٢ی کۆچی (١٢٠٥ی زاین)دا نووسیویە و مۆری (شمس الدین بن ضیاء الدین)ی میری بدلیسی لە باپیرانی (شەرەفخان)ی پێوەیە وەك منافع الحیوان. واتە ئەم دانە نایابە لە کتێبەکانی نامەخانەی شەرەفخان بووە و دەبێ شەرەفخان ئەم وێنەیەی دیبێ. لە هەمان کاتدا ڕەنگە هونەرمەند کڵاوی ئورتووقی لە هی (ابن الرزاز) وەرگرتبێ "بڕوانە وێنەکە لە ماجد عبدالله الشمس، مقدمة في علم المیکانیك في الحضارة العربیة، بەرگی یەکەم، ل١٤٨، شێوەی٩).

لە تابلۆکەدا سێ سووراحی یا (گوڵدان-گوڵاوڕێژ) لەسەر سینییەك لەبەردەم ئورتووقدان. هەمان گوڵدان و سینی لە کۆڕی (مەحموودی غازانی)شدا هەن لەو تابلۆیەی (منافع الحیوان)دا و، مێژوو نووسانی هونەری ئیسلامی بە (عەرەقدان)یش ناوی دەبەن. هەروا شتێکی درێژ بە لاتەنیشتی ئورتووقەوەیە، ڕەنگە ڕمێك بێ کە سەرەکەی دیار نییە. وەك لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمان کرد. دوو چارەکە دێڕی شەرەفنامە لە سووچی ئەم تابلۆیەدا نووسراوە و کە ئەمەشم کردووەتە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی کە وێنەکێش شەرەفخان بووە.

# تابلۆی چواردەیەم

# ئابڵووقەدانی قەڵای بدلیس لەلایەن ئاق قۆینلوەکانەوە

ئەم تابلۆیە لە باسی میرنشینی بدلیسدا هاتووە و بریتی‌یە لە ئابڵووقەدانی قەڵای بدلیس لە لایەن لەشکری دەوڵەتی ئاق قۆینلووەوە بە سەرکردەیی (سلێمان بیژەن). شەرەفخان باسی ئەوەی کردووە کە (حسن الطويل)ی دامەزرێنی دەوڵەتی تورکمانیی ئاق قۆینلوو (٨٧١-٨٨٢ی کۆچی= ١٤٦٦-١٤٧٨ی زاین) لە سەردەمی میر ئیبراهیمی کوڕی میر حاجی محەمەدی بدلیسیدا لەشکرێکی بە سەرکردەیی سلێمانی کوڕی بیژەن بۆ داگیرکردنی قەڵای بدلیس نارد. سلێمان زستان دەچوە دەشتەکانی بشێری و ماردین و کە زستانیش بەسەردەچوو دەهاتەوە بدلیس بۆ ئابڵووقەدانی، چونکە بدلیس لە زستاندا زۆر ساردە. بەم پێیە گەمارۆدانەکە سێ ساڵی خایاندووە، تا خەڵکی نێو قەڵا لە برساندا و لەبەر نەخۆشیی ڕشانەوە (تاعوون) و لەبەر توندیی گەمارۆ و شەڕ هەموو گیانیان لەدەستداوە. تەنیا حەوت کەس لەگەڵ میر ئیبراهیمدا زیندوو مانەوە. ئەوجا بە ڕێککەوتن (صلح) خۆی بەدەستەوەدا. سلێمان بیژەن میر ئیبراهیمی نارده لای (حسن الطويل) لە تەورێز و ئەویش ڕێزی لێ گرت و ئیشێکی لە (قوم) پێ سپارد. کە (حسن الطويل) کۆچی دوایی کرد. یەعقووبی کوڕی لەبەر سەرکێشیی خێڵی (ڕۆژکی) لە بدلیس میر ئیبراهیمی کوشت.

لە قسەکانی شەرەفخان وا دەردەکەوێ کە ئابڵووقەدانی بدلیس ساڵی (١٤٦٦ی زاین) یا کەمێك لەوەبەدوا بووبێ. میر ئیبراهیم پیاوێکی بەهێز و



وره بەرز بووە و، یەکێك بووە لەو میرە بدلیسیانەی کە (سکە)یانی (پارە)یان لێداوە. ئێستایش پارەکانی لە مۆزەخانەی ئیستەمبول دا هەن و پارێزراون، وەك لە نامەیەکی مۆزەخانەی بەریتانیادا هاتووە کە بۆم نێردراوە.

سلێمان بیژەن لەم تابلۆیەدا لە لای چەپ لەسەر کورسی‌یەك دانیشتووە و ڕمێکی کورتی لە جۆری (ڕمی مەوجدار) لە دەستدایە و تیرەکەی لەنێو تیردان و شمشێری لە کالاندایە و (بازیبەند)ی شەڕیشی لەدەست کردووە و قەڵغانەکەیشی چەتری‌یە. ئەم شێوە قەڵغانە بەدەست چەند شەڕکەرێکی دیکەی لەشکرەکەوەیەتی و لە تابلۆکانی دیدا زۆر کەمە و وا پێدەچێ بەنرخ بێ، چونکە زۆربەی قەڵغانەکانی دیکە دەوراندەوریان خڕ و لە ناوەڕاستەوە دەرپۆقیون، واتە کووڕ و قۆقزن و بە عەرەبی (محدب)یان پێ دەڵێن. هەروەها خەتداریشن و خەتەکان لە قەراغەوە دەست پێدەکەن و لە ناوەڕاستیدا کۆدەبنەوە. هەندێك قەڵغانی دیکەی ئەم لەشکرە ڕووەکەیان تەختە. ئەم جۆرە قەڵغانە چەتری‌یە لە نێو کورد و فارس و عوسمانیدا بینراوە. نازانم داخۆ بە ئەسڵ هی چ میللەتێکە؟ لە تابلۆی (شەڕی ئەدرنە)دا قەڵغانی بێژەنتیەکان بازنەیی و تەختە و لەم قەڵغانە ناچێ.

جێی گوتنە دوو جۆرە قەڵغان (مەتاڵ) لە سنعەتی کوردستان و لە نێو چەکەکانی عەبدال خانی بدلیسیدا هەبوون کە ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕە (٢٤٩)ی سیاحەتنامەکەیدا (دەقی تورکی) بە قەڵغانی عەینتابی و دیاربەکری ناوی بردوون. لە لاپەڕە (٤٩)ی وەرگێڕانە کوردیەکەیدا هاتووە: شمشێر و خەنجەر و ڕم و دەمانچە و سەرەتیری دیاربەکر بەناوبانگن. لە لاپەڕە (١٤٢)یشدا هاتووە: شمشێری شێخانی و مەقراوی لە بدلیس دروست دەکرێت و وێنەیان لە هیچ شارێکی دیکە نییە. تیر و کەوانی بدلیسیش بەناوبانگە. هەروەها گوتوویە: دەست و پێوەندانی عبدال خان کە ١٠هەزار کەسی خەڵکی بدلیسن و مووچەی مانگانەیان لێ وەردەگرت

شەو و ڕۆژ قەڵغانی حەلەبی‌یان بەشانەوە و شمشێری شێخانی و مەقراوی‌یان بە پشتەوە و گۆپاڵ بە دەستەوە بوون. بەڵام ئێمە نازانین شێوەی قەڵغانی حەلەبی چۆنە. داخۆ ئەو جۆرە زۆرەیان کە لە وێنەکاندا دەبیرنێت ئەوە یان نا؟ جگە لەوە نایشزانین (قەڵغانی کوردی) چۆن بووە، کە ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕە (٢٠٩)دا لەو بارەیەوە گوتوویە: کوردانی هەکاری هەریەکە و قەڵغانێکی کوردیی بە کۆڵەوەیە. تۆ بڵێی مەبەستی پێ قەڵغانی دیاربەکری یا قەڵغانی عەینتابی بێ؟ ئەگەر وایش نەبێ، قەڵغانی کوردی لە هەکاری یا چ جێگایەکی دیکەی کوردستاندا دروست دەکرا؟ لە هەردوو تابلۆی یەکەم و دووەمی شەرەفنامەدا کە لەسەر (هەکاری)ن، قەڵغان بازنەییە و بازنەیەکی بچووك لە ناوەڕاستیدایە کە پێدەچێ بەرزتربێ. سەدەی نۆیەمی پێش زاین لە ناوچەی (برادۆست)ی دەڤەری (ڕەواندز)ی دراوسێی (هەکاری)دا وێنەی سەرەسەگ بە قەڵغانەکانیانەوە هەبوو. حکوومەتێکی کۆنی کوردستان لەوێ هەبوو و شا (ئەرزانا) پاشای بوو.

لەشکری سلێمان بیژەن لە تابلۆکەدا لە خوار قەڵای بدلیس دامەزراون و پڕچەکن و بە شمشێر و ڕم و تیر و گورز و تۆپ و تفەنگ شەڕ دەکەن و هەندێکیان بە شاخە بەردینیەکەی ژێر قەڵاتدا هەڵدەگەڕێن. وا پێ دەچێ هەندێکیان بریندارکرابن. دووکەڵ و ئاگر لە لوولە تۆپەکانیانەوە کە لە کونی زرێ (درع)ەکانەوە دەرچوون بەرز بووەتەوە و ئاگر بەر دیوارێك کەوتووە و دەرگای قەڵاش لە دووکەڵیا ڕەش بووەتەوە بەڵام لە ئاسن و قایمە. شەرەفخان ناوی تۆپی نەهێناوە بەڵام باسی کردووە کە ئاق قۆینلوەکان (مەنجنیق)یان پێ بووە و گرمەی مەنجەنیقیان دەهات. دیارە ئەو کاتە تۆپ هەبوە، بەڵام کەم. لەشکری ئاق قۆینلوو کلاوی شەڕ (خوذة)یان لەسەر ناوە. بەڵام هەندێك بیزەنتی یان بڵێین لە مەسیحیەکانی بە ئەسڵ ئەوروپایی لە نێویاندا هەن و کڵاو (شەپقە)ی ئەوروپی‌یان لەسەرناوە کە ئەڵقەدارە، یانی لە پێش و پاشەوە دوو لقە. هەمان

شەپقە لە تابلۆی (١٧)و (١٨)شدا هەیە و، ئەمانە دانیشتوانی خۆرهەلاتی ئەنادۆڵن بەتایبەتی هی قەراغەکانی زەریای ڕەش و قەراغە باشووریەکانی کە لە ژێر دەستی ئاق قۆینلووەکاندا بوون.

لە تابلۆکەدا میر ئیبراهیم ئەو کەسەیە کە سەری لە پەنجەرەیەکی قەلاتدا دەرهێناوە و مێزەرێکی سپیی لەسەرناوە و ڕەنگی سوور (ڕەنگی شەڕ و خوێن) لە پەنجەرەدا دیارە. میر ئیبراهیم بێ ڕیش و سمێڵە چونکە لاو بووە، وەك چۆن شەرەفخان لە تابلۆی سێهەمدا وێنەی (سەیدخان)ی میری بەهدینانی بێ ڕیش و سمێڵ دروست کردووە تا بزانرێ لاوە.

میر ئیبراهیم ئەو کاتە ژنی نەهێنابوو، چونکە لە شەرەفنامەدا هاتووە کە تەسلیم بوو و دوورخرایەوە بۆ شاری (قوم) و لەوێ ژنی هێنا. لە تابلۆکەدا دیارە کە تەنیا سێ کەس لە شەڕەکەرەکانی میر ئیبراهیم لەسەر قەلات ماون و شەڕ دەکەن، ئەویش بە بەرد چونکە نە گوللە و بارووتی تفەنگ و نە تیریان پێ نەمابوو ئیتر بە بەرد شەڕیان دەکرد. ڕەنگە بەردیشیان کەم مابێ، چونکە تەنیا دوو کەسیان بەردیان لە دەستدایە و بڵندیان کردووە تا بیهاوێژنە دوژمن لەژێر قەلاتدا. کە ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی خۆڕاگری و بەرگریی ئازایانەیانە.

دوو ژن لە شانشینی قەلاتدا دیارن. پیاوێك کە سەروکلاوی لە قوماشە لە دەرەوەی قەلات قسە لەگەڵ بیزەنتی یان بڵێین ئەورووپاییەك دەکات و لە نێوان ئەو و سلێمان بیژەن کەسی دیکە نییە، تەنیا ئەم پیاوە هەیە لە دەرەوەی قەلات کە جلوبەرگی جیایە لە هی لەشکری سلێمان بیژەن. ڕەنگە ئەمە لە پیاوانی میر ئیبراهیم بێ و ناردبێتی بۆ پێکهاتن لەگەڵ سلێماندا ئەگەر وەهابێ، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ میر ئیبراهیمدا بە زیندوویی ماون هەشت کەسن تا ئەوکاتە. ئەگەر وا نەبێ ئەوا حەوتیان ماون کە لەسەر

قەڵاتن جگە لە میر ئیبراهیم. ئەوکاتە کێشراوە بۆ پێشاندانی دواهەمین قۆناغی بەرگریکردنی ئەم میرە کوردە.

لە تابلۆکەدا لەسەر بەرزیی قەڵات دوو ئاڵا هەن، یەکیان ڕەنگ پرتەقاڵیی‌یە و یەکیش سەوزی تۆخە. لە ڕووکاری دیواری قەڵاتەوە و لە دەرگایەکی ئاسنی تێهەڵکێش (مشبك)ەوە لوولە تۆپێك هاتووەتە دەر. جا نازانین ئەوە ڕاستەقینەیە و میری بدلیس تۆپی، هەبوە، وەك چۆن عبدالخان تۆپی هەبوون و لەسەر قەڵاتی داناون و لە شەڕی مەلیك ئەحمەد پاشادا بەکاری هێناون، یان نا؟ چونکە لەبارەی ئەم شەڕەوە لە شەرەفنامەدا باسی تۆپ نەکراوە، بەڵکوو باسی مەنجەنیق هاتووە و ئەویش هی ئاق قۆینلووەکان بووە. لە لێکۆڵینەوەیەکی دەستنووسمدا بە ناوی (پەیدا بوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار لە کوردستان) ئەم لایەنەم شیکردووەتەوە و لێی دوواوم.

### ئەندازەی قەڵا

بە سایەی قەڵەمی ئەولیا چەلەبیی دۆستی کوردەوە کە توانیی (٦١٠) کوردی دیلی شەڕی عەبدال خان –زۆربەیان ئێزدی بوون– لە شمشێری مەلیك ئەحمەد پاشای تاوانبار ڕزگار بکات، دەنا جەلادەکان وەك (١٩٠) کەسەکەی دی سەریان دەبڕن، بۆمان دەردەکەوێ ئەم تابلۆیە هەمان ئەندازە و پێوانەی ڕاستەقینەی قەڵای هەن. ئەوە نەبێ کە ئێستا ئەو لایەی قەڵاکە ڕووخاوە کەوا سەرای عەبدال خانی لێ بووە و کەوتبووە دیوی پشتەوە یان بەری خۆراوایەوە. شانشین (شناشیل–باڵکۆن)ێك لە تابلۆکەدا لەسەر چوار کەوانی بازنەیی قاتی سێیەم دیارە و دوو ژن لە پەنجەرەکەیەوە سەریان هێناوەتە دەرێ.(ئەولیا چەلەبی)ش باسی هەبوونی شانشینی لە قەڵای بدلیسدا کردووە. لە لاپەڕە (١٠٦)ی وەرگێڕانە کوردیەکەیدا لەم ڕووەوە

گوتوویە: هەموو پەنجەرە و شانشینەکان لەسەر بورج و دیوارەکانن. ئەمە ئەوە دەردەخات کە کۆمەڵە شانشینێك بە بەرزیی قەڵاوە و لە قاتی سێیەمدا هەبوون و دیمەنێکی جوانیان بەم قەڵاگەورەیە بەخشیوە کەوا (٣٠٠)ژووری تەویلەی وڵاخ و جبەخانە بووە.

هەروەها لە لاپەڕە (٢٦٦)دا گوتوویە: قەڵا نهۆم نهۆم لەسەر یەکە و هەر خانێك هاتبێتە سەرکار ئیشێکی ئاوەدانیی لە قەڵادا کردووە. بەڵام عەبدال خانی زانا و ئەندازیار و ستێرناس (فلکي) و پزیشك و بلیمەت سەرایەکی لە شێوەی سەرای (فیداقا)دا لە قەڵاکەدا دروست کردووە و دەوراندەوری قەڵاکە (٤,٠٠٠) شەقاو بوو. (٣٦٠)ژووریش لە نێو باخی خاندا هەبوون و ئاوی ئاوپرژێن (نافوورە)کانی لە دەمی شێر و لووتی دێو و دەمی ئەژدیهای دەستکردەوە فیچقەیان دەهات (بڕوانە: ل١٢٦، ٢٦٦، و١٠٦ی سیاحەتنامە). بەداخەوە ئەو شارستانەتیەی کە لە بدلیس پلە بە پلە بەرزبووەوە تا گەیشتە ئەم ڕادەیەی لەکاتی (شەرەفخان)ەوە تا کاتی عبدال خان، ئەو پاشا تورکە لەناوی برد.

دەرگایەکی ئاسنی تێهەڵکێش (مشبك) لە دەستەچەپی تابلۆکەدا دیارە، لوولە تۆپێکی لێ دەرهاتووە. ئەمەیش لەگەڵ ئەندازەی قەڵادا تەواو یەکدەگرێتەوە. ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕە (١٠٦)دا گوتوویە: ((لە خوارەوەڕا ڕێگای چوونە شار هەیە، سێ قات دەروازەی ئاسنی بۆ کراوە کە لە نێوان ئەو دەروازانەدا زۆر جۆرە چەك ئامادەکراوە)). واتە چەکی وەك تۆپی لێ دانراوە، وەك چۆن لە وێنەکەیشدا پێشان دراوە و لە سەردەمی شەرەفخان –یا بڵێین میر ئیبراهیمدا– تۆپی لێ بووە. ئەم تابلۆیە بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەوەیە کە هەر ئەم تەرزە بیناسازیەی قەڵا لە دەورانی شەرەفخان و پێش ئەویشدا هەبوە و لە زەمانی عەبدال خاندا نەکراوە، بەڵکە پێشتر هەبوە. لەبەرئەوە کە ئەم وێنەیە هاوجووتی ئەندازەی قەڵایە، دانەیەکم لەم تابلۆیە

بۆ عادل شەرەفخان (پاشتر بە ڕەحمەتی خوا چوو) لە بدلیس نارد تا بینێریێ بۆ دائیرەی گشتیی شوێنەواری تورکیا، چونکە ساڵی ١٩٧٧ دیتم قەڵاش لە ژێر تعمیردایە لە لای دائیرەکەوە تا وەك خۆی ئاوا بکرێتەوە. عادل شەرەفخان مرۆڤێکی ڕۆشنبیر بوو و خەریکی دانانی کتێبێك بوو لەسەر مێژووی بدلیس.

قەڵاش لەسەر شاخە بەردێکە و زۆر سەختە و بورجەکانی زۆر بڵند و گەورەن و لە قەڵا گەورە و سەختەکانی کوردستانە، لە لای باشوورەوە ئاڤدز (تونێل–نەفەق–لەغم)ی هەیە و کانیاوێکی تێدایە کەم و زیاد نابێ و وەك تانکی‌یەکی هەڵکۆڵدراوە خۆم پێیدا هەڵگەڕاوم تا تانکیە و سەرووتر پڕ بووەتەوە لە گڵ و بەرد.

# تابلۆی پازدەیەم
# جڤاتی شەرەفخانی بدلیسی

ئەم تابلۆیە (پەڕەی ژمارە ١٤٥) لەسەر فەرمانڕەوایی شەرەفخانی کوڕی میر (شەمسەدین)ە، واتە باپیری شەرەفخانی مێژوونووس، کە نەك هەر مرۆڤێکی خوێندەوار، بەڵکوو لە میرە هەرە بە دەسەڵاتەکانی بدلیس بووە. وەك شەرەفخان نووسیویە: لە زانستی نجوومگەری (تنجیم) و (رمل)دا توانا بووە. ساڵی ٩٤٠ی کۆچی (١٥٣٣-١٥٣٤ی زاین) لەگەڵ لەشکری عوسمانیدا بەشەڕ هاتووە و لەگەڵ (٧٠٠)کەسی هێزەکەی لە (تاتیك) کوژراوە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان بدلیس و هیزان.

ئەم تابلۆیە هێمنی دەردەبڕێ و تایبەتە بە کۆڕی شەرەفخان کە لەسەر کورسی‌یەکی مەیلە و بچووك دانیشتووە و پیاوەکانی لە دەوری ڕاوەستاون. شەرەفخان لە وێنەکەدا چوارشان و کەڵەگەت دیارە و، دوور نییە شەرەفخانی مێژوونووس ئەم وەسفەی لەش و لاری باپیریی لە باوکیەوە بیستبێ. شەرەفخان جلی میرایەتیی لەبەردایە و کراسەکەی سووری گوڵدارە و کەوایەکی پەمەیی بێ قۆڵی لەسەر پۆشیوە و کەمەری پشتی زەرد و شەڕواڵەکەیشی لە قوماشێکی گوڵداری زەردە. شەرەفخان سەروکلاوێکی سپیی خەتداری گەورەی لەسەرناوە و بە پارچە قوماشێکی سوور لە نێوەڕاستدا گرێی داوە و گوڵنکەیەکی زۆر بەرز و زلی لەسەر قیت بووەتەوە. ڕەنگە ئەو قوماشە سپیە خەتدارە ئێرانی بێ، چونکە هەمان قوماش لە مێزەری ئێرانییەکدا هەیە لە تابلۆی شازدەیەمدا و لە وێنەکانی عوسمانیەکاندا نییە.



شـێوە گوڵنکـەی وا گـەورە بـۆ هـیچ میرێکـی دیکـە نـەکراوە و نیـشانەی میرایـەتـیـیـە. لەوانەیـە شـێوە گوڵنکـە لـە لەتـە قوماشـی سووری باریـك یـان دەزووی سوور دروست کرابێ. دەموچاوی شـەرەفخان تـا ڕادەیـەك شـێواوە، چونکە شێ کاری لە تابلۆکە کردووە. سووراحیەیەکی مل درێژ لە تەنیـشتی ڕاستیەوە هەیە و بۆ ئاو و شەرابیش بەکاردێت.

ژنی شەرەفخان و (شەمسەدین)ی کوڕی کە دەوری دوازدە سالانە —واتـە باوکی شـەرەفخانی مێژوونووس— لـە تەنیـشت شـەرەفخانەوە ڕاوەسـتاون و کوڕەکەی بە سنگیەوە ناوە. جلی ژنەکەی ڕەنگاو ڕەنگ و کەوای بێ قۆڵ و کراسی درێژی ژنانەیـە و دەرپێکـەی سووری کراوەیـە و سەروکڵاوەکەیـشی وەك هی پیاوانە و گەورەیە و بە هەمان قوماشی خەتدارە کە بۆ سەروکڵاوی زۆربەی پیاوانی نێو تابلۆکـە بەکارهاتووە و لـە ئاوریـشمە و گوڵنکەیـەکیش بـە کەلەکەیـەوە شـۆڕ بووەتـەوە. وا پێدەچـێ ئـەم ژنـە قـەڵغانی شەڕیـشی بەشـانەوە بـێ. نـاوی ژنەکـە (شـاه بـەگی خـاتوون)ی کیـژی (عـەلی بـەگی ساسـوون)ە و نـەنکی شـەرەفخانی مێژوونووسـە. ئـەم ژنـە لـە حەوشـەی مزگـەوتی گـەورەی بـدلیس (جامعـا شـەرەفخان) گومـەزێکی جـوانی تیـژ و بەرزی لەسەر گۆڕی مێردەکەی دروست کردووە و گۆڕەکەی خۆیشی لە نێـو ئـەم گومەزەدایـە. کـە چـووم بـۆ بـدلیس ویـستم وێنـەی نووسـینی سـەر گۆڕەکــەیان بگــرم و بخوێنمــەوە، بــەڵام مجێورەکــە کــە کلیلــی دەرگــای گومەزەکەی پێ بوو، لەوێ نەبوو.

بـاوەڕم وایـە کـە جلوبـەرگی ئـەم ژنـە مـیرە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەقینە و واقیعـی کـراون و هـی دەورانـی تـەواو بـوونی دانـانی شـەرەفنامەن. ئـەولیا چەلەبی ژنانی بدلیسی نەدیون، چونکە ڕوویانیان پۆشیوە. گوتوویە: ((وەك بـرادەرانم پێیـانگوتووم جلوبـەرگیان سپیـیە و پێچە (پەچـە) بـەکاردێنن و

تاسکڵاوی زێڕین یا زیوین لەسەر دەنێن و بەرگیان سەرلەبەر ئاوریشمە[٥٨] . شایانی باسە ژنانی ئێزدیش جل و بەرگیان بە کراس و سەروکڵاوەوە سپی‌یە، مەگەر ئێستاکە گۆڕابێ. جاران ژنانی بەشێك لە بۆتان کراسی سپی‌یان دەپۆشی و کراسەکانیان یا وەك هی ژنانی ئێزدی لە (مەڤرووم)ی سپیی بیلادی بوون، یان لە جاوی سپیی ئەستوور کە لە لۆکە بوو و لە دێهاتی بۆتان دروست دەکرا. بگرە لە ناوچەی (تووریٚ)ی وەك شاری میدیات و کەرجەوس و ئەسکیف (حەسەنکێف)یش چاکتر دروست دەکرا و باشتر و قایمتریش دەبوو و لە بۆتان دەفرۆشرا. تا سی ساڵێك لەمەوبەریش نەك هەر لە تووریٚ (طوریٚ) –واتە ناوچەی خۆرەڵات و باکووری خۆرەڵاتی ویلایەتی ماردین–، بەڵکوو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باکووردا ژنان بە زۆری هەر کراسیی سپی‌یان لەبەردەکرد، بەڵام قوتەك و دەرپێ‌یان سپی نەبوون. جگە لەوە، (کەتانۆك)ی سەریشیان هەر سپی بوو. وەك چۆن کراسی پیاوانیشیان تا ئەژنۆ یا خوار ئەژنۆ دەهات، بەڵام هەردوو کچك (تیلە)ی درێژتر بوون. ئەم کراسە لە لۆکەی سپی یا چنراوێکی سپیی دروست دەکرا و زۆر لە کراس و دەرپێی پیاوی هندی دەچوو، بەڵام کراسەکەیان ڕێکوپێکتر بوو و زۆر کەس بێ شەڕواڵ بۆ دەرەوە لەبەریان دەکرد چونکە باری ئابووریی خەڵك ناجۆر و کز بوو.

## پێڵاوی بە مووروو:

شێوەی پێڵاو لە تابلۆکانی نێو شەرەفنامەدا هێندە ڕوون و دیار نییە تا لێی بدوێین و بزانین ئەوسا پێڵاو لە کوردستان چۆن بووە و چەند جۆری هەبوە.. بەڵام تاکە پێڵاوێکی (شاە بەگی خاتوون) لەم تابلۆیەدا دیارە ڕەنگی. پێڵاوەکە زەردە و سەرەکەی پانە و وەك هی ئێستای ژنان باریك نییە. هەروەها سەرەکەی بۆ سەرەوە هەڵنەگەڕاوەتەوە، وەك جاران کە ئەم

---

[٥٨] ئەولیا چەلەبی ل١١٤ تەرجەمەی کوردی.

شێوەیە هەبوە و لە سلێمانی (پانی بەرز)یان پێ گوتووە. دوو خال بە ڕووی پێڵاوەکەوە دیارن، ئەگەر کون نەبن. دوور نییە مووروون، چونکە پێڵاوی بە مووروو لە بدلیس باو بووە. ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕە (١٢٨)ی کتێبەکەیدا ناوی (نەعلی سەدەفکار)ی بدلیسی هێناوە و گوتوویە: ((خولامەکانی عەبدال خان کە لە (حەمامی باغ) ئیشیان دەکرد، نەعلی سەدەفکاریان لەپێ بوو و ئەو جۆرە نەعلەیشیان بۆ ئەوانە دەهێنا کە خۆیانیان دەشوشت. بەمەدا دەبێ لە بدلیس پێڵاو و نەعلی بە مووروو و سەدەفکاریان دروست کردبێ. لە گۆرانییەکی شایی کوردیدا هاتووە:

"تو ب پوڕا سوی لێ جانێ ب سولا مەرجانێ"

لەمەوە دەزاندرێ کە پێڵاوی ڕازێندراوە بە (مەرجان) بۆ ژنان لە کوردستان هەبوە و، ڕەنگە تا سەدەی نۆزدەهەمیش هەبووبێ. ئەمەش لە کاتی (ئەخمینی)یەکاندا (٥٥٠-٣٣١ی پێش زاین) هەبوە کە پێڵاویان بە بەردی گرانبەها (الاحجار الكريمة) جوان دەکرد.

لە تابلۆکەدا ئەو کوڕە کە بە پێش سنگی (شاه بەگی خاتوون) ڕاوەستاوە ئەوە (شەمسەدین)ی باوکی شەرەفخانی مێژوونووسە کە کوڕە تاقانەیە و لەوێدا کراسێکی مەیلە و سووری درێژی لەبەردایە و لەسەر ئەو کەوایەکی زەردی قۆڵدار و یەخە پانی لە قوماشێکی ئەستووری پۆشیوە. یەخەکەی هەڵگەڕاوەتەوە و، دەرپێ یا شەڕواڵەکەی سوور و زۆر فشە هەتا پێڵاوەکەیشیی داپۆشیوە و لە ژێرەوەیە و دیار نییە. کەفیەکی سووریشی بە ملیدا داوە و هەردوو سەرەکەی بە سنگیدا شۆڕ بوونەتەوە و مێزەرەکەیشی وەك هی پیاوانە. کەفی خستنە سەر شانی کوڕ تا ئەم نزیکانە و بگرە ئێستایش لە کوردستانی باکوور پێڕەو دەکرێت. ئەم کوڕە بە دەستێکی قەڵغان و بەوی دیکەی شتێکی درێژی نووك تیژی گرتووە کە پێدەچێ ئامرازێکی شەڕ بێ. هەمان شت لە تابلۆی ژمارە (١٣)دا دەبینرێت.

چەند پیاوێکی شەرەفخان لە پشتیەوە ڕاوەستاون، سێیان پاسەوان و ڕم بەدەستن. ئەمانە جلیان تێکەڵە، بەڵام قوماشی سەروکڵاوی هەندێکیان لە (مشکی)یە کە قوماشێکی ئاوریشمی ئێرانییە و کورد ئێستایش بەکاری دێنێ. ئەولیا چەلەبی لەسەر جلی پیاوانی بدلیس گوتوویە: سەروکڵاویان زەرد و شین و ڕەش و سوور و زەرنیخییە و، زۆر پیاوی عەبدال خان و مرۆڤی ماقووڵ کوڵك (کورك–فەروە)ی سمۆرە لەبەردەکەن. لە گەلێك شوێنی دیکەدا باسی کوڵکی لە کەوڵی سمۆرە دروستکراوی کردووە، وەك لە باسی مەلاتیە و دیاربەکردا. چینی دەوڵەمەند ئەم کوڵکەی بەکارهێناوە. ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە ئەوسا لە کوردستاندا زۆر و گرانبەها بووە. هەروەها گوتوویە: ئەوانەی وا باری ئابووریيان ناوەندییە (شیاق) لەبەردەکەن کە لە (مەعدەن)ی ناوچەی (شێروان) دروست دەکرێت. واتە (شێروان)ی باکووری سێرت (سعرت). مەعدەن ئێستایش هەر ئەم ناوەی هەیە. مەبەستی لە شیاق –کە وشەیەکی تورکییە– قوماشێکی زۆر ئەستووری وەك بەڕە لە دەزووی خوریی ڕەنگاوڕەنگ کراوەو بۆ سەر زین و پاشزینی وڵاخیش بووە. شیاق درێژە و تا ئەژنۆ یا خوار ئەژنۆ دێت و خەتەکانی پانن و زستانان بەسەر جلوبەرگدا لەبەر دەکرێت. بیرمە دەوری ٤٥ ساڵێك لەمەوبەر کە لەبەر هەندێك کوردی غەریبدا دەماندی پێکەنینمان دەهات. ئەو جلە درێژە کە لە تابلۆی حەوتەمدا لەبەر ئەو سوارەدایە کەوا لە دیجلە دەپەڕێتەوە شیاقە. حەماڵەکانی ماردین ئێستایش لەبەری دەکەن. ئەولیا چەلەبی هەر لەم بارەیەوە گوتوویە: خەڵکی دەستکورتی بدلیس (بوغاس) لەبەردەکەن. (بوغاس)یش وشەیەکی تورکییە و مانای کەتانی تەنك دەدات[٥٩] .

[٥٩] المعجم الترکی العربی، بەرگی چوارەم، ل٢١٨و، بەرگی یەکەم، ل٢٥٠.

پشتێنی پاسەوانی نێوەڕاستیان لە تابلۆکەدا دیارە و سەرنجڕاکێشە. پشتێنەکە خەتدارە و هەر لە وێنەکەدا دەردەکەوێ کە لە قوماشێکی نەرمی گرانبەهایە. ئەوە هەر ئەو پشتێنە ئاوریشمەیە کە ئەولیا چەلەبی چەند جارێك باسی کردووە و گوتوویە پشتێنی ئاوریشم لە پشتی خەڵکدا بووە لە کوردستان. کە لە بدلیس چووەتە حەمامی باغ، بە درێژی باسی ئەوەی کردووە چۆن بە نەخشی شووشەیی و ئاوێنە و بەردی مەڕمەڕ و کاشی و بەردی (سیلان) ڕازێندراوەتەوە بە ڕادەیەك کە (سوڵتان موراد) خۆی تێدا شوشتووە گوتوویە: ((ئەرێ چ دەبوو ئیستەمبوڵی منیش حەمامێکی ئاوای تێدابایە)). ئەولیا چەلەبی گوتوویە: ((خوڵامەکانی عەبدال خان کە چەرکەس و گورجی بوون و لە حەمامەکەدا خزمەتیان دەکرد، چەقۆ و خەنجەری جەوهەرداریان بە بەر پشتێنە ئاوریشمیەکەیاندا کردبوو. ئەم پشتێنە لە ڕووی شێوەی بەستنەوە پاش ئەوەی لە عاستی نافەکەیدا گرێی لێدراوە، سەرەکەی ڕاستەوڕاست بۆ خوارەوە بەردراوەتەوە. وا بزانم ئێستا ئەم شێوە بەستنە باوی نەماوە. بەڵام ژنانی چەند ناوچەیەك سەری پشتێنەکانیان لە لاتەنیشتەوە بەردەدەنەوە.

وێنەی دوو کەس لە گۆشەی دەستە ڕاستی تابلۆکەدا هەیە و پشتیان لە شەرەفخانە، وەك بڵێی لە لای ئەو و لە کۆڕەکەیەوە دەچنە دەرێ. بە مێزەری سەریاندا بۆم دەرکەوتووە ئەمانە ئێرانین. جا یا بە تەتەری –قاسیدی– هاتوونە لای ئەم میرە و گەڕاونەوە، یان شەرەفخان هەندێك ئێرانی لەلای خۆی ڕاگرتووە و کردوونی بە پیاوی خۆی. شەرەفخان مەبەستی بووە بەو وێنەیە پێشانی بدات کە پێوەندیی باپیری بە دەوڵەتی سەفەوییەوە توند و تۆڵ بووە. مێزەری هەندێك لە پیاوانی شەرەفخان وەك هی کوردەکان بە تەواوی و باش نایەتە بەرچاوم. ڕەنگە ئەمانە لە میللەتێکی بێگانە بن.

بازەوانێك وا لەلای دەستە چەپی تابلۆكەدا، دەستكێشی لەدەستدایە و باڵندەی ڕاوی بە بان دەستەوەیە و دوو پیاوی دیكەی لە لاوەن. باڵندەیەكی دیی ڕاو لەسەر دەستی پیاوێكە لە سەراوردی دەستە چەپی تابلۆكەدا. باڵندەی ڕاو لە چەند تابلۆیەكی دیكەشدا هەن و بایەخ پێ دراوە، كەمێك لەم بارەیەوە دەدوێین: بێ گومان جاران ڕاوكردن بە باڵندە لە كوردستاندا باو بوو، بە تایبەت لەنێو گەورە پیاواندا. ئەولیا چەلەبی لە لاپەڕە (١٢٢)ی سیاحەتنامەكەیدا ناوی پازدە جۆر باڵندەی ڕاوی عەبدال خانی میری بدلیسی هێناوە، وەك باز و شاهێن و قوش و (باڵەبان)یش كە لە پۆلی (شاهۆ-مالك الحزین)[٦٠]. تا ئەم نزیكانەیش بە باڵندە ڕاوكردن لە كوردەواریدا هەبوو. شێخ مەحموودی نەمر پێش دیل كرانی باڵندەی بازی هەبوو و ڕاوی پێ دەكرد. خوالێخۆش بوو (عەبە نەوتە) بازەوانی بوو و (كەریمی ئاردەبارە)یش بازەوانیی بۆ شێخ كردووە و حەمە فەرەجی برای عەبە نەوتەیش لە سلێمانی بازەوانیی بۆ كردووە[٦١]. ڕەحمەتی حامید بەگی

[٦٠] ناوی (بلبان) لە لاپەڕە (١٠١)ی دەقی توركیی سیاحەتنامەدا هاتووە. مامۆستا سەعید ناكام لەگەڵ ناوەكانی دیكەی باڵندەدا وەكوو خۆیان نووسیونیەوە و كوردیی بۆ نەدۆزیونەوە. (بالابان) لە (المعجم التركی العربی)دا بە عەرەبی (واق)ە كە لە پۆلی (مالك الحزین)ە. بەڕێز حامی بەگی جاف دەڵێت: (باڵەبان) بە كوردی ناوی ئەو هەڵۆ (صقر)ەیە كە بە گەورەیی بگیردرێت و ماڵی بكرێت. ئەم باڵندەیە بە گەورەیی بە داو دەگیرا. ئەگەر هەڵۆیش بە چكۆلەیی لە هێلانەدا بگیرێت و بەخێو بكرێت و گەورە ببێ، ئەوا هەر هەڵۆ (صقر)ی پێ دەگوترێ.

[٦١] شێخ ساڵحی كوڕی شێخ محەمەدی موفتیی كوڕی شێخ عەلیی كوڕی شێخ بابەڕەسووڵی بەرزنجەیی و ئەحمەد پاشای عەبدولڕەحمان ئاغا و حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا لە سلێمانی (باز)یان هەبوە و، عەبە نەوتە و حەمەفەرەجی برای بازەوانیيان بۆ كردوون. ئەوسا خەرجیی بازەوان و خێزانەكەی لەسەر خاوەن باز بوو، چونكە نەیدەتوانی لەو ئیشە بەدەر كارێكی دیكە بكات. دەبوو بازەكە ماڵی بكات و فێری ڕاوی بكات و دەست لە دەستكێش بنێت و بە بان دەستەوە بە بازاڕدا بیگێڕێ و هەتا بۆ چاخانەیشی ببات و لەسەر ئاسنێك دایبنێت كە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، چونكە

مەجید بەگی جاف کە تەمەنی (٩٥) ساڵێك یا پتر بوو و گوتی: تا پەنجاکانیش باڵنـدەی ڕاوم هـەبوو. ڕاو لای ئێمـە بـەم باڵندانـە دەکـرا: هـەڵۆ، بـاز، شـاهێن، تروونتە، واشە (باشیق). ڕاوە ئاسك و کەروێشك و قاز و پۆڕ و چێرگ (حبارا) و باڵنـدەی دیکـەمان بـە بـاز و شـاهێن و هـەڵۆ دەکـرد. منـداڵان ڕاوە چۆلەکەیان بـە واشە و تروونتـە (ترووەمتـە) —لـە کۆتر گـەورەتر و لـە واشـە بچووکتر و ئازاترە— دەکـرد. ئەوسـا بـاز و هـەڵۆ لـە کوردسـتان دەگـیران و دەفرۆشـران و بـۆ میرانـی عـەرەبی ناوچـەی کەنـداو (خلـیج) دەکـڕدران. تـا ١٩٨٥و ١٩٨٤یـش لـە ناوچـەی قەرەداغ قوش —کە باڵندەی ڕاوە— بە پێنجسەد دینـار فرۆشـراوە. ئـەوەی شـایانی باسـە هونەرمەنـد (ڕاوەکـەو)ی نەهێناوەتـەوە کـە لـە هـەموو جـۆرە ڕاوێکـی باڵنـدە زۆرتـرە لـە کوردسـتان. بـەڵکو سـەبارەت بە ڕاو چینـی حوکمـدار و چینـی دیکـەی دەوڵەمەنـد و بـەرزی لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە گرتـووە کـە ڕاویـان بـە باڵنـدەی گرانبەها بووە وەك باز و هەڵۆ.

---

تەڕی و شێ کار لە باز دەکەن و لەبەر ناسکیی زوو دەمرێ. بـازی گـەورە ڕۆژی مریشك و نیوێك دەخوات و خواردنی هەر گۆشتی مریشك بووە.

شـێخ مـەحموودی نـەمر لـە گونـدی (داریکـەلی)ش بـاز و هـەڵۆ و باڵندەیـەکی دیکـەی ڕاو دەکرد و بە دیاری بۆ شێخە عەرەبەکانی کەنداو (خلیج)ی دەناردن. بـەڵام خـۆی ڕاوی پـێ نەدەکردن، بەڵکە ئەوسا بە تـاژی ڕاوی دەکـرد. کـەریمی ئاردەبـارەی بـازەوان دەوروبـەری سـاڵی ١٩٢٠ مردووە. عەبە نەوتەش دەوری ١٩٤٨ و حەمەفەرەجی برایشی دەوری سـاڵی ١٩٥٢ کۆچی دوایی کردووە. ئەم زانیاریەم لە بەڕێز شێخ ڕەئووفی سەید نـووریی نـەقیب و خوالێخـۆش بـوو عـەلی دەدە (عـەلیی سـاڵحە سـوورە) وەرگرتـووە. کـاك عـەلی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٣٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کـرد. ڕەحمـەتی بیرەوەریـەکی زۆری هـەبوو. مـن و کـاك ئـەکرەمی سـاڵحی ڕەشـە سـوودی زۆرمـان لێ وەرگـرت. جگـە لـەوە کەلـەپووری کوردیی خۆش دەویست. هەزار ڕەحمەت لە گـۆڕی بـێ و شـێخ ڕەئوفیش کـە زۆر سـوودم لێ وەرگرتووە لە ١٩٩٤/٨/٤دا کۆچی دوایی کرد، جێگەی بەهەشت بێ.

# تابلۆی شازدەیەم
# شا تەهماسب لە شاری خەلات

ئەم تابلۆیە (پەڕەی ژمارە ١٤٥) باسی گەیشتنی شا تەهماسبی کوڕی شا ئیسماعیلی سەفەوی بە شاری خەلات (خلاط) دەکات. شەرەفخان نووسیویە: دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ٩٣٨ی کۆچی (١٥٣١-١٥٣٢ی زاین) هێزێکی بە سەرکردەیی فیل یەعقووب و ئولەمەھ (اولمە) ناردە سەر شەرەفخانی باپیری کە میری بدلیس بوو بۆ داگیرکردنی میرنشینی بدلیس و (میرنشینی ڕوشکی-ڕۆژکی). (شەرەفخان)یش قەڵای بدلیس و قەڵاکانی دیکەی بە هێز و کەرەستەی شەڕ قایم کردن و شەمسەدینی کوڕی و خێزانەکەیی ناردە قەڵای ئاختەمار (کە ئێستا بە -دێرا ئاختەماریٚ- بەناوبانگە و دەکەوێتە نێو دوورگەیەکی زەریاچەی وان و لە نزیک شاری -وەستان-ە. ئەمەی دواییشیان دەوری ٢٦٥٠ ساڵێك لەمەوبەر قەڵایەکی دەورانی دەوڵەتی ئۆرارتۆ بووە). شەرەفخان خۆی چووە لای شا تەهماسب لە شاری تەورێز (تبریز) و داوای یارمەتیی لیٚ کرد. شا خۆی بەرەو بدلیس هات. کاتێك فیل یەعقووب و ئولەمەھ بەوەیان زانی هەڵاتن و هەندێك لە تۆپەکانیشیان بەجیٚ هێشت. شەرەفخان داوەتێکی زۆر گەورەی بۆ شا کرد لە شاری خەلات کە دەکەوێتە سەر کەناری باکووری زەریاچەی وان و ئێستا قەزایەکی ویلایەتی بدلیسە. جگە لەوە، پێنج یەکی ماڵ و مەڕانەی میرنشینی بدلیسی پێشکەش بە شا کرد، لەگەڵ زۆر دیاریی نایابی دیکەدا. شەرەفخانی مێژوونووس بە دێژی باسی ئەم داوەت و دیاریانەی کردوون و شا ڕۆژی (٢٠ی صفری ساڵی ٩٣٩)ی کۆچی (٢١ی ئەیلوولی ١٥٣٢ی زاین) لە شاری خەلات



بووە، چونکە ئەو ڕۆژە فەرمانێکی نووسیوە و شەرەفخانی کردووە بە میری میرانی کوردستان و بەپێی فەرمانەکەیش میرنشینی بدلیس خراوەتە سەر دەوڵەتی سەفەوی (بڕوانە: شەرەفنامەی دەستنووس، پەڕەی ١٤٣-١٤٨).

شا تەهماسب لە تابلۆکەدا لەسەر تەختێکی نەخشداری جوانی ژێر چادرێکی پەمەیی و دەورەکەی شین و بە نەخشی گیایی و ئەندازەیی ڕازێندراوە دانیشتووە بە چوار مەشقی، بەڵام لاقی خستووەتە سەر لاق. چادرێکی دی وا لە پشت چادرەکەیەوە، نەخشی گیایی لەسەر نییە. شەرەفخان نووسیویە باپیری چادری گەورەی سەد زنجیری و چادری سوور و شین و چادری گوریسی لە ئاوریشم بۆ شا و لەشکرەکەی هەڵداوە و تەختی زێڕین و زیوینی جەوهەرداری بۆ ئامادەکردوون. شا لە وێنەکەدا گەنجە و ڕدێن و سمێڵی نییە و بە دەموچاو گۆشتنە و چەناگەی کورتە و لووتیشی مەیلە و کورتە و ئەگەر خۆی کورتە بالا نەبێ ئەوا دەستە پیاوە (مام ناوەندییە). زۆر ڕێی تێدەچێ ئەم وێنەیە وەك ڕاستی وەهابێ، بەتایبەت کە شەرەفخان زۆر جار —وەك پێشتر باسمان کرد— تەهماسبی دیوە. شا چوارمەشقی لەسەر تەختێکی بڵند و نەخشدار و زۆر جوانی ڕەنگ شین و سەوز و ڕەش دانیشتووە و خەفتانێکی گوڵگوڵی و سیمداری لەسەر کراس (دشداشة)ێکی درێژ پۆشیوە. خەفتان پێشەکەی کراوە و قۆڵی دەڵب و کورتە و تا نزیکی ئانیشك دێت. ئەم جلە لە کۆندا دڵگرتە بووە و خەلیفەکانی عەباسی خەفتانیان لەبەرکردووە. ئەدیبانی وڵاتی شامیش زۆر بەکاریان دەهێنا. خەفتان بەزۆری لە ئاوریشم یا (تەیلەسان) دروست دەکرا[٦٢]. کەوای ژن بە کرمانجیی ژووروو (خەفتان)ی پێ دەگوترێت.

---

[٦٢] الدكتور صلاح حسين العبيدی، الملابس العربيه الاسلاميه فی العصر العباسی، ل٢٥٣و، زينهارت دوزی، تكمله المعاجم العربيه، بەرگی چوارەم، ل١٤٧-١٤٩.

سەروکڵاوی شا زل و لە قوماشێکی زەردی خەتدارە و لەسەرەوە باریک بووەتەوە و دارێك لە نێوەڕاستیدا بەرزبووەتەوە و گوڵنکەیەکی ڕەشی درێژ لە سەروکڵاوەکەوە قنج بووەتەوە کە لە قوماش یا دەزووە. هەروەها پەڕ یا قوماشی سپی بەر سەروکڵاوی نراوە و بەشی سەرووی کراوەتە سێ لق لە یەك چەپك (باقە)دا. ئەو دارە کە لە نێوەڕاستی سەروکڵاوەکە چەقێندراوە قوماشەکەی تێگیراوە. پێشتر باسی سەروکڵاوی سەفەویەکانمان کرد کە دارێکی سووری تێدا دەچەقێنن. لەم تابلۆیەیشدا دوویان نەبێ، ئەوانی دیکە سوورن. ئەم چەشنە سەروکڵاوە لە وێنەکانی زەمانی شا تەهماسبدا دیارە و عوسمانیەکان ناوی (قزل باش– واتە سەرسوور) یان لە سەفەویەکان ناوە پاش ئەوە کە شێخ حەیدەری باوکی شا ئیسماعیل کڵاوی سووری کردووە بە ڕێوڕەسمێکی دەست و پێوەندەکانی. ئەم ناوە تا ئێستایش ماوە.

دوو کەس کە ڕەنگە کەنیزە بن لە تابلۆکەدا خواردن بۆ شا دەبەن. دوو کەسیش لەلای ڕستی ڕاوەستاون، یەکەمیان پارەیەکی لە دەستدایە کە پێدەچێ ئامازە بێ بۆ دیاری و سەخاوەتی شاو، دووەمیان ڕم و قلیچی پێیە و ژنێکی ڕوومەت بە خاڵە. سێ کەسی دیکە لە پشت چادری دووەم ڕاوەستاون و هەریەکەیان دوو پەڕی باڵندە بە سەروکڵاویانەوەیە. دیارە ئەمانەی دوایی پاسەوانن. پێنج سووراحی و گوڵاودان کە جاران بۆ ئاو و شەراب و گوڵاو بەکاردەهێنران لە خوار تەختی شا دانراون. دوو خزمەتکاریش لە دەستە چەپدان، خواردن و میوە بۆ شا دەبەن. تیپی مۆسیقاو گۆرانی لە دامێنی تابلۆکەدا لەبەردەم شادا دانیشتوون. یەکیان لە ئامێرێکی مۆسیقا دەدات کە بە عودی دەزانم، چونکە هاوشێوەی وێنەیەکی عودی سەدەی شازدەهەمە کە وێنەیەکی ئێرانییە و لە مۆزەخانەی بەریتانیادایە صبحی انور رشید لە (ل٣٥٥)ی کتێبەکەی (الالات الموسیقیة في العصور الاسلامیة)دا وێنەی هێناوەتەوە لە ژێر نمرەی (صورة رقم٣٩)دا. لەم وێنەیەدا و لە وێنەی عوودی

ئەم تابلۆیەی ئاگیل دا شوێنی کلیلەکان (بنجق) چەماوەیە، بەڵام بۆ سەرەوە هەڵگەڕاوەتەوە نەك سەربەرەو خوارەوە بەگشتی وەك دەمەداسی دروێنەیە و سندوقەکەشیان (هەرمێیی) تەنیا هی ئاگیل بنی سنووقەکەی وەك بنە شەربەییێکە و، شێوەی گرتنی هەردوو عوودەکان لە لای مۆسیقاژەنەکانەوە مەیلە و بۆ سەرەوەیە کە شێوەی گرتنی ئێرانیەکانە، چونکە مۆسیقاژەنە عەرەبەکان ڕاستەوڕاست یانی ئاسۆیی (أفقی) عوودیان دەگرن.

هەندێك لێکۆڵەرەوەی ئەوروپایی وەك شتاودری ئەڵمانی لایان وابووە کە عوود یەکەمجار لە کوردستان پەیدا بووە لە لای (حوری–خووری)یەکان کە لە زەریاچەی (وان)ەوە تا باکووری عیراق یانی کوردستانی باشوور و باکووری سووریا حوکمیان کردووە لە سەدەی پازدەهەمی پێش زایینەدا. (شکل٥) لە (ل٦٠)ی سەرچاوەی پێشووی دکتۆر صبحیدا وێنەی مۆسیقاژەنێکە لە عوودی دەدات کە لەسەر قوڕی سوورەوەکراو لە شاری (نووزی–نووزا–کاسور)ی پایتەختی دەوڵەتی حووری لە کوردستانی باشوور دۆزراوەتەوە ئاسەواری نووزی (یورغان تەپە) لە تەنیشتی خۆرئاوای کەرکووکە. میسریەکان کە عوودیان وەرگرتووە لە کاتێکدا بووە کە وڵاتی سووریا و تورکیا و کوردستانی باشوور لە ژێر حوکمی ئاریەکاندا بوون، یانی حووری و میتانی (میتانیش حووری بوون) و (حثی)یەکان یانی میسرییەکان عوودیان لەم ئاریانە وەرگرتووە. دکتۆر صبحی کە ڕەدی شتاودری داوەتەوە ووتویەتی عوود لەو کاتە کۆنترە و دەستکردی ئەکەدیەکانە بە بەڵگەی دۆزینەوەیان لەسەر ئاسەوارەکانی (ئەکەدی). ئەوەی شایانی باسە مۆسیقاژەنی (نووزی)ش عوودەکەی ڕاستە و ڕاست گرتووە و (بنجق)یش کەمێك بەرەو پاش گەڕاوەتەوە، بەڵام وەك ئەمەی ئاگیل گەورە نییە و هەڵنەگەڕاوەتەوە بۆ سەرەوە.

لە وێنەیەکی ئیبن ڕەزازی جزیریدا کە لە دانەیەکی دەستنووسی کتێبەکەیدایە لە مۆزەخانەی بۆستن لە ئەمەریکا، وێنەی عوود هەیە و (بنجق)

یەکسەر هەڵگەڕاوەتەوە بۆ سەرەوە نەك بۆ پشتەوە: دکتۆر صبحی ئەم وێنەیەی هێناوەتەوە لە ل٣٨٥ ژێر نمرەی (٨٨)دا. هەروەها وێنەی (کوبة) و (دف زنجان)و شمشاڵیش لەو وێنەی (سەعات)ی ئیبن رەزازدا هاتووە و ئەو دانەیەش لە سەدەی چواردەهەمی زاینیدا نووسراوە.

هەروەها ئەم عودەی تابلۆی ئاگیل لە (بنجق)ەکەیدا هاوشێوەی عودێکە کە لە کتێبی (کتاب الادوار)دا هاتووە و دانە دەستنووسی نامەخانەی بودلیان لە ئۆکسفۆرد کە لە ساڵی (١٣٣٤ز)دا نووسراوە و کتێبی مۆسیقاژەنی کورد یان بڵێین مۆسیقاژەنی خەڵکی شاری ورمێ (ئورمیە) کوردستان (صفي الدين الامويه) کە لە ساڵی ١٢٩٤ز دا کۆچی دوایی کردووە و وەك دکتۆر صبحی دەڵێ پاش (فارابی) یەکەم زانای مۆسیقایە لەکاتی ئیسلامدا و ئەو وێنەیەش لە (ل٣٥٣و بە نمرەی٣٥)ی لە کتێبی د.صبحیدا هەیە.

یەکێکی دیکە لە تیپی مۆسیقای شا تەهماسب دەف لێدەدات و دوو یا سێ کەسیشیان گۆرانی دەڵێن. پشتێنی کەمەری گۆرانیبێژە قەڵەوەکەیان باش دیارە و خەنجەرێکی بەبەردا کردووە و بەرگێکی نیوقۆڵی دوگمەداری پۆشیوە. جلی وا لە وێنەکانی دیکەی شەرەفنامەدا نابینرێن کە دەبێ هی فارسەکان یان بڵێین ئێرانیەکان بێ. یەکێکی دیکە لە ڕیزی تیپی مۆسیقاو گۆرانیدا دانیشتووە، دوور نییە کەنیزەك بێ و ڕەنگە ئامێرێکی مۆسیقایشی پێ بێ. ئەمیان شتێکی خڕی لەبەر پشتێندایە کە لەوانەیە جانتای ژنان بێ و پارەی تێدابێ بۆ خەڵاتکردنی تیپی مۆسیقا و گۆرانی.

شایانی باسە ئەم تابلۆیە بەرامبەر بە تابلۆی کۆڕی شەرەفخان دانراوە، بەڵام وێنەکێش هەردوو تاقمی کورد و فارسی –ئەگەر لە هەمووکاتێکیشدا نەبێ–ئەوا لە شێوەی جلوبەرگ و سەروکڵاودا لێك جوێ کردوونەوە. ئەم تابلۆیەیش وەك هی پێشوو چڵکن بووە.

# تابلۆی حەڤدەیەم
# بەشی یەکەم
# سوڵتان عوسمان لەسەر تەختی حوکم

لەم تابلۆیەوە تا تابلۆی بیستەم لە بەشی دووەمی شەرەفنامەدا هاتوون و لەسەر سوڵتانە عوسمانیەکان و پاشا ئێرانی و تۆرانیەکانی هاوزمانیانن. ئەم تابلۆیە لەگەڵ باسی سەرەتای مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە. بەم پێیە دەبێ بریتی بێ لە کۆڕێکی سوڵتان عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول (ارطغرول)ی دامەزرێنی دەوڵەتی عوسمانی کە زۆربەی مێژوونووسان بۆ ساڵی ٦٩٩ی کۆچی (١٢٩٩-١٣٠٠ زاین) دەگێڕنەوە، یا ساڵی ٦٨٩ی کۆچی (١٢٩٠ی زاین)ی یان ساڵێك پێشتر بووە —وەك شەرەفخان گوتوویە[٦٣] . ئەم تابلۆیە دوو لایەنە (ثنائي)یە و هەر بەشێکی لەسەر لاپەڕەیەك و بە چوارچێوەیەکی تایبەت کراوە، بەڵام بەوە دەزانرێت کە دووەمیان تەواوکەری بەشی یەکەمیانە. تابلۆکە بەپێی بۆنە پڕ و خەست دیارە.

لەبەشی یەکەمی تابلۆکەدا خانوویەکی بەخشت کراو دەبینرێت کە دەوری چواریەکێکی پێشەکی بە کاشی یا مۆزایکی شەشگۆشە سداسي)

---

[٦٣] بڕوانە: شەرەفنامە (دەستنووس)، پەڕەی ١٥٧و ١٥٩و، الدكتور احمد السعيد، تاريخ الدول الاسلامية و معجم الاسر الحاكمة، بەرگی دووەم، ل٤٤١-٤٤٢.
شەرەفخان گوتوویە: سوڵتان عوسمان ساڵی ٦٨٨ی کۆچی سەربەخۆیی تەواوی وەرگرت. بەڵام هەمان کات گوتوویە: ساڵی ٦٨٩ی کۆچی سەرتای هاتنە سەر تەختی سەڵتەنەتیی سوڵتان عوسمان بوو.



ڕووپۆش کراوه و شوێنی دانیشتنی سوڵتانه. شێوەیەکی سێگۆشەییش – یانی قوتکه (شرفة)– لەسەر خانووەکەوه بەرز بووەتەوه. عوسمانیەکان ئەم تەرزی ڕووکاری خانوو (واجهة البناية)ەیان له بێزەنتیەکانەوه وەرگرتووه که پێڕەوێکی بیناسازیی گریك و ڕۆمانیەکانه و پێش هاتنی ئیسلام له سووریا بڵاوبووەوه و له پەرستگایەکی (حضر)یشدا پێڕەوی کراوه. سوڵتان عوسمان به ڕدێن و سمێڵێکی ڕەشەوه له بەردەم ئەم خانووەدا چوارمەشقی لەسەر تەختێکی نەخشدار دانیشتووه. وێنەکێش شێوەی تەخت و دانیشتنەکەی له شێوەی تەخت و دانیشتنی (سوڵتان مەحموود غازان)ی نێو تابلۆی یەکەمی دەستنووسی (منافع الحيوان) وەرگرتووه که هی نامەخانەی شەرەفخان بووه و ئێستا له نامەخانەی (مۆرگان)ه له نیویۆرك وەك له سەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کرد.

سوڵتان سەروکڵاوێکی سپیی زلی لەسەرناوه که توند و جوان و به پارچەیەکی له ڕەنگێکی دیکه بەستراوه. یانی قوماشێکی سپیی له دەوری کڵاوێکی سوور پێچاوه. هەروەها کورکێکی سووری کراوه و بێ قۆڵی لەسەر کراسێکی گوڵداری درێژ لەبەرکردووه که به لۆچه ئەستوورەکانیدا دەناسرێتەوه کەوا کورکه. دەستی چەپیی بۆ لای سنگی بردووه و، ئەوی دیکه لەسەر ڕانیەتی و قسه لەگەڵ میوانێکیدا دەکات. سێ خزمەتکار له لای دەسته چەپیەوه ڕاوەستاون که کەنیزەن و پەڕی بچووکی باڵنده به ڕەنگی سوور وا لەبەر سەروکڵاویاندا. ژنانی دەربار له بنەڕەتدا ئەم پەڕە بچووکانه بەکاردێنن. بەڵام خوڵامەکانی دەربار هەندێك جار لاسایی ئەوان دەکەنەوه، وەك لەم تابلۆیەیشدا هەن و لەوانه بازەوانێکه. هەمان پێڕەو له تابلۆی نۆزدەیەمی سەبارەت به سوڵتان (محمد الفاتح)یش هەیه. ڕەنگه ئەمه داب و نەریتی خزمەتکارانی ئەو کاتەی دەرباری سوڵتانه عوسمانیەکان بووبێ. سەروکڵاوی ئەم کەنیزانه سپیە و

کەوای بێقۆڵیان لەبەردایە و ڕەنگە یەکێکیان سینیی بە دەستەوە بێ، بەڵام تابلۆکە لەو شوێنەدا تێك چووە.

پیاوێك لەولا ترەوە ڕاوەستاوە و بە سەروکڵاوەکەیدا دیارە وەزیریەتی، چونکە سەروکڵاوی وەزیرە عوسمانیەکان زل و شێوە چادری بووە، یان وردتر بڵێین لە شێوەی (کارگ–قارچك)ەوە نزیك بووە. مافوورێك لەبەردەم سوڵتاندا ڕاخراوە و دوو (قەرەقۆز)ی ژن و پیاو، یانی ژن و پیاوێکی بستەباڵا (قزم) لەسەر ئەو مافوورە ڕاوەستاون و دوو گوڵودانیش لەوێ هەن. چەند پیاوێکی عوسمانی لەو نێوەدان، هەندێکیان مەدەنین و ئەو دوانەیش کە فێس و سدارەیان وا بەسەرەوە سەربازن و یەکێکیان ڕێبەرێکی عەسکەریە، چونکە ئەو سدارە –یا کڵاوە–ی کە لە فەروەیە و لەسەری ناوە تا پاش یەکەم شەڕی جیهانیش فەرماندەرە تورکەکان لەسەریان دەکرد. دوو کەسی عوسمانی ڕم بە دەستن و سەری ڕمەکانیان لەسەر ئەرزە و دیار نییە. دوو پیاوی دیان (مەسیحی)ی خەڵکی ئەنادۆڵ –یان بڵێین بێزەنتی– لە تابلۆکەدا دیارن، شەپقەی ئەوروپاییان لەسەرە و هەر لایەکی شەپقەکەیان دوو لقی درێژی وەك دوو شاخی هەن. خزمەتکارێکیش لە پشت پاسەوانی دەستەڕاستەوە ڕاوەستاوە، دوور نییە کەنیزەك بێ.

جێی وتنە، کڵاوی لقدار چەند هەزار ساڵێك لەمەوبەر لە ناوچەی کەرکووك هەبوە. پیاوانی هۆزی جافیش لەو جۆرە کڵاوەیان هەیە.

ئەم بەشی یەکەمەی تابلۆی حەڤدەیەم لەسەر لاپەڕەیەکی تایبەت کێشراوە بەرامبەر بە بەشی دووەمی و هەردووکیان یەك بابەتن و بەیەك تابلۆ دادەنرێن و سوڵتانیش ڕووی لە کەسانی نێو بەشی دووەمی کردووەو لەگەڵیاندا قسە دەکات و بە دەست ئیشارەتی خۆی کردووەو کەمێك خۆی بەلای ئەواندا چەماندووەتەوە و ئەوانیش بە شێوەیەکی گشتی ڕوویان لە سوڵتانە.

# تابلۆی حەڤدەیەم
# بەشی دووەم

ئەم بەشەی تابلۆکە لە پەڕەی ژمارە(١٥٨)دایە بەرانبەر بە بەشی یەکەم. هێندێك خەڵك دیارن بە جلوبەرگێکی بەرچاوەوە لەبەردەم هەیوانی خانوویەکدا ڕاوەستاون. ئەمانە تێکەڵێکن لە فارس و تورکمان و سەلجووقی و ئەورووپایی (یانی بێزەنتی) و عەرەب: دووکەس لە سەراوردی دەستە چەپی تابلۆکەدان، بەستنی سەروکڵاویان لە هی تورکە عوسمانیەکانی تابلۆی ژمارە(١٧و٢٠) ناچێ و دارێکی سووریان لەسەر کڵاوەکەیان چەقاندووە کە- وەك لە تابلۆی ژمارە (١٦)دا باسمان کرد- نیشانەیەکی تایبەتی ئێرانیەکان بووە لە زەمانی دەوڵەتی سەفەوی و سەردەمی دەسەڵاتی(شا تەهماسب)دا، ئەگەرچی ئەم نەریتە لە دەورانی حوکمی(سوڵتان عوسمان)دا لەلای ئێرانیەکان نەبوو. دەستی هەریەکە لەو دوو ئێرانییە شتێکی تێدایە وەك کیسەیەك پارە بێ و ئەمە مانای دیارییە بۆ سوڵتان. یەکێکی دیکە وا لەپێش ئەو دوو کەسەی پێشووەوە، جل وبەرگی لە هی عوسمانیەکانەو کراسە درێژەکەی تا سەر ئاستی ناوکی- وەك هی وێنەکانی تابلۆی ژمارە(١٧) قۆپچەیەکی زۆری پێوەن.

دووکەس لەخوار ئەمانەوە هەن، یەکیان عوسمانییەو وێنەکەی کەمێك تێکچووە و یەکێکی دیکەی لە تەنیشتەوەیە کە باڵندەی ڕاوی لە سەر دەستەو بە کڵاوەکەیدا دەناسرێتەوە کەوا سەلجووقیە و لە هەمان جۆرە کڵاوی میر ئەرتووقی سەلجووقی و هەمان کڵاوی ئێلخانیەکانیشە. دوو



کەسی دیکە وان لە نێزیك ئەم دووانەوە، شێوەی سەروکلاّویان باش دەرنەکەوتووە و یەکیان سینییەك لەسەر دەستیەتی و ڕووی لە بەشی یەکەمی تابلۆیە. لە تەنیشتی ئەو پیاوێك کە جلی جوانەو لە میرە عەرەبەکانە بەپێی وێنە دەستکردەکانی نێو هێندێك دەستنووس و شمشێری عەرەبی لە نێوان هەردوکیاندایە. دەستی ئەم پیاوە کە بە عەرەبی دەزانم، لەسەر پشتی پڵنگێکی ماڵیە لە پێڕی(فهد) کە دیاریی ئەوە بۆ سوڵتان عوسمان. وەك چۆن مەبەست لە سینیەکەی پیاوەکەی دیکە هەمان شتە. دوو ئەسپی گورج و گۆڵ لەپشت ئەم دوانەن.

دووکەس لە بەشی دەستەڕاستی تابلۆکەدا ڕاوەستاون کلاّویان خەتدارە و هێلکەیی هەڵکەوتوون و قەراخەکەیان بە ئەندازەی سێ چوار پەنجەیەك بۆ سەرەوە هەڵگەڕاوەتەوە. ئەم جۆرە کلاّوە لە چۆغەیەو، لەوانەیە هی تورکمانە کۆنەکان بێ، چونکە لە هی تورکمانانی یەکێتیی سۆڤێتی جاران دەچێ.

نەك ئەوە بگرە دەموچاویشیان لە تورکمان دەچێ. پێدەچێ لادێیی عوسمانی بن. شتێك لەنێو دەستی یەکێکیاندایە. مەبەست لەم شتەی نێو دەستی ئەم زەلامە دیارییە بۆسوڵتان عوسمان دووکەس وان لە نیوان دووکەسی پێشوو و ئەسپەکانیاندا و سەروکلاّوی یەکیان–واتە مێزەری– وەك هی عوسمانیەکانە. ئەوەی دیکە کە لە نێوان هەر دوو باڵندەی ڕاوەکەدایە شتێکە وا لەسەربەری دەستیەو لە وێنەکەیشدا باش دەرناکەوێ. یەکەمیان بەو نیشانانە کە پێشتر ئامارژەمان بۆ کردن لە خزمەتکاری سوڵتان دەچێ. باڵندەیەکی ڕاوی لەسەر دەستە.

بەولای ئەو دوانەوە دووکەسی دیکە هەن شەپقەی ئەوروپایی‌یان لەسەرناوە و هەر لایەکی دوولقە دیارە ئەمانە بێزەنتین، دەبێ وەفدی دەوڵەتی بێزەنتی بێ. لە پێشدا ئامارژەمان بۆ کرد کە پیاوی سوڵتان عوسمانیش لەلای ئەم وەفدانەن بۆ پێشوازی لێ کردنیان.

مەبەستی وێنەکێش یان بڵێین شەرەفخان لەم تابلۆیە چوونی سوڵتان عوسمانـە بـۆ سـەر تـەختی حوکمـداریتی و هـاتنی وەفـدی ئـەم ولاٚت و دەوڵەتانەیە بۆ پیرۆزبایی لێ کردنی. ئەو وەفدەی کە سەروکلاٚویان هاوبەشە لە نێوان سەلجووقی و ئیلخانیدا بەلای منەوە وەفدی سەلجووقیە، چونکە دوو ئێرانیەکە وەفدی ئیلخانین و ئەو کاتە دەوڵەتی ئێلخانی (مەغۆلی) لە ئێران حوکمی دەکردو، لەبەر ئەم پێوەندیەی بە ئێرانەوە بەجلوبەرگی سەفەویی ئێرانییەوە وێنەیانی کێشاوە تا بزانرێ خەڵکی ئێرانن و لە ئێرانەوە هاتوون.

**جلوبەرگی عوسمانیەکان لەم تابلۆیەدا:**

بەپێی وێنەکانی شەرەفنامەو ڕاستی و واقیعی مێژوویی لە تابلۆکاندا، جگە لە فێس و کلاٚوی ڕێبەرەکان، مێزەری عوسمانیەکان سپی و زلە و زۆربەیان بە شێوەیەکی درێژ و خڕ و لووس بۆ سەرەوە هەڵگەڕاونەوەو نیوچە لوولەکێك پێکدەهێنن. بەلاٚم هی وەزیر لە گشتیان گەورەترە و بەشی خوارەوەی لە شێوەی چادر یا بڵێین(کارگ– کۆمفەقیرك) دایەو لە هی سوڵتان ئەستوورەترەو کورتترە و لە لوولەك ناچێ و، کلاٚوەکەیشیان باریك و تیژو کەمێك لە مێزەرەکەوە دەردەکەوێ.

مێژوونووسی تورك ئەحمەد ڕاسم لە کتێبی(عثمانلی تاریخی)دا(بەرگی یەکەم، پەڕاوێزی ل٥٥٦– ٦٥٥) باسی جل وبەرگی عوسمانیی کردووە و گوتوویە: لە زەمانی(سوڵتان عوسمانی کوڕی ئەرتوغرول)دا کڵاوەکانیان لە هی دەروێشە(سکە)بوو. جاروبار بە سەروکلاٚوی پیاوانی سوڵتان دەگوترا(دستار یوسفی). ئەم کلاٚوە سەرتیژە ئێستا لە سەری هێندێك دەروێشی کوردی سلێمانیدا هەیە. (فەرەیدوون ئولوو عارف ئەفەندی)ی ئەوەی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی قاتێك جلی دەرویشە مەولەویەکانی

پێشکێش به سلێمان پاشای ڕزگارکەری(روم ایلی) کرد[٦٤] که بریتی بوو له سکەو فراجه و تەنوورەو کەمەرە. سوڵتانە عوسمانیەکان تا زەمانی سوڵتان(محمد الفاتح) ئەم جلەی مەولەویەکانیان دەپۆشی. پاشان مێزەر به سورمه نەخش دەکراو پێیاندەگوت (تەکیه– طاقیه)و ناوی تەنوورەیش کرا به(خەفتان) و فراجەیش به (بنش)و (قونتووش)و کەمەرەیش به (قانون قوشاغی)– واته پشتێنی(قانوون). مێزەری کەڵەوەزیر(الصدر الاعظم) له شێوەی چادردا بوو و بۆ پێشەوه لاربووبووەوە. مێزەری(شێخ الاسلام) بچووك بوو. دەبێ ئەوەیش بزانین که فراجه(فرجیه) وەك کەوایه و تەنیا له پشتەوه کراوەیه و له پێشەوه داخراوه و له زەمانی دەوڵەتی عوسمانیدا بەرگی زاناکان بوو و خەلیفەکانیش خەڵاتیان دەکرد به میران و پیاوان دەبەخشین[٦٥] ئێستا فراجه له نێو پیاوانی ئاینیی دیاندا هەیه. کەمەرەیش جۆره پیشتێنێکه سێچوار پەنجه پانەو بەزۆری له دەزووی ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ و سیمداریش دروست دەکرێت.

---

[٦٤] (روم ایلی) به ناوچەی ئەدرنه و، بەڵکو بۆ بەشی ئەوروپا له تورکیا گوتراوه. وابزانم مانای بولگاریا و ڕۆمانیایشی پێکەوه هەیه.

[٦٥] بڕوانه: الدکتور صلاح حسین العبیدی، هەمان سەرچاوه، ل٢٧٨.

# تابلۆی هەژدەیەم
# شەڕی ئەدرنە

ئەم تابلۆیە(پەڕەی ژمارە١٧٣) لە باسی سوڵتان مورادی کوڕی ئۆرخانی کوڕی عوسمان و شەڕەکانیدا هاتووە. واتە سوڵتان مورادی یەکەم کە ساڵی(١٣٥٩-١٣٨٩ی زاین)ی حوکمداریی کردووە و یەکەم ساڵی حوکمی لە دەردەنیل(کلیبولی) ڕەت بوو و قەڵاکانی خورلی و بیسینەو بوغووزی داگیرکرد و پاشتر شاری(ئەدرنە)یشی گرت. جا لەبەرئەوە کە شەڕی ئەدرنە و داگیرکرانی ئەم شارە لە هەرچوار شەڕەکەی زەمانی حوکمی ئەو گەورەتربووە، بۆیە دەبێ ئەم تابلۆیەیش هەر بۆ ئەو شەڕە تەرخان کرابێ کە لە ڕووی هونەری و ڕەنگەکانییەوە وەك لە ڕووی شەڕو پێکدادانیشەوە زۆر بەرزە.

شەرفخان لە پەڕەی(١٧٢)دا گوتوویە: سوڵتان موراد ساڵی٧٦٣ی کۆچی(١٣٦١- ١٣٦٢ی زاین) لەشکرێکی بە سەرکردەییی(للە شاهین) بۆ داگیرکردنی(ئەدرنە)- کە ئێستا مەڵبەندی ویلایەتێکی بەشی ئەوروپای تورکیایە لە ئاسیای بچووك- نارد و شەڕێکی زۆر قورسی لەگەڵ(تکور)- یانی بێزەنتیەکان- دا کرد. بەڵام تکور شکا وخۆی لە قەڵای ئەدرنەدا قایم کرد. پاشتر سوڵتان خۆیشی ڕووی کردە شەڕەکەو ئابڵووقەی شاری ئەدرنەیدا. کە لافاوی ڕووباری(مرنح)- واتە(مەریچ)- هەستا، (تکور)- ڕێبەری بێزەنتیەکان بە بەلەم هەڵات و سوڵتانیش شارەکەی گرت. ئەم قسەیەی شەرەفخان دەقاودەق لەگەڵ تابلۆکەدا دەگونجێت، بەوەدا کە ئاوی ڕووبارەکە لە تابلۆکەدا هەستاوەو گەیشتووەتە بەردەمی قەڵا. بۆیە ئەمە



دەبێ بە بەڵگەی ئەوە کە ئەم تابلۆیە لەبارەی شەڕی ئەدرنەوەیە، نەك شەڕی قەڵای(بوغوون) یا قەڵای(خورلی) یان هەر عوسمانی و بێزەنتیی بەگشتی بە ڕەنگەکانی لێك جوداکردووە. عوسمانیەکان- بەپێی تابلۆکە- لەلای چەپەوە(یانی خۆرەڵاتەوە) هێرشیان کردووەتە سەر هێزێکی بێزەنتیەکان و، خەریکە شکان و بەزین دەکەوێتە نێو لەشکری بێزەنتی کە بە شەپقە ئەوروپاییەکانیان دەناسرێنەوە. عوسمانیەکان لەسەر بەرزاییەکی بەردەڵانی بەرانبەر قەڵای ئەدرنە چادریان هەڵداوەو هێندێك لە سەرکردەکانیان لەگەڵ پاسەوانی تایبەتی خۆیاندا لای چادرەکان ڕاوەستاون و دەڕواننە شەڕەکە، مێزەری عوسمانیەکان لە تابلۆکەدا سپییەو، ئەوانەی وا لەنێو جەرگەی شەڕەکەدان تاسکلاَو(خوذة) و فێسیان لەسەرەو بە تیرو ڕم شەڕدەکەن و بە سوار و پیادەوە یەك جۆرە چەکی ئاگردارنەبێ هیچ جۆرە چەکێکی ئاگرداری وەك تفەنگ و تۆپیان لەلا نییە. بێزەنتیەکان کلاَوی ئەوروپاییان لەسەردایەو شەڕواڵیان پانتۆڵێکی تەسکەو جزمەیان لەپێدایەو جۆرە چاکەت یا کراسێکی کورتی تەسکیان لەبەردایەو بەشمشێر و گورز و تیرو تۆپ و تفەنگ و بەردیش شەڕ دەکەن. لەپێشدا بێزەنتیەکان هێرشێکی بەربلاَو و توندیان کردووەتە سەر عوسمانیەکان و هێزی باڵی چەپ(میسرە) یان لە ناوەندی سەرکردایەتیی عوسمانییەوە نێزیکبووە. بەلاَم عوسمانیەکان هێرشێکی بەرانبەریان کردوونە سەرو هێزی نێوجەرگە(قلب)ی عوسمانی توانیویە هێزی نێوجەرگەی بێزەنتیەکان تووشی شکان بکات و هێزی باڵی ڕاست(میمنە)ی عوسمانیەکانیش خەریکە هێزی باڵی چەپی بێزەنتی بشکێنێ. شوێنی هێزی باڵی ڕاست و نێوجەرگەی عوسمانی بەرزو خۆشترەو هۆیەکی یاریدەدەربووە بۆ زاڵبوونیان لەم دوو قۆڵەدا، بەتایبەتی کە عوسمانیەکان ڕمی درێژیان بەکارهێناوەو ئەویش لە شمشێری بێزەنتی زیاتر بەکاربووە.

بە تابلۆکەدا دەزانرێت کە شەڕەکە زۆر سەخت بووە و هەتا وێنەکێش کەللەسەری بڕاویشی تیخستووە. پیاوێك لەسەر قەلاو لە نێوان دوو بورجدا لەپشت تفەنگچییەکەوە دیارەو بێ چەکە و یەخەیەکی وەك پەڕی ماسی لەملیدایە- کە نیشانەی گەورەییەتی- و دەڕوانێتە شەڕەکە. پێدەچێ ئەمە(تکور) یان فەرماندەرێك بێ. دوو کەس لەسەر بورجی دەستەڕاستیش هەن، لەوانەیە ژن بن و یەکیان دووشت لە سەروکلاوی قوت بوونەتەوە و ڕەنگە ئەمیان ژ نی (تکور) بێ.

## جۆری تفەنگ:

ئەوە لە تابلۆکەدا سەرنجڕاکێشە کە بێزەنتیەکان پڕچەکن بە چەکی ئاگردار و عوسمانیەکانیش بێ تفەنگن و تەنیا یەك چەکی ئاگرداریان پێدەبینرێت کە دوو خواریی تێدایەو دەمی وەك هی ئامێری بووقی عەسکەری گەورەیە. ڕەنگە ئەمە ئامێری فرێدانی نەوت و ئاگربێ. یەکێکی بێزەنتی لەسەر قەلایەو تفەنگەکەی بەرانبەر بەو ئامێری شەڕەی عوسمانیەکان ڕاگرتووە و لە شێوەی تفەنگی(قناصە) دایەو پێدەچێ ئەوسا یا هیچ نەبێ لە سەردەمی شەرەفخاندا(قناصە)ی دووربیندار هەبووبێ. تفەنگچیەك لەولاترەوە تفەنگەکەی لەنێو پەنجەرەیەکدا گرتووە و تەقەی پێ لە عوسمانیەکان دەکات. ئەم تفەنگە زۆر درێژەو دەمەکەی خڕ دیارە، واتە تەوقێکی ئەستوور بەدەوری دەمەکەوەیەتی. لەخوار قەلاوەیش تفەنگێکی کورت وا بەدەستی بێزەنتیەکەوە. سێ یا چوار جۆر تفەنگ لەم تابلۆیەدا بەدی دەکرێت. واپێدەچێ ئەودەمە بێزەنتیەکان تفەنگی جۆراوجۆرتریان هەبووبێ. بێ گومان ئەو کاتە تفەنگ هەبوە، چونکە(جورجی زیدان)ی مێژوونوسی گەورەی شارستانەیتی ئیسلامی لە کتێبی(تاريخ التمدن الاسلامی، بەرگی یەکەمی، ل٢٠١-٢٠٢)یدا گوتوویە: خەڵکی مەراکیش

سـالّی(١١١٨)ی زایـن شـەڕیان بـە چـەکی ئـاگردار کـردووە. لـە(ابـن خلدون)یشەوە ئەوەی وەرگرتووە کە خەڵکی ولاّتی مەغریب ساڵی٧٦٢ی کۆچی(١٣٦٠-١٣٦١)زاین شەڕیان بە تفەنگ کردووە. لە سەرسامیی(ابن خلدون)ەوە دەردەکەوێ کە ئەوسا چەکێکی زۆر کەم و دەگمەن بووە. جا ئیدی نازانم بەڕاستی لەم شەڕەدا تفەنگ بەکارهێنراوە یان نا ؟ ئەگەر تفەنگ لەم شەڕەدا نەبووبێ، ئەوا ئەم وێنەکێشە کوردە بەپێی سەردەمەکەی خۆی وێنـەی کـردووەو بەڵگەیـشە لەسـەر هـەبوون و چـۆنایەتیی چـەند جـۆرە تفەنگێکی سەدەی شازدەهەم. ئەمەش خالێکیدیکەی پڕ بایەخ و بەنرخی تابلۆکانی شەرەفنامەیە.

# تابلۆی نۆزدەیەم

# سوڵتان ( محمد الفاتح ) و ئیستەمبوڵ

ئەم تابلۆیە(پەڕەی ژمارە١٩١) لە باسی داگیرکردنی قوستەنتینیە (ئیستەمبوڵ)ی پێتەختی دەوڵەتی بێزەنتی و پاشان دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە کە ڕۆژی سێشەممەی ٢٠ی(جمادی الآخرە)ی ساڵی ٨٥٧ی کۆچی (٢٨ی حوزەیرانی١٤٥٣ی زاین) لەلایەن سوڵتان(محمد الفاتح)ی کوڕی سوڵتان موورادی دووەمەوە بەهۆی لەشکرێکی فرەژمارەو هێزێکی زەریاییی خاوەن(٤٠٠)کەشتی و پاش ئابڵووقەدانی بۆ ماوەی(٤٥)ڕۆژ لە ڕۆژی هەینی(جومعە)دا هاتە داگیرکردن و نوێژی هەینی لە(ئەیاسۆفیا)ی کڵێسەی بێزەنتیدا کرا کە بە هونەرە بیناسازیەکەی بە یەکێك لە بینا گرنگەکانی جیهان دەژمێردرێت و بووە بەسەر مەشقی هونەری بیناسازیی مزگەوتە گەورەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەك مزگەوتە گەورەکانی ئیستەمبول،وەکوو(سنان)ی بیناسازی گەورەی جیهانی ئیسلامی کە لە بیرەوەریەکانی خۆیدا باسی ئەوەی کردووە چۆن لە کارە گەورەکانی خۆیدا سوودی لە تەرزی بیناسازیی ئەم کڵێسەیە وەرگرتووە. یانی ئەو مزگەوتە گەورانەی دەستکردی بوون لەسەر تەرزی ئەیاسوفیا ئاوای کردوونەوەو بەپێی گێڕانەوەیەك سنان لە ئەسڵێکی یۆنانی بووە.

وێنەی کەنداوی مەڕمەڕە لە تابلۆکەدا کێشراوە. سوڵتان(محمد الفاتح) ڕدێنی مەیلەو کاڵەو مێزەرێکی سپیی زلی شێوە نیوچە لوولەییی لەدەوری کڵاوێکی سەرباریك پێچاوەو لە هەیوانی خانوویەکدا لەسەر کورسییەك



دانیشتووەو کورسییەکی بەرز– یانی ئەستوونی(عمودی)– ی لەبەردەمدایە کە بە شێوە مێزێك دادەنرێت. سوڵتان کەوایەکی بیٚ قۆڵی لەسەر کراسێکی درێژ(دشداشە)ی ڕەنگ شینی کراوە پۆشیوە. یەکێك کە بە سەروکلاٚوەکەیدا دەزانرێت وەزیریەتی، تۆمار(سجل)ێکی بەدەستەوەیەو لەلای دەستەڕاستیەوە ڕاوەستاوە. سەری خزمەتکارێك لەپشت وەزیرەوە دیارە، پەڕی بچووکی باڵندە بە مێزەرەکەیەوەیە کە نیشانەی ئەوەیە خزمەتکارە. کەنیزەك(جاریە)ێك و سیٚ خزمەتکاری دیکە لە دەستەچەپی سوڵتانەوە ڕاوەستاون.

بڕێك عەسکەری نیزامی لەنێزیك سوڵتان و لەلای شوورای شاردان، فێسیان لەسەرناوە کە لە قوماشێکی زەردی خەتدارەو پەڕۆیەکی سپی لە بەشی پشتەوەی فێسەکانیان توندکراوە یان بەپشت ملیاندا شۆڕبووەتەوە.

ئەم فێسدارانە عەسکەرین، چونکە ئەم چەشنە فێسە لە سەری پیاوانی لە شکری عوسمانیدایە، وەك چۆن لە تابلۆی شەڕی(چاڵدێران)یشدا هەیە. ئەمانە لە لەشکری ئینکیشاری(یکچری– ینی چری)–واتە لەشکری نویٚ– دان کە(ئۆرخان)ی باوکی سوڵتان مورادی یەکەم دایمەزراندبوو، بەلاٚم سوڵتان موراد ساڵی٧٦٦ی کۆچی(١٣٦٤–١٣٦٥ی زاین) ناوی(یەنگی چەری)ی لیٚ ناو کلاٚوی سپیی لەسەرکردن. ئینکیشاری باشترین هێزی مەشق پێکراوی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەلاٚم گەندەڵ بوو و بووە بەلاٚ بۆ دەوڵەت و سوڵتان مەحموودی دووەم لە ساڵی١٨٢٥یا ١٨٢٦دا هەڵیوەشاندەوە[٦٦] . ئەوەی شایانی باسە فێس(طربوش) کە تا ئێستا

---

[٦٦] بڕوانە ئەم سەرچاوانە لە بارەی (یکی چری)یەوە. ئەم ناوە بە چەند شێوەیەك دەنووسریٚ: شەرەفنامەی دەستنووسی بودلیان، پەڕەی ١٧٤و، عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، بەرگی شەشەم، ل٢٩١ و، الدكتور احمد السعيد سليمان، تاريخ

زانرابیٚ یەکەمین جار بەکارهاتووە لە لای(کاشی- کشی)یەکان کە دەوڵەتیان لە عیراق دامەزراندووە (دەوری١٦٠٠-١١٦٠پ.ن) و خەڵکی کوردستان بوون، وەك وێنەی فێس لە سەری پیاوێکی دەست و پێوەندی شاێکی کاشی دەبیندریٚ لە وێنەی(٣١) لە(الازياء البابلية)ی (المديرية العامة للآثار في العراق).

خانوویەکی دیکە وا لە نێو دوورگەیەکی زەریاداو چەند کەسێکیش لە تابلۆکەدا دیارن: دوویان ئینکیشارین و یەکێکیش سدارەیەکی لە چەشنی ئەو سدارە عەسکەریەی ئێستای لەسەردایە کە پۆلی تانك(دبابات)ی سوپای عیراق لەسەری دەنێن. یەکێکیش کە لە مرۆڤێکی هەژار دەچیٚ کلاّوێکی بچووکی لەسەر ناوە. ئەم دوو شێوە کلاّوە بۆ جاری یەکەمین لە تابلۆکانی شەرەفنامەدا بەرچاو دەکەون.

ئەم بەرچاوخستنەی سەرەوە سەبارەت بە بەشی یەکەمی تابلۆکە بوو کە لەسەر لاپەڕەیەکی تایبەت کێشراوە. هەرچی بەشی دووەمیەتی لەسەر لاپەڕەی بەرانبەر ئەودایەو دیسان وێنەی زەریایەکە. مزگەوتێك یا مزگەوت و قوتابخانەیەك وەك دیمەنی بەشێکی ئیستەمبولٚ لە تابلۆکەدا لەسەر کەناری زەریاکەو دوو منارەیش لە گۆشەی خۆرەلاّت و خۆراوایدا کراون. دوو پیاوی ئاینی لەو نێوەدان. مرۆڤێکی ڕیش سپی مێزەرێکی ڕەش یا نیلیەکی زۆر تۆخی لەسەرناوەو جلوبەرگی سپین و لەبەر پەنجەرەیەکدا دانیشتووەو کتێبێکی کراوەی لە نێو دەستدایە تەماشای دەکات. ئەمە زانایەکی ئاینییەو پێدەچیٚ ماموٚستا(مدرس)یش بیٚ. دەوراندەوری پەنجەرەکە هەمووی نەخشە.

---

الدول الاسلامية و معجم الأسر الحاكمة، بەرگی دووەم، ل٤٤٢. ناوەکە وەهایش دەنووسریٚ: (یکیچری).

مرۆڤێکی دیکە لەبەر پەنجەرەی هۆدەیەکی دیکەدایە. ڕەنگە ئەمەیش ئاینی بێ. پیاوێکی دیکەی بەساڵداچووی ئاینیش هەر دیارە.
کوڕێك لەبەردەم خانوویەکی پشت مزگەوتەکەیەو کچێکیش لەبەر پەنجەرەکەیدایە. کچە دەسرۆکێکی زەردی بەسەرەوەیەو دەسرۆکێکی دیکەیشی لەدەوری بەستووە. ژنێکیش لەبەر پەنجەرەی خانوویەکی دیکەدا دیارە، دەسرۆکەکەی وەك هی کچەکەیەو تەنیا لایەکی لە دەوری گەردنیی ئاڵاندووەو ئەمەیش ڕێو ڕەسمی ژنە تەمەندارەکانەو ئەم ڕێو ڕەسمە لە کوردستانیشدا هەیە وەك لە تابلۆیەکی(هیزان)دا دەردەکەوێ.

**خانوەکان:**

سەبارەت بە تەرزی بیناسازی (میعماری)ی خانووە وێنەکێشراوەکان دەبێ بڵێین: ڕووکاری خانووەکە- یانی سەرا-ی سوڵتان بۆ جوانی وەك سێ چوارچێوەکراوە بە سێ بەشەوەو هەریەکەیان بە ڕەنگێکی جیایە: زەیتوونی و سووری کراوەو سپی. شێوەیەکی لاکێشەو پەمەیی وا بە بەرزیی دیواری پشت هەیوانەوەو پەنجەرەیەك بەرانبەری هەیە کە بە کۆمەڵە بازنەیەك نەخش کراوە.
قوتکە(شرفە)کانی سەر بڵندایی خانووەکە درێژو چوارگۆشەن و سەرەکانیان هەڕەمین. عوسمانیەکان ئەم جۆرە قوتکانەیان بەزۆری لە سەراکانیاندا دروست کردووە و ئێستایش لە عیراقدا پیڕەو دەکرێت. بەشی پێشەوەی بینای مزگەوت بە قوتابخانە(مەدرەسە) دەچێ، لە کاتێکدا بانەکەی لە شێوەی جەمەلۆنی خۆراوادایە. واتە وەك بانی خانووەکانی ئەوروپایە. ئێستایش بانی خانووەکانی زۆربەی شارەکانی تورکیا لەم تەرزەن و بە خشتی سوورەوەکراو(قرمید) چنراون. گومەزی مزگەوتەکە کووزکووزو هێلکەییە وەك تەرزی عوسمانی.

هەردوو منارەکە دەکەونە هەردوو گۆشەی پێشەوەی حەوشەکەی و بنکەی چوارگۆشەییی کەمەرداری هەردوو کیان لە بەردەو پاشماوەکەیان لە خشتی سوورەوەکراو. بەڵام بەشی نێوان بنکەو کەمەر(دورە)ی دووەمیان سواخ دراوە. سەری هەردوو منارەکە تیژنین، بەڵکوو تۆپزییە لە شێوەی گومەزی مزگەوتدا. یانی بۆ جوانی دابەش کراوە بۆ ڕەنگی پرتەقاڵی کە سێ دەورەکەی وەك چوارچێوەیەکی کراوە بە ڕەنگی زەیتوونییە. ناوەڕاستی رووکاری سەراکە- یانی ناوەڕاستی بەشە پرتەقاڵەکە- بریتییە لە شێوەیەکی چوارگۆشەییی گەورەی ڕەنگ زەیتونی لەنێو چوارچێوەیەکی کراوە(یانی تەنیا سێ لای هەیە)ی سپیدا. لە ناوەڕاستی ئەم چوارگۆشەیەدا دوو شێوەی لاکێشی هەیە، یەکەمیان زەیتوونیی تێر(تۆخ)ترە و بە نەخشی گیاییی گوڵدار بە گوڵی سوور نەخش کراوە. دووەمیان کە سەرووترە ئەرزیەکەی پەمەییە و بە نەخشی(فوسەیفسائی) نەخش کراوە. پارچەکانی نەخشەکە خڕن، یانی بازنەیین و، هێندێکیان شین کە ڕەنگە پارچە(سەدەف) یا پارچە ئاوێنە بن و، ئەوانەی دیکە ڕەنگی لە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ بن.

سەری جووتە منارەکە لە شێوەی پیازەوە نێزیکن. شێوەی ئەم جووتە منارەیە لەسەر تەرزی منارە سەرتیژەکانی عوسمانیی کاتی شەرەفخان نییە، وەك منارە دەستکردەکانی(سنان)ی بیناسازی گەورەی عوسمانیی هاوچەرخی شەرەفخان و پاش کاتی ئەم سوڵتانە کە دەوری گەورەی لە تەرزی بیناسازیی مزگەوتەکانی عوسمانیدا دیوە. ئەم شێوە منارەیە کەمێك لە منارەیەکی کۆنە مزگەوتی گەورەی شاری بدلیس دەچێ کە دەکەوێتە ژێر قەڵاو تەنیشتی خۆرەڵاتی(خانی شەرەفخان) و هی سەدەی دوازدەیەمە، چونکە مێژووی(٥٥٤) یان (٥٤٥)ی کۆچی لەو مزگەوتەدا هەیە بەپێی ئەو وێنەیە کە لە ئابی ١٩٧٧دا گرتوومە. کورت وپەتی ئەم منارانە لەسەر

تەرزی منارەکانی کوردستانن کە زۆربەی زۆریان وەهان و ئیتر بەم شێوەیە شەرەفخان وێنەی کێشاوە.

**شوورای ئیستەمبوڵ:**

لەم تابلۆیەدا لە سێ لاوە شوورا لەسەر زەریا دیارە تا لەپشت خانووەکانەوە بزر دەبێ. پێدەچێ ئەم سەرایەی سولتانی و ئەم بەشەی ئیستەمبوڵ لە دوورگەیەکدا بن. قوتکەی نیوەبازنەیی بە درێژایی ڕەمەند (شووراکە) و لەم زەویە پڕ کەندەدا(متموج) زۆر بە چڕوپڕی هەن بۆ بەرگریکردن. بەڵام قوتکەکانی هەردوو قەراخی بورجەکان چارەکە بازنەن. چڕوپڕیی قوتکەکانی تابلۆکە لەگەڵ ئەو پارچە شوورایانەی ئیستەمبوڵدا جووت دێنەوە کە ئێستاکە نەماون و هی کاتی بیزەنتین.

دوو ڕاستی لەم تابلۆیەدا سەرنجڕاکێشن: یەکەم- هەبوونی تۆمار(سجل)کە وەزیر بەرانبەر بە سوڵتان محەمەد ڕایگرتووەو ئەویش دەڕوانێتە تۆمارەکەو لەسەر کێشەیەك مشتومڕی لەگەڵدا دەکات. وێنەکێشی تابلۆکە ئەمەی کردووە بە نیشان بۆ وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی سوڵتان لە کێشەی خەڵك، یان بڵێین سیاسەتی دادپەروەرانەی سوڵتان پێشان دەدات کە بە سوڵتانێکی ناوبانگ باش(حسن السيره) دەژمێردرێت بەوەدا کە زۆر ئارەزووی زانست و زانایانی کردووە و هانی کاری زانستیی داوە. شەرەفخان ناوی کۆمەڵە زانایەکی گەورەی کاتی ئەوی لە بابەتێکی تایبەتدا هێناوە: وەك مەولانا شەمسەدین گۆرانیی زانای کورد کە مامۆستاو پەروەردەکەری سوڵتان محەمەد بوو کە منداڵ و هەرزەکاربوو و سوڵتان محەمەد کردی بە(قازیی عەسکەر) و موفتیی گەورەی دەوڵەتی عوسمانی و، مەولانا عەلی کوڕی(قوشجی)ی زانای گەورە کە(ئولووغ بەگ) بەهۆی ئەو مەولانا عەلیەی ستێرناس و بیرکار(رياضي)ەوە بە پلەی یەکەم

ڕوانگـەی گـەورەی ستێرناسـیی کـاتی ئیـسلامەو، مـەولانا خەسـرەو کـە زانایەکی گەورە بوو و کردی بە مامۆستا لە(ئەیا سۆفیا).

دووەم تێبینـی ئەوەیـە کـە ئـەم کـوڕەی سـوڵتان محەمـەد چـەکی تێـدا نابینرێت، بەپێچەوانەی کوڕی سوڵتان عوسمان و شا تەهماسب و زۆربەی کوڕەکانی میرانی کوردەوە. دەبێ وێنەکێش نیازی ئەوە بووبێ ئەمە بکاتە بەڵگەی ئەوە کە ئەم سوڵتانە زیاتر حەزی لە ئاشتی و زانست بووە نەك شەڕوشۆڕ. بەڵام دەبێ لەنێوبردنی ئیمپراتۆریی بێزەنتی و داگیرکاریی لە باڵکان و(قرم) بە چی لێکبدرێنەوە.

# تابلۆی بیستەم
# شەڕی چاڵدێران

ئەم تابلۆیە لەسەر شەڕی گەورەی مێژووییی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەویی ئێرانە کە لە کوردستان لە(چاڵدێران) قەوما[٦٧] شەڕەکە

[٦٧] وامدەزانی چاڵدێران کە ئێستا ناحیەی (چاڵدێران)ـە لە قەزای (مورادیە–بەرگرا)ی ویلایەتی (وان) و دراوسێی ناوچەی (بازید– بایەزید)ە، چاڵدێران (چاڵدران)ی ناوچەی (وان)ە لەسەر سنووری ناوچەی (سیاچەشمە)ی (ماکۆ)ی کوردستانی خۆرەلات (ئێران). بەلام مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیی مێژوونووس کە بووە پسپۆڕ (خبیر)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەم، بۆی نووسیوم چاڵدران لە بنەڕەتدا (چاردەڕان)ە –واتە چوار شیو– و لە دەوروبەری (ماکۆ)یە –واتە لە کوردستانی خۆرەلاتە. گوتوویە چوارشیوەکە ئەمانەن: (قزل چای، چاڵدران، قەنات، چەشمەسار) و ئەویّ ناوچەیەکی شاخاویيە و لە ٨٤ دێ پێك هاتووە. دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی کە زۆربەی ئەم لێکۆڵینەوەیەمانی لە (ڕۆشنبیری نویّ)دا بلاو کردەوە لە ساڵی ١٩٨٧دا مامۆستای کردبووە پسپۆڕی مێژوویی.

دەشتی چاڵدێران بە پێی نەخشەی ئێران دەکەوێتە باشووری خۆرەلاتی (ماکۆ)و لە خۆرەلاتدا بە ڕووباری (ئاراس) کۆتایی دێت. ئەگەر مامۆستا مەلا جەمیل نەبایە تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبووم. بە ڕاستی مامۆستا مەلا جەمیل وردەکاریی مێژوویی زۆر جوانی هەن. کەچی بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبەکەیدا (مێژوو) لە لێوەشاوەیی مێژوونووسیی مەلا جەمیل نەگەیشتووە و بە شێوەیەکی ناڕاست و زۆردارانە هەڵیسەنگاندووە. ئەگەر مەلا جەمیل خۆی بە سیاسەتەوە خەریك نەکردبایە، پێم وایە جێگای محەمەد ئەمین زەکیی مێژوونووسی گەورەی دەگرتەوە. مەلا جەمیل زانایەکی ئەنسکلۆپیدی (موسوعی)ی کوردە و لە مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردی و زانستی عەرەبی و ئاینیدا زانایە، جگە لە شارەزایی لە ئەدەبی فارسی و تورکیدا. لە زستانی ١٩٩٥–١٩٩٦دا کە چووم بۆ تورکیا زانیم ناوی ئەسڵیی چاڵدێرانی وانیّ

ڕۆژی سێی مانگی ڕەجەبی ساڵی ٩٢٠ی کۆچی(٢٤ی ئابی ١٥١٤زاین) دەستیی پێکرد کە نێزیکەی دووسەد هەزار چەکدار یا پتر لە نەتەوەکانی خۆرەلاتی نێوەڕاست و ئەوروپاییەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی لە هەردوولادا بەشدارییان تێدا کردوو خوێنی یەکدییان ڕژاند[٦٨] . (نظمی زادە) لە کتێبی(گلشن خلفا، ل١٨٥) دا گوتوویە: هەر لە عەرەب دەوری دە هەزار کەسێك کوژرا. ئەم شەڕەش بە یەکێك لە شەڕە گەورەکانی مێژوو دەژمێردرێت. میرانی کورد لە کوردستانی باکوور پشتیوانیی دەوڵەتی عوسمانیيان کردو هێزی کورد دەوری لە سەرکەوتنی عوسمانیەکاندا کەم نەبوو. هۆی پەیدابوونی ئەم شەڕە سیاسی و مەزەبیی ئاینی بوو. عوسمانیەکان(سوننی) بوون و سەفەوی(شیعەی توندڕەو) بوون.

ئەوسا مەزەبی شیعە ڕۆژبەڕۆژ لە ئەنەدۆڵدا پەلی دەهاوێشت. عوسمانیەکان زۆر لەمە ترسان. سوڵتان سەلیم لە پێشدا کوشتارێکی قورسی لە شیعەکانی ئەنادۆڵ کرد. تەنانەت دەڵێن چل هەزار کەسی لێ کوشتوون و ئەوانی دیکەیشی داغان کردو دووری خستنەوەی بۆ ئەوروپا. ئەمجا سوڵتان سەلیم ئەم شەڕەی هەڵگیرساند بۆ دوور خستنەوەی مەترسیی شیعەو مەترسیی دەوڵەتی شیعەی ئێران کە شا ئیسماعیلی کوڕی شێخ حەیدەری کوڕی شێخ جونەیدی ئەردەبیلی لە ئەنجامی لەنێوبردنی دەوڵەتی(ئاق قۆینلوو)دا بووە دامەزرێنیٚ.

---

(بازید ئاغا)یە و ناوی چاڵدێران نوێیە. بەبۆنەی ئەو شەڕەوە تورکیا ئەم ناوەی لە (بازید ئاغا) کردەوە وەك چۆن ناوی (چەولك)ی گۆڕیوە بە (بینگول) و ناوی (ئیلوە)ی گۆڕیوە بە (باتمان).

[٦٨] (راجر سیوری) لە کتێبی (ایران عصر صفوی، ل٣٥)دا گوتوویە: هەندێك مێژوونووس گوتوویانە لەشکری عوسمانی لەم شەڕەدا (٢٠٠) دووسەد هەزار کەس بووە. ناکۆکیش لەسەر لەشکری هەردوولا هەیە. بەڵام پێدەچیٚ ئەوەی وا حەکیمەدین (ئیدریس)ی بدلیسی نووسیویە ڕاستتر بیٚ کە لەشکری عوسمانی سەد هەزار و هی سەفەوی چل هەزار بووە.



هینـدێك مێـژوونووس شــەڕی چـاڵدێران دەكـەن بـە سـەرەتای مێـژووی سیاسیی نوێی كورد، چونكە پێشان كوردستان سەر تاسەر لـە ژێـر دەستی دەوڵـەتی سـەفەویدا بـوو و بـەهۆی ئـەم شـەڕەوە كوردستانی باكوور بەپێی خواسـت و ئـارەزووی میرانـی كـورد و بـە هانـدانی مـەلا ئیدریـسی كـوڕی حیـسامەدینی بدلیـسی كەوتــە دەســت دەوڵــەتی عوسمــانی. كــوردانی كوردســتانی بـاكوور و باشـوور جگـە لـەوە كـە لـە شـیعەبوونی دەوڵـەتی سەفەوی ناڕازی بوون، سیاسەتی(شا ئیسماعیلی سەفەوی) شیان پێ خراپ بـوو چـونكە دەسـەلاٚتی لـە چـنگی میرانـی كـورد دەردەهێنـاو ڕاسـتەوخۆ دەیخـستە ژێـر دەسـتی دەوڵـەتی سـەفەوی و فەرمانـدەرە ئێرانیـەكانی لـە میرنشینە كوردییە میراتیەكاندا لە جێی میرانی كورد دادەنا.

بەلاٚم سوڵتان سەلیم بڕیاریدا سیاسەتێكی نەرم بەرانبەر بە كورد پێڕەو بكات، ئەوەبوو دەستی لـە دەسـەلاٚتی نێوخۆی میرنشینە گەورەكان نـەداو، هێـشتی مـیرە گـەورەكان لــە كاروبـاری میرنـشینی خۆیانـدا وەك پێـشان دەسەلاٚتدارین. ئەمەش لەسەر داواكردنی میرە كوردەكان خۆیان لە سوڵتان بوو بەهۆی ئیدریسی بدلیسییەوە كاتێك سوڵتان لە تەورێز دەگەڕایەوە، ئەم داخوازیانەیش بۆ هـەموو میرنشینە میراتیـەكان بـوو تـا هـیچ فەرمانبـەرێكی تـوركی لـە ناوچـەی ئـەو میرنـشینانەدا دانـەنێ و سـوڵتان ڕازیبـوو. ئـەم سیستمە نوێیە لەسەر سیستمی دەرەبەگیی عەسكەری(الاقطاع العسكري) بوو كە لە دەوڵەتەكانی پێش ئیسلامدا- وەك دەوڵـەتی ساسانی- هـەبوو و كاتی ئیسلام دەوڵەتی بووەیهی لە سەدەی دەیەمی زایندا زیندووی كردەوە پوختەی ئەم سیستمە ئەوەیـە: خـاوەن(اقطـاع) دەسـەلاٚتێكی سـەربەخۆی لـە كاروباری ناوچەی(اقطاعیة)كەیدا هەیە، ئەوە نـەبێ كـە سالاٚنە بڕێك باج بـە دەوڵەت دەدات و لەكاتی شەڕیشدا ئەگەر دەوڵەت داوای لێكرد شەڕكەری بۆ دەنێـرێ. ئـەو میرنـشینانە حەڤـدەو یـان نۆزدەبـوون و ئەوانـەی دیكـە وەك

پێڕەوی ئیداریی ئەنادۆڵ بەستران بە فەرمانبەرانی حکوومەتەوە[٦٩] . دیارە

[٦٩] ئەگەر بڕوانینە دەقی فەرمانەکەی سوڵتان سەلیم کە بە تورکی لە ناوەڕاستی مانگی شەووالی ساڵی ٩٢١ی کۆچی (دەوری ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٥١٥ی زایین)دا دەریکردووە و بۆ ئیدریسی بدلیسیی ناردووە کەوا زانایەکی گەورەی کورد و پێشتر لای سوڵتان خۆی بووە و، وەرگێڕانە عەرەبیەکەی لە پەراوێزی ل١٧٢-١٧٤ی کتێبی (خلاصە تاریخ الکرد وکردستان)ی (محمد امین زکی)دا بڵاوبووەتەوە و بە پێی ئەو زانیاریانەش کە محەمەد ئەمین زەکی هێناونیەوە، دەتوانین بڵێین پوختەی ئەم سیستم (نیزام)ی (اقطاع)ە بەم شێوەیەیە:
تەنیا حەڤدە میرنشینی کوردی لە چل و شەش میرنشین لە کوردستانی باکوور ئەم سیستمی (اقطاع)ە گرتنیەوە و سوڵتان حەڤدە ئالای بۆ ناردن و کاغەزێکی سپیی بە هەریەکەیان ئیمزاکرد و بۆ ئیدریس و (محمد بیقلی)ی والیی تورکی لە دیاربەکر نارد تا ئیدریس چ شێوەیەك بە باش دەزانێ وا بۆ هەر میرێکی دابڕێژێ و بۆیان بنێرێ و ئەوە دەبێتە فەرمانیی ڕەسمیی دەوڵەت. ئەویش ئەوەی جێبەجێ کرد. میرنشینەکانی دیکە — یانی ناوچەکانی دیکە– وەك سیستمی بەڕێوەبردنی ئەنادۆڵ خرانە ژێر دەستی فەرمانبەرانی دەوڵەت.
وەك محەمەد ئەمین زەکیی مێژوونووسی گەورە نووسیویە، ئەو میرنشینانە کە لە کاروباری ناوخۆدا بە پێی ئەم سیستەمە سەربەخۆ بوون ئەمانە بوون: لە ویلایەتی دیاربەکر –میرنشینەکانی صمغان و، قولپ و، مهرانیە و، ترجیل و، اتاق و، پرتك و، چپاقچور و، چرمیك و، حکوومەتی ئاگیل و، پلو و، جزیر و، خازو (حڤو) و، گنج و ئەم پێنجەی دوایی یەکسەر بەستران بە سوڵتانەوە بەڵام هەر لەو میرنشینە سەربەخۆیانە بوون. چواری دیکەشیان کە لە ویلایەتی (وان) بوون: حکوومەتی هەکاری و بدلیس و مەحموودی و پنیانش بوون. بە پێی گێڕانەوەیەکیش دوو حکوومەتی دیکە زیاد کراوە کە ئەوانیش حکوومەتی خابوور و ئالشگر بوون.
مەبەست لە سەنجاغی خابوور، خوارووی سەرەکانی (راس العین)یە لە کوردستانی سووریای ئێستاکە و هەتا سنجار خۆیشی وەك ناوچەیەکی کوردستان لە ولایەتی دیاربەکر بوو، چونکە دەوڵەتی عوسمانیی بەپێی بۆچوونی خۆی کاتی سوڵتان سەلیم ناوچە کوردیەکانی لە دوو ویلایەتدا کۆکردەوە: ویلایەتی دیاربەکر و ویلایەتی (وان).

پازدە مانگ پاش شەڕی چاڵدێران ئەم فەرمانەی سوڵتان دەرچوو، چونکە هێزەکانی ئێران ئەو ماوەیە لە کۆمەڵە قەلاّ و ناوچەیەکی کوردستانی باکووردا مابوونەوە و تورك و کوردەکانی باکووریش خەریکی پاکسازیی ناوچەکانی کوردستانی باکوور بوون لە هێزی ئێران. تەنانەت شا ئیسماعیل پاش ئەو شەڕە هەندێك هێزی دیکەیشی بۆ یارمەتی و کۆمەکی هێزەکانی ئەوێی نارد تا ئەو ناوچانە پاك بکەنەوە. سوڵتان بە ئیدریسی گوت میرێکی کورد بکە بە فەرماندەی گەورەی هەموو میرانی کورد بۆ ئەم کارە و ئەمە داوای میرە کوردەکان خۆیان بوو. بەلاّم ئەو لە سوڵتانی گێڕایەوە کە میرانی کورد لە نێو خۆیاندا یەك ناکەون سەرۆکێك لە خۆیان دەستنیشان بکەن، لەبەرئەمە دەرکردنی ئێرانیەکان دوادەکەوێ. لەبەرئەمە خۆت یەکێك بنێرە و بیکە بە فەرماندەری گشتیان. ئەوجا سوڵتان –وەك شەرەفخان لە ل٥٣٨-٥٨٩ی شەرەفنامەی چاپی قاهیرەدا نووسیویە– محەمەد ئاغا چاویش باشی (محمد بیقلی)ی نارد و کردیە میری میرانی دیاربەکر، هەروەها نووسیویە میرە کوردەکان داوایان لە سوڵتان کرد دەسکاریی میرنشینیە میراتیەکان نەکات. ئەم سیستمە پاش سوڵتان سەلیم وەکو خۆی نەمایەوە، بەڵکو سوڵتان سلێمانی کوڕی جاروبار هەندێك میری کوردی لادەبرد و فەرماندەرێکی خۆی لە جێ دادەنا. ئەم سوڵتانە سیاسەتی بەرامبەر بە کورد دژوار و پڕ زۆرداری و ملهوڕی بوو. بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا تا ناوەڕاستەکانی سەدەی حەڤدەهەم یانی کاتی ئەولیا چەلەبی وەك لە سیاحەتنامە (ب٤، ل٢٠٨، تەرجەمەی کوردی) دەزانرێ: ئەو سیستمەی سوڵتان سەلیم لە یاسای عوسمانیدا دەناسرا بوو، چونکە نووسیویە: لە یاسادا ویلایەتی (وان) سی و حەوت سەنجەقی هەیە. بەلاّم ئەوانەی کە دانان و لابردنیان بە دەستی حکومەتی عوسمانی‌یە بیستن... و ئەوانەی لابردنیان بۆ نی‌یە نیمچە حکومەتی هەکاری و بدلیس و مەحموودی و پنیانشن. یانی بە یاسای عوسمانی تا ساڵی (١٦٥٥ز) ئەو چوار حکومەتە (میرنشینە) کوردە میراتی بوون و دەسکاری نەدەکران. بەلاّم ئەو یاسایە هەموو کاتێك هەتا سەبارەت بەم چوارەیش جێبەجێ نەدەکرا، چونکە هەر یەکێك لە میرەکانیان بەدڵی حکومەت نەبا لادەبرا و یەکێك لە شوێنی دادەنرا وەك چۆن شەرەفخانی باپیری شەرەفخانی مێژوونووس لابرا و (اولمە)ی تورکمان لە جێگای دانرا و میرنشینەکەی درایێ.

ئەوليا چەلەبی بڕی خەرجیی ساڵانە، یانی (زەعامەت) و (تیمار) –اقطاعی عەسکەری– ی هەر سەنجەقێکی ویلایەتی دیاربەکری نووسیوە. بەڵام دەوڵەت ئەو خەرجیيەی لە زەوی و زاری ئـەمیری لـە میرەکـان وەرنـەدەگرت، بـەڵکوو لـە بـاتیی ئـەوە هـەر میرنـشینێك ژمارەیـەکی زانـراو چەکداری بـۆ شـەڕ دەنـارد بـۆ یارمەتیـدانی سـوپای دەوڵـەت. باسـی داهاتی ئەمیری (زەعامت و تیمار)ی سەنجاقەکانی ویلایەتی دیاربەکر و لەوانە سەنجەقی نسێبین و سنجار بە درێـژی لـە بەڵگەنامەیـەکی شـەش لاپەڕەییـدا هـاتووە کـە دانـەی لـە لامانــە و دانــەی ئەســڵیی لــە ئەرشــیفی عوسمانیدایــە لــە ئیــستەمبول بــە نمــرەی (H . H / ١٩٤٢٥) و بـە مێـژووی (١٢٢٠/١١/٢٥ی کۆچـی) (=١٨٠٦/٢/١٥)زایـن. مـن ئـەم مەسـەلەیەم بـە دوور و درێـژی نووسـی، لەبەرئـەوە کـە تـا ئێـستایش نـاکۆکـیيـەکی تونـد لەسەر ئەوە هەیە کەوا ئایا ئیدریسی بدلیسی بەوە کارێکی چاکی کردووە یان ناپاکی و خیانەتی دەرهەق بە کورد نواندووە؟ شەرەفخان و ئەمین زەکی ئەوەیان پێ کارێکی چاك بووە، چونکە کوردی کوردستانی باکووری لە زۆرداریی شا ئیسماعیلی سەفەوی قوتار کرد و ئەو کاتەیش چەندین میری گەورەی کورد لە بەندیخانەی شادا بوون. سیاسـەتی شا نەهێـشتنی حـوکمی میرە کوردەکـان بـوو. بـەڵام سوڵتان سـەلیم کۆمـەڵێك میرنـشینی کوردی لە کاروباری خۆیاندا سەربەخۆ کرد و خستنیە بەر سیستمێکی نوێی عوسمانی.

بـەڕای هەنـدێك کـەس ئیـدریس خراپـی و ناپـاکیی لـە کـورد کـردووە، چـونکە پێـشتر کوردسـتان هـەر چـۆنێك بـێ یەکپارچـە و لـەژێر دەسـتی یـەك دەوڵەتـدا بـوو کـە ئـەویش دەوڵەتی سەفەویی ئێران بوو. ئیدریس وڵاتەکەی کردە دوو پارچە و کەوتـە بەر گێروگـاز و نێـو ئەڵقـەی کـۆت و زنجیری دوو دەوڵـەت کـە هـەر میرێکـی کـورد هـەوڵی ڕزگـارکردنی کوردسـتانی بدابایـە کوردەکـانی دیکـەیان بەگـژدا دەکـرد، وەك بـەدرخان و محەمـەد پاشـا ڕەواندزی و ئەحمەد پاشای بابان. ئیدی کورد لەو دەمەوە کەوتـە نێوان دوو بەرداش. ئـەم ڕایـە تـا ڕادەیـەك ڕاسـتە، چـونکە هـەل و مـەرجی ژیـانی کـورد سـەختتر بـوو و کـورد یـەکێتیی سیاسـیی نێوخـۆیی لەدەسـتدا. ئەگـەرچی سـوڵتان لـە نامەکەیدا بـۆ ئیدریـسی نووسیوە: (ئـەم ئـیش و کارانـە دەکـەی بـە مـەرجێك کارێکـی خـراپ نەکەنـە سـەر ئەسـڵی ئامانجەکە کە یەکێتیی نێـوان میرانـی کـوردە). بـەڵام مەبەسـتی لـەو یەکێتیيـە ئەوەیـە کـە دژی ئێران و لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا یـەك بـن. تـەنیا سـوودی ئـەوە بـوو کـە میرنـشینە کوردەکان پارێزران، چونکە –وەك شەرەفخان نووسیویە– مەترسیی ئـەوەیان لەسـەر بـوو ڕژێمەکەی شا ئیسماعیل نەیانهێڵێ.

ئەگەر تەماشای مێژووی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠٢-١٧٣٦ی زاین) بکەین، دەبینین سیاسەتی لەناوبردنی میرنشینە کوردیەکان نەبوە و میرنشینی وەك موکری و ئەردەڵان لە ئاراد بوون. تەنانەت شاعەباس (خاتوو کلاوزەڕ)ی خوشکی خۆی داوەتە خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی. بەڵام هەر میرێك سەرپێچیی کردبێ لێی‌داوە. دەوڵەتی عوسمانیش هەروا بووە، ئەو چەند ساڵە کەمەی حوکمی سوڵتان سەلیم نەبێ کە تێکڕا هەشت ساڵ بوو و لەم ماوە کەمەدا توانیی سووریا و میسر و حیجازیش داگیر بکات. مەبەستی (ئیدریس)یش کوردستان نەبوو، بەڵکو ڕقی لە شیعەگەری و دەوڵەتی شیعەی ئێران بوو و پێشتریش لە لای سوڵتان بوو لە پایتەختەکەی (ئەدرنە).

وەك ئاماژەم بۆ کرد مەسەلەی ئایین و مەزەبیش دەوری لەوەدا هەبوە. سەفەویەکان شیعە و عوسمانییەکانیش سوننی بوون. ئەو کوردانەی کە لە کوردستانی باکوور سوننی بوون ویستیان لەژێر دەستی شیعەدا نەبن و بدەنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی. ئەگەر کوردستان نەبوایە بە دووبەش و هەمووی‌شی لەژێر دەستی ئێران یا دەوڵەتی عوسمانیدا بووایە، دوور نەبوو ئەوسایش دووبارە و بە درێژایی ئەو چەند ساڵە هەر نەبووایە بە دەوڵەت، چونکە میرنشینە کوردیەکان ملکەچیی یەکدی‌یان نەدەکرد. تەنیا بەدرخان توانیی یەکێتی‌یەك بە خوایشتی کۆمەڵێك میرنشینی کوردی لە کوردستانی باکوور و بەهدینان لە نێوانیاندا پێك بهێنێ، بەڵام خیانەتکاریی (ئەردیشێری خیانەتکار) گشتیی پووچەڵ کردەوە. بەدرخان خۆیشی بە کارتێکردنی ئایین بێ‌هێز بوو. ئێستا لانی کەم (١٢٠) بەڵگەنامەم لەدەستدایە لەبارەی شۆڕشی بەدرخانەوە.

جا نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەو کاتەوە بە پلەی یەکەم لەبەر سستی و بێهێزیی بنیاتی ناوخۆی کورد خۆی بووە. هەتا کەریم خانی زەند کە هەموو ئێرانی داگیرکرد، نەك هەر دەوڵەتێکی کوردیی دانەمەزراند، بەڵکو خۆیی بە شایانی ئەوە نەزانی ناسناوی (شا) لە خۆی بنێت و نازناوی (وەکیل)ی لە خۆی نا- واتە وەکیلی شا، لەکاتێکدا هیچ (شا)یەك لە ئێران نەبوو. ئەوەبوو بە ڕەوای هەقی نەبینی خۆ بکاتە شای ئێران. ئەمە خاڵی بێهێزی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشان دەدات کە لە ژێردەستی‌یەکی لەمێژینەی کوردەوە هاتووە. بەڵام محەمەد ئاغا خانی قاجاریی تورکمان کە جڵەوی حوکمی لە دەستی زەندیەکان وەرگرت (شا)یەتیی خۆیی ڕاگەیاند و خۆی ورە بەرز بوو، ئەگەرچی نێرەمووکیش بوو خۆی بە لایەقی پاشایەتیی ئێران زانی بە پێچەوانەی ورە نزمیی کەریم خانەوە.

شەڕی گەورەی چاڵدێران شوێنەوارێکی کاریگەری پاش خۆی بەجێ هێشتووە. تەنانەت هونەرمەندانی ئێران و تورك و کوردیش سێ سەد ساڵێك دوای شەڕەکە وێنەی ئەو داستانەیان لە تابلۆکانیاندا نەخشاندووە. بۆ نموونە، (ڕیچ) ڕۆژی(٢٦ی ئابی ١٨٢٠) تابلۆیەکی ئەم شەڕەی لە شاری(سنە) لەسەر دیوارێکی کۆشکی(ئەمانوڵڵا خانی یەکەم)ی میری ئەردەڵان دیوە[٧٠] . (ئەحمەد

---

[٧٠] لە لاپەڕە (١٤٤)ی کتێبی (رحلة ریچ)دا هاتووە: وێنەی ئەو شەڕە کە لە نێوان تەیمووری لەنگ و سوڵتان بایەزیددا قەوما و وێنەی هەندێك پاشای سەفەویی ئێران و وێنەی شای ئەوکاتە و وێنەی ئەسکەندەری گەورە لەسەر دیواری کۆشکەکە بوون. ئەمە لە کاتێکدا کە کۆشکەکەی ئەمانوڵڵاخان لەسەر ئەو بەرزاییە بوو کە لە ناوەندی شار و نزیك بە مزگەوتی (دار الاحسان) و گردێکە لە خۆرەڵاتەوە بۆ خۆراوا درێژ دەبێتەوە. کە ساڵی ١٩٩١ ڕامان کرد بۆ ئێران، چەندین چینی کۆنی ئاسەواریم لەم گردەدا بینی. واتە ئەم جێگایە شوێنەوارە. لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵاندا قەڵای (سنە) بەسەر ئەم گردەوە بوو. حکوومەتی ئێران لە زەمانی محەمەد ڕەزا شای گۆڕبەگۆڕدا ئەم کۆشکە جوانەی ئەمانوڵڵاخانی ڕووخاند کە (ڕیچ) بە درێژی لێی دوواوە و باسی نەخش و نیگار و وێنەی زۆری ئەو ڕووداوە مێژوویيانەی کردووە کە دیوارەکانیان ڕازاندووەتەوە وەك دیمەنی سلێمان پێغەمبەر و بەڵقیس.

تابلۆیەکی دیکەی تێدا بوو لەسەر دیل کرانی (سلێمان کەهیا)ی فەرماندەی هێزی عوسمانی لە لایەن ئەمانوڵڵاخانەوە کە ساڵی ١٢٢١ی کۆچی لە شەڕی (مەریوان)دا دیل کرا و (ئەحمەد پاشای بابان)یش لەو شەڕەدا لەگەل ئەمانوڵڵاخاندا بوو. ئەم کۆشکە چەندین پەیکەری بەرجەستە (مجسم)ی ئیمپراتۆری ڕووسیا و میری (غال) و حاکمی هیندستان و پاشای ئیسپانیەکان و ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و بوناپارتی تێدا بوو و وەك پێشانگای هونەر وابوو. ئەمانوڵڵاخانی یەکەم کە ٢٧ساڵ حوکمی کرد حەزی لە ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان دەکرد و ئەوەبوو چەندین بینای جوانی پڕ نەخش و نیگار و وێنەی دروست کرد، وەك ئەو سەرشۆرك (حەمام)ە ناودارەی کە ماوەتەوە و ناوی (حەمامی خان)ە و مزگەوتی جوانی (دار الاحسان).

ئەم کۆشکە ئەو کۆشکەی (خەسرەو ئاباد) نیيە کە ئەمانوڵڵاخان ئەو کاتە لە ساڵی ١٢٢٣ی کۆچی (١٨٠٨ی زاین)دا لە دەرەوەی شار دروستی کرد و (ڕیچ) وا وەسفی

ڕاسم)ی مێژوونووسی تورکیش لە کتێبەکەیدا (عثمانلی تاریخی، بەرگی یەکەم، ل٢٥٩) تابلۆیەکی شەڕی چالدێرانی بلاوکردووەتەوە، بەلام هێندەی هەمان تابلۆی شەرفنامە جوان و وردەکارو هەموو لایەنە نییە.

ئەوە لەم تابلۆ عەنتیکەیەدا دەبینین کە شەڕەکە بەپێی هێرشبردنە سەر یەکدی و کوشت و بڕ و زەبر بەیەکدی گەیاندنی شەڕکەرەکان و برینداربوون و کەوتنی ئەسپ و سەری بڕاو و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی وەك شمشێرو ڕم و گورز و تیر و تۆپ و تفەنگ زۆرگەرم و قورس و توندوتیژ بووە بەڕادەیەك گوللەی تۆپ و تفەنگ و سەرتیر لە چالدێراندا تێکەڵ بەیەکدی بوون. وێنەکێش وینەکانی تابلۆکەی لە هەر تابلۆیەکی

---

کردووە کە لە خۆرەلاتدا کۆشکێکی هاوچەشنی و باخچەیەکی وەك باخچەکەیی نەدیوە. ئەم کۆشکە دڵگیرە خۆشبەختانە بە نەخش و نیگار و عورووسی‌یە دڵفرێنەکانیەوە جوانیی خۆی پاراستووە. من خۆم گەلێك وێنەم لێ گرتوون. ئەوی ڕاستی بێ شاری سنە (سنندج-کوردستان) شاری هونەری بیناسازی و نەخش و نیگاری کوردی‌یە. کاك (سیروس مەعرووفی)ی لاوی ڕۆشنبیر کتێبێکی لەسەر هونەری بیناسازیی شاری (سنە) داناوە. وەك پێی گوتم کتێبەکەم (بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد- لە پێناوی کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا) زۆر کاری تێ کردووە بۆ دانانی ئەو کتێبەی، بە تایبەتی ئەوە کە لە لاپەڕە (٨٢ و ٨٣)دا باسی سنەم کردووە و گوتوومە: ((بەداخەوە ڕووناکبیرە سنەییەکان وەکو ئێمە نرخی ئەو هونەرە کوردیەیان نەزانیوە و هیچیان لە بارەی هونەری بیناسازی و نەخش و نیگاری شارەکەیانەوە نەنووسیوە کە دەبا چەندین کتێبیان بۆ تەرخان بکردبایە)). پاشتر بیستم ناوبراو کتێبەکەی بە سانسۆر (رقابة) داوە تا ڕەزامەندیی چاپکردنی وەربگرێ، ڕێگای ئەوەیان پێنەداوە. ڕۆژی ١٩٩١/٥/٢٤ چووم بۆ (سنە) و لە چواری حوزەیرانەوە و بە ماوەی حەوت ڕۆژ توانیم ئیشی چەند مانگێك تەواو بەم. ئەوە بوو توانیم (٥٤٠) وێنە لەسەر هونەری بیناسازی و نەخش و نیگاری (سنە) بگرم و زانیاری‌یان لەبارەوە بنووسم کە بە سامانێکی گەورەیان بۆ خۆم دەزانم.

دیكـه زیـات ربـه ڕوپـڕی كێـشاون. لەشـكری عوسمـانی بـەپێی تابلۆكـه لـه دەسته ڕاستدایەو هـی ئێـرانیش لـه دەستەچەپدا، واتـه خۆرەلاّت و خۆراوا بەپێی هەڵكەوتنی جوگرافیی هەردوو دەوڵەت.

له تابلۆكەدا شا ئیسماعیل لەبەردەم چادره كەسكەكەیدا لەنێوان ژنەكەی و هەرزەكارێكدا ڕاوەستاوه. ژنەكەی تاسكلاو(خـوذة)ی شـەڕی لەسـەره و لـه دەستەچەپیدایه و كوڕێكی هەرزەكاریش له دەستەڕاستدا. جل وبەرگی شا زەردو مێزەرەكـەی سـپیەو ئـەو پەڕۆیـه كـه مێزەرەكـەی پـێ توندكردووه زەرده و ئیشارەتی سووری شیعەبوونی سەفەویەكان لـه سەر مێزەرەكەی قیت بووەتەوه. شا قنج و گەنجه وتەمەنی ٣٧ساڵ بووه. شا و سوڵتان سلیم به دوورەوه به ڕق وكینەوه تەماشای یەكدی دەكەن. چادره كەسك و زەرده تۆخەكـەی عوسمانیـەكان وا بـه بـەرزیی خـاكی چاڵدێرانەوەو بەرانبـەر بـه چادره ڕەنگ خـەوناوی و كەسكەكەی ئێرانیەكانـه. ژنێك لەبـەردەم چادره پڕتەقاڵیەكەیــدا و لــه پــشت بــەرەی كوردەكانــەوه تاســكلاّوی شــەڕی لەسەرناوەو دەڕوانێته شەڕەكه. ڕەنگه ئەمه ژنی سوڵتان سەلیم بێ.

هەردوولا چادرەكانیان- یان وردتـر بڵێین بارەگـای سـەركردایەتـییان- لەسەر بەرزاییه بەردەلاّنەكانی چاڵدێران هەڵدراون.

لەشــكری ئینكیــشاریی تــورك لــەنێو هێــزی عوسمانیــدا بــه فــێس و ئەوروپایی به شەپقه و هێزی غەیره نیزامی تورك به مێزەرو هێزی كوردیش به مێزەرەكانیان لەنێو هێزی باڵی چەپ(میسره)دا دەناسرێنەوەو وان بەسەر زورگ(كۆمەڵـه گردۆڵكـه)ێكـەوه هـەروەها لـه مەیـدانی شەریـشدا كوردەكـان دەبینـرێن لەوانـه پـترو لـه پـشت مـیره كوردێـك كـه گوڵنكیەیـەكی درێــژ بەســەروكلاّوەكەیەوەیەو ڕەمێكــی داوەشــاندووەو تیرڤــالێكی ئێرانــی كــه لەبەری ڕادەكات شكستی خستووەته نێو ئیرانیەكان لەنێزیك شا ئیسماعیل.

وێنەکە سەبارەت بە شوێنی کوردان تەواو لەگەڵ ئەو زانیاریەی(نظمی زادە)ی مێژوونووسدا ڕێکە بەشی ئەوروپا لە تورکیا -ولە شکری دیاربەکر- یانی لەشکری کورد- هەردوو لەم شەڕەدا لە نێوهێزی باڵی چەپی لەشکری عوسمانیدا بوون.

لە تابلۆکەدا وێنەی سوڵتان سەلیم لە جەرگە(قلب)ی لەشکری عوسمانیدا دەبینرێت کە کەوایەکی ڕەنگ پرتەقاڵیی لەسەر کراسێکی کەسکەوە پۆشیوەو شەڕواڵێکی زەردی لەپێدایەو مێزەرێکی سپیی لەسەرناوە و کڵاوەکەی بە دەستووری عوسمانی لەنێوەڕاستدا کەمێك قنج بووەتەوەو دوو گوڵنکە لەسەر کڵاوەکەی بەرزبوونەتەوە. سوڵتان سواری ئەسپێکی زلی ڕەنگ شینی گوڵنکە لەمل بووە و دوو کەس بە تەورزین (طبرزین)ەوە لەپێشیەوە دەڕۆن. سوڵتان ڕمێکی مەوجداریشی بەدەستەوەیە.

هێزی پیادەی تفەنگداریش لە نێزیکی ئەو نێوجەرگەیەوەن و تۆپیان لە پێشەوەیە، ئەمەیش لەگەڵ زانیاری(ئەحمەد راسم)دا یەکدەگرێتەوە کە لە (بەرگی یەکەم ل٢٦٥)ی هەمان سەرچاوەدا گوتوویە: سوڵتان بە هێزێکی ئینکیشاری (یکیچری)یەوە لە نێو جەرگەدا بوو و ستوونێکی حوشتری عەرەبانەدار لەبەردەمیان بوون. واتە حوشتر تۆپەکانی ڕادەکێشا، بەڵام وێنەی حوشترەکان نەکراوە.

لە تابلۆکەدا(شائیسماعیل) کە سەرکردەیی باڵی ڕاستی لەشکرەکەیی دەکرد، توانیی باڵی چەپی لەشکری عوسمانی تارومار بکات. بەڵام عوسمانیەکان تۆپەکانی خۆیانیان لەلای باڵی ڕاست(میمنە)ی لە شکرەکەیاندا خڕکردبووەوەو زەبری گورچکبڕیان لە باڵی چەپی لەشکری شا داو شکاندیان و والیی هەرێمی دیاربەکر(محمد خان ئیستا جلوو) کوژرا.

شا خۆی هات سەرکردەییی باڵی چەپی لەشکرەکەی بکات و هێرشێکی توندی هێنایە سەر باڵی ڕاستی لەشکری عوسمانی، بەڵام تۆپەکانی عوسمانییەکان دەرفەتی سەرکەوتنیان بە شا نەدا. تۆپەکان لە دامێنی دەستەڕاستی تابلۆکەدا دیارن بە عەرەبانەو زنجیر پێکەوە بەستراون و سەربازەکان بەرەو لەشکری ئێران پاڵیان پێوە دەنێن. هەروەها چەند تۆپێکیش لە نێوجەرگەدا بەدی دەکرێن. بەڵام هێزی سوارەی جەرگەی لەشکری ئێران لە هێرشێکی قورسیاندا تۆپەکانی عوسمانییان لێی جوداکردوونەوەو زنجیرەکانیان پچڕاندوون و شەڕکەرە ئێرانییەکان لەم پەلامارەیاندا لە سوڵتان نێزیك بوونەتەوە. سوارێك– وەك لە نێوجەرگە (قلب)دا دیارە کە فەرماندەریشە، وەك بەو گوڵنکە گەورەیەدا دەزانرێت کە لە مێزەرەکەی بەرز بووەتەوە، بە زەبری شمشێر زنجیری تۆپەکانی پچڕاندووە و هەوڵدەدات بە ئەسپەکەیەوە لە سنووری تۆپەکان تێپەڕ ببێ بەرەو لای سوڵتان سەلیم خۆی. ئەم دەربڕینە زۆر بەهێزە و لەگەڵ زانیاریی نێو کتێبی هێژا (محمد رئوف توکلی جغرافیا و تاریخ بانە– کردستان، ل١٠٣–١٠٥)دا یەکدەگرێتەوە. بەپێی ئەو زانیاریانە (ساروبێرە)ی بانەیی کە لە نێو هێزی جەرگەی لەشکری (شا ئیسماعیل)دا بووە بە بریندراری تۆپەکانی عوسمانیی لە بەشی جەرگەدا تێکوپێکداوە. دەتوانین بڵێین ئەو سوارە فەرماندەرەی تابلۆکە کە زنجیری تۆپی پچڕاندووە، (ساروبێرە) دەنوێنێ[٧١] .

ساروبێرە لاوێکی کوردی کەڵەگەتی زۆر بەکاربووە. پێشتر شا ئیسماعیل ناوبانگی ئازایەتیی ئەوی بیستبوو وا کە پیاوێکی ڕاوچی‌یەو زۆربەی

---

[٧١] راجر سیوری لە کتێبی (ایران عصر صفوی، ل٣٢)دا باسی فەرماندەرە ئێرانیە کوژراوەکانی کردووە و نووسیویە: (سارو پیر استاجلو)ی ورچی باشی. یانی لە خێڵی ئیستاجلووە و لەوە زیاتری نەنووسیوە. بەڵام زانیاریی نێو کتێبەکەی محەمەد ڕەئووفی تەوەکەلی زۆر بەربڵاوتر و ڕوونترە و جێگای بڕوایە. لەوانەیە راجر بەهەڵەدا چووبێ.

ژیانی لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی ئازایدا بە ڕاو و لە شاخ بەسەر دەبات. بۆیە ویستوویە ببینیێ. جا کە دیویە داوای لێکردووە بێتە نێو ڕیزی سوپاکەی و ببێتە ئەفسەرێکی بەناوبانگ. بەڵام ساروبێرە پێی گوتووە من پێویستیم بە تۆ نییە. شایش پێی گوتووە من پێویستیم بەتۆیە و قەناعەتی پێکردووە لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا بێتە نێو سوپاکەی. سێ فەرماندەری دیکەیش لەم شەڕەدا لەگەڵ(ساروبێرە)دا سەرکردەییی هێزی جەرگەی شایان دەکرد. هێزی تایبەتی ساروبێرە دووهەزار کەسێك بوو کە زۆربەیان لە کوردە لوڕەکانی خێڵی(کاکەوەند و سەگەوەند و ئەسپاوەند)بوون و چەکی سەرەکی‌یان لە شەڕەکەدا داری گەورە(چوماق) بوو کە لە داربەڕوو ودارگوێزو داری دیکەی پتەوو قایم بووو هەر دارێکی بەقەد قورسایی گورزەکەی سارویبرە قورس و لە شمشێریش ترسناکتر بووو زۆر بە کارامەیی‌و شارەزاییەوە لە شەڕدا بەکاریان دەهێناو پیاوی بەکاریش بە یەك داروەشاندن دەکوژرا. شەڕکەرانی ساروبێرە لەم شەڕەدا شمشێر و نێزەو گورز و قۆچەقانی(بەرکانی)شیان بەکاردەهێنا. هێزەکەی ساروبێرە ئازاترین و چالاکترین هێزی جەرگەی لەشکرەکەی شابوو. ساروبێرە بە دووهەزار کەسەوە خۆی هاوێشتە نێو مەیدانی شەڕو توانیی ڕیزەکانی هێزی(ئیچ ئۆقلان) (لە هێزی ئینکیشاری)ی مەشق پێکراوی سوڵتان سەلیم تێکوپێك بدات. ساروبێرەی دێو بە دەستەڕاست گورزەکەی و بەدەستە چەپیش مەتاڵەکەی گرتبوو و کە شەڕ گەرم داهات مەتاڵەکەی فڕێدا.

سەرەگورزەکەی زۆر گەورەو قورس بوو، چونکە(١,٥)مەن و لە قوڕقوشم (رصاص) بوو و بەیەك زەبری گورزەکە شەڕکەرێکی عوسمانی گیانی لەدەست دەدا. ئەوکاتەی کە ریزەکانی هێزی(ئیچ ئۆقلان)ی کرد بەدوو بەشەوەو لێکی دابڕین، تیرێك بەر نێوچاوانی کەوت و بەدەست دەریهێناو تووڕی داو زیاتر گەرم بوو و بەسەر دوژمندا دەیشیڕاند و نەعرەتەی دەکرد.

ئەوکاتە شا ئیسماعیل پێی گەیشت و پێی گوت: ساروبێرە کە یەکەمجار لە(بانە) تۆم دی زانیم ئەفسەرێکی ئازاو گەورەت لێ پەیدا دەبێ. خوا بتپارێزێ، دەبینم تیرێك بەر نێوچاوانت کەوتوە، بەلاَم تۆ لەوە ئازاتری بە تیرێك گیان لەدەست بدەی. ئەو تیرە وەکوو مێشێکە بە نێوچاوانتەوە. ئەوەبوو ساروبێرە هێرشێکی توندی بردە سەر تۆپەکانی عوسمانی، ئەگەرچی تیربارانی سەربازە عوسمانیەکان کاری زۆریشی لە سەربازەکانی کرد. ئەوکاتە کە گورزەکەی دەستیی بەرزکردبووەوە گوللە تۆپێکی گەورە بەر دەستی کەوت و پەڕاندی. بەلاَم بە دەستە چەپ گورزەکەی لەسەر ئەرز هەڵگرتەوەو توندتر پەلاماری تۆپەکانیدا. تۆپچیەکان هەلاَتن و تۆپەکانیان بەجێ هێشت. ئیدی ساروبێرەی دێو چەرخی تۆپەکانی تێکداو ئەو چەرخ تێکدانە پەکی خستن. ساروبێرە لە(سوڵتان سەلیم)یشەوە نێزیك بووبووەوە، چونکە چاوی لە هەڵمەت و ئازایەتیی بوو و دەیبینی چۆن شەڕدەکات. بۆیە زۆرچووە دڵی سوڵتانەوە. بەلاَم ئەو تۆپچیانە کە هەلاَتبوون لە دوورەوە ساروبێرەیان بەر تیر دا تا کەوت و خوێنێکی زۆر لەبەرجەستەی ڕۆیی. سوڵتان سەلیم دەیزانی سەربازەکانی سەری دەبڕن و سەرەکەی بۆ دەهێنن لەبەرئەوە و بۆ ڕێزلێنان لە قارەمانەتیی ساروبیرە ئەفسەرێکی ناردە لای ئەفسەری تۆپچیەکان تا فەرمانی پێیدات سەری نەبڕن. شەرەفخانیش لە لاپەڕەی ٢٥٧دا ناوی (صاروبیرە قورچی باشی)ی لە نێو ناوی فەرماندە کوژراوەکاندا هێناوە.

گومانی تێدانییە کە کوژرانی ئەم کوردە قارمانە زەبرێکی کاریگەربوو لە هێزی جەرگەی شا ئیسماعیل دراو بوو بەهۆی شکانی. دوو ئەفسەری دیکەی ئەم هێزەیش بەناوی (اصلان) و (ئەمیر عبدالباقی)یەوە کوژران و تەنیا یەك ئەفسەر بەناوی(حسن بیك لله)مایەوە کە ئەویش بیری لەوە کردەوە ڕێگاچارەیەك بۆ پاشەکشەی سەربازە زیندوەکانی بدۆزێتەوە. ئەوەبوو لە مەیدانی شەڕ کشایەوە و بەم جۆرە هێزی جەرگەی لەشکری ئێران شکا.

ئەوەیش لە تابلۆکەدا پێشان دراوە کە تۆپی عوسمانیەکان زیانێکی زۆری لە هێزی باڵی چەپ(میسرة)ی لەشکری ئێران داوەو بەرەو تێشکانی بردووە ئەمە لەگەڵ ئەو زانیاریەی(ئەحمەد ڕاسم)دا هاوەمەبەستە کە گوتوویە: تیپی محەمەدخانی ئێستا[٧٢] جلوو لە باڵی چەپی لەشکری ئێرانەوە هێرشی بردە سەر هێزی باڵی ڕاست(میمنة)ی لەشکری عوسمانی.

بەلام(سینان پاشا) توانیی بە تۆپ ئەو هێرشە پووچەڵ بکاتەوە و بە لێهاتوویییەوە بە سەریاندا زاڵ ببێ. ئیدی محەمەدخان و کوڕەکانیشی لەوێ کوژران.

بەڕای من ئەو پیاوە کەللەزلەی کە بە خەستی برینداربووەو بە هەر دوو دەستی ملی هەسپەکەی گرتووە تا نەکەوێ محمد خانە. لە تەنیشتی ئەویش کوڕە هەرزەکارێك کە(تیر)ی پێیەتی بەخەستی برینداربووە و خەریکە بکەوێتە خوار لەسەر پشتی هەسپە شینەکەی کە گوللە تۆپێك ڕانێکی هەسپەکەی هەڵتەکاندووە و کەوتووەتە سەرئەرزو گوڵنکە جوانەکەی ملی هەسپەکەش شەرفخان کردووەیەتیە نیشانەی پلەی کۆمەلایەتیی سوارەکەی کە بەڕای من ئەمە یەکێکە لە کوڕانی محمد خان و لەگەلیدا کوژراوەو وێنەیان لەوکاتەدا کێشاوە کە خەریکە مردن پەلاماریان بدات نەك پاش مردنیان. زۆرجار وێنەکێشەکان وێنەی کوژراوە ناودارەکانیان لە حاڵەتی برینداربووندا کێشاوە.

ئەوەی ڕاستی بێ کوژرانی محەمەد خان کە لە فەرماندەرە هەرە لێوەشاوە و گەورەکانی شا و والیی کوردستانی باکوور بوو، بێ هێزی و سستیەکی زۆری تووشی باڵی چەپی لەشکری ئێران کرد. ئەو زیانەش کە عوسمانیەکان بە تۆپ لەم باڵەی ئێرانیاندا لە تابلۆکەدا بەوردی وێنە کێشراوە.

---

[٧٢] هەندێك مێژوونووسی کورد محەمەد پاشا ئیستاجلوویان بە کورد زانیوە. بەلام سەرچاوە فارسیەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە خێڵی ئیستاجلوو و شاملوو و ڕۆملوو و تەکەلوو چوار خێڵی بەهێزی تورکمان بوون و لە دەوڵەتی سەفەویدا خاوەن دڵسۆزی و دەور و دەسەلات بوون (بڕوانە: راجر سیوری، ایران عصر صفوی، ل٤٢، وەرگێڕانی کامبیز عزیزی– بە فارسی).

پاش کوژرانی محەمەد خان، شا بۆ خۆی سەرکردەییی هێزی باڵی چەپی لەشکرەکەیی کرد و لەم قۆڵەدا شا بریندارکرا و لە ئەسپەکەی کەوتە خوارێ و تەنانەت خەریك بوو بکوژرێت یا دیل بکرێت. جا پاش ئەوەی هێزی ئینکیشاری کە لە نێوجەرگەی لەشکری عوسمانیدابوو، پەلاماری باڵی چەپی لەشکری ئێرانیدا و باڵی چەپی لەشکری عوسمانیش توانیی ڕیزەکانی باڵی ڕاستی لەشکری شا بەرەو پاشەوە ببات، لەشکری ئێران شکا و ژنی شایش بەدیل گیرا. هێزەکانی شا تا ئەوکاتەیش هەر لە قەڵاکانی دیاربەکر و ماردین و جزیر و قەڵاکانی دیکەی کوردستاندا مابوونەوە و خۆیانیان بەدەستەوە نەدابوو. پاشتر و نێزیکەی دوو ساڵێك دوای شەڕەکە عوسمانیەکان و کوردەکان ئەمجا زۆر بەزەحمەت ناوچەکەیان بۆ پاکسازی کرا. هەر لەبەر ئەوەیشە کە وێنەکێش وێنەی زۆربەی هێزی تۆپچیی عوسمانیی لەم قۆڵەدا کێشاوە. بەڵام چەکی ئاگرداری وەك تۆپ و تفەنگی لەبەرەی لەشکری ئێراندا نەکردووە و تەنیا وێنەی شمشێر و ڕم و گورزو تیری بۆ کێشاوە. دیارە مەبەستی پێ ئەوە بووە کە پێشانی بدات لەشکری ئێران چەکی ئاگرداری زۆرکەم و سستبووە یا هەر هیچ نەبوەو، چەکی ئاگرداری عوسمانی زۆر بەهێزوفرە ژمارە بوو، بە تایبەتی تۆپ کە دوو دانەو هۆی سەرەکیی شکانی ئێرانیەکان و سەرکەوتنی عوسمانیەکان بووە.

هەروەها پڕچەك بوونی عوسمانیەکان بە چەکی ئاگردار هۆی سەرەکیی سەرکەوتنیان بوو بەسەر میسرییەکاندا، ئەگەرچی شەڕەکەرە ئێرانیەکان بەهۆی باوەڕی ئاینییانەوە بە شا ئازایانەتر شەڕیان دەکرد و وەك فیداییەکانی خومەینی لە شەڕی عیراق و ئێراندا فیداکاری زۆریان دەنواند.

ئەحمەد ڕاسم گوتوویە: هێزی سوارەی شا ئیسماعیل زۆر بەهیزبوو و خۆبەختکردنێکی زۆری پێشاندا، بەڵام هێزی ئاگرداریان بێ هێزبوو و تۆپیشیان نەبوو و هێزی پیادەیان ناڕێکوپێك بوو. هێزی سوارەی عوسمانی کە هەشتا

هــەزار کــەس بــوو و هێــزی پیادەیــشی کــە چــل هــەزاربوو، هــەردوو لــە ڕووی ڕێکخــستنەوە ڕێکوپێــك بــوون. (ڕاجــەر ســیوری) لــەو بارەیــەوە گوتوویــە: زیــانی ئێرانیــەکان یــەکجار زۆربــوو، بەتایبــەتی گــەلێك لــە فەرمانــدەر و گــەورەپیاوەکانیان کــوژران. کــوژراوی هێــزی پیــادەی عوســمانیش لــە ژمــارە نایــەت و بگــرە زۆربــەی هێزی سوارەی عوسمـانی لـە سـوارەکانی ئینکیـشاری و مەقدۆنیو سـربی و هـی دیکــە لەنێوچــوون. بــەڵام ســینان پاشــا فەرمانیــدا تۆپــەکان بــەرزتر بهاوێــژن و ئــەوەیش زیــاتر بــووە هــۆی ترســاندنی ئەســپەکانی لــە شــکری ئێــران و هــەڵاتنیان چــونکە پێــشتر دەنگــی تۆپیــان نەبیــستبوو. ئیــدی ســوارەکان ئەســپەکانیان بــۆ ڕانەگیراو زەوت نەکران[٧٣].

هەڵــەی گــەورەی شــا ئیــسماعیل ئــەوەبوو کــە ڕێگایــدا لــە شــکرەکەی ســوڵتان سەلیم لـە ئەدرنـەوە بگاتـە نێزیکـی تـەورێز(تبریـز)ی پێتـەختی خـۆی و، دەبوو لـە سـنووری ویلایـەتی دیاربـەکر یـانی لـە ناوچـەی ئـەرزنجان و دەرسـیم پێـشی ئـەو لەشــکرە بگــرێ. پێــشنیاری(محەمــەدخان ئیــستا جلــوو) و (نوورعــەلی خەلیفــە)ی جووتــە فەرمانــدەری هــەرە گــەورەی خــۆی ڕەتکــردەوە کــە داوایــان کــرد بــواری لەشـــکری عوسمـــانی نـــەدرێت بـــە ئـــارەزووی خـــۆی بـــەرەو ئێـــران بێـــت و قسەی(دورمیش خانی شاملوو)ی خوشکەزای لەبەرچاوگرت کە پێشنیاری ئەو دوو فەرمانــدەرەی ڕەتکــردەوە، لەکاتێکــدا لــە ئــەنادۆڵ گەڕایــەوە و تــەنیا ویــستی کوردســـتان لـــە دەســـتی خۆیـــدا بهێڵێتـــەوە و بیپـــارێزێ. شـــا لـــە ئـــەنجامی ئـــەم تێشکانەدا میزاجی تێکچوو و تاقەتی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵـەتی نـەما و کــاری بــەڕێوەبردنی بــە پیاوەکــانی خــۆی ســپارد، تــا ســاڵی١٥٢٤ی زایــن لــە

[٧٣] بڕوانە: راجر سیوری، هەمان سەرچاوە، ل٣٦-٣٧.

تەمەنی(٣٧)ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هێندێك مێژوونووسیش بنەماڵەی سەفەوی بە کورد دەزانن[٧٤].

---

[٧٤] راجر سیوری لە (ایران عصر صفوی، ل١-٤)دا چەند گێڕانەوەیەکی لە بارەی بنەچەی بنەماڵەی سەفەوییەوە بەرچاو خستووە، وەك ئەوە کە گوایە (فیروز زرین کلاە)ی باپیرە گەورەیان کەوا لە سەدەی یازدەیەمی زایندا ژیاوە، لە (یەمەن)ەوە هاتوون یان بنەچەیان دەچێتەوە سەر ئیمام مووسای کازمی نەوەی ئیمامی عەلی. راجر ڕەخنەی لەم بنەچەیە و ئەو گێڕانەوانەیش گرتووە کە بنەچەیان دەباتەوە سەر تورك یا ئاری یان کورد -کە ئەحمەد کیسرەویی مێژوونووسی گەورە نووسیویە-. هەروەها راجر نووسیویە: بنەچەیان بەپێی لێکۆڵینەوەی تازە ئەوەیە کە لەوانەیە کاتێك (مملان)ی میری (ڕەوادی)ی کوردی کوڕی (وهسوذان) ناوچەی (ئەردەبیل) و (اران) و (مغان)ی لە ساڵی ١٠٢٥ی زایندا داگیرکردووە (یانی دەوڵەتی ڕەوادیی کوردی لە ئازەربایجان دامەزراندووە)، باپیرانی سەفەویەکان لەگەڵیدا بووبن. شایانی گوتنە، کوردەکە پێش ئیسلام و لە کاتی ئیسلامیشدا لە ناوچەی (ئەردەبیل) زۆر بوون و، ئازارنەدانی کوردەکانی (بلاسجان) و (ساترودان) و (سبلان) -واتە شاخی سبلانی ئێستا کە بەرزترین شاخی کوێستانیی ئازەربایجانە و بەرزیی (٤,٨١١مەترە)- کراوەتە یەکێك لە بەندەکانی سوڵح و ئاشتیی نێوان حاکمی ئازەربایجان و (خذیفة بن الیمان)ی نێردراوی (عمر بن الخطاب) بۆ داگیرکردنی هەرێمی ئازەربایجان کە مەڵبەندەکەی شاری ئەردەبیل بووە، وەك لە کتێبی (الخراج، ل٣٧٨)ی (قدامە بن جعفر)دا هاتووە کە ساڵی ٣٢٩ی کۆچی (٩٤٠-٩٤١ی زاین) کۆچی دوایی کردووە. جا نازانم هۆی ئەم بەندە تایبەتەی بەکوردەوە چیبووە.
مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٩/٦/١٢ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا لە بارەی بنەچەی بنەماڵەی سەفەوییەوە نووسیویە و گوتوویە: شێخ صفی الدین (اسحاق)ی کوڕی امین الدین جبرائیلی ئەردەبیلیی دامەزرێنی (تەریقەتی سۆفیەتیی صەفەوی) کە ساڵی ١٣٣٤ی زاین کۆچی دوایی کردووە، لە کوردەکانی گوندی (کەڵ خوران)ی نزیکی چیای سپەلان (یانی سبلان) بووە و (ابن بزاز)ی خەلیفەی کتێبی (صفوة الصفوة) (یانی صفوة الصفا)ی لە بارەی (صفی الدین)ەوە نووسیوە و گەلێك قەسیدەی کوردیی ناوبراوی تێدا هێناوەتەوە. دانەی دەستخەتی (ابن بزاز) لە (نامەخانەی میلیی تاران)ە. لە زەمانی (شا تەهماسب)دا دانەکانی ئەم کتێبە کۆکرانەوە و چەند بنەچەیەکی درۆ و هەڵبەستراوی بنەماڵەی سەفەویی تێهەڵکێش کران و پاشان چاپ کرایەوە. بەڵام دانەی دەستخەتی (ابن بزاز)یان بەردەست نەکەوتووە و ئەو شێواندنەی تێدا نییە. (احمد کسروی)ی مێژوونووس لەسەر بنچینەی ئەم کتێبەی (ابن بزاز) نامیلکەیەکی بە ناونیشانی (شێخ صفی و تبارش)ەوە -یانی نەسەب (بنەچە)ی شێخ صەفی- نووسیوە. ئاوندە شیعەکان هەر لەبەرئەوە (احمد کسروی)یان کوشت. شا ئیسماعیل وا دەچێتەوە سەر (صفی الدین): ئیسماعیل کوڕی حەیدەر کوڕی جونەید (چەند ساڵێك لە دیاربەکر ماوەتەوە) کوڕی ئیبراهیم کوڕی خواجە عەلی کوڕی صدر الدین مووسا کوڕی سفی الدین.
بنەماڵەی سەفەوی کورد بن یا نەبن، پاشاکانیان هەرە دڵڕەقترین و زۆردارترین حوکمدار بوون بەرامبەر بە کورد. شاکانی وەك شا عەباسی ملهوڕ کوشتار و بێ ئابڕوویی لە عوسمانیەکان زیاتریان بەرامبەر بە کورد کردووە.

شـەرەفخان لـە باسـی ئـەم شـەڕەی نێـو شـەرەفنامەدا درێـژەی بـەم زانیاریانـە نـەداوە، بـەڵکو هـەر لـە تابلۆکـەدا وێنـەیان کێـشراوەو دەقـاودەقی ئـەو زانیاریـە مێژووییانەیشن کە باسی ڕەوتی شەڕەکە دەکەن. وەك پێشتر گوتم: وێنەکێشی ئەم تابلۆیـە هـەر دەبـێ مێـژوونووس بـووبێ و زانیارییـەکی زۆری ڕاسـتەقینەو واقیعیـی لەسـەر ئـەم شـەڕە هـەبووبێ، چ لەسـەر جـۆری هێـزو دابەشـکردنی لـە مەیدانی شەڕدا و چ لەسەر کاریگەری و بێ هێزیی چەکی هەردوولا پێشتر ئەمەم کـردە بەڵگەیـەك یـانی بەڵگەیـەکی جێـی گومـانی(دليـل ضـمني) بۆئـەوەی کـە وێنەکێش شەرەفخان خۆیەتی.

# پاشکۆ

!

## سێ بینا لە کارەکانی شەرەفخان

ئێستا سێ بینا لە شاری (بدلیس)هەن، شەرەفخان دروستی کردوون:

**١- مەدرەسەی ( ئیخلاصییە ):**



شەرەفخان ساڵی ٩٩٧ی ك (١٥٨٨-١٥٨٩ی زاین) ئەم مەدرەسەیەی لە بەشی باکووری خۆرهەڵاتی شاری بدلیس ئاواکردووە، لەو شوێنە تەختە کە ناوی (گۆك مەیدان)ە و خەلیفە سەلیمی هیزانی لەوێ ئیعدام کراوە. ئەو شوێنە لەبەر ئەوەی جێی یاریی گۆك (گۆ) (الکرة والصولجان)ی کاتی

میرانی بدلیسی بووە، ئەم ناوە لەو مەیدانە نراوە. ڕۆژانی ١٢-١٤ی ئابی ١٩٧٧ کە وێنەی شوێنەوارەکانی شاری (بدلیس)م دەگرت و لەبارەیانەوە دەمنووسی، ڕۆژی سیازدەی چوومە گەڕەکی (گۆك مەیدان) بۆ دیتنی مەدرەسەی ئیخلاصییە کە شەرەفخان ئاوای کردووە. مەدرەسەکە بە شێوەیەکی جوان بە بەردو قسڵ کراوەو پێوانەکەی (٢٩×٢٢م) و دەرگاکەی لە باشوورەو نەخشێکی زۆر جوان لەسەر تەنیشتی دەرگای سەرەکی هەیە لەسەر بەردە سپییەکانی هەڵکۆڵدراوە و نەخش لەسەر دەوراندەوری پەنجەرەکان و سەر میحرابەکەی و لای دەرەوەیش هەن. هەر گۆشەیەکی مەدرەسە بورجێکی باریکی تێدا هەڵکەوتووە. سێ ڕیزە نەخش لەسەر هەر تەنیشتێکی دەرگا هەن، یەکەمیان مەیلە و وردە و بریتی‌یە لە سێ ڕیزی بەیەکەوە بەستراو. ئەم نەخشە کۆمەڵە ئەستێرەیەکی چوارین (نجمة رباعية)ەو، نەخشێکی وەك شانەی هەنگوین لە هەر گۆشەیەکیدا هەیە و شێوەیەکی چوارگۆشەیی وا لە ناوەڕاستی پانتایی نەخشەکەدا. سێ ئەستێرەیان دەکەونە تەنیشتی یەکدی. شێوەیەکی هەشتگۆشە لە پانتایی نێوان هەردوو ڕیزێکدا هەیە و، گوڵێکی شەشپەڕ وا لە ناوەڕاستیدا.



ڕیزە شریتی نەخشی ناوەڕاست -واتە هی دووەم- بریتی‌یە لە کۆمەڵە یەکەیەکی نەخشی ئەندازەیی تێهەڵکێش و بەیەکەوە گرێدراو. گوڵێکی شەشپەڕی لە نێوان هەردوو ڕیزێکدا هەیە. بڕێك نەخشی چوارگۆشە و نەخشی وەك شانەی هەنگوین لە شوێنی

یـەکتربڕینی هێڵـەکانی هـەر
یەکەیەکدایـە. ڕیـزە نەخـشی
ســــێیەم بریتیـیـــــە لـــــە
(گێڵوو)ەکان.

جۆرە نەخشێکی دیکە لەسەر یەکەمین ڕیزە بەردی کەوانەیی دەرگایش هەیە. مەدرەسە گومەزێکی گەورەی هەیە و، ڕەنگە ناوەوەیشی نەخشی هەبێ. بەڵام لەبەر ئەوەی دەرگاکەی کلیل درابوو، نەمتوانی بچمە ناوی و نەمزانی ناوەکەی چۆنە و چەند حوجرەی تێدایە. ناوی شەرەفخان و مێژووی ئاواکردنی بیناکە لە نێو دوو ڕیزە نووسینی بە عەرەبی و بە خەتی (ثلث) نووسراوی سەر بەردێکی درێژدان کە ئەمە دەقی نووسینەکەیە:

"أمر بعمارة هذه المدرسة الشرفية المشرفة الشريفة الموسومة بالاخلاصية الخالصة لوجه الله المنيفة أنشأها الأمير الكبير الاكرم الأمير الأجل الأعلم الأعظم الأعدل الأمير شرف خان بن المرحوم الأمير شمس الدين خان في حجة سبع و تسعين و تسعماية".



نووسینێکی (ثلث)ی جوان و بەشێوەیەکی خڕ و هونەری هەڵکۆڵدراو لەسەر هەر تەنیشتێکی دەرگای مەدرەسەدایە و بریتیی‌یە لە سێ ڕستەی (یا دیان) و (یا برهان) و (یا سبحان). هەردوو وشەی یەکەم چوارجار بە شێوەیەکی هۆنراوە نووسراوە و، ئەو هۆندنەوەیە شێوەیەکی چوارگۆشەیی پێ بەخشیوە. ڕستەی (یا سبحان) دوو جار لە ڕاست و چەپی ئەو چوارگۆشەیەدا نووسراوە و لەسەر هەردوو تەنیشتی دەرگادا دووپات بووەتەوە و ئەمە وێنەیەتی:



شایانی باسە شەرەفخان لە شەرەفنامەی دانەی (بودلیان)دا (پەڕەی ١٨) تەنیا ناوی مەدرەسەی (اخلاصیة)ی هێناوە و نەیگوتووە خۆی ئاوای کردووەتەوە و ساڵەکەی دیاری نەکردووە. بەڵام لە شەرەفنامەی چاپی قاهیرەدا (ل٤٥٥) شەرەفخان نووسیویە خۆی ساڵی (تسع و تسعین و تسعمایة) –واتە ٩٩٩ی کۆچی– ئاوای کردووەتەوە. ئەو مێژووە کە لە چاپی قاهیرەدا هاتووە

هەڵەیە و ڕاست ئەوەیە کە لەساڵی نۆسەد و نەوەد و حەوتدا بووە، وەك لەو نووسینەی سەر مەدرەسەدا بێژراوە. هەروەها نووسیویە مەدرەسەکەی لە تەنیشتی (زاویەء شمسیة) ئاوا کردووە، واتە خانەقای (شمس الدین) کوڕی (ضیاء الدین)ی ڕۆژکی کە ساڵی ٨٢٤ی ك (١٤٢١ی زاین) زیندوو بووە و لە لایەن ئەسکەندەری کوڕی قەرایووسفی قەرەقۆینلوویی‌یەوە کوژراوە. شەرەفخان بە هەڵە گوتوویە کوڕی حاجی شەرەفە، ڕاستتر ئەوەیە کوڕی (ضیاء الدین)ە، چونکە ناوی لەسەر دانەی دەستنووسی (منافع الحیوان)ی عوبەیدوڵڵا کوڕی جوبرائیل کوڕی (بختیشوع)ی پزیشکی دەوڵەتی کوردیی دۆستکیدا هاتووە و، دانەی سوڵتان مەحموودی غازانیی نەوەی هۆلاکۆ کە ئێستا لە نامەخانەی (مۆرگان)ە لە نیویۆرك نمرەکەی (m.٥٠٠)ە و (٩٩) تابلۆی تێدایە و، پاشان بووەتە موڵکی (شمس الدین) و ناوەکەی لەسەری بەم شێوەیەیە "برسم شمس الدین ابن ضیاء الدین الروشکی"و ئەمە وێنەکەیەتی:



ئەم دانەیەش لە نامەخانەی (شەرەفخان)دا بووە، چونکە سوودی لە یەکەمین تابلۆکانی وەرگرتووە لە تابلۆی (١٧)ی شەرەفنامەدا کە شەرەفخان وێنەی تەختی سوڵتان (عوسمان)ی لەسەر تەرزی تەختی سوڵتان مەحموودی غازانی کێشاوە، وەك لە کتێبەکەمدا (تابلۆکانی شەرەفنامە) باسم کردووە. بە پێویستم زانی ئەم هەڵەیەی شەرەفخان وەك خاڵێکی نوێ ڕاست بکەمەوە. شەرەفخان لە مێژووی سەرەتاکانی میرنشینی (بدلیس)دا تووشی چەند هەڵەیەکی دیکەیش بووە. ئێرە دەرفەتی باسکردنیانی تێدا نابێتەوە.

شایانی باسە ڕەحمەتی (عادل شەرەفخان) کە زانایەکی بەتەمەن بوو و کتێبێکی لەسەر مێژووی بدلیس داناوە تا ئێستا بڵاو نەبوەتەوە و برای (ضیاء) شەرەفخانە کە لەبەر کوردایەتی دەربەدەر بوو تا لە (قوبرس) کۆچی دوایی کرد دەوری ١٩٨٤. کاتێك لە بدلیس بینیم دوو پارچە پارەی دامێ و گوتی ئەمە پارەی یەکێکە لە میرانی بدلیس و نووسینێکی پڕگرێ و گۆڵ لەسەر ڕوودایە. وێنەیم ناردە دەزگای گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور (المؤسسة العامة للاثار و التراث) لە بەغدا و بۆ مۆزەخانەی بەریتانیایش و داوام لێکردن نووسینی سەر پارەکەم بۆ بخوێننەوە، بەڵام نەیانتوانی و، پاشتر خۆم توانیم بیخوێنمەوە کە بریتییە لە ناوی "شمس الدین" و بە شێوەی (طوغرا) و زۆر بە ئاڵۆزی نووسراوە و ئەمە وێنەکەیەتی.

ئەم پارەیە نموونەی لە مۆزەخانەی بەریتانیا و ئەستەمووڵدا نییە، وەك لە نامەی ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٢٤ی مۆزەخانەی بەریتانیادا هاتووە. چوار میری دیکەی (بدلیس)یش بە ناوی محەمەد کوڕی شەرەف و شەرەف کوڕی

محەمـەد و مـیر ئیـبراهیم کـوڕی محەمـەد و شـاه محەمـەد پارەیـان هـەبوە و وێنەیانم لەلا هەیە، هی میر ئیبراهیم نەبێ.

سێ گومەز لەبەردەم مەدرەسەی ئیخلاصییەی شەرەفخاندا لە یەك ڕیـزدا هەن و بە بەردی نەقاڕیی سپی و گەچ یا قسلْ ئاواکراون. ئەمانـە گومـەزی بنەماڵـەی میرانـی بدلیـسن. گومـەزی خۆرهـەڵاتیان گـۆڕی (ضـیاء الـدین)ی کوڕی شەرەفخان و باوکی عەبدال خانی بلیمەتی تێدایە کە ساڵی ١٠٣١ی ك (١٦٢١-١٦٢٢ز) -وەك نـاو و مێـژووی کۆچـکردنی لەسـەر کێلەکـەی نووسراوە- کۆچی دوایی کردووە. گومـەزی ناوەڕاستیان گـۆڕی (بدرالـدین خان)ی کۆچکردووی سالْی ١٠٨٤ك (١٦٧٣-١٦٧٤ز)یە کە کـوڕی عەبدال خانـە و، گـۆڕی (داودئاغـا)ی کـوڕی (عومـەر خـان)ی کۆچـکردووی سـاڵی ١١٩٤ك (١٧٨٠ز)شـی تێدایـە. گومـەزی خۆرئاوایـان چـەند گـۆڕێکی تێدایـە وەك گـۆڕی (ڕابیعـە خـانمی کـچی مـەحموودی خـان بـەگ)ی کۆچـکردووی ساڵی ١٠٦٤ك (١٦٥٣-١٦٥٤ز) و گۆڕی (ڕوقیـە خـانمی کـچی عـەلی بـەگ)ی کۆچـکردووی سـاڵی ١٠٩٩ك (١٦٨٤-١٦٨٥ز) و گـۆڕی (سـلێمان کـوڕی مەولانا مەحموود)ی تێدایە.

هەنـدێك گـۆڕی ئەرمـەنیان لەبـەردەم مەدرەسـە و لـەلای ئـەم گومەزانـەن، نووسینی ئەرمەنی لەسەر کێلیانە. واتە ئەمە گۆڕستانێکی هاوبەشی کورد و ئەرمەنە.

باســـی شـــوێنەوارەکانی دیکـــەی شـــاری (بـــدلیس)م لـــە کتێبـــە دەستنووسەکەمدا (گەشتەکی ئارکیۆلۆژی و د کوردستانا باکووردا، هاڤینا ١٩٧٧) کە ٨٤٤لاپەڕەیە، نووسیوە.

٢- خان:

شەرەفخان ساڵی ٩٩٢ك (١٥٨٤ز) خانێکی لەلای خوارووی ژێر قەڵای گەورەی بدلیس و نزیك بە مزگەوتی گەورەی کۆنی بدلیس بەلای خۆرئاوایەوە ئاواکردووەتەوە. وا بزانم دەکەوێتە تەنیشتی ئەو مزگەوتە. خانەکە کۆمەڵە دووکانێکی تێدایە و کاتێك من دیم عەلافخانە (عەلوە)ی دەخڵ و دان بوو. خانەکە ڕووی لە باکوورە و دەرگای فراوانە و کەوانی دەرگاکە چەماوەیەکی سادەیە و بە بەردی نەقاڕیی سپی و گەچ یا قسڵ ئاواکراوە و زۆر قایم و مەحکەمە و ئەمە وێنەیەتی:



وێنەی شێرێك لەسەر هەردوو تەنیشتێکی دەرگا (چوونە ژوورەوە) و لەسەر بەردێکی داتاشراوی گەورە هەیە. شێرەکە بە پێوەیە و لە دۆخی ڕۆیشتندایە و دەمی کردووەتەوە. هەردوو شێر بەرامبەر بە یەکدین.

بەردێك لە بەردەکانی دیکەی خانەکە سپیترە کە ڕەنگە مەڕمەڕ بێ، لە هنداوی کەوانی دەرگادا هەیە و ئەم نووسینەی لەسەرە:



"سلطان هو الأمير الأعدل الأفضل الأشجع الأكمل (مبارز؟) الدين شرف خان بن الأمير شمس الدين الروشكي لسنة اثني و تسعين و تسعماية"

ئەمەیش وێنەیەتی:



جێی باسە شەرەفخان لە شەرەفنامەدا باسی ئەم خانەی نەکردووە.

٣- حەمام:

شەرەفخان لە خوارووی قەڵا و لە خۆراوای خانەکەی و بەرامبەر بە مزگەوت و گومەزی سەر گۆڕی شەرەفخانی باپیری، حەمامێکی ئاواکردووە. بەڵام پاشتر تەعمیرکراوە و، ئەگەر نووسینی لەسەر هەبووبێ ئێستا نەماوە. شەرەفنامە باسی ئەم حەمامەیشی تێدا نییە. بەڵام عادل بەگ بە منی گوت: لە لایەن شەرەفخانەوە ئاواکراوە و ڕەنگە زەمانێك نووسینی لەسەر هەبووبێ. ئەمەیش وێنەیەتی:



## پاشكۆی (٢)

### بەڵگەنامەیەك لەبارەی "شەرەفخان"ـەوە

ئەم بەڵگەنامەیە بریتی‌یە لە فەرمانێکی سوڵتان موورادی سێهەم (١٥٧٤-١٥٩٥ز) بۆ سەردار فەرهاد پاشا لە وەڵامی نامەیەکی ئەودا کە فەرهاد پاشا تێدا باسی دەوری شەرەفخانی کردووە لە شەڕی ڕەوان (ئیرەڤان)دا لەگەڵ گرنگی ستراتیجی بدلیس کە ڕێگای گەیاندنی پێویستیەکانی هێرشەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر ئێران و قەفقاسیا و لە کۆنەوە ئەم گرنگیەی هەبوو بۆ هاتوچۆکردن.

لەم بەڵگەنامەیە هەست دەکەم کە فەرهاد پاشا کە فەرماندەی هێزی عوسمانی بوو لەو هێرشەیدا بۆ سەر ئەرمینیا و گورجستان لە ساڵی ٩٩١ك (=١٥٨٣ز)دا —لە نامەکەیدا بۆ سوڵتان پێشنیاری کردبێ سنجاغا (موشێ) لەگەڵ هەردوو ناحیەی گاڤار (کوار) و (کارچکان) لە قەزای (ئاختەمار)ی سەر بە ولایەتی وان بدرێتە شەرەفخان لەبەر گرنگی دەوری لەو هێرشەدا و ڕەنگە داوای قەزای ئاختەماریّ هەمووشی کردبێ چونکە هەندێ جار سەر

بەو بووە وەك لە كاتی شەرەفخانی باپیری شەرەفخاندا و شوێنی نیزاع بوو لە بەینی میرنشینی روشكی (بدلیس) و میرنشینی هەكاریش بەڵام هەست دەكرێ كە سوڵتان پێشنیاری (فەرهاد پاشای سەردار) بەنیسبەت موشەوە پەسەند نەكردبێ چونكە لە فەرمانەكەدا هاتووە كە موش دەبێ بدرێتە احمدی كوڕ بەگلەربەگی موش كە لەژێر دەستی باوكیدا بووە بەڵام پێشنیاری بە نیسبەت كاركار و كارچكان پەسەند كردووە كە بدرێتە شەرەفخان و بخرێنە سەر ویلایەتی بدلیس.

شەرەفخان خۆی لە شەرەفنامەی دەستخەتی خۆیدا (لاپەڕە ١٥٤)دا نووسیویە كە فەرهاد پاشا ڕەوانی داگیر كرد لە (٩٩١ك)دا ئەو لەگەڵ میری میرانی شام حسن پاشای نارد بۆ لای تەفلیس و گورجستان بۆ گەیاندنی پارە و ئازوقە بۆ لەشكری عوسمانی و هەندێ خزمەت لە منیان دیت ئیتر ناوچەی موش درا پێم لەگەڵ دووسەد هەزار ئاقچە كە تەرفیعم پێكرا و خراوەتە سەر بدلیس و مەجموعی مەعاشم گەیشتە بیست و چوار بار سەد هەزار ئاقچەی عوسمانی "بیست و چهار (بار) صد هزار اقچه عثمانی شد".

لە شەرەفنامەی چاپی قاهیرە (ل٥٨٤)دا هاتووە كە گوندەكانی ئەرازی سوڵتانی (خواص)یش دراوەتە شەرەفخان و هەروەها نووسیویەتی مەجموعی (خواص)ی گەیشتە چوارسەد و دەبار هەزار ئاقچە "چهار صد و دەبار هەزار اقچه عثمانی شد".

وشەی (بار) لێرەدا (مصطلح)ێكی پارەیی‌یە یانی (بارە ئاقچە) كە بە توركی عوسمانی (یوك)ـە. بارە ئاقچەش (یوك) سەد هەزار ئاقچەیە (١,٠٠٠٠٠) " یانی ئەو پارەی دەوڵەت (تخصیص)ی كردووە بۆ مەسروفاتی میری روشكی شەرەفخان لە ساڵێكدا بەپێی دانە دەستنووسەكەی شەرەفنامەی بودلیان بیست و چوار سەد هەزار (بیست و چواربار) ئاقچە بووە یانی دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار ئاقچە.

وشەی (بار)یش لە نێو دێڕەکەدا نەنووسراوە بەڵکو سەرو دێڕەکە لە هنداوی نێوان هەردوو وشەی "چهار صد" نووسراوە تا بزانرێت حیسابەکە دەبێتە (بیست و چوار بار ئاقچە). ئەگەر لێرە (بار) بە مانای (جار)یش مانای بکەین هەر جائزە کە بە کوردی دەبێتە (بیست و چوار جار سەد هەزار) بەڵام هەر مەخسەدی شەرەفخان مانای یەکەمەو وشەی (بار) کە بە تەنیایی لە سەرو دێڕەکەی نووسیویەتی بۆ (تأکید) لەسەر دروستی مەبلەغەکەیە و ئەگەر (بار) لە نێو دێڕەکەدا نووسیبا تەنیا دەی نووسی (بیست و چهار بار اقچەء عثمانی شد). و (صد هزار)ی نەدەنووسی چونکە زیاد بوو.

بە نیسبەت چاپی قاهیرە وشەی (هزار) زیدە نووسراوە و نووسینی هەڵەیە بەڵکو ڕاستەکەی دەبا وەها بایە (چهار صد و دە بار اقچە ء عثمانی شد)کە دەکاتە یەك ملیۆن و چوارسەد ئاقچە.

ڕەحمەتی هەژار موکریانی لە تەرجەمەی شەرەفنامە (ل٧٨٤)دا وشەی (بار)ی هەر لابردووە و نووسیویەتی "چوارسەد و دەهەزار ئاقچە..." کە ئەمە هەڵەیە.

وەها جیاوازی لە نێوان هەردوو دانەی شەرەفنامەدا هەیە بە نیسبەت ئەو پارەی دەوڵەت ساڵانە بۆ مەسروفاتی میر روشکی بڕێویەتیەوە و بەو پارەیە دەووترا خەواس (خواص) و هەر میرنشینێکی کوردی (خواس)ی بۆ بڕابوو و بەڵام وشکە پارە نەدەدرایە پێیان بەڵکو ئەو پارەیە لە داهاتی دەوڵەت لەناوچەکانی هەر میرنشینیەك دابینی دەکرد لە داهاتی ئەرازی پادشایی (خواص- خواص همایونی) و ئەمیری و گومرك و دەیەك و باج و خەراجی دیکە و ئەوەی دیکە لە داهات دەنیردرا بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

میرەکان پلەی "خاص"یان هەبوو کە لە پلەی "زەعامەت" بەرزتر بوو کە دەخلی ساڵانەی لە سەد هەزار ئاقچە و بەرەو ژوورتر بوو جاریش هەبوو لەباتی پارە گوند یان زەوی و زاری بەربڵاوی ئەمیری یان پادشایی دەدرایە میرەکان لەباتی پارە و بە شێوازی دەرەبەگی عەسکەری.

## وێنەی بەڵگەنامەکە:

ئەم بەڵگەنامەیە کە دانەی ئەسڵیی لە مەبەندی بەڵگەنامەکانی عوسمانیی‌یە لە ئیستەمبول لەژێر نمرەی (مهمە دفتری ١٩/٥٢) -مێژووی لەسەر نییە بەڵام ئاشکرایە کە پاش تەواوبوونی شەڕەکە نووسراوە و موش نەدراوەتە شەرەفخان جا دەبێ پاش دەرچوونی ئەم فەرمانە هەوڵێکی دیکە درابێ تا موش درابێ پێی لەم بارەیەوە ئیشارەت بۆ پەراوێزێك دەکەم کە لەسەر پەڕەی (١٥٤)ی دانەی دەستنووسەکە نووسراوە: لە کەسانی باوەڕپێکراو زانراوە لە بارەی خستنەوەی موش بۆ سەر بدلیس کە شەرەفخان "رجانامە"یەك نڤیسییە بۆ دەرگەها بلندا دەولەتێ و تێدا چەندین عبارەتی وەك (دوڕ)ی خەرج کردووە و تێدا ئەم "چار خانەء یاقوت"ی بێ هەمتا یانی چوار نیو دێڕە شیعر نڤیسیە کە ئەڤێن هەنە:

"بدلیس هسر سنگ است مرا بی‌موش چو جای موش تنگ است مرا
موش و هزار گوربە چشمان دەرپی باشیر دلا همیشە چنگ است مرا

یانی بدلیس وەك بەردی ڕەقە بۆ من بەبێ موش وەکو کونەمشك تەنگە بۆ من موش و هەزار پشیلە چاو لە دووای ئەوە. لەگەڵ کەسانی ئازادا هەموو کاتێ (لەسەر موش) لە شەڕدامە. (موش) بە فارسی بە مانای (مشك) و لێرەدا (تورية)ە. (هەسر) بە فارسی ساهۆڵی ڕەقە کە بەڕێز برای فارسی زان کاك حسن عبدالکریم کە ئەم دوو دێڕە شعرەی دیوە دەڵێ (مسیر) نییە وەك لە پەراوێزەکەدا هاتووە بەڵکو (هسر)ە جا دەبێ ئەو نامە جوانەی

شەرەفخان بە تایبەتی ئەو چوار خانەی یاقوت تەئسیری لە سۆزی سوڵتان موراد کردبێ و موشی بەخشیبێ پێی. هیوادارم ڕۆژێك ئەو نامە لە ئەرشیفی عوسمانیدا بەردەست ببێ کە دووسەد و پەنجا ملیۆن بەڵگەنامەی عوسمانیی تێدا هەیە بەڵام تا ئێستا تەنیا دەوری سی ملیۆن تەنزیم کراوە و بەردەستە بە باش دەزانم بڵێم ئەم بەڵگەنامەیە بە شێوەخەتی (سیاقت)ی



سەختی عوسمانی نووسراوە کە زۆر لە بەڵگەنامەکانی سەدەی شازدەهەم بە (سیاقت) نووسراون. لە لای منەوە هاتووەتە خوێندن و لەلای مەلا احمدی برامنەوە تەرجەمە کراوە. بەڵگەنامەکانی ئەو کاتە و پاش ئەوەشی لە ڕوویی ئینشایەوە بەنیسبەت ئیمڕۆمان ناخۆش و (رکیکە) و لە تەرجەمەکەشیدا کە تەرجەمەی حەرفی‌یە ڕەنگی داوەتەوە.

ئەمە دەقی بەڵگەنامەکەیە و نووسینی "۱۹ با خط همایون" لە ئەسڵەکەید نییە:

"سرداره حکم که مکتوب و ندروب بتلیس حاکمی شرفخان دام علیاه ایچون روان سفرینه بیله کلوب واقع اولان محاربەلرده و بتلیس قرینه ایصالن ممکنه خدمت ایدوب قدیمدن یوروی اولوب بتلیس ایالتنده بوتن اولنان موش سنجاغی بکه اوغلی تصرفیت در کندوایله بیله ایتمك اوزره بتلیس ایالتنده صلحه اولنوب کندویه و یرلمین و سابقا عادلجوازه تابع اخلاط ناحیەسی و وانن اختمار قضاسنه تابع کوار و کارچیکیان ناحیەلریکن اسلامیه قریەلری و سپاهیلری مشار الیهکن قبایله و عشایرندن اولمغله ذکر اولنان ناحیەلر اسلوب سابق اوزره بتلیس ایالتنه تابع اولوب زعما وارباب تیماری نخجوان محافظه سنه تعیین اولناسن و اوغلنی احمد دام عزه بالفعل موش سنجاغنه اکیوز سکسان بیك اقچه ایله متصرف اولوب نحجوان بعنایه الله تعالی فتحی میسر اولوب بکلر بکه تعیین اولنجه یتمش بیك مثله مزبور اوغلنه سنجاق طریق ایله و یرلمین و لواء بتلنسك و ذکر اولنان نواحی کن متل و مشوش نیجه احوالی اولوب کەبر مدین محتاج اولمشدر تحریر و توزیعی مشار الیهیه فرمان اولنورسه خواص همایونه و میری یه بش یوك اقچەسی ویوز نفر بتلیشس احصار زیاد ینه ظهور ایدن فرازدن علوفەلری خزینەیه قالمق اوزره تیمار ویروب برفرد فنکی اولمیەدن تعهد ایلدوکن بلدرمش سن ایمدی اول جوابکن جمله اموری یازك ارای صایبه و افکار ماەکون تفویض اولنمشدر وجه معقول ایله عملك ایلمیك امرایدوب بیورلدم که

وصول یولدقده بوبابده وجه معقول نه ایسه موجب ایله عمل ایلیوب مملکتك نظم و انتظامنه ورعایا و برایاکن رفاه حالنه نافع اولان ذلیله کدروب تفرقه و اختلاله باعث اولدر خصوصلر ادلمیوب وجه و مثابر اولدوغی اوزره (عملدن) ایلیه‌سن".

**کوردیەکەی:**

فەرمان بۆ سەردار کە نامەیەکی ناردووە و تێیدا وتوویە: بۆ ئەوەی مەزنایەتیی شەرەفخانی حاکمی بدلیس بەردەوام بێ، کە لە شەڕی (ڕەوان) گەڕایەوە، لەو شەڕانەدا بەشدار بوو. بدلیس ڕێی گەیاندن و بۆ خزمەتکردن خۆش بووە، لە پێشەوە ڕێگای هاتوچۆ بووە.

سنجاغی (مووش)ی سەر بە ئەیالەتی (بدلیس)، بخرێتە ژێر دەستی بەگی بدلیس و، لە بدلیس بپچڕێنرێ و بەخۆوە گرێ بدرێ. لە پێشەوە ناحیەی (خەلات)ی سەر بە (عادلجواز) و قەزای (ئەختەمار) و ناحیەکانی (گاڤار)[1] و (کارچکان)وی وان و گوندە موسڵمان نشینەکانیان و سوپاهیان[2] و هۆز و عەشیرەتە ناوبراوەکان و ناحیە باسکراوەکان لەسەر ڕێوڕەسمی پێشوو دەبنە بەشێکی ئەیالەتی بدلیس. زوعەما[3] و خاوەن (تیمار)[4]ەکان بۆ پاراستنی (نەخچەوان) دادەمەزرێنرێن.

---

[1] گاڤار (کوار) ناحیەی گاڤار دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناحیەی کارچکان لە قەراغی باشووری دەریاچەی وان و باشووری ڕۆژهەلاتی (شاری تەتوان)ی سەر قەراغی ڕۆژئاوا و کۆتایی دەریاچەکە. مەڵبەندی ئێستای ناحیەی گاڤار (کورتکان)ە. ئێستا گاڤار گوندێکە. مەڵبەندی ناحیەی کارچکان (ڕەشادی)یە و هەردووش لە قەزا (تەتوان)ن. بڵندی چیاکانی (٢٦٥٠م)ە.

[2] سوپاهی: تاقمە لەشکرێکی سوارەیە سەر بە میر و بەگەکانە لە دارودەستەی (دەرەبەگی عەسکەری)یە و مووچەیان لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرێ لە داهاتی زەوی‌وزاری دەوڵەت (ئەمیری) و، خاوەن تیمار و زەعامەت فەرماندەکانی هێزی (سوپاهی)ن.

[3] زەعامەت: پلەیەکی دەرەبەگی عەسکەری (اقطاع عسكري)یە، داهاتی ساڵانەی زەعیم لە (٢٠,٠٠٠-٩٩,٩٩٩) ئاقچەیە.

مەزنایەتیی ئەحمەدی کوڕی بەردەوام بێ، ڕاستەوڕاست دووسەد و هەشتا هەزار ئاقچە[5] بخرێتە خزمەتی سنجاغی مووش. ئازادکردنی نەخچەوان بە کەرەمی خوای گەورە ئاسان ببێ و، لێپرسراوی ئیداری دابنرێ و حەفتا هەزاری وەك ئەو[6] لە ڕێی سنجاغەوە بدرێتە کوڕی ناوبراو. لیوای بدلیس و ناحیە باسکراوەکان، لەبەر ئەو ناخۆشی و خراپکارییە کە لە لیوادا پەیدا بووە، پێویستە قەرزێك بکرێ بڕیار بۆ ناوبراوان بنووسرێ و بڵاو بکرێتەوە و پێنج بار ئاقچە لە زەوی و زاری سوڵتان و ئەمیری بدرێ. وەکوو هێژا مەرامیەتی سەد نەفەری زیادەی بدلیسی دەرکەوتن ئازووخە و ئالیکێ کە لە خەزێنەی دەوڵەتدا ماون، لەگەڵ تیماردا، بدرێن[7].

وەڵامی ئەم فەرمانانە کە تۆ نووسیوتن و پێشنیاری ڕاستی تۆ و بیر و هزری وەك مانگ و ڕۆژی تۆ هاتنە پەسەند کردن. ئیش بە شێوەیەکی بەجێ بکرێ. من بڕیارم دا و نێردراوە و بەڕێوەیە. لەم بارەیەوە چی ڕێگەیەکی ماقووڵ و پێویست هەیە بۆ ڕێکوپێکیی وڵات جێبەجێ بکرێ و ببینرێ و

---

(٤) تیمار: پلەیەکی دەرەبەگیی عەسکەری بوو، داهاتی ساڵانەی خاوەن تیمار (١٠,٠٠٠-١٩,٩٩٩) ئاقچە بوو و، ئەم پارەیە وەك پارەی خودانی (زەعامەت) لە داهاتی زەوی و زاری ئەمیری بوو.

(٥) ئاقچە پارەیەکی زیویی بچووك بوو، دووەم سوڵتانی عوسمانی ئۆرخان (١٣٢٦-١٣٥٩) دەریکرد و سوڵتان محمموودی دووەم لە (١٢٣٤ك= ١٨١٨-١٨١٩) بەتاڵی کردەوە. کاتی نووسینی ئەم بەڵگەنامەیە چل ئاقچە یەك قوروش بوو، چونکە نرخی لە کاتی سوڵتان مورادی سێهەمدا زۆر دابەزیبوو. لە کاتی شەرەف خاندا دوازدە ئاقچە یەك (مثقال)ی زیو بوو.

(٦) مەبەست لە (وەك ئەو -مثله)، یانی ئاقچە.

(٧) لێرەدا ڕستەیەك هەیە بۆم تەرجەمە نەکرا.

ڕێ بە دووبەرەکی و داماوی و شەڕ و شۆڕی ناوخۆ نەدرێ بۆ شادی و بەختەوەری و سوودی میللەت. بۆ بەردەوامیی هەریەکە لەوانە کاربکەن.

## عەریزەی شەرەفخان

شەرەفخان ئەم عەریزەیەی لە "سنة احدى و الف"دا، یانی ١٠٠١ك (١٥٩٢-١٥٩٣ز)، نووسیوە. بەڵام مێژووی ڕۆژ و مانگەکەی لەسەر نییە. دوور نییە مێژووی تەواوی لەسەر زەرفەکە نووسرابێ، چونکە ئەو کاتانە زۆرجار مێژوو و ناوی ئەو کەسانە کە نامەیان بۆ دەنێردرا، لەسەر زەرف دەنووسران. شەرەفخان عەریزەکەی بۆ سوڵتان مورادی سێهەم نووسیوە، ئەگەرچی ئەمە لە ئەسڵی عەریزەکەیدا نییە. بەڵام بە پوختە و پێشکەشکردنەکەیدا بە سوڵتان کە لایەنێکی ڕەسمی کردوویە، ئەمە ئەزانرێ و، ئیمزای شەرەفخان "بندە شرف"یش لە کۆتاییەکەیدا هەیە و، مۆرە شێوە هێلکەییەکەی خۆیشی لە پشتەکەی داوە و نووسینەکەی ئەمەیە: "راجي لطف الحي شرف"، وەك لە شوێنێکی تردا وێنەی هێنراوەتەوە.

عەریزەکە بە تورکییە، نازانم دەستخەتی خۆیەتی یا یەکێکی تر نووسیویە و خۆی ئیمزای کردووە و مۆری لێداوە. زۆریش ڕێی تێدەچێ مێژووەکەی لە دامێنی پەڕەی پوختە و پێشکەشکردنەکەدا دەستخەتی ئەوبێ. دانەی ئەسڵی عەریزەکە بە نمرە (A.NST/١١٣٨) لە مەڵبەندی بەڵگەنامەی عوسمانیی ئیستەمبوڵە.

شەرەفخان، داوای وەزیفەو بەرزکردنەوەی بۆ پەنجاو حەوت کەس کردووە، لەوانە ضیائوددینی کوڕی کە پلەی (زەعامەت)ی هەبوە، داوای پلەی (قپو متفرقلغی)ی بۆ کردووە کە وەزیفەیەکی سەر بە دەربار (بلاط)ی

سـولْتانه، واتـه دەرگـەوانی بـلاو، کـاتی شـەرەفخان و ئـەم عەریزەیـە، وەك ئەحمەد ڕاسم نووسیویە[8]: (١٢٨٦٠)کەس لە دەرگەوان و پاسەوان و کاتب و چـەندین تـاقمی تـر، سـەر بـە دەربـاری سـولْتان مـورادی سـێهەم بـوون. نـاوی (درگاه علی متفرقلری)ش لە ناو ئەو تاقمانەدا هێنراوە. مەبەستی شـەرەفخان ئـەم وەزیفەیە بووە کە لە ئیستەمبووڵ کراوە.

شــەرەفخان، داوای (زەعامــەت)ی بــۆ کــوڕێکی دیکــەی کــردووە. لــە پوختەکەدا نووسراوە: زەعامەتی بۆ دوو کوڕی خۆی ویستووە کە هەڵەیە و، ئەو جووتە عەلیخان و مستەفای کوڕانی خەڵەف بەگی برای شەرەفخانن. هەروەها کە وتراوە تاقمی بدلیس سیازدە کەسن، ڕاست نییە، بەڵکە حەڤدە کەسن. ئەوانەی تریش بیست و پێنجن، نەك بیست و چوار، کە داوای پلەی یەکەمی تیماری لە هێزی سوارەی سوپاییدا کردووە، یاخود چوار ناو پاش نووسـینی عەریزەکـە تێهـەڵکێش کـراون، کـە سـیانیان ناویـان "عثمـان"ە و یەکێکیش (متفرقه)یە.

ئەم هێزە (سوپاهی)یە سوارییە ڕەسمییەی لای دەوڵەت، بەشێکی هێـزی میرنشینی (ڕۆژکی)ی ژێر فەرماندەیی گشتی شەرەفخان بووە و، فەرماندەی بەشەکانیشی ئەو کەسانە بوون کە پلـەی (زەعامـەت) و (تیمـار)یان هـەبوە و مووچەیان لە لایەن دەوڵەتەوە لە داهاتی زەوی‌و زاری پادشایی (خـواص) و ئـەمیری و بـاج و خـەراج دەدرا، بەرامبـەر بـەوەی کـە کـاتی شـەڕ بەشـداریی شەڕەکان بکەن و یاریدەی هێزی دەوڵەت بدەن.

بایـەخی ئەم بەڵگەنامەیـە لەوەدایـە کـە نـاوی چەندین پلـەی عەسکەریی سـوپایی تێـدا هـاتوون، لەگـەڵ نـاوی دوو کـوڕی شـەرەفخاندا کـە یـەکیان ضـیائوددینی بـاوکی عەبـدالخانی بلیمـەت و ئـەوی تـر "سـەیدی"یـە. ئـەو

---

[8] عثمانلی تاریخی، ب٢، ل٤١٩-٤٢١.

سەیدییە، یەکەمین جارە ناوی بکەوێتە بەرچاومان. ناوی دوو برازای شەرەفخان، عەلیخان و مستەفا، لەگەڵ ناوی پەنجاو سێ سەربازی شەرەفخاندا هێنراون.

ئەمە پوختە و پێشکەشکردنەکەیەتی:

"بتلیس حاکمی شرف خان قوللرینك رجاسی دفتریدر[٩]

بر نفر اوغلنه متفرقەلق وایکی اوغلنه زعامت و برادمنه چاوشلق واون نفر سوپاهییه ترقی. اون اوچ نفر بتلیس قوللرینه ثلثان اوزره تیمار و یکرمی درت نفرن ابتدا.



سعادتلو پادشاهم مشارالیه قوللری قدیمدن یوقار و جانبه تابع خان اوغلی خان ایکن بوجانبه خلوص قواد ایله اطاعت ایدوب واقع اولان شرق سفرلرین کلی عشیرتیله سفرلیوب خدمت ایتمش قرللری اولوب رجالری دخی کلی دکلدر ایچندە همان بر اوغلنه متفرقەلق و برچاوشلق رجا ایدر رعایتی واجب قوللریدر رجاسی رچای همایونلرنه موافق اولوب بالفعل عنایت بیورلماز ایسه دوشتدن بیورلمق پابندە فرمان سعادتلو پادشاهمکدر

سنه احدی والف"

---

[٩] (دەفتەر) لێرەدا و لە دەقی عەریزەکەدا مانای (لیست-لیستی ناوەکان)ە نەك سجل.

## وێنەی ئەسڵی عەریزەکە :



**دفتر مرعيات بنده كه**

**بو بنده لرينك اوغللرندن بالفعل زعامته متصرف اولان ضياء الدين مزبور قوللرى كلوب درسعادتده خدمت ايتمك ايچون قپو متفرقه لغى رجا اولنور.**

**بنه بو قوللرينك بنده زادەلرندن سيدى مزبور قوللرينه قانون اوزەره زعامت ايچون امر شريف رجا اولنور**

**بو بندەلرينك برادرى خلف بك قوللرينك اوغللرندن اولان عليخان و مصطفى مزبوران قوللرينه قانون اوزره زعامت و تيمار ايچون امر شريف رجا اولنور محمد برسپاهيان موشى هرزمان درسعادتده اوجاق بكلرينك[10] (برر أدمنه اركان) چاوشلغى وبرله كلوب ادملر مزدن چاوش اولان شهاب چاوش فوت اولماغن بيرى مزبور محمد قوللرينه رجا لولنور.**

| | |
|---|---|
| **مضفرالدين** | **زعيم** |
| **حسين** | **زعيم** |
| **برهان** | **زعيم** |
| **محمد** | **سپاهى** |
| **كنولە** | **سپاهى** |
| **مهدى** | **سپاهى** |
| **على** | **سپاهى** |
| **على ديكر** | **سپاهى** |

---

[10] **اوجاق بگلريكن: ئەو كەسەی قەڵا یان ڕێگا دەپارێزێ. مەبەست فەرماندەی ئەو هێزەیە.**

الغ خان            سپاهی

سفر            سپاهی

مـذكورون زعمـا و سـوپاهی قوللرينـه قـانون اوزره ترقـی ايـچون امـر شريف رجا اولنور

جماعت بدليس

بر عثمان

ل٤

حسين نام ١٢

ل٧علی نام ١٢

ل٩ محمد نام ١١

تەرجەما ئەسڵی عەريزیٚ:

ل١٤ رستم نام ١٣

ل١١ نسيمی ١١

ل٩ حق زكر نام ١٩

ل٤ حسين نام ١٤

ل٦ يوسف قول ١٦

ل٤ درويش(بشاری؟) ١٢

ل٥ پولاد احمد ١٥

ل٣ احمد نام ١٦[١١]

بر عثمان (وار؟)[١٢]

---

[١١] نازانم مەبەست لە ژمارەكانی سەر و ژێری ئەو ناوانە چییە؟ ئايا نمرەی ئەوانەيە كە لە ڕيزی سوپادان.

[١٢] واتە يەك عوسمان هەيە.

ل٤١ بداق چاوش ١٦

بر عثمان (وار؟)[١٣]

(فنا؟) ابراهيم ٢٢

بر متفرقه‌و (بيرنز؟)

مذكورون قوللرينه ثلثان دن تيمار ايچون امر شريف رجا اولنور

عثمان نام

يوسف وليخان

احمد نام

مراد محمود

حسين ابدال

عبدالغنى نام

حسين نام

محمد ابراهيم

محمد عبدالله

يوسف لطفى

على درويش

محمد قلندر

خضر نام

عماد محمد

و بداق محمد

خوش كلدى

عمر بكر

---

(١٣) واته یەکێك بەناوی عوسمانەوە هەیە.

مصلی نام

علی نام

فرهاد نام

علی جهانکیر

حاجی نام

محمد نام

موسی ابراهیم

محمود عبدالله

مذکورون قوللرینه قانون اوزره ابتدادن تیمار ایچون امر شریف رجا اولنور

بندەشرف

ئەمە کوردیی عەریزەکەی شەرەفخانە کە مەلا ئەحمەد یووسف لە تورکییەوە کردوویە (پوختە و پێشکەشکردنەکە):

ئەوەی هیوای شەرەفخانی حاکمی بدلیسی بەندەی تۆیە کە (متفرقەیی) بۆ کوڕێکی و زەعامەت بۆ دوان و چاوەش بۆ پیاوێکی و بەرزکردنەوە بۆ پلەی سوپاهی بۆ ۱۰ پیاوی و پلەی دووەم بۆ سیازدە پیاوی بدلیسی و سێیەکی تیمار بۆ بیست و چوار نەفەری سەرەتایی دابین بکرێ.

پاشای بەختداری من، بەندەی تۆ لە کۆندا ناوی هاتووە کە لایەنگری ئێوەیە و خانی کوڕی خان و دڵسۆز و ملکەچی ئێوە بووە و، بە هەموو خێڵەکەیەوە بەشداریی شەڕی ڕۆژهەڵاتی کردووە. هیوای ئەوەیە دیسان پلەی موتەفەریقەیی بدرێتە کوڕێکی و چاوەشی بە یەکێکی تری. ئەرکی بەندایەتیی ئەوەیە کە بە ئومێدە جێی ڕەزامەندیی پاشا بێ. ئەوی ڕاستی بێ بەخشندەیی و چاکەی ئێوەی بە فەرمانی پاشای خاوەن مەزنایەتییەوە گرێداوە.

وەرگێڕانی دەقی عەریزەکە:

لیستی پەسندکراوی خزمەتکار

بۆ کوڕانی ئەو بەندانەی تۆ کە بە ڕاستی پلەی زەعامەتیان هەیە، ضیائوددین هیوایە بێتە دەرگای شادی بۆ خزمەتکردن وەزیفەی (دەرگەوانی موتەفەریق)ی بدرێتێ.

ئەم بەندەیەی کوڕی من "سەیدی"ی خزمەتکارە، بۆ ئەو بەندەیە کە ناوی هێنراوە، ئاواتە خوازی زەعامەتین بە پێی یاسا و فەرمانی شەریف. عەلیخان و مستەفای برازایانم کە کوڕی خەڵەف بەگی بدەن، ئەو بەندانە کە ناویان هاتووە، هیوای پلەی (زەعامەت) و (تیمار)یان بە فەرمانیشەریف بۆ ئەخوازرێ.

محەمەد یەکێکی سوپاهیانی مووشە هەموو کاتێ یەك یەك لە پیاوانی ئەوان لە دەرگای شادی (بەگلەربەگی ئۆجاق) پلەی چاوەشی هەبوە. ئێمە بێینە سەر ئەوە کە پیاوێکی شەهاب ناوی ئێمە کە چاوەش بوو مردووە، ئەو پلەیە بۆ محەمەدی بەندە ئەخوازرێ.

موظەفەرەین پلەی زەعیم، حوسێن زەعیم، بورهان زەعیم، محەمەد سوپاهی، کنولە سوپاهی، مەهدی سوپاهی، عەلی سوپاهی، عەلییەکی تر سوپاهی، ئولوغ خان سوپاهی، سەفەر سوپاهی ئەوانە لە زوعەما و سوپاهی بەندە کە ناویان هاتووە، هیواخوازی بەرزکردنەوەیانین بە پێی یاسا و فەرمانی شەریف.

تاقمی بدلیس:

یەك عوسمان، ٤ حوسێنی ناو ١٢، ٧ عەلی ناو ١٢، محەمەد ناو ١١، ١٤ ڕۆستەم ناو ١٣، ١١ نەسیمی ١١، ٩ حق زکر ناو ١٩، ٤ حوسێن ناو ١٤، ٦ یوسف قول ١٦، ٤ دەروێش (بشاری ؟) ١٢، ٥ پۆلا و ئەحمەد ١٥، ٣

ئەحمەد ناو ١٦، یەك؟ عوسمان، ٤١ بوداق چاوەش ١٦، یەك عوسمان (فنا ؟) ئیبراهیم ٢٢، یەك موتەفەریقی (بیرنز ؟).

ئەو کۆیلانە کە ناویان هێنراوە بۆ پلەی دوو بەشی (تیمار) بە هیوای فەرمانین. عوسمان ناو، یووسف وەلیخان؟، ئەحمەد ناو، موراد مەحموود، حوسێن ئەبداڵ، عەبدولغەنی ناو، حوسێن ناو، محەمەد ئیبراهیم، محەمەد عەبدوڵڵا، یووسف لوتفی، عەلی دەروێش، محەمەد قەلەندەر، خضر ناو، عیماد محەمەد، بوداق محەمەد، خۆش گەلدی، عومەر بەکر، مووسڵی ناو، عەلی ناو، فەرهاد ناو، عەلی جیهانگیر، حاجی ناو، محەمەد ناو، مووسا ئیبراهیم، مەحموود عەبدوڵڵا.

ئەو کۆیلانە کە ناویان هاتووە هیوای فەرمانی شەریفیان بۆ ئەخوازرێ کە بە پێی یاسا بەرز بکرێنەوە بۆ پلەی یەکەمی تیمار.

خزمەتکار

شەرەف

## سەرچاوەکان:

١-ارنست كونل، الفن الاسلامي ترجمة الدكتور احمد موسى، بيروت، ١٩٦.
٢-دكتور ابراهيم الداقوقي و هەڤاڵەکانی، المعجم التركي العربي، بەرگی یەکەم، ١٩٨١و، بەرگی دووەم، ١٩٨٢.
٣-ابن ابي حجلة، أنموذج القتال في نقل العوال، بغداد، ١٩٨٠.
٤-ابن الاثير، اللباب في تحرير الانساب، چاپی یەکەم.
٥-ابن بطوطة، رحلة ابن بطوطة، بيروت، ١٩٦٠.
٦-ابن شداد، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام والجزيرة: دانەی دەستنووسی نامەخانەی بەریتانی، نمرە (٣٣٣) بە خەتی میری کورد سلێمان بن غازی بن محمد الأیوبی لەمیرانی حەسەنکێف کە لە (٧٨٩ك)دا نووسیویە.
٧-احمد بن يوسف بن الازرق الفارقي، تاريخ الفارقي، بيروت، ١٩٥٩.
٨-احمدی خانی، مەم و زین، چاپی هەولێر، ١٩٦٨.
٩-احمد راسم، عثمانلی تاریخی، بە تورکیی عوسمانی، ئیستەمبووڵ، ١٩٢٨ و ١٩٣٠.
١٠-دكتور احمد السعيد سليمان، تاريخ الدول الاسلامية و معجم الاسر الحاكمة، چاپی مصر، ١٩٧٢.
١١-ادوار غالب، الموسوعة في علوم الطبيعة.
١٢-الازياء البابلية، بڵاوکراوەی (المديرية العامة للاثار)، ١٩٦٨.
١٣-اسماعيل پاشا بابان، ايضاح المكنون في الذيل علي كشف الظنون، طهران، ١٩٦٨.

١٤–انديه بارو، بلاد آشور، وەرگێڕانی د.عيسى سليمان و سليم طه التكريتى، بغداد، ١٩٨٠.
١٥–باسيل نكتين، الاكراد، بيروت، ١٩٦٧.
١٦–بروسەلى محمد طاهر، عثمانلى مؤلفلرى، به توركيى عوسمانى.
١٧–بسرى كونيار، دياربكر تاريخى، به توركيى لاتينى، ١٩٣٦.
١٨–پرويز ورجاوند، كاوش رصدخانهء مراغه، طهران، ١٣٦٦ شمسى به فاسى.
١٩–جرجى زيدان، تاريخ التمدن الاسلامي، چاپى قاهره، ١٩١٤–١٩٣١.
٢٠–جعفر الخياط، صور من تاريخ العراق في العصور المظلمة، ١٩٧١.
٢١–دكتور حسن الباشا، التصوير الاسلامي في العصور الوسطى، چاپى دووەم، ١٩٧٨.
٢٢–دكتور حسين على محفوظ، قاموس الموسيقى العربية، ١٩٧٥.
٢٣–حنا دولپونو، ماردين تاريخى **MARDIN TARIHI**، چاپى دووەم، ١٩٧٢.
٢٤–داود الانطاكي، تذكرة اولي الالباب و الجامع للعجب العجاب، چاپى بيروت.
٢٥–دبليو.اى.ويگرام، وادگار.تى.اى.ويگرام، مهد البشرية الحياة في كوردستان، وەرگێڕى جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧١.
٢٦–راجرسيورى، ايران عهد صفوي، كامبيز عزيز وەريگێڕاوە بۆ فارسى، چاپى دووەم، ١٣٦٦ شمسى.
٢٧–روجر ليسكو، مم آلان، وەرگێڕى بدرخان سندى، بغداد، ١٩٨٥.

٢٨–ديماند، الفنون الاسلامية، وەرگێڕى دكتور احمد عيسى، قاهره.
٢٩–زكريا القزوينى، آثار البلاد واخبار العباد، بيروت ١٩٦٠.
٣٠–دكتور زكى محمد حسن، مدرسة بغداد في العصور الاسلامية، بغداد، ١٩٧٢.

٣١-زينهارت دوزى، تكملة المعاجم العربية، الجزء الرابع، ترجمة و تعليق الدكتور محمد سليم النعيمي، بغداد، ١٩٨١.
٣٢-ستيون لوين، آثار بلاد الرافدين، وەرگێڕی د.سامي سعيد الاحمدي، ١٩٨٠.
٣٣-ميجر سون، رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين و كردستان، ترجمة فؤاد جميل، بغداد، ١٩٧٠.
٣٤-شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، دانەی دەستنووسی نامەخانەی بودلیان و چاپی قاهیره و وەرگێڕانە کوردیەکەی هەژار موکریانی، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٧٣.
٣٥-شوكت بيسان اوغلو، Bütün ce BheLeRi DiyARBAKIR، ١٩٦٣.
٣٦-دكتور صبحى انور رشيد، الآلات الموسيقية في العصور الاسلامية، بغداد، ١٩٧٥.
٣٧-صلاح حسن العبيد، الملابس العربية الاسلامية في العصر العباسي من المصادر التاريخية والاثرية، بغداد، ١٩٨٠.
٣٨-عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، چاپی یەکەم.
٣٩-عبدالرقيب يوسف، حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطي، الجزء الثاني، بغداد، ١٩٧٥.
٤٠-عبدالرقيب يوسف، ديوانا كرمانجى، نجف، ١٩٧١.
٤١-عبدالرقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ ڕووناكبیرانی كورد لەپێناوی كۆكردنەوە و زیندوو كردنەوەی كەلەپووری كوردیدا، سلێمانی، ١٩٨٥.
٤٢-عبيدالله ابن بختيشوع، منافع الحيوان، وەرگێڕی فارسیی عبدالهادی مراغی، دانەی دەستنووسی نامەخانەی مۆرگان لە نیویۆرك، نمرەی (M٥٠٠).
٤٣-شێخ الاسلامی هەكاری (علی كوڕی احمد كوڕی یوسف)، شەجەرەی دەستنووسی شێخ الاسلام.

٤٤–قدامة بن جعفر، كتاب الخراج، بغداد، ١٩٨١.

٤٥–كريستنسن، ايران في عهد الساسانيين، ترجمة يحيى الخشاب، چاپى قاهيره، ١٩٥٧.

٤٦–كلوديوس جيمس ريچ، رحلة ريچ في العراق عام ١٨٢٠، ترجمة بهاء الدين نوري، بغداد، ١٩٥١.

٤٧–دكتۆر كەمال مەزهەر، مێژوو، بەغدا، ١٩٨٣.

٤٨–مەلاى جزيرى، ديوانا مەلاى جزيرى، تويژاندنا صادق بهاء الدين، بغداد، ١٩٧٧.

٤٩–ماجد عبدالله الشمس، مقدمة في علم الميكانيك في الحضارة العربية، بغداد، ١٩٧٧.

٥٠–محمد امين زكي، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان، ترجمة محمد علي عونى.